# خاڵ

گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیرییە
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (١٤) کانونی یەکەم
٢٠١٧

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر
تۆفیق کەریم
٠٧٥١١٤١٢٥٤٣ - ٠٧٧٠٠٦٣٧٦٦٤
tofeqkarem@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین
عادل سدیق

بەڕێوەبەری هونەریی
ڕەوشت محەمەد

ڕاوێژکاری یاسایی
بەکر حەمەسدیق

ڕاوێژکاران

پ. د. موحسین عەبدولحەمید
پ.ی. د. عوسمان عەلی
پ.ی. د. عوسمان هەڵەبجەیی
پ.ی. د. ئیسماعیل بەرزنجی
پ.ی. سەلام ناوخۆش
م.ی ئیدریس سیوەیلی

وێنەی بەرگ کاری (ڕەجا محەمەد) تایبەت بە گۆڤاری خاڵ

سایتی گۆڤاری خاڵ:
www.xalkurd.com

تیراژ: ١٥٠٠
نرخ: ١٥٠٠ دینار
چاپخانە: سەردەم



# لەم ژمارەیەدا

## مافی چارەی خۆنووسین لەبەر ڕۆشنایی یاسا نێودەڵەتییەکان و بنەماکانی ئایینی ئیسلامدا


ڕامان لە وێستگەکانی ئەم قۆناغە ............................................................ [شوان هەورامی] ٥

دوالیزمەی مافی بڕیاردانی چارەنوسی نەتەوەکان لە بەڵگەنامە یاسایی و نێونەتەوەییەکاندا ......... [ماجید خەلیل] ٢٤

مافی چارەنووس و دەوڵەتی نیشتمانی کوردستان دیدێکی بەهاگەراییانەی ئیسلامی ................ [ئەبوبەکر عەلی] ٣٥

ئیسلام و مافی چارەنووسی گەلی کورد ............................................... [د. ئەحمەد ئیبراهیم وەرتێ] ٥١

مافی چارەی خۆنوسین دیدێکی ئیسلامیانە ............................................... .. [عومەر ئیسماعیل ڕەحیم] ٦٣

کاریگەری ئەمریکا لەسەر پرسی کورد لە باشووری کوردستان پاش ڕیفراندۆم ....... [ئیبراهیم محەمەد عەزیز] ٧٥

مافی چارەی خۆنوسین لە یاسای نێودەوڵەتیدا و شێوازەکانی جێبەجێکرنی ................. [ئاوارە حسێن ئەحمەد] ٨٥

کورد و سەربەخۆیی ............................................................................. [بەیار عومەر عەبدوڵڵا] ٩١

چەند سەرەقەڵەمێک لەبارەی مافی چارەی خۆنووسینەوە ............................................ [ئاسۆ کەریم] ١٠٠

هەڵەی باو لە پرسی سەربەخۆیی کوردستان ............................................................. [ کامەران بابان زادە] ١٠٧

ڕەوشی کۆمەڵایەتی مسوڵمانە غەیرە عەرەبەکان لە سەردەمی دەوڵەتی ئومەویدا .... [پ.ی.د.نەریمان عەبدوڵڵا] ١١٣

هۆکارەنی دانەمەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. ............................................... [پ.ی.د.حەسەن خالید] ١٢٣

هۆکارەکانی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی .......................................................................... [هەژار حاتەم] ١٢٩

ناوەندی (ڕاند) بۆ لێکۆڵینەوەمێژوو، شێوازی کارکردن، ئامانج ............................ [ ئیسماعیل تەها] ١٤٣

دادوەری ئایینی لە کوردستان، لەژێر ڕۆشنایی بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا .......... [بژار عوسمان ئەحمەد] ١٤٩

دواخاڵ ......................................................................................................... [سەرنووسەر] ١٥٥




# تەوەری ژمارە

## مافی چارەی خۆنووسین لەبەر ڕۆشنایی یاسا نێودەڵەتییەکان و بنەماکانی ئایینی ئیسلامدا

تەوەری ئەم جارەی خاڵ تەرخانە بۆ دەوڵەتی کوردیی و مافی چارەی خۆنووسین، کە سەدەیەك زیاترە لەهەر چوار پارچەکەی کوردستانەوە بەشێوەی جۆراوجۆر هەوڵی بۆ دەدرێت و قوربانی لەپێناودا دەدرێت.

دروستکردنی ئەم دەوڵەتە بووەتە خەونی گەلی کوردستان، کەچی هێشتا پێی نەگەیشتووە، دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە چەندە مافی کوردە؟ بۆ پێی نەگەیشتووە؟ ڕۆڵی وڵاتان لەم پرۆسەیەدا چییە و چۆنە؟ ئاینی ئیسلام چۆن لەم کێشەیە دەڕوانێت؟ ئەمانە و جگە لەمانەش پرسیارگەلێکن ئومێدەوارین وەڵامەکانیان لە دووتوویێ ئەم لێکۆڵینەوانەی کە تەوەری ئەم جارە لەخۆیگرتووە دەستبکەون.

گۆڤاری خاڵ

# ڕێنماییەکان بۆ نوسەرانی خۆشەویشتی گۆڤاری خاڵ

یەکەم: لە ژمارە(١٣)ی ساڵی سێیەمی گۆڤاری(خاڵ)ەوە، گۆڤارەکەمان دەبێتە گۆڤارێکی زانستی بۆیە داوا لە نوسەران و توێژەرانی خۆشەویستی گۆڤارەکەمان دەکەین، کە پابەندی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە بن لە ناردنی بابەتەکانیاندا بۆ گۆڤارەکە:

١- ناونیشانەکان کورت و پوخت بن.
٢ - ناوەڕۆکی بابەتەکان دەبێت تەعبیر بێت لە ناونیشان و بە پێچەوانەشەوە.
٣ - نوسینەکان دەبێت زانستی و پوخت بێت و لە (٣٠٠٠) وشە زیاتر نەبێت.
٤- بە وردی ئاماژە بە سەرچاوەی زانیارییەکان بکرێت.
٥- ڕەچاوی خاڵبەندی بکەن.
٦- بابەتەکانیان بە فۆنتی کوردی(یونیکورد/Unikurd goran) بنوسن و ئەو وشە و دەستەواژە و ڕستە و سەرچاوانەشی کە عەرەبین بە فۆنتی(Ali K sahifa bold)بنوسن.
٧- نوسەران بەر لە ناردنی بابەتەکانیان هەڵەچنی زمانەوانی وردی بکەن.
٨- لەگەڵ ناردنی بابەتەکانیاندا، وێنەیەکی ڕوون و پرۆفایلێکی کورتی خۆیان بەوشێوەی کە لە ژمارەکانی پێشوودا ئاماژەی بۆ کراوە بنێرن بۆ گۆڤارەکەمان.

دووەم: هەر لە گۆڤارەکەدا ڕێگە دەدرێت بە بڵاوکردنەوەی: گفتوگۆی زانستی، خوێندنەوە بۆ ئەو کتێبانەی کە قورسایی زانستی و ڕۆشنبیرییان هەیە لەگەڵ کورتە و پوختەی ئەو کتێب و نامە ئەکادیمییانەی کە بە شێوازێکی زانستی نوسراون و دەکرێت خوێنەر لە ڕێگەی ئەو پوختەیەوە شارەزای ناوەڕۆکی ئەو نوسینانە ببێت.

# ڕامان لە وێستگەکانی ئەم قۆناغە





**شوان هەورامی**

لەدایکبووی ١٩٦٧، هەڵەبجە. جگە لە دیوانێکی شیعری بەناوی (سۆراغی ژیان)، ژمارەیەک کتێبی وەرگێڕاوە بۆ  سەر زمانی کوردی. خاوەنی سەدان وتاری بڵاوکراوەیە. خوێندکاری ماستەر لە زانکۆی لەندەن.

## بەشی یەکەم

### وتەیەکی پێویست:

بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتیی، لە هیچ قۆناغێکدا ڕووداوەکان بە ئەندازەی ئەمرۆ ئاڵۆز و فرە ڕەهەند نەبوون، کە شرۆڤەکاران هەرچەندە بەتوانا و دانا بن، ناتوانن تەواویی ڕەهەندەکان بخەنە چوارچێوەی شرۆڤەکانیان، هۆکارەکەش ئەوەیە؛ کە زۆربەی ڕەهەندی ڕووداوەکان لە ژوورە تاریکەکانی دەزگا هەواڵگرییەکانی جیهاندا پلان و بەرنامەیان بۆ داڕێژراوە، بۆ داپۆشین و ئاسایی نیشاندانی ڕووداوەکانیش میکانیزمێک جێبەجێ دەکرێت، کە زۆرجار دوورە لەو ڕاستیانەی کە ئەو دەزگایانە بەدوایدا دەگەڕێن، هەربۆیە کاتێ شرۆڤەکارێک دەگاتە هەندێ ئەنجامی سەرسوڕهێنەر؛ خوێنەرانی ئاسایی باوەڕی پێناکەن و بگرە گاڵتەشی پێدەکەن، کاتێ ڕووداوەکانیش دەگەنە قۆناغی دەرکەوتنی ئەنجامی شرۆڤەکاران، تازە کار لەکار ترازاوە و خەڵکانی سادە و کورتبین؛ پەشیمانبوونەوە دادیان نادات.

مەخابن بۆ ئێمە کە دەستمان ناگاتە بەڵگەنامە نهێنییەکان و تەنیا لە چوارچێوەی هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵیەکاندا دەستمان بە هەندێک زانیاریی پچڕپچڕ دەکەوێت، کە لە خشتەی زۆر ئاڵۆزی یەکتربڕ دەچێت و بۆ ئێمەی کەم ئەزموونیش زۆر قورسە ساغی بکەینەوە، بۆیە چاوەڕێ ناکرێت بتوانین لە هەموو لایەکانەوە؛ لە بابەت و ڕووداوەکان حاڵیی ببین، ناشکرێت ئەوەی کە هەمووی تێنەگەین؛ سەرجەمی ڕەها بکەین، چونکە ڕووداوەکان پەیوەندییان بە ژینگە و بژێویی و ئێستا و داهاتوومانەوە هەیە.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، گەورەترین گرفتی شرۆڤەکار ئەوەیە، کە خوێنەرانی ئایدیۆلۆژیی بن، واتە پێشوەختە خوێنەر بەهۆی ئاڕاستەی حیزبەکەیەوە قەناعەتێکی بۆ دروستکراوە، بۆیە هەرچیەک لەگەڵ بیروبڕوای ئاڕاستەکراوی حیزبیەکەی ئەودا نەگونجا، هێڵێکی ڕەشی بەسەردا دەهێنێت و گەر جنێوبارانت نەکات، لە باشترین حاڵەتدا باوەکو ئاماژەکانت بەڵگەنەویستیش بن، ئەو دژایەتیان دەکات و نایەوێت ڕاستییەکان وەکو خۆی ببیستێت، کە بەداخەوە پیرۆزکردنی حیزبەکان بە عەلمانیی و ئیسلامیەوە؛ گەورەترین نەهامەتیی خوێنەرانە لە خۆرهەڵاتدا، بۆیە نابینین لە دوای شکستەکان و ڕووداوە گەورەکان هەڵسەنگاندنی زانستییان بۆ بکرێت، نابینین دوای شکستە کەمەرشکێنەکان سەرکردە کاریزمییەکان واز لە کورسیەکانیان بهێنن، بەڵکو بەپێچەوانەوە شکستەکانیش دەکەنە سەرکەوتن، بۆ نمونە لە دوای ڕیسوایی شکستی عێراق لە کوەیت، ڕاگەیاندنی عێراق سەدامی بە سەرکردەی ئەو وڵاتە ناو دەبرد، کە قارەمانی ڕووبەڕووبوونەوەی ٣٣ دەوڵەتی جیهان بوو، هەربۆیە لێرە مرۆڤپەرستیی و حیزب پەرستیی و کۆیلایەتیی بۆ کاریزماکان بەشێوەیەک لە ژیان و ژینگە و ئەدەبیاتدا ڕەگی داکوتاوە؛ ئاسان نیە شرۆڤەکار لەوەدا سەرکەوتوو بێت ئەو دەرگای قەڵای خەیبەرە بە سانایی بشکێنێت، بۆیە دواجار لەم زنجیرە وتارەدا زۆر گەشبین نیم سەرکەوتوو بم، چ لە ڕووی بنەماکانی شرۆڤەی زانستییەوە و چ لە ڕووی شکاندنی ئەو دەرگا مەحکەمانەی پیرۆزییەکانی حیزب و کاریزمای خۆرهەڵاتەوە، بەڵام ئەوەش ڕاستییەکی ترە؛ ئەگەر شرۆڤەکار تێگەیشتنی خۆی پێشکەش نەکات، گەر ئەو پشتگوێ خستنەی نەچێتە خانەی خیانەتەوە؛ ئەوا لە باشترین حاڵدا کەمتەرخەمییە بەرانبەر بە گەل و نیشتمان، ئەگەرچی شرۆڤەکان ژمارەیەکی زۆر کەمیش بیانخوێننەوە و کەمتر لەوانیش قبوڵیان بکەن، بەڵام گرنگ ئەوەیە شرۆڤەکار ئەرکی خۆی بەرانبەر گەلەکەی جێبەجێ بکات.

دواجار دەبێ خاڵێکی تری زانستیی لەبارەی شرۆڤەوە ئاماژە پێ بدەین، ئەویش ئەوەیە کاتێک شرۆڤەکار دەیەوێت لە هەڵوێستی لایەنەکانی بابەتێک تێبگات، دەبێ لە گۆشەنیگای بیرکردنەوەی هەمەلایەنەی هەر لایەنێکەوە شرۆڤەکەی ئامادە بکات، واتە ناکرێت شرۆڤەکارێکی کورد تورکیا و ئێران و عێراق و وڵاتانی عەرەب بە ناحەزی خۆی دەزانێت، لەسەر بنەمای بڕی و بروخێ و درووشمی کوردستان یا نەمان بنوسێت و لەناو کەفوکوڵی عاتیفیدا خۆی ون بکات، دەبێت بزانێت هۆکار چیە تورکیا و ئێران و ئەوانی تریش بەوشێوەیە بیردەکەنەوە، شرۆڤەکار دەبێت ئاوێنەی گەلەکەی بێت، نەک ڕاستییەکانی لێ ون بکات و چەواشەکارانە ڕەفتار بکات، چونکە هەرکاتێک بڕیاردەران تێگەیشتن خواست و بنەمای هەڵوێستی وڵاتان بەرانبەرمان لەسەر چ بنەمایەکە، باشتر دەزانن چۆن وەڵامی ئەو نیگەرانیی و هەڵوێستانە بدەنەوە و بە زانستییانە هەنگاو بنێن، چونکە عاتیفە و سۆزی نەتەوەیی وشک؛ هەڵوێستی نەزانانەی لێدەکەوێتەوە، کە گەلی ئێمە نمونەی زۆری لەو شێوەیەی پێشکەش کردووە و تائێستاش وانەی لێوەرنەگرتووە و لە وێستگە و قۆناغە مێژووییەکاندا بەردەوام دووبارەیان دەکاتەوە !!

## ئەمەریکا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست:

لە سەردەمی سەرۆکایەتی باراک ئۆبامادا، ناوبراو لە دیمانەیەکدا – کە لە ئازاری ٢٠١٦ دا لە گۆڤاری ئەتلانتیکدا بڵاوکرایەوە ستراتیژێکی نوێی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕاگەیاند، ئەویش جۆرێک لە پاشەکشە بوو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و گرنگیدان بوو بە ئەمەریکای لاتین و باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا، کە هەردوولایان بازاڕی گەشەسەندووی ئابووریی جیهانن، ئەو بازاڕانەش تەنگیان بە ئابووریی ئەمەریکا هەڵچنیوە، چونکە ئابووریی ئەمەریکا بەهۆی هەژموونی دۆلارەوە گەورە بووە، ئەگەر نرخی دۆلار لە بەرانبەر دراوی وڵاتانی وەک چین و ژاپۆن و ئوسترالیا و مالیزیا و بەرازیل و ئەرجەنتینیدا پاشەکشە بکات، ئەگەری هەرەسهێنانی ئابووریی ئەمەریکا بابەتێکی چاوەڕوانکراوە، چونکە پشتیوانی ئابووریی ئەمەریکا زیاتر کاغەزی دۆلارە، نەک سەرمایەی ڕاستەقینەی ئابووریی و دارایی، قەیرانی ئەم دواییەی ئەمەریکا کە مەترسیدارتر بوو لە قەیرانی ١٩٢٩ ئەم ڕاستییەی بۆ ئابوورییناسان باشتر ڕوونکردەوە، کە ئەوە دەکرێ پسپۆڕانی ئەو بوارە باشتر شرۆڤەی بکەن.

بە هاتنی دۆناڵد ترامپ سیاسەتی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە، ئەوەی کە دەیبینین درێژەدانە بەهەمان ستراتیژی نوێی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ترامپ بۆ گەمارۆدانی ئابووریی چین، سەرەتا هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنامەی لەگەڵ ڕێکخراوی ئابووریی (ئاسیان) ڕاگەیاند، کە یەکێکە لە بازاڕە گەورە ئابوورییەکانی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا، دوای ئەوەش بۆ ڕاگرتنی گەشەی ئابووریی چین و گەمارۆدانی؛ لەو ناوچەیەدا قەیرانەکانی قوڵتر کردەوە، لەبری گفتوگۆ ڕێگەی هەڕەشەی لە دژی کۆریای باکوور گرتەبەر، ئەمەش پەیوەندییەکانی چین لەگەڵ ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانیدا – بە تایبەتی کۆریای باشوور و ژاپۆن – تێکدەدات، کە ناوچەیەکی گرنگن بۆ گەشەکردنی ئابووریی چین، ناردنی گەشتیگەلی ئەمەریکا و هێزە ستراتیژییەکانی بۆ دەریای چین و تایوان و گێچەڵ بە چین نیشانەیەکی ترن لە دەرکەوتەکانی ئەو سیاسەتە نوێیە، گەرچی سەرهەڵدانەوەی کێشەی مسوڵمانانی بۆرما؛ درێژەی سیاسەتێکی دڕندانەی سستمی سەربازیی ئایینیی ئەو وڵاتەن، بەڵام پرچەک کردنی ئەو ڕژێمە لەلایەن ئیسرائیلەوە،

**(ترامپ) بنەمایەکی نوێی بۆ پشتیوانیی ئەمەریکا بۆ وڵاتانی هاوپەیمانی داناوە، ئەویش وەرگرتنی باج و سەرانە و تێچوونی پاراستنیانە.**

یسـ ـ ـ ـی ـی نرە بۆ ئەوەی لە باشووری چینەوە گرفتێکی تر بخوڵقێنرێت، کە گومانی ئەوەی لێدەکرێت جارێکی تر ئەمەریکا چەکی جیهادی مسوڵمانان بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانیان لە بۆرما، هەروەکو چەکی موجاهیدینی ئەفغان بەکاربهێنێت بۆ تێکدانی ئاسایشی جیۆپۆلۆتیکی چین، بەتایبەتی دوای ئەوەی کۆمپانیای ئارامکۆی سعودییە، بەنێو خاکی ویلایەتی ڕاخین (ئاراکان)ی مسوڵماننشیندا بۆرییەکی نەوتی ڕاکێشاوە بۆ چین و ڕۆژانە(٢٠٠) هەزار بەرمیل نەوت بۆ باشووری چین دەگوێزێتەوە، کە ئەگەر نائارامییەکانی ئاراکان بەردەوام بێت، دەبێتە هەڕەشە لەسەر ئابووریی چین لەو ناوچەیەدا.

جگە لەوانەش دۆناڵد ترامپ بەڕاشکاویی سیاسەتی خۆی لە دژی پاکستان ڕاگەیاند، بەوەی کە ئەو وڵاتە لانکەی تیرۆرە، کە لەڕاستیدا ئەمەریکا ئەوە (٤٠) ساڵە پاکستانی وەک وێستگەی کارە هەواڵگرییە ستراتیژییەکانی بەکارهێناوە، سەردەمێک لە دژی یەکێتی سۆڤیەت بە هەزاران موجاهیدی عەرەبی و ئیسلامیی لەو وڵاتەدا کۆکردەوە بۆ پشتیوانیی لە ئەفغانیەکان و بە ئاشکرا تفاق و چەکی پێشکەوتووی بۆ دابین دەکردن، ئەمەش بۆ گوشار خستنە سەر یەکێتی سۆڤیەت و تۆڵەسەندنەوەی جەنگی ڤێتنام کە سۆڤیەت پشتیوانیی دەکرد، دواتریش ئەوە پلانی (CIA) و دەزگای هەواڵگریی سعودیە و ئیمارات بوون کە پشتیوانییان لە بزووتنەوەی تالیبان کرد و پاکستانیشیان هاندا بۆ ئەو مەبەستە، کە دواتر ئەنجامەکەی بە چیرۆکی ١١ی سێپتەمبەر و سەرهەڵدانی قاعیدە کۆتایی هات. کەچی ترامپ ڕایگەیاند هیندستان دۆستی ستراتیژیی ئەمەریکایە و لەگەڵ ئەو وڵاتەدا جەنگی تیرۆر دەکات، گلەیی لە پاکستان کرد کە بۆتە ناوەندی تیرۆر و ئەمەریکا ناچارە لێی دووربکەوێتەوە، ئەمەش ئاماژەیەکی ترە بۆ ئەوەی دووژمنی دێرینی چین – واتە هیندستان – لە دژی پاکستانی نزیک لە چین بەهێز بکات و بەوشێوەیەش، وڵاتێکی گەورەی وەک هیندستان کە لە ڕووی دانیشتوانەوە نزیکە لە چین و خاوەنی چەکی ئەتۆم و ئابوورییەکی گەشەکردووە و پەیوەندییەکی ستراتیژی نوێی – سیاسیی و ئابووریی و سەربازیی و تەکنەلۆژیی لەگەڵ ئیسرائیلدا واژۆکردووە، نیشانەیەکی ترە لە گەمارۆدانی چین و ترساندنی ئەو وڵاتە بۆئەوەی لە ڕووی ئابوورییەوە پاشەکشەی پێ بکات لە بەرانبەر دۆلارەوە.

هەمان سیاسەتی ئەمەریکا لە ئەمەریکای لاتیندا دووبارە دەبێتەوە، دوای ماوەیەکی زۆر بە سەرگەرمبوونی ئەمەریکا بە پەلهاویشتن بەرەو ئەورووپای خۆرهەڵات و گەمارۆدانی ڕووسیا و سیاسەتی خوڵقاندنی قەیران لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، واجارێکی تر دەزگای هەواڵگریی ئەمەریکا بەشێوەیەکی جدیی گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتانی ئەمەریکای باشوور، بە ئاشکرا ترامپ هەڕەشەی سەربازیی لە ڤەنزوێلا دەکات،

دوای ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەکۆتایی سەردەمی ئۆباما لەگەڵ کوبادا، وا خەریکە جارێکی تر بەرەو پچران دەچێتەوە، لە بەرازیل دەزگای (CIA) کودەتایەکی سپی بەسەر (دیلما رۆسیف) دا کرد، کە سەرۆکی نوێ (میشێل تامر) یەکێکە لە پیاوەکانی (CIA) لە بەرازیلدا، ئەمە لەکاتێکدایە، کە لۆلا داسیلڤا و دیلما رۆسیف گەورەترین بازدانی ئابوورییان لە بەرازیل تۆمارکرد، کە ئەو وڵاتەیان لە قەرزی ١٠٦ ملیار دۆلارەوە رزگار کرد بۆ زلهێزێکی ئابووریی لە کیشوەری ئەمەریکای باشووردا، کەچی ئێستا بە سیناریۆی گەندەڵیی دەیاندەنە دادگا، ئەمە لەکاتێکدایە سەرۆکی نوێ لە ماوەیەکی زۆر کورتدا گەندەڵییەکانی ئەوەندە زۆرن، میدیای بەرازیلیی و رای گشتیی لە دژی بەدەنگ هاتوون، هەرەشەکانی (CIA) بۆ سەر رژێمە چەپیی و گەلییەکانی ئەمەریکای باشوور و ناوەراست بەردەوامە و ئەمە دەری دەخات؛ ئەمەریکا گەراوەتەوە بۆ ئەو ناوچەیە و دەیەوێت بۆ جارێکی تر سەردەمی سستمە دیکتاتۆرییەکانی پێشوو بەرهەم بهێنێتەوە، کە چەندین جەنگی خوێناویی و کودەتای لە سلڤادۆر و هیندۆراس و پاناما و نیکاراگوا و ئەرجەنتین و بۆلیڤیا و شیلیدا بەرهەمهێنا.

ئەم ستراتیژە نوێیەی ئەمەریکا پەیوەندیی بە چارەنووسی ئەو وڵاتەوە هەیە، بۆیە تا ماوەیەک لە خۆرهەڵاتی ناوەراست پاشەکشە دەکات، ئەو پاشەکشەیە لەسەدا سەد نیە، بەڵام وەکو دەردەکەوێت بە رەزامەندیی ئیسرائیل و رازیبوونی ئەو بۆشاییەی ئەمەریکا لەلایەن رووسیاوە پر دەکرێتەوە، چونکە ئەمەریکا نایەوێت ئەو بۆشاییە لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە پر بکرێتەوە، بۆیە دەبینین ئێران و تورکیا و لەم دواییەشدا سعودییەکان لەم سیاسەتەی ئەمەریکا تێگەیشتوون و دەیانەوێت بۆ چارەسەری کێشەکانی ئەم ناوچەیە لەگەڵ رووسیادا هاوکاریی بکەن.

سەرۆکی نوێی سەرمایەدار (ترامپ) بنەمایەکی نوێی بۆ پشتیوانیی ئەمەریکا بۆ وڵاتانی هاوپەیمانی داناوە، ئەویش وەرگرتنی باج و سەرانە و تێچوونی پاراستنیانە، واتە ئەمەریکا ئەندامانی ناتۆش لەو حاڵەتەدا دەپارێزێت کە ئەوان تێچوونی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەمەریکا دابین بکەن، هەر بۆیە سعودیەی ناچارکرد بۆ پشتیوانیکردنی بەرانبەر بە وەهمی هەرەشەی ئێران دەبێ پرۆتۆکۆلێکی ٤٦٠ ملیار دۆلاریی لەگەڵ ئەمەریکادا واژۆ بکات. ئەمەش دەریدەخات کە ئەمەریکا لەم قۆناغەدا و لە خۆرهەڵاتی ناوەراستدا جگە لە ئیسرائیل و ئەو وڵاتانەش کە تێچوونی سوپای ئەو وڵاتە دابین دەکەن، وەکو جاران بێبەرانبەر شەڕ بەرپا ناکات، مەگەر بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی بکەوێتە مەترسییەوە، ئەوەش دووبارە بەشێوەیەک بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتە پاشکۆکانی لە ناوچەکەدا گرێداوە، کە هەر بەرژەوەندییەکی ئەمەریکا بە بەرژەوەندیی خۆیان بزانن و ئامادەبن لەبری ئەو جەنگی بۆ بەرپا بکەن.

ئەمە یەکەمجار نیە کە ئەمەریکا ئەم سیاسەتە لە خۆرهەڵاتی ناوەراستدا پەیرەو دەکات، لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیی کە ئینگلیز زۆربەی زەوییە داگیرکراوەکانی لە جیهاندا لە دەستدا، ئەمەریکا وەک وڵاتێکی زلهێز دەرکەوت، ماوەیەکی پێویست بوو تا کۆنترۆڵی خۆرهەڵاتی ناوەراست بکات، بۆیە لەوماوەیەدا پشتیوانی لە بەریتانیا دەکرد بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە، بۆئەوەی گەلانی ناوچەکە سستمی دیموکراسیی و دڵخوازی خۆیان دروست نەکەن، هەربۆیە دەبینین ئینگلیزەکان لەبری ئەمەریکا ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵ لەگەڵ شۆڕشی گەلانی ناوچەکەدا رووبەڕووبوونەوە، تا ئەمەریکا بەتەواویی لە ناوچەکەدا دەرکەوت و بەریتانیا بەتەواویی پاشەکشەی کرد، ئێستا کاراکتەرێکی گرنگی وەک ئیسرائیل لە خۆرهەڵاتی ناوەراستدا هەیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی توانای

مرۆییەوە ناتوانێت ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە، گەرچی دیکتاتۆران کێبەرکێیانە بۆ هاوپەیمانێتیی ئەو قەوارەیە، بەڵام گەلانی مسوڵمانیش قبوڵی ناکەن، بۆیە ئەمەریکا دەیەوێت بۆشایی خۆی بە ڕووسیا پڕ بکاتەوە، بۆئەوەی تورکیا سەرلەنوێ وەک عوسمانیی نوێ سەر هەڵنەداتەوە و ئێرانیش بەردەوام لە شەڕی تائیفیدا بۆ زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی فارس و شیعە بەردەوامبێت و سەریشنەکەوێت، ڕووسیاش لەم قۆناغەدا نە لە ڕووی ئابووریی و نە لە ڕووی سەربازییەوە ناتوانێت مەترسیی بێت بۆ سەر ئەمەریکا، بۆیە بە تەنسیقی تەواو لەگەڵ ئیسرائیلدا ئیدارەی ئەو بۆشاییە دەکەن کە ئەمەریکا لە پاشەکشەیدا دروستیکردووە. ئەڵبەتە ئەم پاشەکشەیە لەسەدا سەد نیە، بەڵکو ئەمەریکا دەیەوێت وەک کاراکتەرێکی نێودەوڵەتیی لەگەڵ ئەم ناوچەیەدا ڕەفتار بکات، نەک وەک جاران هەمیشە لە جەنگ و کوشتار و شەڕی بێ ئەنجامدا بێت؛ وەکو ئەوەی تائێستاش لە ئەفغانستان و عێراقدا پێیەوە گرفتارە.

## ئێران و خۆرئاوا و ناوچەکە:

ئێران پێگەیەکی گرنگی جیۆپۆلۆتیکی هەیە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە زۆر ستراتیژییە، چونکە دەڕوانێت بەسەر کەنداوی فارس و دەریای خەزەردا، کە هەردوو ناوچەکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی وزەی جیهانن، بەتایبەتی ئێران هەژموونێکی سەربازیی هەیە بەسەر گەرووی هورمزداو لە هەرکاتێکدا دەتوانێت کۆنترۆڵی بکات، جگەلەوەش بۆ وڵاتە داخراوەکانی ئاسیای ناوەڕاستیش نزیکترین و گرنگترین ڕێگەیە بۆ بازرگانیان و گەیشتن بە دەریا، ئەمەش بۆ خۆی هەژموونی ئێران لەو ناوچە گرنگەدا بەهێزتر دەکات، بەتایبەتی لە ڕووی زمان و کلتوور و شارستانیەتیشەوە هەر لە کۆنەوە ئێران و ئەو ناوچەیە پێکەوە هاوبەش بوون. ئەم پێگە ستراتیژییەی ئێران بووە هۆی ئەوەی ڕژێمی پاشایەتیی لەو وڵاتەدا – لە دەرەوەی ناتۆدا – بکاتە گرنگترین هاوپەیمانی ئەمەریکا و خۆرئاوا لە جەنگی سارد و بۆ گەمارۆدانی سۆڤیەت سوودێکی زۆری هەبێت. گەرچی لە دوای هەرەسهێنانی بلۆکی کۆمۆنیستیی جەمسەرگیریی جیهانیی گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هات، بەڵام پێگەی ئێران بە هەمان گرنگیی جاران مایەوە.

هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەر سستمی پاشایەتیدا، پەیوەندییەکانی ئێران و خۆرئاوا هەندێ گۆڕانکاریی بەسەردا هات، بەڵام گۆڕانکارییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی خۆرئاوادا نیسبیین و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازییان هەیە. سەرەتا ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە سەرۆک جیمی کارتەری سەرۆکی ئەمەریکا، نەرمییەکی زۆری نیشاندا، گەرچی لایەنگرانی سستمی ولایەتی فەقیە ساڵانێکە درووشمی مەرگ بۆ ئەمەریکا (مرگ بر آمریکا) یان بەرزکردۆتەوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەمەریکا نەرمیی نیشاندا و فەرەنساش لە پشتی ئایەتوڵڵا خومەینی ڕاوەستا و گەشتی گەڕانەوەی لە پاریس بۆ تاران نیشانەیەکی ڕوونی ئەو پشتیوانییەیە، هەروەها ڕادیۆی (BBC) فارسی بەجۆرێک ببووە لایەنگری ئایەتوڵڵا کە هیچ گومانێکی بۆ پشتیوانیی بەریتانیا بۆ ئەو شۆڕشە نەهێشبووەوە، هەربۆیە ئایەتوڵڵا (حوسەین عەلی مونتەزری) جێگری ئیمام خومەینی؛ لەبارەی گرتنی دیپلۆماتە ئەمەریکییەکانی باڵیۆزخانەکەی ئەو وڵاتە لە تاران و مەسەلەی بەردانیان دەڵێت: من بە ئیمام خومەینیم گوت، با ئیمە بە ئازادکردنی دیپلۆماتە دەستبەسەرەکان؛ هەلێکی تر بدەینە سەرۆک جیمی کارتەر بۆئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکادا سەرکەوێتەوە، چونکە ئەو نەرمییەکی باشی نواند بۆ سەرکەوتنی شۆڕش، بەڵام ئیمام گوتی: ئەم قسە غەیبییانەی کە تۆ شارەزایت – کە کارتەر لە ڕێگان باشترە ئێمە

شارەزای نین(١).

ئێران لەگەڵ وڵاتانی یەکێتی ئەوروپادا پەیوەندییەکانی بەردەوامبوون، بەتایبەتی لەکاتی ململانێی خۆرهەڵات و خۆرئاوادا؛ نەیاندەویست ئێران بەلای سۆڤیەتدا بشکێتەوە، دوای هەرەسی سۆڤیەتیش بەهۆی پێگەی جیۆسیاسیی ئێرانەوە ئەوروپاییەکان سوورن لەسەر باشیی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێراندا و باشترین نمونەش سەرخستنی گفتوگۆی ئەتۆمیی (٥ + ١) بوو، کە ڕاستەوخۆ دوای واژۆکردنی ئەو ڕێکەوتنە؛ کۆمپانیا ئەوروپاییەکان گەڕانەوە بۆ وەبەرهێنان بۆ ئەو وڵاتە، بە تایبەتی ئەڵمان و فەڕەنسییەکان لەوەدا قەبارەی چالاکییە ئابوورییی و وەبەرهێنانەکانیان بە دەیان ملیار یۆرۆ مەزەندە دەکرێت. دواجار ڕێکەوتنی ئەتۆمی داننانە بە ڕۆڵی جیۆسیاسیی ئێراندا، کە ساڵانێکی دوورو درێژە دەیەوێت لەناوچەکەدا وەک وڵاتێکی گەورە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

## ترامپ و ڕێکەوتنامەی ئەتۆمیی

خۆرئاوا و ئێران لە گفتوگۆی ئەتۆمیدا یارییەکی جوانیان پێشکەش کرد، کە ڕای گشتیی جیهانیان گەیاندبووە ئەو بڕوایەی کە جەنگ لە نێوانیاندا نزیکبووەتەوە، بۆیە هەموان داوای گەیشتن بەو ڕێکەوتنەیان دەکرد، کە دواجار بە واژۆکردنی ڕێکەوتنەکە؛ سـیناریۆکە وای نیشاندا کە خۆرئاواو ئێران کارێکی ژیرانەیان کردووە، بۆیە هەموو وڵاتانی جیهان بەگشتیی و ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییش پشتیوانییان لێکرد.

بەڵام هاتنی دۆناڵد ترامپ خاڵێکی وەرچەرخان بوو بۆ دووبارە هێنانەوە بەرباسی ڕێکەوتنەکە، چونکە ناوبراو لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا ڕایگەیاند» لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ئەمە خراپترین ڕێکەوتنە کە واژۆ کرابێت، بۆیە لەکاتی گەیشتنی بە پۆستی سەرۆکایەتی هەڵیدەوەشێنێتەوە«، ئەوە چەند مانگە مەسەلەی هەڵوەشاندنەوە و مانەوەی ئەو ڕێکەوتنە لە خۆرئاوا بەگشتیی و ئەمەریکا بەتایبەتیی بووەتە پرسێکی گەرم. ئێرانییەکانیش دەڵێن» مانەوەی ئێران لەو ڕێکەوتنەدا بەستراوەتەوە بە مانەوەی ئەمەریکاوە؛ بە دەرچوونی ئەمەریکا ئێرانیش بە هەڵوەشاوەی لە قەڵەم دەدات».

ئەم ڕێکەوتنە بۆ ئەمەریکا و ئێران سوودی هەبوو، چونکە وایان نیشاندا جیهان هێشتا بە زمانی دیپلۆماسیەت کێشەکانی چارەسەر دەکات، لەلایەکی تریش خۆرئاوا بەبیانووی ڕێکەوتنەکە گەمارۆی سەر ئێرانیان شکاند و کۆمپانیاکانیان گەڕانەوە بازاڕی وەبەرهێنانی ئەو وڵاتە گرنگە، تەنانەت کۆمپانیاکانی ئەمەریکاش؛ بۆ نمونە (بۆینگ) لە گرێبەستێکیدا بۆ نوێکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی هێڵی ئاسمانیی ئێران نزیکەی ٢٢ ملیار دۆلار قازانج دەکات.

جا هەروەکو واژۆکردنی ڕێکەوتنەکە شەرعیەتی دایە چالاکییە ئەتۆمیەکانی ئێران و ڕۆڵی ئەو وڵاتە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا و بە تەنسیقێکی تەواو شەڕی قڕکردنی سوننەیان لە شام و عێراق بەڕێوەبرد، هەروەها ئەگەر ئەو ڕێکەوتنە لەلایەن ئەمەریکاوە هەڵوەشێنرێتەوە، شەرعیەت بە ئێران دەدات و دەیکاتە هێمای ستەم لێکراویی؛ کە ئەگەر ئەویش ڕێکەوتنەکە هەڵوەشێنێتەوە، زیاتر ئەمەریکا تۆمەتبار دەکرێت نەک ئێران، هەڵوەشانەوەی ڕێکەوتنەکەش دەسکەوتی گەورەی دەبێت بۆ ئەمەریکا و ئێران و ئیسرائیل، پرسیار دەکرێت بۆچی؟ بۆ هەر یەکەیان بەم شێوەیە:

ئەمەریکا: ئەمەریکا چەندین ساڵە بە ترساندنی وڵاتانی کەنداو لە ئێران، بایی سەدان ملیار دۆلار چەکی پێ فرۆشتوون و کۆمپانیاکانی چەکسازیی گەشەی ئێجگار گەورەیان کردووە، کەواتە

ئەمەریکا به بەرانبەر پارێزگاریی سیاسیی و ئەمنیی و سەربازیی ئەو ڕژێمانه دەکات، که ئەگەر ڕێکەوتنەکه هەڵوەشێتەوە و ئێران ببێته خاوەنی چەکی ئەتۆم، ئەو وڵاتانه به فەرمیی داوا له ئەمەریکا دەکەن له ئێران بیانپارێزێت، ئەمەش ئەو خواستەی ترامپ دەهێنێتەدی که بەبێ بەرانبەر ئەمەریکا ئەو کاره ناکات، کەواته سەدان ملیار دۆلار دەرژێته خەزێنەی ئەمەریکاوە، چونکه وڵاتانی کەنداو جگه ئەو ڕێگەیه بۆ پاراستنی بنەماڵه خێڵەکیەکانیان ڕێگەیەکی تریان لەبەردەمدا نییه.

ئێران: به نمایشی مەزڵومیەتی خۆی ڕای دەگەیەنێت چەکەکەی بۆ پارێزگاریی وڵاته و بۆ بەرپەرچدانەوەی دووژمنەکانییەتی، بۆیه تاڕادەیەک ئەم زمانەی له کۆمەڵی نێودەوڵەتیشدا قبوڵ دەکرێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕێکەوتنەکه لەلایەن ئەمەریکاوە بەیەکلایەنه هەڵوەشێنرێتەوە، له ڕووی ناوچەکەشەوە ئێران زیاتر دەستیکراوە دەبێت بۆ نوێکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی فارسیی و مەزهەبیی، له فۆرمی نوێی شا ئیسماعیلی سەفەویدا، که ساڵانێکه له ناوچەکەدا کاری بۆ دەکات، تاڕادەیەکیش چەکی ئەتۆمی هاوسەنگی لەگەڵ ئەمەریکا و ئیسرائیلدا بۆ دروستدەکات، که ئەو وڵاتانەش دژی هەژموونی ئێران نین و ئێرانیش گەمەکه باش تێدەگات و هێڵه سوورەکانی ئەوان نابەزێنێت.

ئیســرائیل: لەکاتێکدا ئێران ببێته خاوەنی چەکی ئەتۆمیی، هەڕەشەی بەکارهێنانیشی بکات، ئەوا سعودیه و ئیمارات و وڵاتانی کەنداو بۆئەوەی خۆیان بپارێزن، زیاتر بەرەو ئیسرائیل دەچن و داوای پاراستنی خۆیان دەکەن لەلایەن ئەو قەوارەوە، واته ئەوەی دەیان ساڵه خۆرئاوا و ئیسرائیل دەیخوازن؛ له ماوەیەکی کورتدا ڕوودەدات و دان به شەرعیەتی ئەو قەوارەیەدا دەنێن، بەمەش بازاڕێکی گەورەی ئابووریی له بەردەمی ئیسرائیلدا دەکرێتەوە که له ماوەیەکی کورتدا سەدان ملیار دۆلار به چالاکیی بازرگانیی چەک و شمەکی ئابووریی تر دەڕژێنێته گەنجینەی دارایی ئیسرائیلەوە. هەر ئەم قۆناغەشه که دەبێته هۆی گەڕاندنەوەی زەوی مووژدە پێدراو(أرض الميعاد) که بەخوێندنەوەی سەهیۆنیانەی تەورات دەبێت ڕووبدات، واته کۆنترۆڵکردنی نیل تا فورات، که دیاره سەرەتاکانی دەرکەوتوون. ئەوەشمان لەبیر نەچێت چەند ساڵێکه سعودییەکان له دژی گەشەکردنەوەی تورکیا و بزووتنەوە ئیسلامییەکەی ئەو وڵاته لەگەڵ ئیسرائیلدا هاوئاهەنگن، ئەوە بوو بۆ ئەو مەبەسته و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان، لیوا ئەنوەر عیشقی سەرۆکی پێشووی دەزگای هەواڵگریی سعودییه؛ لەگەڵ شاندێکی ٤٠ کەسیی له هەموو چین و توێژەکانی ئەو وڵاته چوونه ئیسرائیل و لەوێوە داوای ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی سعودییه و قەوارەی ئیسرائیلیان کرد، هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنەکه ئەو هەوڵە خێراتر دەکات.

ئاماژەکان بەرەو ئەوەن که پێدەچێت هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێکەوتنه لەلایەن ئەمریکاوە تەنیا پەیوەندیی بەکاتەوە هەبێت، دەنا ئەوە گەمەیەکی تره بۆ سیناریۆیەکی دۆزەخیانەی تر، بۆ زیاتر لەناوبردنی هیواو ئاواتی گەلانی ئازادیخوازی ناوچەکه؛ بۆ گەیشتن به سستمی دڵخوازی خۆیان.

## ئێران و بەردەوامیی ستراتیژەکەی:

مەسەلەی هەژموونی ئێران له ناوچەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشیی و ئەشکانیی و ساسانیی، هەربۆیەش له سەردەمی پەهلەویدا که دوا زنجیرەی دەسەڵاتی پاشایەتیی بوو لەو وڵاتەدا، بەردەوام ئێران خۆی به خاوەنی کەنداوی فارس و وڵاتانیشی زانیووە، بەتایبەتی دوای ئەوەی بەریتانیا له بەحرەین پاشەکشەی کرد، ئێران داوای گەڕانەوەی ئەو

ولاتەی دەکرد بۆ سەر قەڵەمڕەوەکەی و بە بەشێک لە خاکی ئێرانیان ناو دەبرد(٢)، هەر هەمان کەڵکەڵەی دەسەڵاتی ڕژێمی پاشایەتیی بوو بەسەر کەنداوی فارسدا؛ لە دوای بەریتانییەکان ئێران وەک پارێزەری ئاسایشی ناوچەکە دەرکەوت، هەربۆیە لە سەرکوتکردنی شۆڕشگێڕە چەپڕەوەکانی ناوچەی زوفار(الظفار)دا محەمەد ڕەزا پەهلەوی؛ لەسەر داوای سوڵتان قابوس کوڕی سەعید؛ سوپای ئێرانی ناردە سەڵتەنەتی عومان و ئەو شۆڕشگێڕانەی لە ساڵی ١٩٧٥دا بەتەواویی سەرکوت کرد؛ کە داوای جیابوونەوە و سەربەخۆییان دەکرد و لە ڕێگەی یەمەنی باشوورەوە و بە یارمەتی موعەمەر قەزافیی و پشتیوانیی سۆڤیەت شۆڕشەکەیان لە ناوەڕاستی شەستەکاندا هەڵگیرساندبوو. کەواتە ئەمە خواستێکی ئیمپراتۆرانەی فارسییە و سستمی نوێی کۆماری ئیسلامییش درێژە پێدەریەتی.

هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەو ولاتەشەوە، درووشمی ناردنە دەرەوەی شۆڕش بۆ ولاتانی ناوچەکە لەلایەن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بەرزکراوەتەوە، تەنانەت ئەو درووشمانە تائێستاش بەردەوامە و ناوبەناو جەختی لەسەر دەکرێتەوە، بەکردەوەش توانیویانە کۆنترۆڵی بەغدا و دیمەشق و بەیروت و سەنعا بکەن و شانازیشی پێوە بکەن.

ئایەتوڵڵا مونتەزری دەڵێت:» لە سەرەتای شۆڕشدا چوومە خزمەتی ئیمام خومەینی و پێمگووت لە دنیادا نەریتێکی سیاسیی و دیپلۆماسییە کە سستمە نوێیەکان شاندی نیەت پاکیی دەنێرنە ولاتانی دراوسێ و جیهانیی و دڵنیایان دەکەنەوە کە بەرژەوەندیی هاوبەش و ئاشتیی و برایەتیان بەردەوام دەبێت، بۆیە تکام وایە شاندێکی لەو شێوەیە بنێریتە ولاتانی ناوچەکە و ئەو دڵنیاییەیان پێبدەیت، بەڵام ئیمام ئەوەی ڕەتکردەوە و بە پێویستی نەزانی»(٣)، دیارە هەر ماوەی چەند مانگ لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش لەلایەک ئایەتوڵڵا خومەینی بۆ خۆی داوای ڕاپەڕینی لە سوپای عێراقیی کرد لە دژی حیزبی بەعس و لەلایەکی تریش سادقی خەڵخاڵیی (حاکمی شەرعی شۆڕش) ڕایگەیاند کە بەحرەین بەشێکە لە خاکی ئێران، کە ئەم ترسانە بوونە بنەمای کێشە و قەیرانی بەردەوام لە چوار دەیەی ڕابردوودا و تائێستاش بە گەرمیی بەردەوامییان هەیە.

## ئێران و کورد و پڕۆژەی تائیفیی:

سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و کۆنترۆڵکردنی لەلایەن پیاوانی ئاینی شیعەی دوانزە ئیمامییەوە، خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویییە بۆ زیندووکردنەوەی ئەو مەزهەبە و پەلهاویشتنەوەی، بەتایبەتیی شیعەی دوانزە ئیمامی لەسەر دەستی پیاوانی ئاینیی فارسدا پەرەیسەند و چەسپێنرا، هەرچوار کتێبەکەی فەرموودە(٤) لەلای شیعەی دوانزە ئیمامیی لە سەردەمی دەوڵەتی شیعەی (بوەیهی)(٥)دا نوسراون، کەواتە شەڕی تائیفیی شیعە مێژووە فیکریی و پراکتیکیەکەی لەگەڵ سوننە و قوتابخانەکەیدا زۆر کۆنترە لە دەوڵەتی سەفەوی، کە هەندێ بە هەڵە بە سەرەتای سەرهەڵدانی شیعەی دەزانن. کە دەوڵەتی سەفەوی لە فۆرمێکی نوێی تائفیدا سەریهەڵدایەوە و بۆ جارێکی تر لە ناوەڕاستی ئێراندا پاکتاوی مەزهەبی سوننەی کرد و شارەکانی وەک ئەسفەهان و شیراز و ڕەی و تەبریزی گرتەوە، کە مەزەندە دەکرێت لەو قۆناغەدا یەک ملیۆن سوننە قرکرابن، بیریس تۆمی باڵیۆزی پورتوگال لە چین لە نێوان ساڵانی (١٥١١ – ١٥١٢ز)دا سەردانی ئێرانی کردووە و لەبارەی گەشتەکەیەوە نووسیویەتی: لەڕاستیدا شا ئیسماعیل هەڵدەسێت بە نۆژەنکردنەوەی کەنیسەکانی ئێمە و وێرانکردنی مزگەوتی سوننەکان، هەروەک چۆن بوونەتە هاوپەیمانی ئەوروپا لە دژی دەوڵەتی عوسمانیی(٦). جگەلەوەش تەنانەت گوشاری سەفەوییەکان و هاوپەیمانێتیان لەگەڵ جیهانی

کریستیانی ئەوروپادا؛ بەتایبەتیی پورتوگاڵیەکان، بوونە هۆی ڕاگرتنی لەشکرکێشی عوسمانییەکان بۆ سەر ئەوروپا و گەڕانەوەیان بۆ جەنگی ناوخۆ لە خۆرهەڵاتدا، کە جەنگی چاڵدێران (١٥١٤ز) خاڵێکی وەرچەرخان بوو لەو ململانێ ٤٠٠ ساڵیەدا.

کورد وەک پێکهاتەیەکی زیندووی ئەم ناوچەیە، ماوەیەکی زۆر قوربانیی ئەو ململانێ خوێناوییە بووە، هەرچەندە دواجار هاوپەیمانێتیان لەگەڵ عوسمانییەکاندا پاراستوونی لەو مەترسیەی کە تووشی سوننەی ئێران هات، گەرچی هەندێ کەس وادەزانن هۆکاری دووژمنایەتی شیعە بۆ کورد؛ پەیوەندیی بە سەلاحەدینی ئەیوبیی و مەسەلەی ڕووخاندنی دەوڵەتی فاتیمیی شیعەوە هەیە لە میسردا، بەڵام مەسەلەکە لەوە قوڵترە، چونکە کولەینیی و توسیی و سەدوق کە لە دانەرانی چوار کتێبەکەی فەرموودەی شیعەن، هەموویان ئەو ڕیوایەتەیان گێڕاوەتەوە کە گوایە ئیمامی حوسەین و جەعفەری سادق ئاماژەیان بەوە داوە کورد لە تایەفەیەکی جنۆکەن و خوا نهێنی هەڵماڵیون، نابێ بازرگانی و ژن و ژنخوازیی و مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت(٧).

جگە لەوانەش کورد بە ڕووخێنەری فاتیمییەکان دەزانن و ڕقێکی ئەستووری مێژوویيان بەرانبەری بۆ درووستبووە، کورد بەشێکن لە ئەهلی سوننەت و جەماعەت – کە ئەوان بە گومڕایان ناو دەبەن– ئێستاش کورد لەمپەرن لە بەردەمی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی شیعە و پێکەوە گرێدانی هیلالی شیعەدا، بۆیە ڕقەکەیان چەند بەرانبەرە و چەندین ساڵە لە حوسەینییەکانەوە خەڵکی خۆیان لە دژی کورد هان دەدەن و بەدوای بیانوودا دەگەڕێن بۆ لێدانی، جا هەروەک داعش بووە بیانووی قڕکردنی سوننە لە عێراق و شامدا و ئێران و ئەمەریکای لەسەر یەک خەت و ستراتیژ کۆکردەوە، هەرواش مەسەلەی ڕیفراندۆم خزمەتێکی تری بە ئێران کرد کە بتوانێت بە هاوکاریی هاوپەیمانە عەلمانییە کوردەکان لە چەند سەعاتێکدا شاری کەرکوک و زۆربەی ناوچە جێناکۆکەکان بخاتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی.

نەزانیی دەسەڵاتدارانی کوردستان لەم قۆناغەدا، نیعمەتێکی گەورە بوو کە عەرەبی سوننە و تورکیا و خۆرئاواش بکاتە پشتیوانیی ستراتیژەکەی ئێران، ئەویش گۆڕینی دیمۆگرافیی کوردستانە لە داهاتوودا بە قازانجی شیعە، کە بەڕاستیی نەفامیی سوننەی عەلمانیی کورد – لە ناو هەموو پارتەکاندا بە تایبەتی پارتی و یەکێتی و پەکەکە گەورەترین خزمەتی بە پڕۆژەی ئێران کردووە، چونکە ئەم حیزبانە بەناوی کوردایەتیی و عەلمانیی بوونەوە، هەمیشە دژی هەر زیندبوونەوە و هۆشیارییەکی ئیسلامیی بوون، بەڵام بەپێچەوانەوە عەلمانیەتی شیعە و کەمینەکانی تری کوردستان– وەکو یەزیدیی و کلد و ئاشوور و کریستیانەکانیش – دین و مەزهەبەکەیان بە شوناسی خۆیان لەقەڵەمداوە؛ نەک کورد بوون، بەڵام عەلمانییە سوننەکان هەمیشە سوننەی کوردیان بەوە سەرکوت کردووە، گوایە شوناس دەبێ کوردایەتی و ناسیۆنالیزم بێت نەک دین، بەو شێوەیەش زۆرینەی سوننەی کوردیان کردۆتە خزمەتکاری ئەو کەمینانە و ئەوانیش ئەجێنداکانیان لە دەرەوەی سنوورەکانەوە وەرگرتووە، بۆ نمونە شیعەکانی گەرمەسێر لە یەکێتی فەرمانیان وەرنەگرتووە، بەڵکو لە مەرجەعەکانی نەجەف و قومەوە ئاڕاستە دەکرێن و بە هەزارانیان لە جیاتی ئەوەی ببنە پێشمەرگە، بوونە حەشدی شەعبی، بەڵام یەکێتی و پارتی تائێستا پارتە ئیسلامییەکانی کوردستان بە کورد نازانن، چونکە پاشخانی ئیسلامییان هەیە.

جا بەڕاستی ئەم غافڵبوونەی سەرکردە عەلمانییەکانی کورد نەوەیەکی بێ ئیرادەی بێ شوناسی بەرهەمهێناوە، کە نە خۆی دەناسێت و نە ئیرادەی بەرگریشی تێدایە، چونکە گەندەڵیی و تاوانی ئەو پارتانەش کارێکیان کردووە، ئینتیما

# کورد لەمپەرن لە بەردەمی دامەزراندنی
# ئیمپراتۆریەتی شیعە و پێکەوە گرێدانی هیلالی شیعەدا

بۆ نیشتمان زۆر کز ببێت، داهاتووی نزیک زیاتر ئەو نەهامەتییەی عەلمانیەکان بەسەر شوناسی سوننەیان هێنا؛ ڕوون دەکاتەوە.

دەبێ کورد دڵنیابێت مەسەلەی جنۆکە بوونی و دژایەتیی کردنی لەلای شیعەوە عەقیدەیە و لە فەرموودەکانیاندا چەسپاوە، ڕقیان لە سەلاحەدین و نەوەکانی پەیوەندیی بە مێژووەوە هەیە و دەبێ تۆڵەی بکەنەوە، مەسەلەی هیلالی شیعە پەیوەندیی بە ستراتیژی ئەم قۆناغەوە هەیە و ناکرێ یەک چرکەسات خۆیانی لێ غافڵ بکەن، دواجار کورد بەشێکە لە سوننە، کەواتە ئەم لەمپەرە بە گفتوگۆی هەولێر و بەغدا چارەسەر ناکرێت، لەوانەیە هەندێ گۆڕانکاریی هەڵخەڵەتێنەر لە سیناریۆی ستراتیژەکەیاندا دروست بکات، بەڵام هەرگیز ئەم ئیشکالە مەزهەبیە بە گفتوگۆ چارەسەر نابێت و دەبێ لەم کاتەی شیعە هەست بە دەسەڵات دەکات، ئەم هەلە زێڕینە لە دەست نەدات. بەڵام لە بەرانبەریشدا ئەو لافاوەی شیعە بە مقەبا و لۆکەی ناسیۆنالیزمی ئیفلاسکردووی کورد، بەری ناگیرێت.

## دۆزی کورد و ئێران:

ئێرانی پاشایەتیی هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە واتە پاشایەتیی هەخامەنشینی – کە لەسەر بناغەی ئیمپراتۆریەتی مادەکان و لەلایەن (کورشی هەخامەنشیی)ەوە دامەزرێنرا، کەڵکەڵەی ئەوە لە ناخیاندا چەسپا کە دەسەڵاتیان بەسەر هەموو جیهاندا بڵاوبکەنەوە، چونکە کورش توانی هەردوو دۆڵی میزۆپۆتامیا و نیل بخاتە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیی و چەندین دەوڵەتیش بڕووخێنێت، بۆیە هەر لەو کاتەوە کوردەکان وەک گەلێکی ئاریایی؛ هەمیشە لەژێر ستەم و داگیرکاریی ئیمپراتۆریەتی فارسدا بوون و بەشی خۆرئاوای کوردستانیش کە لە ژێر هەژموونی ڕۆمەکاندا بوون، ئەوانیش بە هەمان شێوە باجی جیۆپۆلۆتیکی کوردستانیانداوە و هەمیشە بوونەتە گۆڕەپانی هێرشە بەردەوامەکانی ڕۆم و فارس و سووتەمەنی ئەو جەنگە خوێناویانە.

دواتریش لە سەردەمی سەرهەڵدانی دەوڵەتی عوسمانیی و زنجیرەی پاشایەتی سەفەویدا، ئەمجارەیان بەهۆی جیاوازیی مەزهەبیی و ململانێی هەژموون بەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە دوای جەنگی چاڵدێرانەوە بۆ جارێکی تر کوردستان بووەوە بە گۆڕەپانی جەنگی ئێران و عوسمانیی و چوار سەدە بەردەوام بوو، بۆیە کوردستان بە بەردەوامیی ناوەندێکی گەرمی ململانێی نێوان ئەو دوو زلهێزەی ناوچەکە بووە.

هەرچەندە چەندین میرنشینی کوردیی بەردەوام بوون لە ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی خۆیان، بەڵام ئەمانیش بە ئەندازەی بەهێزیی و بێهێزیی ناوەندەکانی دەسەڵاتی عوسمانیی و ئێرانیی قەڵەمڕەو و دەسەڵاتیان لە هەڵکشان و داکشاندا

بووە، تا لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم – بەپێی کۆنگرەی ئاشتیی پاریس – سنووری نەتەوەیی ئەم دەوڵەتانە دیاریی کران و دەسەڵاتی عوسمانییش لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا قەتیسکرایەوە لە تورکیادا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش دابەشکرا بەسەر چەندین وڵاتی نوێدا، کە بەپێی دابەشکاریی پێشنیازکراوی لیژنەی (سایکس – پیکۆ) کوردستان کەوتە ناو چوار دەوڵەتی ناوچەکەوە (عێراق، تورکیا، سوریا، ئێران)، ئیتر ئەوە ماوەی ١٠٠ ساڵە لەژێر سایەی ستەمکاریی و دابەشکاریی هێزە داگیرکەرەکانی خۆرئاوادا، گەلی کورد دەیان شۆڕش و سەرهەڵدان و داخوازیی خەڵتانی خوێن و قڕکردنی ڕەگەزیی کراوە، بەڵام تا ئەم ساتەش سەرەڕای هەبوونی یاسا نێودەوڵەتیەکان کە مافی چارەنووس دەداتە هەر گەلێک داوای بکات، بەڵام بە پێچەوانەوە؛ وڵاتانی زلهێزی خۆرئاوا بەردەوام لە دژی مافی چارەنووسی گەلی کورد بوون، تەنانەت لە هەندێ قۆناغدا لە چوارچێوەی دەستووری وڵاتیشدا لە دژی مافی گەلی کورد بوون(٨).

ئێرانی پەهلەویی – چ لە سەردەمی ڕەزا شا و چ لە سەردەمی محەمەد ڕەزای کوڕیدا – لە قۆناغە جیاوازەکاندا ستەمکاریی زۆریان بەرانبەر بە کوردانی خۆرهەڵات و پارچەکانی تریش کردووە، هەمیشە داخوازییە ڕەواکانی هۆزەکانی ناوچەی ئیلام و بەختیاریی و لوڕ و قەشقایی و کرماشان و سنە و موکریان و ورمێ و دەوروبەریان بە ئاگر و ئاسن وەڵامداوەتەوە، کە دیارترینیان بە هاوکاریی بەریتانیا و ئەمەریکا و بە ڕێکەوتنی (قەوام سەڵتەنە و سادچیکۆڤ) یەکێتی سۆڤیەتیش پشتیوانی خۆی لە کۆماری کوردستان کشاندەوە و لاپەڕەیەکی تری نەهامەتیی لە مێژووی گەلی کورددا هەڵدرایەوە کە بە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێکانی دەستیپێکرد؛ کە جگە لە چەند مانگێکی سەردەمی دکتۆر محەمەدی موسەدیق، کوردەکان لە تاریکستانی ڕژێمی پاشایەتیدا بوون، تا سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران و سەرکەوتنی لە شوباتی ١٩٧٩دا.

لەو ماوە تاریکەدا سستمی پاشایەتی پەهلەوی؛ نەک هەر لە چوارچێوەی وڵاتەکەیدا، بەڵکو لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەشدا و لە چوارچێوەی پەیمانەکانی بەغدا و سەعد ئاباد و هاوکارییە بەردەوامە موخابەراتیی و هەواڵگرییەکانیاندا، هەمیشە جەختیان لەسەر سەرکوتکردنی داخوازییە ڕەواکانی کورد کردۆتەوە.

بۆیە دەبینین حکومەتی پاشایەتیی ئێران، سەرەڕای جیاوازییەکانی لەگەڵ سستمی نوێی کۆماریی عێراق– بەتایبەتیی لە سەردەمی بەعسدا– کەچی تەنیا کوردی چەواشەکرد و بە یارمەتی ئیسرائیل و ئەمەریکا(٩) کردیە کارتی گوشار و نەیهێشت ڕێکەوتنامەی ئازاری ١٩٧٠ بگاتە ئەنجام و لە ساڵی ١٩٧٤دا شەڕێکی وێرانکەر هەڵگیرسایەوە و دوای ساڵێک محەمەد ڕەزا شای ئێران و سەدام حسەین لە جەزائیر لە ٦ ی ئازاری ١٩٧٥دا گەیشتنە ڕێکەوتن و کوردیان خستە بەردەم نەهامەتیەکی کەمەرشکێن.

لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشدا، لە سەرەتادا کە سستمی نوێ دامەزرا، زۆرینەی کورد دەنگیان بە سستمی کۆماری ئیسلامییدا و دەیانویست لە چوارچێوەی دەستووردا، کوردیش بە مافە ڕەواکانی بگات، لە خۆبەڕێوەبەریی و دادگەریی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیدا، بەڵام بەرپرسانی نوێ بە ئاگر و ئاسن ڕووبەڕووی ئەو داخوازیانە بوونەوە و کورد کەوتە بەر هێرشێکی تائیفیی و نەتەوەیی، چونکە لەلایەک زۆرینەی سوننەن و لەلایەکی تریش کوردن، وەک ئاماژەمان پێدا، کورد لە ڕیوایەتەکانی شیعەدا لە جنۆکەن و نابێ هیچ مامەڵەیەکیان لەگەڵدا بکرێت. من لێرەدا ناتوانم هەڵەی پارتەکانی خۆرهەڵاتیش لەبەرچاو نەگرم، کە لەلایەک لەنێو خۆیاندا کردیانە جەنگێکیماڵوێرانکەری چەندین ساڵە، بەتایبەتی

شەڕی دیموکرات و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان– کە مارکسیەیکی زۆر توندڕەو بوون– لەلایەکی تریش ئەم پارتانە لەوەدا کە دژایەتی مەزهەبی سوننەی هاوڵاتیانی خۆیان دەکرد –بەتایبەتی کۆمەڵەی مارکسیی– و دەیان زانای ئایینیان گرت و دوای ئەشکەنجە کوشتنیان یا بە ڕەشەکوژیی تیرۆریان کردن، ئەمە هەڵەیەکی تر بوو بە قازانجی ڕژێمی تائیفیی ئێران؛ کە کوردی سوننە بەناچاریی ببنە هاوکاری سستەمی نوێ و پشت لە داخوازیی شۆڕشگێران بکەن!!

گەرچی بە درێژایی شەڕی عێراق – ئێران؛ کوردی باشوور بوونە هاوپەیمانی ئێران، بەڵام ئێران تەنیا وەک کارتی گوشار بۆ سەر ڕژێمی عێراق ئەوانی بەکارهێنا، لەوەشدا ڕژێمی درندەی عێراقی هاندا بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی لە دژی گەلی کورد و سوتاندنی کوردستانیش بە هێرشەکانی ئەنفال، دواجاریش بە قبوڵکردنی بڕیاری ٥٩٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی لەلایەن ئێرانەوە لە ئابی ١٩٨٨دا جەنگەکە کۆتایی پێهات، کە ئیمام خومەینی بە خواردنەوەی جامی ژەهری چواند و کوردیش بۆ جارێکی تر کەوتەوە سوڕانەوە لەناو بازنە بەتاڵەکەی دابەشکردن و نەفرینی جیۆپۆلۆتیکدا!!

بەداگیرکردنی کوەیت و جەنگی دووەمی کەنداو، بە هاندانی بۆشی باوک؛ گەلانی عێراق ڕاپەڕین، بەڵام بە ڕێکەوتنی سەفوان لە نێوان عێراق و ئەمەریکادا، ئەو وڵاتە چاوپۆشیی کرد لە سەرکوتکردنی گەلانی عێراق لەلایەن سەدامەوە، هەر ئەو ترسەش بوو کە لە کوردستاندا کۆڕەوی ملیۆنیی دروستکرد و بووە هۆی ئەوەی ڕای گشتی جیهان بهەژێنێت، بۆیە بە پێشنیازی فەڕەنسا ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی بڕیاری ٦٨٨ی دەرکرد و ناوچەی دژە فڕینی لە باکووری هێڵی ٣٦ پلە ڕاگەیاند، بەوشێوەیەش هێز و کارگێڕیی عێراق پاشەکشەیان کرد و بە کردەوە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک کەوتنە دەستی بەرەی کوردستانیی، بۆیە لە دوای شکستی گفتوگۆکانیان لە بەغدا، لە ١٩٩٢/٥/١٩دا لە کوردستان هەڵبژاردن ئەنجامدرا و کورد بووە خاوەنی پەرلەمان و حکومەتی خۆی، هەر ئەمەش بوو کە حکومەتەکانی ئێران و تورکیا و سووریای هاندا، بەردەوام کۆبوونەوەی سێقۆڵیی وەزیرانی دەرەوەیان بکەن، بۆ گەمارۆدان و سنووردانانی هەرێم و ڕێگە نەدەن کاریگەریی لەسەر کوردانی پارچەکانی تر بکات، کە بەڕاستیی کورتبینیی و هەڵەی مێژوویی جەنگی ناوخۆ ئەو هیوایەی ئەوانی دەستەبەر کرد و کوردی لە قۆناغێکی زێرپیندا تووشی نەهامەتیی کردەوە، کە تا ئەمرۆش کاریگەرییەکانی هەر بەردەوامن و ئێران لەو ڕێگەیەوە توانیویەتی هەژموونی خۆی بەسەر بەشێکی گرنگی کوردستاندا بسەپێنێت.

ئەم هەژموونە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام و هاتنەسەر کاری لایەنگرە تائیفییەکانی ئێران لە عێراق و پاکتاوکردنی سوننە لە سێگۆشەی سوننەدا بەبیانووی شەڕی دژە تیرۆرەوە کە ئەمەریکا و ئێران وەک دوو هاوپەیمان تیایدا دەرکەوتن و دواجار شەڕی داعش هەژموونی ئێرانی زۆر فراوان کرد، ئێستا کورد کەوتۆتە بەر مەترسیەکی گەورەی پاکتاوکردنی. بەتایبەتی بەهۆی نەزانیی دەسەڵاتدارانی کوردستانەوە؛ هەرێمی کوردستان خەریکە نەک دەسکەوتەکانی شەڕی داعش و دوای ڕووخانی سەدامی لەدەستداوە، بەڵکو خەریکە تەواوی دەسکەوت و سەروەرییەکانی دوای ١٩٩١ یش لەدەست دەدات، ئەمەش داخوازییەکی ئێران و تورکیا و سوریا و وڵاتانی خۆرئاواشە، کە هەمیشە بەبیانووی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی وڵاتانی ناوچەکە؛ چاویان لە قڕکردنی گەلی کورد داخستووە!!

هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا، لەوانەیە ویستی هەریەکە لە ئێران و تورکیا و ئەمەریکا

و خۆرئاوا جیاواز بێت، بەڵام مەخابن؛ نەزانیی سەرکردایەتی دەسەڵاتداری کورد نەیتوانی جیاوازییەکانیان بۆ زیاتر دەستەبەرکردنی مافی کورد بقۆزێتەوە، بەڵکو هەموویانی لە دژی خواستەکانی یەکخست، بۆ نمونە تورکیا و ئێران شیروتیریان لە یەکتر دەسوی، کەچی لەبەرئەوەی سەرۆ قادر دەیگووت ئەگەر تورکیا و ئێران بەرانبەر سەربەخۆیی کوردستان بوەستن دابەش دەکرێن، تورکیا بۆ ئەنادۆلی بچووک و ئێرانیش بۆ ئاسیای بچووک فڕێ دەدرێن(١٠). ئەم خوێندنەوە نەزانانە لەلایەن کەسانێکەوە کە بە ڕاوێژکاری باڵای سەرۆکی هەرێم ناودەبران، نیشانەی قوڵیی نەهامەتیی ئەم قۆناغەی کورد و کوردستانن!!

## تورکیا و خۆرئاوا و ناوچەکە و کورد:

دەوڵەتی عوسمانیی لە ماوەی ٥٠٠ ساڵدا توانیی دیوارێکی بەهێز بێت بۆ بەرپەرچدانەوەی داگیرکاریی خۆرئاواییەکان، تەنانەت ئەم دەوڵەتە لەکاتی هێرشی خاچپەرستاندا بۆ سەر مسوڵمانانی ئەندەلوس و قڕکردنیاندا، ڕۆڵێکی کاریگەریی بینیی لە ڕزگارکردنی ژمارەیەکی زۆر لە مسوڵمانان و حەواندنەوەیان لە باکووری ئەفەریقادا، نەک تەنیا مسوڵمانان؛ بە هەزاران جولەکەش لەکاتی ئەو هەڵاتنەدا لەلایەن مسوڵمانانەوە پارێزران و لە مەغریب و جەزائیر و تونسدا نیشتەجێ بوون، تا دامەزراندنی قەوارەی ئیسرائیل ١٩٤٨ گەورەترین دانیشتوانی جولەکە لە جیهانی ئیسلامیدا لەو ناوچەیەدا بوون و ژیانێکی ئارام و ئاسوودەیان هەبوو، تا بە پیلانی سەهیۆنیەت و ئیمپریالیزم لە شوێنی خۆیان هەڵکەنران و ڕاپێچی ئیسرائیل کران، تا پڕۆژەکەی ئەوان سەربخەن.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە کە وردە وردە نیشانەکانی بێهێزیی دەوڵەتی عوسمانیی دەرکەوتن، چەند هەوڵێک دران بۆ چاکسازیی و بەهێزکردنەوەی، ئەویش بە ڕێکخستنەوەی سوپاو کارگێڕیی وڵات لەسەر شێوازی وڵاتانی خۆرئاوا، بۆ ئەم مەبەستەش دەیان شاندی خوێندکارانی عوسمانیی لە نێو خوێندنگەکانی سەربازیی و زانکۆکانی ئەورووپادا دەستیان بە خوێندن کرد، کە لە سەردەمی مەدحەت پاشای سەرۆک وەزیران (١٨٢٢ – ١٨٨٤) لە بەرزترین ئاستیدا بوو، هەربۆیەش ئەم هەوڵە بەناوی ئەوەوە تۆمار کراوە.

ئەم چاکسازییە دەروازەیەکی گرنگ بوو کە خۆرئاواییەکان و ڕێکخراوە نهێنیەکانی دژە عوسمانیی لە ئەرمەن و جولەکە لە کۆتایی تەمەنی دەوڵەتی عوسمانیدا گەرای خۆیانی تێدا دابنێن و لەناو سوپا و کارگێڕیی وڵاتدا بە هەزاران ئەندام بۆ خۆیان پەیدا بکەن.

دواجار هەر ئەو ڕێکخراوە نهێنیانە بوون کە لە ساڵی ١٩٠٨دا کودەتای عوسمانییان بەڕێوەبرد و بەکردەوە کۆتاییان بە دەسەڵاتی عوسمانیی هێنا، چونکە لە دوای لادانی سوڵتان عەبدولحەمید بە کردەوە دەسەڵات کەوتە دەست کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقیی و سوڵتان وەک بوکەڵەیەکی دەستی ئەوانی لێهات، هەربۆیە تورگوت ئۆزالی سەرۆکی کۆچکردووی تورکیا (١٩٨٧ – ١٩٩٣) لەبارەی دەسەڵاتی ئیتیحادیەکانەوە نهێنییەکی بۆ ڕۆژنامەی (ستار)ی تورکیی گێڕاوەتەوە، ناوبراو لە سەردانێکیدا بۆ وڵاتانی ڕووسیا و ئۆکرانیا؛ لە وەڵامی پرسیاری پەیامنێری ڕۆژنامەی ناوبراودا کە پرسی : بۆچی پەیوەندیی نێوان تورکیا و وڵاتانی عەرەبیی خراپە؟ وتی: لە حەسەن جەمال بپرسن، ئەو کاتە وەڵامەکە بۆ ڕۆژنامەنووسەکە تەم و مژاویی بوو، حەسەن نەوەی جەمال پاشای فەرماندەی سوپای چوارەمی عوسمانیی بوو لە شام، دواتر ئۆزال زانیارییەکەی بۆ ڕۆژنامەنووسەکە تەواو کرد و بەڵێنی لێوەرگرت

دوای ٢٥ ساڵ بڵاوی بکاتەوە، کە دەیکردە ڕۆژی ١٩ ی نیسانی ٢٠١٦ و لەو ڕۆژەدا بڵاوی کردەوە، ئەویش ئەوە بوو کە گوتی: جەمال پاشا وەک زۆربەی ئەفسەر و فەرمانبەرانی عوسمانیی ببوونە نۆکەری بێگانە، جەمال لە ئینگلیزەکان مووچەی نۆکەرایەتیی وەردەگرت، بۆ تێکدانی پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانی دەوڵەتی عوسمانیی، بۆ نموونە کچ و ژنی زانایان و گەورە پیاوانی شامی پەلکێشی تەلاری والی دەکرد و لەوێ جۆرەها بێڕێزیی پێدەکردن و مەی دەرخوارد دەدان، ئەوسا بەرەڵڵای دەکردن، بۆئەوەی عەرەب و مسوڵمانەکان بکاتە دوژمنی دەوڵەت و بیانکاتە دۆست و هاوپەیمانی ئینگلیزەکان(١١).

سوڵتان عەبدولحەمید زۆری هەوڵدا بۆ ڕاستکردنەوە و گەشەپێدانەوەی دەوڵەتی عوسمانیی و خۆی لە شەری دەرەوە بپارێزێت، ئەو کاتەی دەسەڵاتی گرتە دەست قەرزەکانی سەر دەوڵەت زیاتر بوو لە ٣٠٠ ملیۆن لیرەی زێر، بەڵام ئەو کاتەی لە دەسەڵات دوورخرایەوە، قەرزەکانی کەمکردبۆوە بۆ کەمتر لە ٣٠ ملیۆن، ئەمە سەرەڕای سەدان پڕۆژەی گەورەی خوێندن و پەروەردەو تەندروستیی و ڕێگەوبان و ڕاکێشانی هێڵی ئاسن، کە گرنگترینیان هێڵی ئاسنی شام – حیجاز بوو، کە دواتر بەهۆی هاوپەیمانێتی شەریفی مەککە و ئینگلیزەکان لەلایەن (لۆرانس)ی ئینگلیزییەوە لە چەندین شوێندا تەقێنرایەوە و ئەو خزمەتە گەورەیە بە حاجیانی ماڵی خودا لەکار خرا(١٢). هەر پیلانی ئەو نۆکەرانەی ئینگلیز و زایۆنیستەکان بوو لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا وایکرد، ئەو دەوڵەتە بکەوێتە جەنگەوە و لە ئەنجامدا پارچە پارچە بکرێت، چونکە سوڵتان عەبدولحەمید ئامادە نەبوو فەڵەستین بفرۆشێت بە (تیۆدۆر هێرتزل)ی سەرۆکی ڕێکخراوی زایۆنیستی جیهانیی(١٣)، ئەوە وایکرد لە زایۆنیستەکان کە دژایەتیی عەبدولحەمید بکەنە ستراتیژی ئەو قۆناغەیان و نەیارانی یارمەتیی بدەن بۆ لادانی لە دەسەڵات، بۆیە زۆر بوون ئەوانەی کە عەبدولحەمیدیان بە ڕێگر دەزانی لە ڕێگەی پێشکەوتنی دەوڵەتدا و کەوتبوونە ژێر کاریگەریی درووشمە بریقەدارەکان، بەڵام نەیاندەزانی ئەوەی لە پشتی ئەو درووشمانەوەن، ڕێکخراوە نهێنییەکانی خۆرئاوان و بەتایبەتیی ئینگلیز و فەرەنسیەکان پشتیوانییان دەکەن، هەر بۆیە د.ڕەزا تۆفیقی فەیلەسوفی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقیی لەبارەی سوڵتان عەبدولحەمیدەوە دەڵێت:(گوتمان سوڵتان ستەمکارە، سوڵتان شێتە، گوتمان هەر دەبێ شۆڕشی بەسەردا بکرێت، باوەڕمان بەوتەی شەیتان کرد، ورووژاین، ئاشووبی نوستوومان بەئاگا هێنایەوە، بەڵام ئەی گەورە سیاسەتمەداری سەردەم؛ تۆ شێت نەبووی؛ بەڵکو ئێمە شێت بووین و نەماندەزانی، هەر بە تەنیا شێت نەبووین، بەڵکو زۆڵ و شەرفرۆش بووین و لە ئاکاری چاک بێبەش بووین)(١٤).

هەربۆیە مێژوونووسی ناوداری کورد(محەمەد ئەمین زەکی بەگ)یش، لە یەکەمین پەرەگرافی کتێبەکەی (خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان)دا دەڵێت: لە دوای ئەوەی لە جێگەی زاراوەی گشتیی عوسمانیی؛ وشەی تورک و تۆرانی لە تورکیادا پەرەی سەند، بە سروشت وەک کەسی گەلانی تر؛ منیش لەناو ئەو کۆمەڵەدا، غیرەتی خۆم چاکتر هەست پێکرد، غروری قەومیی ناچاری کردم کە لە هەموو فرسەتێکدا ئەم هەستەی خۆم دەربخەم و ڕابگەیەنم، بەڵام لەبارەی ئەسڵ و تاریخی قەومەکەم هیچم نەدەزانی، چونکە تا ئەو کاتە نە لە قوتابخانەکاندا فیکرێکی وامان درابوویە و نە لە دواییشدا پێویستیی مێژووی کوردمان دیبوو، هەروەها زاراوەی جامیعەی عوسمانیی ئەعسابی قەومیەی هەموومانی تا پلەیەک خاوکردبووەوە؛ چەندین جار ئەو پرسیارەم لە خۆم دەکرد: قەومی کورد لە چ نەتەوەیەکە، چیی بەسەر هاتووە؟(١٥).

کەواتە هاتنی تورکە لاوەکان بۆ سەر گۆڕەپانی

سیاسیی لە دەوڵەتی عوسمانیدا، بە کردەوە بریتیی بوو لە مەرگی دەوڵەتی عوسمانیی، هەرچەندە لە کۆتاییەکانی جەنگدا مستەفا کەمال ئەتاتورکی ڕێبەری نوێی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقیی بە فەرماندەیی کردنی جەنگی گالیبۆلی لە سالۆنیک؛ کرایە قارەمانی تورکیای نوێ، بەڵام ناوبراو زۆر زیاتر لەوەی خۆرئاواییەکان داوایان دەکرد، هەوڵیدا تورکیا لە ڕەگ و ڕیشە و مێژووی ئیسلامیی دوور بخاتەوە، تەنانەت لە ساڵی ١٩٢٣دا بە کردەوە بڕیاری دوورخستنەوەی تورکیای لە ئیسلام خوێندەوە، بەناوی ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیای نوێ، نەک هەر پیتی عەرەبیی گۆڕیی بە لاتینیی، بەڵکو هەموو دادگا و خوێندنگە ئیسلامییەکانی داخست و تەنانەت بانگدانی نوێژەکانیشی گۆڕی بە تورکیی، لێرەوە مێژوویەکی تاریک لە تورکیادا دەستپێیکرد، کە گەلانی ئەو وڵاتەی تووشی دیکتاتۆریەت و ئیستیبداد کرد و تا ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت، ئەو پەروەردە ڕەگەزپەرستییەی کەمالی کاریگەریی لەسەر تاک و کۆمەڵی ئەو وڵاتە هەیە و لەمپەرە لە بەردەمی چاکسازیدا!!

## تورکیا و خۆرئاوا لەم قۆناغەدا:

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا تورکیای کەمالی، تورکیای دڵخوازی خۆرئاواییەکان بوو، لەلایەک تورکیای لە بەربەرەکانێی ئەوان کردە تورکیایەکی پاشکۆی بێهێزی بڕیارەکانی ئەوان و لەلایەکی تریش نامۆ بە ژینگە و شارستانیەتیی ئیسلامیی و دابڕاو لە گەلانی مسوڵمانی ناوچەکە.

تورکیای نوێ لەکاتێکدا وەک سەنگەری پێشەوەی ناتۆ لە جەنگی سارددا بەکارهێنرا، کەچی هیچ کاتێک وەک ئەندامی یەکێتی ئەوروپا وەرنەگیرا، چونکە یەکێتی ئەوروپا زیاتر هاوپەیمانیەتێکی جیهانی کریستیانە و تورکیای خاوەنی ٨٠ ملیۆن مسوڵمان لەلایەن جیهانی کریستیانەوە قبوڵ ناکرێت، ڕاستە هەندێ پێوەر دەکرێنە بنەمای وەرگرتن، بەڵام ئایا وڵاتانی ئەوروپای خۆرهەڵات کە تازە لەژێر عەبای کۆمۆنیستیدا دەرچوو بوون و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ڕەگەزپەرستی سیمای ئاشکرای حوکمڕانیی ئەو وڵاتانەیە وەک لەکاتی کۆڕەوی ئاوارەکاندا چەندین جار لەلایەن گەورە بەرپرسانی ئەو وڵاتانەوە ڕادەگەیەنرا – چۆن بوونە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا؟ بۆ نمونە ئەگەر هۆکار پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤە بەرانبەر بە کورد، ئەی بۆچی یەکێتی ئەوروپا دان بە خەباتی ڕەوای کورددا نانێت بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی و بگرە چەندین ساڵە PKK لەسەر لیستی تیرۆری ئەوانە!!

چەند هۆکارێک بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی قەیران لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و خۆرئاوا بە گشتیی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەتایبەتیی:

١. تورکیای دادوگەشەپێدان (AKP) تورکیایەکی نوێیە، کە دەیەوێت وڵات بگەڕێنێتەوە بۆ نێو شارستانیەتی ئیسلامیی و بە کردەوە لە پاشکۆیەتیی خۆرئاوا دووری بخاتەوە.

٢. ئاکپارتی پاشخانێکی ئیسلامیی هەیە، واتە شانازی دەکات بە مێژووی عوسمانییەوە و لە بەرنامەیدایە گەلانی مسوڵمان ببنە قوڵایی ستراتیژیی بۆ تورکیا و گەلی تورکیاش ببێتە قوڵایی ستراتیژیی بۆ ئەوان. ئەمەش ئەو ترسە مێژووییە لەلای ئەوان دروستدەکات، کە عوسمانییەکان چەندین سەدە بوونە دیوارێکی بەهێز بۆ ڕاگرتنی چاوچنۆکیی داگیرکارانەیان.

٣. تورکیای ئاکپارتی لە ماوەیەکی کورتدا توانی ئابووریی داڕووخاوی تورکیا زیندوو بکاتەوە و بەجۆرێک گەشەی پێبدات، کە بە موعجیزەی ئابووریی ناو دەبرێت، کە ئابووریی وڵاتی گەیاندە پلەی شانزەیەمین ئابووریی جیهان. ئەمەش بۆ وڵاتانی خۆرئاوا جێگەی حەسوودیی و نیگەرانییە، بەتایبەتیی تورکیا لە دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا ئەو

گەشەیەی کردووە و وڵاتێکی وەک یۆنانیش لەناو یەکێتی ئەورووپادا تووشی داڕووخانی ئابووریی بووە، ئەمە جگە لە قەیرانە ئابوورییەکانی ئیسپانیا و ئیتالیا و زۆربەی وڵاتانی ئەورووپای خۆرهەڵات.

٤. بەهۆی پشتیوانیی تورکیا لە گەلی فەڵەستین و دژایەتیی گەمارۆدانی کەرتی غەزە لەلایەن ئیسرائیلەوە، پەیوەندییەکانی تورکیا و ئیسرائیل گەیشتۆتە خراپترین ئاستی خۆی، ئەمەش خۆرئاوا بە گشتیی و ئەمەریکای بەتایبەتیی نیگەران کردووە، بۆیە دژایەتی خۆیان لەو ڕووەوە بۆ تورکیا ناشارنەوە.

٥. زیندووبوونەوەی هۆشیاریی بێداریی ئیسلامیی لە تورکیادا خۆرئاواییەکانی نیگەران کردووە، بۆیە میدیای نزیک لە ئاکپارتیی؛ ناتۆ و خۆرئاواییەکان بە پشتیوانیی کودەتاکەی ١٥ی تەمووزی ٢٠١٦ تۆمەتبار دەکەن، بەتایبەتی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە ئەنکەرە لە سەرەتای کودەتاکەدا لەسەر پێگەی فەرمیی خۆی کودەتاکەی بە شۆڕشی گەلی تورکیا لە دژی ئەردۆغان ناوبردبوو.

٦. لەکاتی سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی سوریا لە دژی ڕژێمی بەشار ئەسەد، تورکیا زۆری هەوڵدا کە خۆرئاواییەکان یارمەتیدەربن بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕژێمە، بەڵام وەک دەرکەوت نەک هەر یارمەتیدەر نەبوون، بەڵکو مانەوەی ڕژێمی بەشار ئەسەدیان پێ باشتر بوو بۆ پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل نەک بەرپاکردنی سستمێکی ئازاد و دیموکرات، تەنانەت لەکاتی قەیرانی نێوان تورکیا و ڕووسیادا ناتۆ هیچ هەڵوێستێکیان بۆ پشتیوانیی تورکیا ڕانەگەیاند، بۆیە تورکیا ستراتیژی خۆی گۆڕیی بۆئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیادا ئاسایی بکاتەوە.

٧. یارمەتیدانی (YPG) لە سوریا – کە باڵی سوریای پارتی کرێکارانی کوردستانە لەلایەن ئەمەریکاوە، پەیوەندییەکانی نێوان دوو وڵاتی گەیاندە ئاستێکی خراپ، لە دوای کودەتاش کاتێک تورکیا فەتحوڵڵا گولەنی بە بەشداری کودەتاکە ناساند و داوای ڕادەستکردنەوەی کرد لە ئەمەریکا و ئەو وڵاتەش ڕادەستی نەکردەوە، سەرەڕای هەبوونی ڕێکەوتنامەی ڕادەستکردنەوەی تۆمەتبار کە لە پەنجاکانەوە کاری پێکراوە، پەیوەندییەکانی زیاتر لێڵ کرد.

٨. دواجار ڕێکەوتنی نێوان تورکیا و ڕووسیا بۆ کڕینی سستمی دژە ئاسمانیی (ئێس ٤٠٠) ئەمەریکای بەتەواویی نیگەران کردووە، تورکیاش ئەوە بە مافی خۆی دەزانێت بۆ پاراستنی سەروەریی وڵاتەکەی و پێشتریش ئەزموونی تاڵی لەگەڵ ئەمەریکادا هەیە، کە لەکاتی پێویستی و تەنگانەی ئەو وڵاتەدا چەکی گرنگ و کاریگەری پێنافرۆشێت.

زۆربەی ئەو ناوەند و یەکانەی کە ئەنجوومەنی ئەمنی قەومیی ئەمەریکا پێکدەهێنن دژی تورکیان، زۆربەیان بڕوایان وایە دەبێ شتێک لە دژی تورکیا بکەن، وەزارەتی بەرگریی بیانووی ئێس ٤٠٠ دەهێنێتەوە، دەزگای هەواڵگریی ئەمەریکا (CIA) زانیاریی کۆدەکاتەوە لەسەر پەیوەندیی تورکیا بەلایەنە جیهادییەکانی سوریاوە. جاران سەرۆک لە کۆشکی سپیدا دەیتوانی ئەو جۆرە بەرنامانە ڕابگرێت کە پەیوەندیی ستراتیژیی وڵاتی لەگەڵ وڵاتێکی تردا تێکدەدا، بەڵام ئێستا دۆناڵد ترامپ لەلایەن ئەوانەوە گەمارۆدراوە کە لەم قۆناغەدا دژی تورکیان(١٦). جگەلەوانەش لە دوای گەمارۆدانی قەتەر لەلایەن سعودیە و ئیمارات و میسر و بەحرەینەوە، تورکیا پشتیوانیی خۆی بۆ قەتەر ڕاگەیاند و زیاتر لە ئێران نزیک کەوتەوە، بۆ ئەوەی پێکەوە ئەو گەمارۆیە تێکبشکێنن، کە ئەوەش لەلایەن خۆرئاواییەکانەوە بە دوورکەوتنەوە لەوان هەژمار دەکرێت، بەتایبەتی لەمکاتەدا ئیدارەی ترامپ باسی هەڵوێستی توندتر بەرانبەر ئێران دەکات.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١- بڕوانە ڤیدیۆکەی لە پێگەی یوتیوب بە ناونیشانی (مصاحبە دیدە نشدە آیت الله منتظری، سال ١٣٨٥).

https://www.youtube.com/watch?v=3TpRwi5FqU0

٢- بۆ نمونە لە ڤیدیۆیەکی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی شوورای میللی ئێراندا (موحسنی پزیشکپور) یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەن هێرش دەکاتە سەر حکومەت و دەڵێت: زۆر غەمهێنەرە کە حکومەتی ئێمە تووشی گوفتار و کرداری دژ بەیەک بۆتەوە، لەلایەک ڕاپۆرتی داوەتە ئەنجوومەن (واتە پەرلەمان) کە دوورگەکانی بەحرەین بەشێکی جودا نەبووەوەیە لە ئێران و، لەلایەکی تریش کردارەکانی پێچەوانەی ڕاپۆرتەکەیەتی، ئەمەش پێچەوانەی قسەکانی شاهنشا و بڕیارەکانی وڵاتی ئێمەیە. ناوبراو زۆر بە حەماسەتەوە قسە دەکات و بەحرەین بە چواردەیەمین پارێزگای ئێران ناو دەبات و دەڵێت: بەحرەین لە سەردەمی هەخامەنشیەوە لەلایەن ئێرانەوە بەڕێوەبراوە و بەشێک جویَ نەبووەوە بووە لە ئێران، ئەمە نەنگە بۆ ئێمە کە ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوە پێچەوانەی ڕاستییە مێژووییەکانە. ڤیدیۆکە بۆ ساڵی ١٣٤٨ ی کۆچی هەتاوی دەگەڕێتەوە کە بەرانبەرە بە ساڵی ١٩٧٠ – ١٩٧١ ی عیسایی. واتە لە هەمان سەروبەندی سەربەخۆیی بەحرەین لە بەریتانیا ئەو کۆبوونەوەیە ئەنجامدراوە.

٣- بڕوانە ڤیدیۆکەی لە پێگەی یوتیوب بەناونیشانی (مصاحبە دیدە نشدە آیت الله منتظری، سال ١٣٨٥).

٤- چوار کتێبەکە بریتین لە (الكافي في الأصول و الفروع – ثقة الإسلام محمد بن يعقوب الكليني ، المتوفي ٣٢٩ هـ) ، (تهذيب الأحكام – أبو جعفر محمد بن الحسن الطوسي الملقب بشيخ الطائفة ، المتوفي ٤٦٠ هـ) ، (الإستبصار – الطوسي ٤٦٠ هـ) ، (من لا يحضره الفقيه – إبن جعفر بن علي بن الحسين بابويه القمي – المتوفي ٣٨١ هـ)، کە بوونە بنەمای فیکریی بۆ دەوڵەتی بوەیهیی فارسیی و زیندووکردنەوەی ڕیوڕەسمە تاغوتییەکانی سستمی پاشایەتیی ساسانی بەناوی دین و مەزهەبەوە، تەنانەت مەسەلەی دوانزە ئیمامیی و بیرۆکەکەشی پەیوەندیی بە هەژمونی پاشایەتی ساسانییەکان و مێژووی ئێرانەوە هەیە و هیچ بنەمایەکی ئیسلامیی ڕاستەقینە پشتیوانیی ناکات.

بڕوانه کتێبی (التشیع العربی و التشیع الفارسی – د. نبیل الحیدری) بەغدا (دارالحکمه ٢٠١٥).

٥. دەوڵەتی بوەیهیی سەرەتا لە وڵاتی فارسەوە سەریانهەڵدا و دواجار دەستیان بەسەر بەغدای پایتەختی دەوڵەتی عەباسیدا گرت، ئەم دەوڵەتە لە نێوان ساڵانی (٩٣٢ – ١٠٥٦ز) دەسەڵاتی هەبووە، کە لەلایەک شیعەگەریی چەسپاندووە و لەلایەکی تریش بە ستەمکاریی ویستویەتی واقیعی دیمۆگرافیی سوننە لە بەغدا و عێراقدا بگۆڕێت و بە هەزاران زانا و کەسایەتیی و خەڵکیان لەسەر سوننە بوون قڕکردووە. بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە کتێبی (التشیع العربی و التشیع الفارسی) نووسینی (د. نبیل الحیدری) چاپی دووەم، بەغدا، دارالحکمە ٢٠١٥.

٦. بڕوانە: التشیع العربی و التشیع الفارسیی، ل١١٦.

٧. بڕوانە: الكافي – الكليني ، ١٥٨ / ٥ ، ٣٥٢ / ٥) ، (تهذيب الأحكام – الطوسي ، ٤٠٥ / ٧) ، (من لا يحضره الفقيه – الصدوق ١٦٤ / ٣) ، بحار الأنوار – المجلسي ، ٨٣ / ١) و چەندین کتێبی تریش.

٨. بڕوانە ڕاپۆرتی گرووپی دیراسەکردنی عێراق (بیکەر – هاملتۆن)، لە بڵاوکراوەکانی خەندان بۆ پەخش و وەشاندن، سلێمانی ٢٠٠٧. کە داوای ئەوە دەکات جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ دوا بخرێت، چونکە کەرکوک بە بەرمیلی بارووت دەچوێنێت، ئەمە لەکاتێکدایە هەموو عێراقییەکان دەنگیان بە دەستوور و مادەکانی داوە. هەروەها بڕوانە کتێبی (مام جەلال - دیداری تەمەن)، سلێمانی ٢٠١٧، کە باسی گەیشتنە ئەنجامی گفتوگۆی یەکێتی و حکومەتی عێراق دەکات، بەڵام دواجار شاندێکی تورکیا ناهێڵێت پرۆتۆکۆلی نێوانیان واژۆ بکرێت و لە ساڵی ١٩٨٥ شەڕ هەڵدەگیرسێتەوە و دەگەینەوە بە کیمیاوی و ئەنفال.

٩. لە ڕاپۆرتی لیژنەی پایک دا هاتووە کە دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا تەنیا کوردی وەک کارتی گوشار بە قازانجی شای هاوپەیمانیان بەکارهێناوە و مەبەستیشیان نەبووە کورد بگاتە ئەنجام، بۆیە دوای ڕێکەوتنامەی ١٩٧٥ کوردیان لە بەردەمی نەهامەتیدا ڕەها کردووە و هەوڵیان نەداوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی لەگەڵ عێراقدا. بڕوانە کتێبی (ڕێکەوتنامەی جەزائیر، کامەران جەمال بابان زادە ، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری سلێمانی ٢٠١٣ ، ل ٢٠٢).

١٠. ئەوەی بیەوێت گوێ لە ڤیدیۆ و خوێندنەوە سەیرو سەمەرەکانی سەرۆ قادر و هێمن هەورامی بگرێت، دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ڤیدیۆکانی یوتیوپ، کە بە ڕاستی ئەگەر یاسا لە کوردستاندا هەبووایە دەبوو دادگایی بکرانایە و بە یاساش بۆ هەمیشە لە سیاسەت و لێدوان و چەواشەکاریی قەدەغە بکرانایە بۆ نمونە سەیری ئەم ڤیدیۆیە بکەن :

https://www.youtube.com/watch?v=AZp3PSM6Gog

١١. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە پێگەی هانتیگتۆن عەرەبی، موحەمەد ئیزدوتن، ڕۆژی ٢٠ / ٤ / ٢٠١٦.

١٢. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی سیاسەتەکان و خزمەتەکانی سوڵتان عەبدولحەمید، خوێندنەوەی کتێبی (سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم: دوا سوڵتانە گەورەکەی عوسمانیی، د.موحەمەد حەرب، ٢٠٠٤ چاپخانەی تەفسیر، هەولێر).

١٣. أسرار الإنقلاب العثماني ، مصطفي طوران ، ترجمة : جمال خواجة ، دار السلام ، الطبعة الثانية، ل٩ – ٣٤. بۆ خۆم ئەم نامیلکەیەم بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە و هێشتا بڵاونەکراوەتەوە.

١٤. سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، ڵ ٢٢٥.

١٥. خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، محەمەد ئەمین زەکی، چاپ و ئۆفسێتی دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٧.

١٦. بڕوانە وتاری سەردار تۆرگۆت بە ناونیشانی : العلاقات التركية الأمريكية تقترب من حافة الإنهيار، پێگەی (ترک پرێس)، ٣ / ٨ / ٢٠١٧.

# دوالیزمەی مافی بڕیاردانی چارەنوسی نەتەوەکان لە بەڵگەنامە یاسایی و نێونەتەوەییەکاندا

## (کورد و ئەرمەن) و (شیعە و جوو) بە نموونە





**ماجید خەلیل**
لەدایکبووی ١٩٨٠، هەورامان. ماستەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ/ زانکۆی سلێمانی ٢٠١٠. خاوەنی چواردە کتێبی نوسین و وەرگێڕاوو ژمارەیەکی زۆر توێژینەوەی بڵاوکراوەیە

## پێشەکی:

دوالیزمەی مافی بڕیاردانی چارەنوسی نەتەوەکان لە بەڵگەنامە یاسایی و نێونەتەوەییەکاندا، دارای بایەخ و لێوردبوونەوەیە بۆئەوەی لەو نابەرابەری و ناهەمواریيە تێبگەین کە لە تینی ئایدیا و بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێزدا دێتەدەرێ، بۆئەوەی لەو ڕاستییە تێبگەین کە مرۆڤایەتی چەند زەنگینە بە شەرمەزاری لە ئاست ئەو یاسا قەبە و قورسانەدا کە هێندەی چڵە پوشێک نەکەوتونەتە بواری جێبەجێکردنەوە. لەم کۆڵینەوەیەدا لە دوو تەوەرەدا پێشینەی یاسا نێونەتەوەییەکان سەبارەت بە مافی بڕیاردان لە چارەنوسی گەلان خراوەتە ڕوو، هاوکات لە تەوەرەی دووەمدا بەراوردی دوالیزمەیەک کراوە سەبارەت بە دوونەتەوەی (کورد و ئەرمەن) لەگەڵ دوو کەمینەی ئایینی لە وڵاتانی عەرەبیدا کە ئەوانیش ئاینزای شیعە و جووەکانن کە چۆن لە یاسا نێونەتەوەییەکاندا جیاکارییان بەرامبەر کراوە و دەکرێت.

## تەوەرەی یەکەم:
### پێشینەی دیاریکردنی مافی چارەنوسی گەلان لە بەندو باوی زلهێزاندا

دیاریکرنی مافی چارەی خۆنوسین دارای سەرگوزەشتەیەکی دوورودرێژی نەتەوە باڵادەستەکانە و هیچکات نکۆڵییان لە نەزم و نوارینی مرۆڤانەی نەتەوە و کەمینە نەتەوەییەکان نەکردووە، بەڵکو لە جاڕنامە جیهانییەکانیانەوە پێشبڕکێ و پێناوی خستنەڕووی ئەو پرسە هەبوون، وەلێ لەسەر زەمینەی واقیعدا مەهزەلەشیان پێناگات و مۆرانەیەکی خراپی ورد و خاشکردنی خەونی نەتەوە و کەمینە نەتەوەییە بندەستەکان بوون.

لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمەوە پرسی مافی نەتەوەکان بە فەرمی لە ڕاگەیەنراوی سەربەخۆیی ئەمەریکادا ساڵی ١٧٧٦ ڕاگەیەنرا، دواتریش لە بەڵگەنامەی مافەکانی مرۆڤی فەرەنسیدا بەشێوەیەکی سەرڕاستر و پێشکەتووتر لەساڵی ١٧٨٩دا دووپاتکرایەوە و برەوی زیاتری پێدرا. ئەو جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ لە فەرەنسا بۆ هەوەڵجار بوویە شۆکێک و لەنێو نەتەوە بندەستەکانی ئەمەریکای باشووردا ڕەواجی پێدرا، ئەوان لەوکاتەدا بندەستی ئیستیعماری پورتوگالیی و ئیسپانی بوون. هەربۆیە ئەو جاڕنامەیەی ئەمەریکا و فەرەنسا زەمینەی سەربەخۆبوونی گەلێ لەو نەتەوانەی لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا ڕەخساند. پاشتر لە ساڵی ١٨٢٣دا سەرۆکی ئەمەریکی جیمس مۆنرۆ (١٧٢٨-١٨٣١) مەبدەئی مۆنرۆی بڵاوکردەوە، ئەم مەبدەئە لە ڕووی مافی نەتەوەکاندا بایەخی مێژوویی هەیە، چوون ئاڕاستەی کۆنگرێسی ئەمریکی دەکات و لەوێدا پەسەندی دەکەن، نیاز و ناوەڕۆکی مەبدەئەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەوڵەکانی خۆرئاوا بۆ داگیرگەکردنی نیوەگۆی خۆرئاوا ڕابگرێت. لەڕاستیدا ڕەنگرێژکردنی مافەکانی مرۆڤ زیاتر لە سەدەی بیستەمدا دەنگدانەوەی دەبێت، هەروەک چۆن لە هەمان سەدەشدا زۆرترین قەمت و قورسایی دەکەوێتە سەر شانی نەتەوە بندەستەکان.

دەستپێکی ستایشکردنی مافی مرۆڤ و پیاهەڵدانی مرۆڤسالاری لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیستیدا لە ڕووسیای قەیسەری لە ساڵی ١٩١٧دا دەستپێدەکات. ڕاستەوخۆ دەسەڵاتداریێتی نوێی سۆڤییەت مەبدەئی مافی بڕیاردانی چارەنوسی نەتەوەکان لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩١٧ دا بڵاودەکاتەوە . لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە کە ڕاگەیاندنی مافەکانی گەلانی ڕووسیا، مافی دیاریکردنی چارەنوسی لەخۆگرتووە، بەشێوەیەک مافی سەربەخۆ ژیان و دەوڵەتی سەربەخۆشی لەخۆدا بەرجەستەکرد. خودی لینین (١٧٨٠-١٩٢٤) لینەوی تاوەکو لە هەوەڵین دەستوری بڕیارلێدراودا ١٩١٨ شوێنی ئەو ڕاگەیەنراوەی کردەوە. ئەوان لەم پرەنسیپەدا پشتبەستوو بوون بە کۆنگرەی لەندەنی ١٨٩٦ کە پێشتر ئومەمییەتی

کۆمۆنیزمیان تێدا چەسپاندبوو، لەوێوە بناغەیەکیان بۆ بڕیاردان لە مافی چارەی خۆنوسین دانابوو. لێرەدا و لە ڕوانگەی لینیندا بڕیاردان لە مافی چارەنوسی گەلان بەواتای مافی نەتەوەکان دەهات بۆ سەربەخۆیی، ئەوە لە ڕووە سیاسییەکەوە، واتە مافی جودابوونەوەی نەتەوەیەکی بندەست، نەتەوەیەک کە لەسایەی نەتەوەیەکی باڵادەستدا دوچاری پلیشانەوە و پوکانەوە دێت.

ئیدی ئەوە باوەڕێک بوو دەبوو هەموو پارتە کۆمۆنیست و کرێکارییەکان پێوەی پابەندبن، هەموو ئەو پارتانەی کە نەیاری چەوسانەوە و ئیستیعمارن و باوەڕیان بە ئومەمییەت هەیە. وەختێک لە جەنگی جیهانی یەکەمدا (١٩١٤-١٩١٨) وڵاتانی ئیمپریالیزم سەرکەوتن بەسەر قەڵەمڕەوی سیاسی عوسمانیی و نەمساوییەکاندا، ئەوێ دەمێ سەرۆکی ئەمەریکا ودرۆ وڵسن (١٨٥٦-١٩٢٤) ڕاگەیەنراوێکی دەرکرد، ئەو ڕاگەیەنراوە بەڵگەنامەیەکی ١٤ خاڵی بوون و لە خاڵی دەیەمدا بەئاشکرا بڕیاردانی مافی چارەی خۆنوسینی نەتەوە بندەستەکانی خستبووە ڕوو، هاوکات ئەو بەندانەی ڕەوانەی کۆمەڵەی نەتەوەکان کرد و جەختی لەبارەی بەڕێوەچوونی کردەوە. دیارە هەر لە دەستپێکدا خودی کۆمەڵەی نەتەوەکان پێشێلی ئەو بەندانەی کردن، چونکە لە هەمانکاتدا ڕەزامەندییان لەسەر ئینتیدابی ئەو نەتەوانە نیشاندا بەتایبەتی ئەو نەتەوانەی کە لە ڕەوشی پێگەیشتن و لەسەرپێخۆڕاوەستاندا بوون.

پاشان ساڵی ١٩٤١ ڕێکەوتننامەی ئەتڵەسی پەیوەست بە مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنوسیاندا ڕاگەیەنرا، دواتر شاندێکی نەتەوەیەکگرتووەکان برەوی پێداو لە ١٩٤٨دا ڕاگەیەنراوی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاوکرایەوە .

پێشینەی ئەو جاڕنامەیە لەلای وڵاتانی زلهێز بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هاوکێشە خوار و خێچەی کۆمەڵەی نەتەوەکان بوو کە لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩-١٩٤٥) کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی پێکهاتبوو، لە بەڵگەنامەی دەستەی گشتیدا هاتبوو جەخت لەسەر بڕیاردانی مافی چارەی خۆنوسینی گەلان دەکەینەوە، بۆ نموونە لە بەندی دووەمی مادەی یەکەمدا بەمشێوەیە هاتبوو:

پێوەندی دۆستایەتی نێوان نەتەوەکان لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە پرەنسیپێکە کە بەشێوەیەکی یەکسان لە مافی گەلان دەڕوانێت، بەجۆرێک هەموو نەتەوەکان بۆیان هەیە بڕیار لە دیاریکردنی مافی چارەنوسی خۆیان بدەن. هاوکات ڕێوشوێنی دیکە دەگیرێتەبەر بۆ برەودان بە ئاشتییەکی سەرتاسەریی. لە بڕیاری ژمارە ٥٤٥کە لە شوباتی ١٩٥٢ دەرچوێنرا، لەگەڵ بڕیاری ١٦ کانونی یەکەمی هەمان ساڵ و دواتریش کۆمەڵەی گشتی بڕیاری ژمارە ٢٧٨٧ی لە کانونی دووەمی ١٩٧٢ و بەدرێژایی حەفتاکان مافی چارەی خۆنوسین بووە پرسێکی جێگیر لە یاسای نێونەتەوەییدا.

هەموو ئەو یاسا نێونەتەوەییانە بوو کە هانی گەلانی بندەستیدا کە ڕاپەڕن و داوای مافی چارهی خۆنوسین و مافی ئازادی ژیان بکەن و ئیدی وردە وردە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی تاوی سەند. بزووتنەوەی وڵاتانی بێلایەن لە کۆنگرەی باندونگی ئەندەنوسیا لە ساڵی ١٩٥٥ پێکهات، ئەم جوڵانەوەیە لە دەرەوەی جەمسەری ڕۆژهەڵات بەڕێبەرایەتی سۆڤیەت و جەمسەری خۆرئاوا بەڕێبەرایەتی ئەمەریکا بوو. بە فەرمی لە بەلەگردی پایتەختی یوگسلافیا لە ١٩٦١ ڕاگەیەنرا. دواتریش لە قاهیرەدا دەستپێکی جوڵانەوەکە دەستبەکار بوو. لێرەدا باس و خواسی پێکەوە ژیان و پشتیوانی جوڵانەوە ڕزگاریخوازییەکان هاتە ئاراوە و پێویستبوو هیچ کام لەو وڵاتانە ڕێنەدەن بنکەی سەربازی ئەو جەمسەرانە لە وڵاتانیان بن و ببنە مەیدانی گۆڕەپانی ململانێکان.

ئەم جوڵانەوەیە لە کۆنگرەی بەلەگرادا ٢١ ئەندامی هەبوو، لە هاڤانای کوبا ئەندامەکانی بوونە ٩٠ ئەندام لە ١٩٧٩دا، ئەفریقییەکان زۆرترین بوون لەنێویاندا .

## شێوازەکانی پراکتیکی مافی بڕیاردانی چارەنووس لە یاسا نێونەتەوەییەکاندا:

مافی بڕیاردانی چارەنووس وەک بیروباوەڕێکی بنچینەیی لە یاسای نێونەتەوەیی نوێدا چەسپاوە، لێرەوە چەندین شێوازی ڕەوا و یاسایی بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافە شوێنی بووەتەوە، ئەم شێوازانە مافی گەلانی بندەستی ئیستیعمار و داگیرکراوەکانن، مافی ئەوانەن کە جیاوازی ڕەگەزیی و زەوتکردنی تایبەتکاریی نەتەوەییان دەرهەق دەکرێت، لەنێو یاساکاندا شێوازی ئاشتی بەڕەوا بینراوە، بۆ نموونە ڕاپرسی، پاشتریش شێوازی خەباتی چەکداریی بژاردەی دووەمی پاش شکستهێنانی چارەسەریی ئاشتی بەڕەوا دەبینرێت. بەڵگەنامەی مافی بڕیاردانی چارەنوس لە کارنامەی زۆرێک لەو ڕێکخراو و کۆمەڵە هەرێمیی و نێونەتەوەییانەدا شوێنی کراوەتەوە، بۆ نموونە بەڵگەنامەی ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤ و گەلان، بۆ نموونە لە مادەی ٢٠ بەڵگەنامەکەدا هاتووە هەموو گەلێکی بندەست مافی ڕەوای خۆیەتی هەر شێوازێک بگرێتەبەر بەر بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاریی. هەروەها مافیانە هانا بۆ وڵاتانی دەرەوە و گشت کۆمەک و پشتیوانییەک بەرن. ئەم بەڵگەنامەیە لە ساڵی ١٩٨١ لە نیرۆبی پایەتەختی کینیا واژۆ کرا.

هاوکات لە مادەی ١٩دا هاتووە کە بۆ هیچ نەتەوەیەک هیچ پاساوێک نییە تا هەژموونی بەسەر نەتەوەیەکی تردا بسەپێنێت. هەروەها لە بەڵگەنامەی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبییشدا سەرنج لە مافی بڕیاردانی چارەنوسی نەتەوەکان دراوە، بەڵام لە چاو بەڵگەنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەفریقیدا لاوازە، چوون هەلومەرجی ئەوان لەکاتێکدا بووە کە بۆخۆیان لە ڕەوشێکی ناهەمواردا بوون، ئەوان داکۆکیان لەوە کردووەتەوە کە نابێت دژ بە سستەمی فەرمانڕەوایی وڵاتانی عەرەبی هەڵوێست وەربگیرێت، بە ڕوونی مافی بڕیاردان وەختێک لە بڕیاری ٥٠٣٦ دا دراوە، وەختێک کۆبوونەوەی نائاسایی کۆمەڵەکە لە ١٩٩٠ دا گرێدرا پەیوەست بە داگیرکردنی کوەیت لەلایەن ئێراقەوە، لەوێدا کۆمەڵەکە داگیرکردنی ئێراقی بەوە دایە دواوە کە لەگەڵ مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەکان یەکناگرێتەوە. دواتریش وەختێک لە دەستپێکی نەوەدەکاندا یەمەنەکان یەکیانگرت، ئیدی لە ١٩٩٤دا خەباتی چەکداری بۆ جودابوونەوەی باشوور لە باکوور دەستپێکرد، بەڵام کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی پاراستنی یەکپارچەیی یەمەنیان بە هەند وەرگرت و توخنی مافی بڕیاردانی چارەنووسی ئەو خەڵکەی یەمەن نەکەوتن.

نەتەوەیەکگرتووەکان و وڵاتانی زلهێز و خودی کۆمەڵە و ڕێکخراوە هەرێمییەکان لە هەندێک پرسی تایبەتدا ڕۆڵیان بینیوە کە مافی بڕیاردانی نەتەوەکان مسۆگەر بکەن، بۆ نمونە کۆمەڵەی نەتەوەکان تەیموری ڕۆژهەڵاتیان لە داگیرکاریی ئەندەنوسیا هێنایە دەرەوە، ئەوان لە ساڵی ١٩٧٥وە خەباتی چەکدارییان دەکرد، لە ٢٢ی دیسەمبەری ١٩٧٦دا ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاریدا گەلی تەیمور مافی بڕیاردانی چارەنوسی هەیە و بڕیاری ٣٨٤ دەرکرد و داوای پاشەکشەی هێزە ئەندەنوسییەکانیان کرد و داوایانکرد پورتوگاڵ هاوکارییان بکات بۆ ئەو پرسە. ئەم ڕێوشوێنانە بەردەوامبوون تا لە ٢٠٠٢دا توانیان سەربەخۆیی بەدەستبهێنن. لە هەرێمی کوسۆڤۆش بەهەمان شێوە نەتەوەیەکگرتووەکان ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان هەبوو تا لە ٢٠٠٨دا گەیشتن بە ئەنجام. لەم ڕەهەندەوە تێدەگەین کە بەندوباوە نێونەتەوەییەکان گەلێ پرسی هەستیاری نەتەوەیی و مافی ڕەوای لەپێناو ڕەوایەتی بەرژەوەندخوازیی خۆیاندا پشتگوێخستووە و لە نوێترین یاسا نێونەتەوەییەکانی جیهانیشدا شوێنیان ناکەنەوە، بۆ نمونە پرسی نەتەوە و کەمینە ئاینییە مسوڵمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، لەگەڵ بانگەشەی بە دیموکراتیزەکردنی نێوچەکەدا هێشتا پایماڵە، گرنگترینی ئەو پرسانەش بریتین

> پرسی نەتەوە و کەمینە ئایینییە
> مسوڵمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، لەگەڵ بانگەشەی
> بە دیموکراتیزەکردنی نێوچەکەدا هێشتا پایماڵە.

لە پرسی نەتەوەی کورد و ئاینزاکانی ناوچەکە و ناهاوسەنگی لە دەسەڵاتداریی کەمینەیەک بەسەر زۆرینەیەکدا وەک لە سوریا و بەحرەین، یاخود چەوسانەوەی کەمینەکان وەک لە سعودیە و هتد.

## تەوەرەی دووەم
## ڕووکەشی جاڕنامە جیهانییەکانی مافی بڕیاردانی چارەنوس لە بەرامبەر نەتەوە بندەستەکاندا:

لێرەدا دووالیزمەی کارنامە نێونەتەوەییەکان سەبارەت بە مافی بڕیاردانی چارەنوسی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان دەخەینە ڕوو، بۆ ئەو مەبەستەش چوار پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەیی دەرهەق بەو پرسە بە نمونە وەردەگرین، ئەوانیش کورد و ئەرمەن لەلایەک وەک دوو پێکهاتەی نەتەوەیی، کەمینەی شیعەی وڵاتانی عەرەبی و کەمینەی جووی وڵاتانی عەرەبی وەک دوو پێکهاتەی ئایینی، دەبینین لە ماوەی سەدەی پێشووەوە تاوەکو ئێستا کارنامەی یاسا نێونەتەوەییەکان دەرهەق بەو پێکهاتانە ڕووبەڕووی دووڕوویی و سیاسەتی تەفرەدان بونەتەوە و بەهەمان باڵۆرەی ئیستیعماری کۆن، نەزمێکی ئیستیعماری نوێیان وەشانکردووە.

## مافی کەمینەی جوو لە دەستپێکی دەرکەوتنی پرسەکەیاندا

جووەکان لە جەرگەی ئەورووپاوە لە هەوڵی ڕازیکردنی وڵاتانی ئیمپریالیزم بوون بۆئەوەی لە فەلەستیندا کیانێکی سیاسیی و نەتەوەیی و ئایینی دابمەزرێنن. سەرەتا بە نێزیکبوونەوەیان لە ئەڵمانیا، چونکە پێیانوابوو پەیوەندییەکانی ئەڵمانیا لەگەڵ ڕۆژهەڵات و ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بەهێزن و زەمینەی دەوڵەتدارییان لە فەلەستیندا زێدەتر دەبێت. هەربۆیە بەگوێرەی نەخشەی هرتزل دەبوو دامەزراندنی هەوەڵ کۆنگرەی زایۆنییەکان(١٨٩٧) لە میونخ بێت. لەبەرئەوە ئەڵمانیا لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بۆ جووەکان هیچی کەمتر نەبوو لەو پشتیوانییەی بەریتانیا کە بۆ جووەکان ئەنجامیدا . پێمانوایە بەسەرکەوتنی ئەڵمانیاش هەمان نەخشی ئایینی ڕۆڵی لە دابەشکاریی وڵاتی عوسمانیدا دەبوو.

پێشینەی خواستی بەریتانیا بۆ پشتیوانی لە ڕەوەندی جوو لە فەلەستیندا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٤٠، ئەوکات لە نامەیەکی تایبەتی سەرۆک وەزیران (بالمرستۆن) بۆ نوێنەری وڵاتەکەی لە ئەستەمبوڵ، تێیدا سودەکانی کۆچی جووەکانی بۆ فەلەستین بۆ هەریەک لە بەریتانیا و عوسمانی ڕوون کردبوویەوە و داوای دامەزراندنی نیشتمانێکی دەکرد بۆ جووەکان لە فەلەستیندا.

هاوکات دیسان مەزهەبی پرۆتستانەکانی بەریتانیای گەورە ڕۆڵی مەزنی بینی لە پێشینەی نێزیکیی و هاوسۆزییان بۆ چێبوونی کیانێکی سیاسیی بۆ جووەکان لە فەلەستیندا.

وڵاتانی هاوپەیمان سەرقاڵی ڕێکەوتنە نهێنییەکان بوون، (حایم وایزمان) بە فەرمی داوای لە بەریتانیا کرد، کە بەڵێنی دەوڵەتێکی جوویان

پێبدات لە فەڵەستین، ئەودەم (لوید جۆرج)ی سەرۆک وەزیران، (ئەرسەر بەلفۆر)ی جووی کردە وەزیری دەرەوە، کە دۆستی نێزیکی زایۆنییەکان بوو. دواجار لە نۆڤەمبەری ١٩١٧دا ئەرسەر بەلفۆر وەک بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتیی بەڵێنی (بەلفۆر) ی دایە جووەکان و دڵنیاکردنەوە کە نیازی بەریتانیا دروستکردنی کیانێکە بۆ جووەکانی دنیا لە فەڵەستیندا. لەو مێژووە بەدواوە بوونی جووەکان لە بڕیارەکانی یاسا نێونەتەوەییەکاندا سەنگی گەورەی هەبووە و، ئەمڕۆشی لەگەڵ بێت بە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی نەک هەر پشتیوانییان کراوە، بەڵکو پشتیوانییان کراوە لە بندەستکردنی ئەوانی تردا.

## کەمینەی شیعە لە وڵاتانی عەرەبیدا، سعودییە بە نموونە

دیارە بنەماڵەی سعود لەگەڵ بەریتانییەکان پێوەندییان هەر لە سەرەتاوە باش بوو، لە کۆتایی ١٩١٥دا لەلایەن (هێنری مەکماهۆن)ی نوێنەری باڵای ئینگلیز لە میسر پێوەندیی و ئاڵوگۆڕی تۆکمەی بە خاندانی سعودەوە هەبوو. لەو پەیوەندییانەدا بەڵێنی دابوو پێیان، بە ڕزگاربوونیان لە دەسەڵاتی عوسمانی دەوڵەتێکی عەرەبییان بۆ دادەمەزرێنێت.

لەمبارەیەوە حایم وایزمان وتوویەتی: «کیانی بنەماڵەی سعود پرۆژەی بەریتانیای مەزن بوو، ئێمە بە پێوەندیی بەو هەوڵەوە توانیمان دەوڵەتی ئیسرائیل دابمەزرێنین». لە بەرامبەردا شەریف حسێنی کوڕی عەلی، شەریفی مەکەی پیرۆز کە گەورەی خانەوادەی هاشمییەکان بوو، لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیدا لەگەڵ بەریتانییەکان لە قاهیرە و لە کۆتایی ١٩١٦دا بەڵێنی دەوڵەتی گەورەی عەرەبیی پێدرابوو، هەربۆیە لە ١٩١٧دا بە پشتیوانی بەریتانییەکان بانگی شۆڕشی مەزنی عەرەبییەکانی داو خۆی بە پاشای عەرەب ناوزەد کرد. لەبەرئەوە سەرچاوەکان پێیانوایە ئینگلیز تا ڕێگری بکات لە تەشەنەی بیری نەتەوایەتی شەریف حسێن، هات وەهابییەکانی لە بەرامبەردا زیندو ڕاگرت، کەواتە ئینگلیز پرۆژەی وەهابییەکانی لە حیجاز لەبەرامبەر بیری نەتەوەیی شەریف حسێندا برەو پێدا، بەمەش لەنێو خودی عەرەبەکاندا پرۆژەی وەهابیزم، عەبدولعەزیز سعودی لە بەرامبەر پرۆژەی نەتەوەیی شەریف حوسێندا هاوسەنگ کرد.

بەتایبەتی کاتێک کە ساڵی ١٩٣٨ لە کیشوەری سعودییەدا نەوت دۆزرایەوە، هاوکات لەژێر خاوەندارێتی کۆمپانیایەکی ئەمەریکی بەنێوی ئارامکۆ ساڵی ١٩٤٦ پرۆسەی ناردنە دەرەوەی نەوت دەستپێیکرد. لەوکاتەوە ئارامکۆ کۆمپانیای دەگمەنی بواری ناردنە دەرەوە و بەرهەم و بەگەڕخستنی کارمەند و فەرمانبەرانییەتی.

بوونی ئارامکۆ ڕووداوێکی مەزن بوو بۆ شیعەکانی سعودییە، چوون زۆرترینی شیعەنشینەکان لە ناوچە زەنگین بەنەوتەکانی پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتدا بوون. ئەوان نەیاری خاندانی سعود بوونظ، چونکە ناوچەکەیان بەپێتی ڕوویلێنابوو لەهەمانکاتدا سیاسەتە ئیستیعمارییەکە ئەوانی فەرامۆشکردبوو. لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتدا گرووپگەلێکی نهێنی دەرکەوتن کە لەژێر هەژموونی ئایدیای کۆمۆنیزم و بەکارهێنانی بانگەشە و پروپاگەندەی کۆمۆنیستەکاندا بوون. ئەوانە وەک کۆمەڵگەی مەعریفی بۆ خەبات وەهابوون. کە لە کۆتایی چلەکاندا لەلایەن ژمارەیەک لە کەسایەتییە فێرکارەکانی شیعەوە دامەزرابوو. لێرەوە گۆڤارە نهێنییەکان لە سەراسەری وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتدا وەشان دەکران، دیارە بابەتەکان لە کرێکارانی ئارامکۆی سعودییەوە ئاراستە دەکران. هەموو ئەو بابەتانە کاردانەوەی لەسەر هەستی نیشتیمانی چێکرد و ئەو باوەڕەی چاند کە ڕژێمی پاشایەتیی و سونەگەرای سعودییە نەیارە بە بەرژەوەندییەکانی نەتەوە و لەو نێوەندەدا بەرژەوەندیی نیشتیمانی

لەپێشچاو ناگرێت. هاوکات کۆمپانیای ئارامکۆ وەک هێمای ئەمەریکا و ئیمپریالیزم دەبینراو کرێکارەکان پێیانوابوو هۆیەکە بۆ مانەوەی خانەوادەی سعود بەسەر فەرمانڕەوایەتی کیشوەرەکەدا.

ئەوە لەکاتێکبوو کە شارۆچکە شیعەنشینەکان لە دەرەوەی پلانی میریدا بوون بۆ ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدانی وڵات. ئەو شارۆچکانە خزمەتگوزارە سەرەتاییە گشتییەکان نەیدەگرتنەوە وەک خەستەخانە و قوتابخانە و چەوڕێژی ڕێگەوبانەکان و هتد. دیارە پێش گۆڕانکارییەکان و بە پیشەسازیکردنی کایەکانی وڵات، سعودیە پشتی بە کشتوکاڵ دەبەست کە لە ئاستێکی بەراییدا بوو، بە شکستی ئەم نەزمە زێدەتر شیعەکانی ئەو وڵاتە پڕبوون لە نەزمی دەسەڵاتی پاشایەتی. دیارە ئارامکۆ ژنیگەیەکی نوێی هێنابوویە گۆڕێ، بەجۆرێک ڕەوشی بازاڕ و شمەکی نوێ گۆڕانی دروستکرد و شوێنی بە بەرهەمە کلاسیکییەکان گرتەوە. لەگەڵ ئەوەی کە ئارامکۆ بواری کاری نوێ و زەمینەی پێشخستنی ئابووری ناوچە شیعییەکانی ڕەخساندبوو، وەلێ بەهۆی نەزمی پادشایەتییەوە هیچ کام لە شیعەکان لە پلەی باڵا و پۆستە بەڕێوبەرایەتییەکاندا نەبوون، تاوای لێهات ژمارەیەکی بەرچاو لە کرێکارانی شیعەی سعودی لە ئارامکۆدا دەرکران، کە زۆربەی ئەوانە لە شیعە مەزهەبەکان بوون.

لێرەوە و لەم گۆڕانکارییە نوێیەدا، بۆ شیعەکان ئەو گومانە هاتە پێشی کە دەوڵەت دەرهەق بەوان دڵسۆزی نانوێنێت، لەودەمەدا ئەوان دارای دەرفەتگەلێکی ئابووری کەم بوون. هاوکات شیعەکان لە زۆرێک لە پێگە هەستیارەکانی دەوڵەت دوورخرابوونەوە، لەوانە لە سوپا و لەنێو پاسەوانانی نیشتیمانیی پێگە باڵاکانی ئەرتەشدا، ئیدی بەتەواوی هەستیان بە نەزمێکی شمولی دەکرد دەرهەق بە شوناسە ئایینی و نەتەوەییەکەیان، لێرەوە تێدەگەین کە کەمینەی ئایینی شیعە لە سعودییە لە سایەی هەژموونی بەریتانیا و ئەمریکا و پشتیوانی لە دەسەڵاتی سوننەگەرای سعودییەدا چەوسانەوە، تاوەکو ئەوڕۆ ئەو چەوسانەوەیە بەردەوامە. کاری سیاسی ئەوان و مافی ئەوان لە سعودییەدا لە هیچ بەندو باوێکی جیهانیدا ئاماژەی بۆ نەکراوەن ناچار ئەوان پەنایان بردە بەر ئێران و ئێستەشی لەگەڵ بێت تۆمەتبارن بە دەستکیسەی دەرەکیی و یاسا نێونەتەوەییە جیهانییەکان پشتیوانییان لێناکات.

هەربۆیە هیچکات جوڵانەوە سیاسییەکەی ئەوان نە یاساکانی مافی مرۆڤی جەمسەری ڕۆژهەڵات پشتیوانی کراوە نە جەمسەری خۆرئاوا بەڕابەرایەتی ئەمریکا. لە عەرەبستانی سعودیدا، تەڤگەری شیرازی سەرمەشقی هەستان و خۆسازدانی شیعەکان بوو. سەرکردەی ڕۆحی ئەوان ئایەتوڵڵا محەمەد شیرازی بوو. ئەو خواستی بەخۆداچوونەوەی هەبوو، هۆشداری دەدایە لاوان و پیاوەکانی ئەو نەزمە بیدەنگەی زانایانی شیعەی پەسەند نەدەکرد. بزووتنەوەکەی شیرازی هەرچەند کە لەسەر بنەما و تێگەیشتنی ئایینی هاتبووە گۆڕێ، وەلێ ڕێکخراوێکی سیاسی جودا بوو کە نێو دەبران بە بزووتنەوەی بانگخوازانی سەرمەشق.

بزووتنەوەکە لە ساڵی ١٩٦٨دا لەدایکبوو، کە یازدە ساڵ پێش شۆڕشی ئێرانی ١٩٧٩ دەستیپێکرد. محەمەد تەقی مودەڕیسی کە برازای شیرازی بوو ڕێبەرایەتی جوڵانەوەکەی لەئەستۆدابوو. جوڵانەوەکە لەژێر چاودێری حەوزەی کوەیتدا بوو، لەوێوە خوێندکاران گۆشدەکران بە بیروباوەڕ و جیهانبینی شیرازی. زیاتر لەو باوەڕانە ڕاهێنان و باوەڕێکی سیاسی بوو کە لەو حەوزەیەدا خوێندکارانی تێدا تێدەگەیەنرا، لەمبارەیەوە ماسیسیین (٢٠١٥) دەڵێت: خانەی یەکەمی حەوزەکە تایبەتکرابوو بۆ وانە ئایینییەکان، لەکاتێکدا خانەی دووەمی حەوزەکە لەلایەن محەمەد تەقی مودەڕیسەوە تەرخانکرابوو بۆ پەروەردەی سیاسیی. دروست لە نیازی حەوزەدا شتێک دەخوێنرایەوە کە بۆن و بەرامەی شۆڕشی

# ئینگلیز پرۆژەی وەهابییەکانی لە حیجاز
# لەبەرامبەر بیری نەتەوەیی شەریف حسێندا برەو پێدا

هەڵگرتبوو. بزووتنەوەکە لەنێویدا چەند لقێک هەبوون، هەرلقێکیان خۆی یەکلاکردبوویەوە بۆ وڵاتێکی دیاریکراو، لقی پەیوەست بە عەرەبستانی سعودییە ناودەبرا بە ڕێکخراوێک بۆ شۆڕشی ئیسلامی لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا. سەرەتا خوێندکارەکان لە حەوزەدا ڕاهێنان و مەشقی سیاسیی و ئاینییان دەبینی و پاشان دەگەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان بۆ پراکتیزە و درێژەدان بە باوەڕەکانی تەقگەرەکە. لە سعودییەدا چالاکییەکانی بزووتنەوەکە بە چەند ساڵێک پێش شۆڕشی ئێران دەستپێیکرد. زۆرێک لەو تاکتیکانەی کە لە شۆڕشی ئێراندا ڕوویاندا، پێشتر لە سعودییەدا ئەزموونکرابوون.

پێش ئەوەی وتارە تۆمارکراوەکانی خومەینی، لە فەرەنساوە بە نهێنی و قاچاخی بهێنرێنەوە ئێران و لەوێندەر وەشان بکرێن. لە کوەیتەوە ئەدەبیات و تۆمارکراوەکانی جوڵانەوەکە دەبرانە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی عەرەبستانی سعودیی. ئێستەشی لەگەڵ بێت هەموو پاساوێکی ماف و ئازادی بەو شیعانە دەدرێت، بەڵام دیماگۆجییەتی یاسا نێونەتەوەییەکان سوننەی سعودییەی باڵادەستکردووە و لەئاست مافی ئەو کەمینە ئاینییە بندەستەدا بێدەنگیان هەڵبژاردووە. تەنانەت لە ئێستەدا کە حەوت ملیۆن لە خەڵکی یەمەن، ئەوانەی هەڵگری شوناسی نەزمیکی شیعەن بەچەکی بەریتانیی و ئەمەریکی لەلایەن سعودییەوە دەچەوسێنەوە، وەلێ هەریەک لە بەریتانیا و ئەمەریکا لە ململانێدان تاوەکو پشکەکانی کۆمپانیای ئەمەریکی لە ساڵی ئایندەدا لە بۆرسەکانی خۆیاندا تۆماربکرێن.

### دواليزمەی مافی بڕیاردانی چارەنووسی ئەرمەن و کورد لە یاسا نێونەتەوەییەکاندا:

لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا هاوپەیمانان دژی تورکیا لە جەنگدا بوون، ئەوان لە ڕەفتاری عوسمانییەکان دژ بە ئەرمەن و یۆنانییەکان و کەمایەتییە ئاینییەکان نیگەران بوون. ئەوەبوو لە پاش جەنگ بوونە پشتیوانی ئەرمەنیی و یۆنانییەکان و نەتەوەی کوردیش لە وابەستە بوونیان بە ئاینەوە سزادران. دواجار چارەنووسی ئەرمەن و کورد وەک دوو نەتەوەی زیانباری دوای جەنگ تەنها ئایین و بەرژەوەندیی زلهێزان یەکلایی دەکردەوە.

ئەرمەنەکان لە ڕووی نەتەوەییەوە سەر بە گرووپی هیندۆ ئەورووپی بوون و لە ڕووی ئاینییەوە لە سەردەمی تیردادی سێهەمی پاشای ئەرمەنستان ساڵی (٣٠١)ز ئاینی مەسیحیان کردە ئاینی فەرمی وڵات. ئەرمەنەکانی قەڵەمڕەوی عوسمانی زیاتر لەم شەش ویلایەتەدا دەژیان: وان، بەتلیس، ئەرزرۆم، دیاربەکر، سیواس، خاربوت، بەگوێرەی هەندێک ئامار لە ساڵی١٨٧٨دا ٣ ملیۆن ئەرمەنی لە کیشوەری عوسمانییەکاندا هەبوون. هەم لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید و هەمیش لە سەردەمی ئیتحادییەکان بەتایبەتی ساڵی ١٩١٥ فەرمانی کوشتن و وەدەرنانی ئەرمەنییەکان دراو ئەرمەنیەکان ئەرمینیای ڕۆژئاوایان لەدەستداو ٣٥٠ هەزار ئەرمەنی بەرەو ئەرمینیای ڕۆژهەڵات و قەوقاز دەرکران. لە پاش جەنگیش کەمالییەکان پەلاماری ئەرمینیای

ڕۆژهەڵاتیانداو جارێکی تر پاکسازییان ئەنجامدا. ئەرمەنییەکان بە پشتیوانی هاوپەیمانان لە ٢٨ی /٥/ ١٩١٨ ئەنجومەنی نەتەوەییان هەبوو، لە ٢٠ی یەنایەردا کۆماری ئەرمینیا بوو بە ئەمری واقیع و بە فەرمی ناسێنرا. لە١٩٢٠/٨/١٠ لە پەیمانی سیڤەردا و لەمادەی ٨٨دا دان بەسەربەخۆیی ئەرمینیادا نرا.

بەگشتی هاوپەیمانەکان لە مەتەرێزدابوون بۆ لەشکری حەمیدییە و هۆکارەکەشی دژایەتی ئەوانە بوو بۆ ئەرمەنەکان . بەمجۆرە فاکتەری ئایینی چارەنوسی ئەرمەن و کوردی لێک جودا کردەوە و لەوکاتەدا کە ویلسۆن هەوڵی جوداکردنەوەی سنورێکی سەربەخۆی بۆ ئەرمەن دەدا، کوردەکان سوربوون بە برایەتی تورک و کوردەوە و نامەیان بۆ ویلسۆن دەنوسی کە دەوڵەتی سەربەخۆیان ناوێت. لە بەرامبەردا و لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی نەتەوەی کورد پەرتکراو سیاسەتی ئیمپریالیستی کوردی لە ئەرمەن جودا کردەوە، لە ساڵی ١٩٢٣دا پاش وتوێژێکی زۆر پەیماننامەی لۆزان بەستراو بەپێی ئەو پەیماننامەیە هەموو بڕیارەکانی سیڤەر هەڵوەشایەوە کە مافی خۆبەڕێوەبەری و پاشان سەربەخۆیی بە کورد ڕەوا بینیبوو. لەوێدا کورد نرخی بەڵێن و پەیمانی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی بۆ دەرکەوت لەسەرووی هەموویانەوە بەهای بەریتانیای زانی کە چەندە دژە بە بەهاکانی مرۆڤی کورد.

نەتەوەی کورد نەک ئەزموونی ئیمپریالیزمی خۆرئاوا، بەڵکو لە دەستپێکی چێبوونی جەمسەرە نەیارەکەی ئەوانیش پەیامی خۆی گەیاندە کۆمۆنیزم و پێشەنگی پاڵە و کرێکاران و چەوساوەکانی جیهان، نامەکانی شێخ مەحمود بۆ لینین، بەتایبەتی نامە بەناوبانگەکەی بۆ کونسوڵی ڕووسیا لە تەبریز ئەو ڕاستییەمان بۆ دوپاتدەکاتەوە کە سۆڤیەت قۆناغێکی تری بندەستکردنی کورد بوو، لە بەرامبەردا دەستێکی بنباڵی ئەرمەنەکان بوو. شێخ مەحمود لە نامەکەیدا نوسیبووی:» ساڵی ١٩١٧ دنیا دەنگی ئازادی ڕاستەقینەی گوێ لێبوو، زانی گەلەکەتان لە چنگی تاوانباران ڕزگاری بووە، هەموو گەلان و نەتەوەکان شادمان بوون». هەروەها دەنوسێ:»ئەمڕۆ گەلی کوردستان دەستی یارمەتی بۆ لای ئێوە درێژ دەکات و ئاواتە خوازە لەگەڵتان دۆستایەتی بکا، لانی کەم هیوامان هەیە کە گەلی کورد بە مافە ڕەواکانی دەگات». هەروەها دەنوسێ:» ئێوە دەزانن گەلی کورد لە باشوور لە کێ ڕاپەڕیوە، دەزانن هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێ بەرامبەر بەم چەشنە مەسەلانە چیە، بڕوامان وایە ئێوە پشتیوانی ئێمەن و گەلی کورد پێیوایە ڕووسیا ڕۆژهەڵات ڕزگار دەکات». بەڵام هیچکام لەو نامانەی شێخ مەحمود وەڵامیان نەبوو.

بەمجۆرە ڕوون دەبێتەوە هەر لە دەستپێکی بەندوباوە یاساییە نێونەتەوەییەکانەوە و لەنێو دروشمی باوی ئایدیۆلۆژیای نان و ئازادی سۆڤیەت و دیموکراسی خۆرئاوادا مافی نەتەوە و کەمینە ئایینییەکان بەگوێرەی بەرژەوەندییەکان شوێنیان کراوەتەوە، ئەوەتا زیاد لە سەدەیەکە ئەو چوار نمونەی ڕۆژهەڵاتی ناوین کە برێتین لە کورد و ئەرمەن وەک نەتەوە، شیعەی وڵاتانی عەرەبیی و جووەکانی جەرگەی وڵاتانی عەرەبی وەک کەمینەی ئایینی جیاوازی لە مافەکان و بڕیاردانی مافی چارەنوسیان دەکرێت. ئەوەتا ئەرمەنەکان لە ٢٠١٥ پرسی چەوسانەوە و قڕکردنی سەد ساڵی ڕابردوویان دەخرێتە کارنامەی یاسای نێونەتەوەییەوە و کوردیش لە ٢٠١٧ ئەنجومەنی ئاسایش مافی ڕاپرسیی لێدەستێنێتەوە، لەکاتێکدا لە یەک قۆناغی مێژووییدا پێکەوە قڕکراون. لە بەرامبەردا ئیسرائیل لە ئێستادا دیارترین کارەکتەرە بۆ هەژموونخوازی سەرنەتەوەکانی تر و ئەو قۆناغەی تێپەڕاندووە کە نەتەوەیەکی بندەستی نێو ڕووداوەکانی هۆڵەکۆست بێت، بەڵام شیعەکان لە سعودییەدا دەبینرێت چۆن بوونەتە قوربانی پێوەندییە ماددیی و سەربازیی و سیاسییەکانی خاندانی سعودییە و ئەمەریکا.

# سەرچاوە و پەراوێزەکان


1. Maya Abdullah: THE RIGHT TO SELF-DETERMINATION IN
2. INTERNATIONAL LAW, University of Göteborg,006,p4
Maya Abdullah : THE RIGHT TO SELF-DETERMINATION IN 2
INTERNATIONAL LAW,p57.
3. Gerard Chaliand: REVOLUTION IN THE THIRD WORLD,p100-11- http://www.cronistas.org/wp-content/uploads/2014/04/Revolution-in-the-Third-World-Gerard-Chaliand.pdf

٤. فراراجي جويله: مبدأ حق الشعوب فی تقرير مصيرها بين النظريه والتگبيق/ www.bejaiadroit. net/.../droit-penal-international-٣

٥. تیۆدۆر هرتزل (١٨٦٠ ١٩٠٤) رۆژنامەنوسێکی جووی نەمساوی بوو، ئەو بە باوکی رۆحی جووەکان و بەدامەزرێنەری بزووتنەوەی سەهیۆنی جیهانی دادەنرێت و هەوەڵین بیری دامەزراندنی دەوڵەتێکی جوی لە فەلەستیندا گەلاڵە کرد.

Theodor Herzl: Biography. Journalist, Activist, Playwright (1860–1904)/ http://www.biography.com/people/theodor-herzl-9337320).

٦. هەوەڵ کۆنگرەی زایۆنییەکان لە شاری بازلی سویسرا بەسترا لە ساڵی ١٨٩٧دا، تێیدا تەواوی رێکخراوەکانی جوو بەشدارییان کردو بریاری دامەزراندنو هەوڵدان بۆ نەخشەی دروستبوونی کیانێکی جوویان لە فەلەستیندا.

اسامه محمد ابونحل: يهوديه دوله اسرائيل، مجله جامعه قدس المفتوحه للدراسات والابحاپ،عدد ٢٣،حزيران ٢٠١١،ص ٢٩٨).

٧. عبدالوهاب المسيرى: تاريـخ الصهيونيـه فی ألمانيـا
/http://www.elmessiri.com/encyclopedia/JEWISH/ENCYCLOPID/MG6/GZ2/BA01/MD10.HTM

٨. بيان نويهض الحوت: فلسطين القضية، الشعب الحضارة التاريخ السياسي من عهد الكنعانيين حتي القرن عشرين ١٩١٧، دار الاستقلال للدراسات والنشر، بيروت ، ١٩٩١، ص٢٩٧.

٩. د.اسامه محمد ابونحل:م،س،ص ٢٩٧.

١٠ حايم وايزمان (١٨٧٤ ١٩٥٢) گرنگترین کەسایەتیو پیاوی جووەکان بوو لەپاش تیۆدۆر هرتزل، رۆڵی گەورەی بینی لە دەرکردنی بەڵێنی بەلفۆردا لە نۆڤەمبەری ١٩١٧، هاوکات ساڵی ١٩٢٠ تا ١٩٤٦ سەرۆکی رێکخراوی سەهیۆنیزمی جیهانی بوو، ١٩٤٩ تاوەکو ١٩٥٢ بووە سەرۆکی ئیسرائیل.)

Chaim Weizmann-A Brief Biography & Quotes / http://www.palestineremembered.com/Acre/Famous-Zionist-Quotes/Story645.htm)

١١ عصام ارشيدات و اخرون:م،س،ص٣٣.

١٢ سێر هێنری مەكماهۆن (١٨٦٢ ١٩٤٩) نوێنەری باڵای بەریتانیا بوو لە میسر بە ئاڵوگۆڕی پەیامەكانی لەگەڵ شەریف حسێنی مەكە بەنێوبانگە لە ساڵانی ١٩١٥ و ١٩١٦ دا، نامەكان لەبارەی ئایندەی سیاسی عەرەب بوو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ئەو بوو عەرەبە سونییەكانی هاندا دژ بە عوسمانی شۆڕش بەرپا بكەن و لە ئاسیادا دەوڵەتێكی عەرەبییان بۆ دروست بكەن. (د. نضال داود محمد المومنی: الشريف حسين بن على بين الصهيونيين و الفلسطينيين، مجلة العلوم الاسلامية، عدد ٢٣،٢٠١٤،ص٣١٤)

١٣ ئەو نەیارییەتییەی عوسمانییەكان لەكاتێكدابوو، كە لەسەرەتای جەنگەوەو لەكاتێكدا كە عوسمانییەكان بانگی جیهادی گەورەیان دا دژ بە ئینگلیز، شەریف حسێن یەكەم كەس بوو كە دەستی دایە چەک دژ بە ئینگلیزەكان.( عسام واخرون: م،س، ص١٦٤).

١٤ من مذكرات حاييم وايزمان أول رئيس للكيان الصهيوني في فلسطين

/http://www.azahera.net/showthread.php?t1667د

١٥. محمد سعيد احمد حمدان: العلاقات العراقة السعودية مابين ١٩١٤ ١٩٥٣،ط١،داريافا،٢٠١٣،ص٨٥.

١٦ ايهاب الغربى:لماذا ناصر الغرب الوهابية والإخوان؟/

https://nawaat.org/portail/2013/05/24/

17. William J. Spencer, Saudi Arabia Country Report, p148.

18. Laurence Louer, Transnational Shia Politics. Religious and Political Networks in the Gulf, p. 40

19. Ibid.

20. Laurence Louer, Transnational Shia Politics. Religious and Political Networks in the Gulf, p40.

21. Graham E. Fuller and Rend Rahim Francke, The Arab Shia. The Forgotten Muslims, p185.

22. Jacob Goldberg, The Shii Minority in Saudi Arabia, p237.

23. Toby Matthiesen, The Other Saudis. Shiism, Dissent and Sectarianism, p97.

24 Ibid , p100.

٢٥ كەمال بوركای: كورد و كوردستان، و.عەلی فەتحی، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٨،، ل٥٤٠،٥٣٩.

٢٦ هويان اندرانيل:ايرانيان ارمن،دفتر بذوهشهاى فرهنطى،تهران،١٣٨١،ل٣٢.

٢٧ احمد نورى زاده: تاريخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمه، تهران، ١٣٧٦، ص٧٥.

٢٨ هـ . س، ص٨٩.

٢٩ مامەند ڕۆژە: ئەرمەنۆساید، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٠٧.

٣٠ د.عوسمان عەلی: چەند لێكۆڵینەوەیەک دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی كورد، و.كامەران جەمال بابان زادەچاپخانەی دێكان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٨٧.

٣١ جەمال نەبەز: س،پ، ل٧١.

٣٢ د. عبدالرحمان قاسملوو: كوردستان و كورد، و: عەبدوڵلای حەسەن زادە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٧٤.

# مافی چارەنووس و دەوڵەتی نیشتمانی کوردستان

## دیدێکی بەهاگەرایانەی ئیسلامی





**ئەبوبەکر عەلی**

لەدایکبووی ١٩٦٥. بەکالۆریۆس لە یاسا
پانزە بەرهەمی چاپکراوی هەیە
چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی بڵاوکردوەتەوە.

## پێشەکی:

مەسەلەی مافی چارەنووس و سەربەخۆیی دامەزراندنی قەوارەی سەربەخۆی نیشتمانی بۆ نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان، خۆشبەختانە زۆر بە دەگمەن نەبێت، ڕۆژێ لە ڕۆژان لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی کوردستاندا، جێگای سەرلێکردنەوە و مشتومڕ نەبووە، بەناوی ئایین و ئیسلامەوە ڕەتنەکراوەتەوە، ویژدانی ئیسلامیی کورد بە عەفەوەیەتیە پاک و سادەکەی خۆی، ئەو هەستەی لای ئەم مرۆڤە باوەڕدارە دروستکردووە، کە ئەوەی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە گرنگە مەسەلەی بوون و نەبوونی زوڵم و دادپەروەرییە. ڕەمزە ئیسلامییە میللییەکانی کۆمەڵگە هەر لە شێخ عوبێدوڵلای نەهری باوکی ڕۆحی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردەوە، توانیویانە ئیسلام لەگەڵ ئیمپراتۆریەت و فۆرمەکانی ڕێکخستنی سیاسیی و بنەما سیاسییەکان و سوڵتان و خۆ بە خەلیفە زانەکان لە یەکتری جیابکەنەوە، و سڵنەکەنەوە لەوەی دروشمی نەخێر بەرامبەر زوڵم و زۆر و ناعەدالەتەکانیان بەرزبکەنەوە. مەسەلەی ڕێبەرایەتی ڕێبەرانی تەریقەت و ئیسلامی میللی کۆمەڵگاش لە سەرەتاوە بێ بزوتنەوەی حەقخوازانەی ناسیونالیزمی کوردیی و داواکردنی مافە نەتەوەییەکان، بە بەراورد بە مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی سەرجەم ناسیونالیزمەکانی گەلانی ناوچەکە، سیمایەکی جیاکەرەوە و تایبەتی پێ بەخشیوە. ئیسلام تا چلەکانی سەدەی ڕابردوو و سەرهەڵدانی پارتی نوێی کوردیی و کەوتنە ژێر هەژموونی چەپگەرایی ئەم پارتە، هەمیشە وەک پاڵنەر و سەرەکی کورد بووە بۆ داوا نەتەوەییەکان، کە تەنانەت دوای ئەوەش لەسەر ئاستی بنکە جەماوەرییەکەی شۆڕشی ئەیلول تا ڕادەیەکی بەرچاو ئەو ڕۆڵەی بینیوە.

ئەوەی لە هەندێ بڕگەدا ئەم بەڵگە نەویست و واقیعە مێژووییەی پەیوەندی نێوان ئیسلام و ناسیونالیزمی کوردی کردە جێی گومان، پەرەسەندنی چەپ و سیکولاریزم و ئیسلامی سیاسی کوردی بوو، کە خۆشبەختانە زۆری نەخایاند تەوژمە ئیسلامییەکە گەڕایەوە سەر سروشتی کوردەوارییەکەی خۆیی و بوویەوە بە بەشێک لە هێڵی سەربەخۆخوازانەی ناو بزوتنەوەی نیشتمانی کوردستان.

دەبێت سیکۆلارەکانیش دوای ئەم واقیعە ماددیە بەرچاوە، بەتەواوی بە خۆیاندا چوبنەوە و وازیان لە یەکێ لە کەرەسە سەرەکییەکانی جەنگی دەروونی خۆیان هێنابێت، کە تۆمەتی نانەتەوەیی پاڵدانە ئیسلامییەکان بووە، چونکە خەریکە تۆمەتەکە پێچەوانە دەبێتەوە و تۆمەتی هەندێ لە ئیسلامییەکان دەبێت بە زیاد لە پێویست سەربەخۆ خوازبوونیان. هەرچۆنێک بێت ئەگەر سەرەتای ناسیونالیزمی کوردی دیدی ئیسلامی هەست و نەستی تێکۆشەران و پێگەی ئایینی ڕێبەران و ویژدانی تاکی سادەی مسوڵمان لە کوردستاندا بەرجەستەی کردبێت، لە ئێستادا پێویستی بە تیۆریزەکردنی فکری هەیە، ئەوەش ئەو ئەرکەیە کە خاوەنی ئەم وتارە چەند ساڵێکە بەدواوەیەتی و بەڕێزانی تریش بەشداریان تێدا کردووە.

ئەم وتارەی ئێستاش کورتکردنەوەی بەشێک لە بۆچوونەکانی نوسەرە بەتایبەتیش بەشێک لەوەی لە زنجیرەی یەکەم و چوارەمی ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردی خستویەتیە ڕوو. کە لە دیدێکی بەهاگەرانەی ئیسلامییەوە، دەڕوانێتە ئەرکی دیاریکردنی مافی چارەنووس و دەوڵەت، هەر لەو ڕوانگەشەوە ئەم ماف و قەوارەی سەربەخۆیی نەتەوەیی دەکات بە زەرورەت و ئەرکێکی ئیسلامیی بە ئەنجام نەگەیەنراو. هەر ئەوەش وادەکات داوا لە هەموو ئیسلامخوازێک بکرێت لە جەرگەی ئەم پرسەدا بێت و تەماحی ئەوەشی هەبێت لە دوا ڕۆژدا ببێتە پێشەنگ و ڕابەر.

## مافی چارەنووس و دەوڵەتی کوردستان، وەک داواکاریی و زەرورەتێکی ئیسلامی:

مافی چارەنووس زۆر بە کورتی، واتە ئیرادەی ئازادی گەلێک لە هەڵبژاردنی ڕێ و جێ و قەوارە و سستمی سیاسی خۆی و، جۆری خۆڕێکخستنی، بێ هیچ زۆرلێکردن و دەستێوەردانێکی دەرەکی.

دامەزراندنی قەوارەی سەربەخۆی نەتەوەیش (دەوڵەت) بەرزترین فۆرم و شێوازی بەرجەستەکردنی ئەم مافەیە و، بە هیچ کلۆجێک لێی جیا نابێتەوە. واتە مافی چارەنووس لە دەرەوەی ئیرادەی ئازاد و خواستی خۆرسکی هاوڵاتیان و گەلێک، هەموو سەقفێکی دیاریکراوی سەپێنراوی داواکاری ڕەتدەکاتەوە. بۆ نموونە وەک ئەوەی دامەزراندنی دەوڵەت و سەربەخۆبوون بخرێتە دەرەوەی ڕاپرسیی و پرسکردن بە خەڵکییەوە. لەو سۆنگەوە کە مافی چارەنووس دژ بەیەکی جەوهەری و قوڵی لەگەڵ فۆرمەکانی سەپاندن و زۆرلێکردن و، سنوردارکردن و زەوتکردنی ئیرادەدا هەیە و، ناکرێت لەگەڵ ئەمانەدا کۆببێتەوە. لەگەڵ بوونی ئەو فۆرمانەدا گەر باس لە مافی چارەنووسیش بکرێت، بۆ چەواشەکردن و خۆڵکردنە چاو و ڕەوایەتیدان بە واقیعێکی سەپێنراو دەبێت و، گوزارشت لە ناوەڕۆک و ئاماژە سیاسیی و یاسایی و ئەخلاقیەکانی چەمکەکە ناکاتەوە. بە حوکمی ئەوەی هەروەک لە پێشیشەوە ئاماژەی پێکرا، ئەم چەمکە بەتوندی بە بوون و نەبوونی ئیرادەی ئازادەوە بەستراوەتەوە، پێش ئەوەی ناو و کلێشە و ئامرازی ناولێنان بێت، ناوەڕۆکە، مافی چارەنووس مافی بێ ئەملاولای نەتەوە و گەلانە. لە سەردەمی نوێ و هاتنەکایەی مودێلی (دەوڵەت-و نەتەوە) و، سستمی نوێی نێودەوڵەتی و مەنزومە نوێکانی ماف و چەمکی هاوڵاتی و، دوبارە دۆزینەوە و پێناسەکردنەوەی مرۆڤ وەک کائینێکی ئازاد و خاوەن ماف، لە چوارچێوەی یاسای سروشتیی و، گوتاری مافەکانی مرۆڤ و لە ئاستە نیشتیمانییە وەرگێڕدراوەکەشدا، چەمکی هاوڵاتیدا، پەیوەندییەکی پتەو و لە پچڕاننەهاتووی بە خودی مرۆڤایەتی مرۆڤ، و کەرامەتە خوداپێدراوەکەیەوە هەیە. لەو ڕوانگەوە کە یەکێ لە بنەڕەتترین ئەو تایبەتمەندییانەی مرۆڤی لە گیانەوەرەکانی تر پێ جیادەکرێتەوە، بوونی ئیرادە و ئازادیی و توانای هەڵبژاردن و وەرگرتن و ڕازیبوون و ڕەتکردنەوەیە. چەمکەکانی ئیرادە و ئازادی و هەڵبژاردنیش بە جۆرێکی زۆر فرەڕەهەند و قوڵ بەناو یەکدا چوون و، هەریەکەیان ئەوی دی تەواو دەکات، یاخود ئاوێنەی ڕەنگدانەوەیەتی و مانای پێ دەبەخشێت و خزمەتی دەکات. بەسەر یەکیشەوە، ڕەهەندێکی گرنگی مرۆڤبوونی هەرتاکێک پێکدەهێنێت بە جۆرێک، پێناسەکردنی مرۆڤ، بەتایبەتیش لەم سەردەمەدا لە دەرەوەی ناوەڕۆکی ئەوەوە، کارێکی دژوار و زەحمەتە.

لە چ بارودۆخێکدا باسی زەرورەتی ئیسلامی دەکەین؟

ڕەنگە ناونیشانەکە بۆ بەشێک لە ناوەندە ئیسلامیی و عەلمانیەکەش، تاڕادەیەک جێگای سەرنج و لەسەر وەستان بێت، چونکە ئیسلام لە دۆخێکدا هاتوتە خوارەوە و سەریهەڵداوە، شتێک بەناوی نەتەوە و نەتەوایەتییەوە لە ئارادا نەبووە، سنورە سیاسییەکان و کلتوور و فەرهەنگی حوکمڕانی، پەیوەندییان بە نەتەوەکانەوە نەبووە. ئەوەی سنورە لماوییەکانی ئەو کاتەیان دیاری دەکرد، ئایین و فەرهەنگە بان نەتەوەییەکان و، توانا و هێزی ئیمپراتۆریەتەکان بوو. هەر لەم ڕوانگەشەوەیە، ئێمە لە (ئیسلام)دا باسی ئەم پرسە ناکەین، بەڵکو لە دیدێکی ئیسلامی پشت بەستوو بە بەهاکانی ئیسلام و پێویستییەکانی واقیع، چارەسەری پرسە وروژێنراوەکان دەکەین. واتە ئێمە لە ئیسلامەوە دانابەزین بۆ واقیعی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی ئێستا و پێوەر و کێشە و داوا و

دەرکەوتەکانیان، بەڵکو لە واقیعەوە دەگەڕێینەوە بۆ بنەما و بەها ئیسلامییەکان و لە ڕەنگدانەوەکانیان بەسەر ئەو واقیعەوە دەپرسین.

لەم گەڕانەوەشدا بۆ ئیسلام هەروەک لە زنجیرەی یەکەمی (ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردیدا)(١) ڕونمان کردۆتەوە، مەبەستمان ئەوە نییە بڵێین ئیسلام ئاینێکی نەتەوەییە، چونکە ئەو کاتە ئیسلام وەک ئاین نامێنێت و دەچێتە خزمەت ستراتیژی نەتەوەیەکی دیاریکراوەوە. هەر هەوڵێکی لەو جۆرەش خیانەتە بە ئیسلام و بەهاکانی و گەلانی مسوڵمان و مرۆڤایەتیش. ئیسلام بۆئەوەی ئاینێکی جیهانی بێت و بە ڕووی هەمووانداکراوە بێت، دەبێت هەروەک ئەوەی کە هەیە، مامەڵەی یەکسان لەگەڵ هەموو گەلانی مسوڵمان و شوێنکەوتوانیان بکات و، لەسەر بناغەی ڕەگەز، نەژاد، زمان، نەتەوە و ناوچە پۆلێنیان نەکات، بەڵکو ڕێز لەو جیاوازیانە بگرێت و لە ڕێی بەها و تواناکانی کارتێکردنییەوە هەوڵدات سنورەکانیان نەگاتە ئاستی ڕەگەزپەرستی و دەمارگیریی و سڕینەوەی بەرامبەر و دەستدرێژی.

ئێمە کاتێک باس لە بەها و بنەما و پێوەرە ئیسلامییەکان دەکەین، نابێت لە دەرەوەی واقیعی (دەوڵەت- نەتەوە) و نەزمی جیهانی و پێوەرەکانی دیاریکردنی ماف لە دنیای نوێدا، بیریان لێبکەینەوە و ئامادەیان بکەینەوە، چونکە لەوکاتەدا ئەو بەهایانە لە جیاتی ئەوەی ڕۆڵێکی چاکسازی بە ئاڕاستەی زیاتر بە ئینسانی کردنی فەزا و پەیوەندییەکانی ئەو چوارچێوانە بگێڕن و ببنە سەرچاوەی ئیلهامی شۆڕش لەپێناو بەرز ڕاگرتنی کەرامەتی مرۆڤ و مافەکانیدا، دەبنە سەرچاوەی نامۆبوون بە سەردەم و پێکدادانو کەوتنە ناو تونێلێکی داخراوی قاندراو بە بوغز و توندوتیژیی و ڕووخاندن و ئازار. ئەزموونی گرووپە ئیسلامییە ڕادیکاڵییەکانی مێژووی نوێ و هاوچەرخی چەندین وڵاتی ئیسلامیش، ڕاستی ئەو بۆچوونانەمان بۆ دەخەنە ڕوو، چونکە هەموو ئەو گرووپانەی لە دەرەوەی چەمکی نیشتمان و دەوڵەتی مەدەنی و هاوڵاتییەوە بیریان کردۆتەوە و، هەوڵی تێپەڕاندنی سنور و چوارچێوە سیاسییەکانی ئێستایانداوە، بە ئاڕاستەیەکی بەلای خۆیانەوە بەرفراوانتر، دووچاری لادانی فکریی و سیاسیی و ئەخلاقی هاتوون و، خوێنڕێژییەکی بێ هودەی زۆریان بەرپا کردووە و بونەتە سەرچاوەی وێرانیی و ترۆر و ڕەشەکوژیی و ترس.

بەڵام هەرگیز ئەمە بە مانای ئەوە نایەت ئیسلامی بوون یەکسان بێت، بە پارێزگاریکردنی کوێرانە و تەقلیدی سنورەکانی دەوڵەتی (قطر)ی لە ناوچەکەدا و بەرهەمهێنانەوەی بە ناوی ئیسلامەوە، چونکە دەوڵەتی (قطر)ی پاش کۆلۆنیالیزم لە ناوچەکەدا، جگە لەوەی لە زۆرکات و شوێندا، بەدەست قەیرانی ڕەوایەتییەوە ناڵاندویەتی، لە چەندین شوێنیشدا لەسەر بناغەیەکی ناڕاست و نادادپەروەرانە دامەزراوە، ئەمەش بۆتە پێشێلکردنی ڕاستییە مێژوویی و جوگرافییەکان و مافی چەندین نەتەوە و گرووپ و سەرچاوەی چەندەها تاوانی قێزەون و دڕندانە، کە کورد یەکێکە لە گەورەترین قوربانییەکانی سەدەی بیستەمی خۆرهەڵاتی ئەو دۆخە.

ئیسلامی بوون، کە دەبێت یەکسان بێت بە هەوڵێکی ڕاستەقینە بۆ بە دیموکراسی بوون، وەک شێوازێک بۆ ڕوویێکی دادپەروەری، کە ئەویش دادپەروەری سیاسییە، کار لەسەر دووبارە داڕشتنەوەی ناسنامەی دەوڵەت و بیناکردنەوەی کۆمەڵگای مەدەنی، لێکجیاکردنەوەی دەسەڵات و فراوانترکردنی مەوداکانی نێوان دەوڵەت و دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن و کاڵکردنەوەی سنورەکان و نەهێشتنی گرژییەکان و زەمینەساز کردن بۆ کرانەوەیەکی زیاتری نەتەوە و دەوڵەتەکان بەسەر یەکتردا و تەواوکاری هەمەلایەنە و گێڕانەوەی ماف بۆ خاوەن مافەکان و چەسپاندنی ماف و ئازادییەکان دەکات.

# دەسەڵات و دەوڵەت پرسێکی عەقڵانی و مێژوویین و ملکەچی ڕێکەوتنی سەر ئەم زەمینەن

واتە لەناو خودی ڕەوایەتی دەوڵەت و نەزمی جیهانییەوە کار بۆ چاکسازیی و بە گژداچوونەوەی فۆرم و ڕواڵەتەکانی ناعەدالەتیی و نایەکسانیی و جیاکاریی و بێ مافی دەکات، نەک جێگرەوەیەکی هەمەلایەنەی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی، بۆ جیهان و شارستانییەتی و سەردەم بخاتە ڕوو، پێیوابێت، بەمە دەتوانێ، ئەرکی خۆی بەرامبەر مسوڵمانان و جیهان و مرۆڤایەتی جێبەجێ بکات. لەلایەکی ترەوە، ئەم گەڕانەوە بۆ بەهاکانی ئیسلام لەسەر بناغەی، مێژوویی بوونی ناوەڕۆکی چەمکەکانە، واتە ئەو بەهاو چەمکانەی لێرەدا بەکار هاتوون، لە هەموو کات و شوێنێکدا یەک ناوەڕۆک و ڕەنگدانەوە و بەرجەستەبوونیان نییە، بەڵکو بە گۆڕانی کات و شوێن و کۆمەڵگا و کلتوور و قۆناغی گەشەکردنی شارستانی گۆڕانیان بەسەردا دێت و ڕەهەندی نوێی بەرجەستە بوونیان بۆ پەیدا دەبێت.

بۆ نموونە ئەگەر زۆرلێکردن (اكراه) وەک نموونە وەربگرین، ئەوەی لەم چەمکەدا چەسپاوە، خراپی زۆرلێکردن و پێچەوانەبوونیەتی لەگەڵ ئیرادە و توانای هەڵبژاردنی مرۆڤدا، کە یەکێک لە سیما جیاکەرەوەکانی مرۆڤ لەگەڵ گیانداارانی تر پێکدەهێنێت. بەڵام چی بە زۆرلێکردن دادەنرێت و لە چیدا ڕەنگدەداتەوە، ئەو شتەیە کە ملکەچی گۆڕانکارییەکان و گۆڕانی تێگەیشتنەکانە بۆ پێگەی یاسایی مرۆڤ و جۆر و سرووشتی پەیوەندییەکان و پێوەری دیاریکردنی مافەکان و ستراکچەر و پێکهاتەی دەسەڵات و دەوڵەت و چەندین شتی تر. ئەمەش وادەکات هەندێک لەو ڕەفتارانەی لە هەندێ قۆناغی مێژوویی و لەناو هەندێ گرووپ و ناوچە و کۆمەڵگا و فەرهەنگدا، بە زۆرلێکردن دانەنراون، ڕەنگە هەندێک جار وەک ماف بۆ خاوەن ڕەفتارەکەش سەیر کرابن(٢)، لە ئێستادا بە شێوازێکی ترسناک و بێ ئەملاولای زۆرلێکردن بزانرێت. کەواتە ئێمە لەو گۆشە نیگایەوە دەگەڕێینەوە بۆ ئەم پێوەر و چەمکانە، کە با لە ڕووی ڕەوایەتیشەوە ڕەها و نامێژوویی بن، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ملکەچی ڕێکەوتنی مرۆڤ و کۆمەڵگاکانن و ناوەڕۆکێکی کۆنکرێتیی و چەقبەستوو و نەگۆڕ و هەتا هەتاییان نیە.

ئەگەر بە زمانی (أصول فقه)یش گوزارشت لە شتەکە بکەین دەڵێین: ئەوەی لە قۆناغێکدا کۆدەنگی لەسەر کرا، دەکرێت لە کات و سەردەمێکی جیاوازتردا بە کۆدەنگییەکی تر، هەڵبوەشێتەوە، بەمەش مانای نوێ، جێگای مانا کۆنەکان بگرێتەوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو جیاوازییەی لە نێوان کۆدەنگی فقهیی و ڕێکەوتن لەسەر چەمکە ئەخلاقیی و سیاسیی و حقوقییەکاندا لە ئارادایە. کاتێک لە چوارچێوەی ئەوەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد و لە ڕوانگەی هەندێک بەها و پێوەر و بنەمای ئیسلامییەوە، سەیری مەسەلەی مافی چارەنووس و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەکەین، بە قەناعەتێکی تەواو و ویژدانێکی باوەڕدارانەی ئاسودە و هەستێکی دادپەروەرانەی

ئیسلامخوازانەی ڕەسەنەوە، ڕێگا بە خۆمان دەدەین ئەم مافە بە زەرورەتێکی ئیسلامی وێنا بکەین و بخەینە ڕوو.

بەمەش تێگەیشتنە ئیسلامییەکەمان، لەو ئاستەوە کە پێیوایە، هەنگاو و مافێکی لەو جۆرە دژ بە بەنەما ئیسلامییەکان نییە، بەرز دەکەینەوە بۆ ئاستی وێناکردنی وەک زەرورەت و داواکارییەکی ئیسلامیی و مەسەلەیەک، کە ڕوانگەی ئیسلامی، دەیخوازێت و پشتی دەگرێت. ئەم جۆرە بەستنەوە زیندووەی ئیسلامیش بە پرسی عەدالەت و دژایەتی زوڵم و مەسەلە ژیانییەکانی مسوڵمانان و مرۆڤی سەردەمەوە، تەنها لە ڕێی گەڕانەوە و خوێندنەوەیەکی بەهاییانەی ئیسلامەوە بەرجەستە دەبێت. واتە ناتوانین لە ڕێگەی خوێندنەوەی حەرفیی و مێژوویی و فقهی و پچڕپچڕەوە ئەو ئامانجە گرنگەی سەرەوە بەدیبێنین، هەربۆیە لەم نوسینەشدا، هەروەک نوسینەکانی لەمەوپێشمان شوێن هەمان ڕێبازی ئیشکردن و میتۆد دەکەوین.

هەوڵیش دەدەین مەسەلەکە لە دووتوێی چەند خاڵێکدا پوختە بکەینەوە، لەگەڵ سەرنجڕاکێشان بۆ ئەوەی، کە ئەم خاڵانە، نە هەموو ئەو خاڵانەن لەم ڕووەوە و لە فەرهەنگی ئیسلامیدا بتوانرێت پشتیان پێ ببەسترێت، نە ئەوەی لێرەشدا لە سەریان دەڵێین، هەموو ئەوەیە پێویستە لە سەریان بوترێت، بەڵکو دەکرێت هەریەکەیان ناونیشانی بابەت و لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و قوڵا بن.

سەرنجێکی تری مەنهەجیش کە لێرەدا ئاماژەپێکردنی سودمان پێدەگەیەنێت ئەوەیە، کە بە حوکمی واقیعێکی مێژوویی دیاریکراو، سروشتی مەنهەجی گەڕانەوە بۆ دەق و بە گشتی (فقه) و شەریعەتی ئیسلامی مۆرکی (تاک)ی بەسەردا زاڵە(٣). واتە بە پلەی یەکەم کار لەسەر داوا و کێشە و پرسیارەکانی (تاک) دەکات، نەک کۆمەڵگا و بواری یاسایی گشتی، ئەمەش یەکێکە لەو بوارانەی دەخوازێت بیرمەندی ئیسلامی هاوچەرخ کاری زۆرتری لەسەر بکات.

بەش بەحاڵی خۆم کار لەسەر مەنهەجێ دەکەم، کە بەهاکان لە بواری ڕێکخستن و ئاراستەکردنی پەیوەندی تاکەکانەوە دەگوازمەوە بۆ بواری پەیوەندی نێوان گرووپ و نەتەوە و شارستانیەت و دەوڵەتەکان. بۆ نموونە ( مسولمان برای مسولمانه) تێگەیشتنێکمان دەربارەی سروشتی پەیوەندی نێوان دوو تاکی باوەڕداری مسوڵمان پێ دەدات، بەڵام چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی سەرەتای برایەتی، وەک بەهایەکی گرنگی ئیسلامی لە پەیوەندی نێوان دوو نەتەوەی مسوڵماندا، بۆ نمونە کورد و عەرەب و تورک و فارس، ئەو شتەیە کە کەمترین قسەی لەسەر کراوە و پێویستی بە تیۆریزەکردن و لێکۆڵینەوەی قوڵ هەیە، چونکە لە هەل و مەرجێکی وەک ئێستادا، ئاسان نیە تەنها لە ڕوانگەی پەیوندییە تاکە کەسییەکانەوە، سەیری پەیوەندی نێوان نەتەوە و گرووپە مرۆڤایەتییەکان بکەین، کە جۆرەها ئاڵۆزیی و ڕەهەندی نوێ تێکەڵ بەو پەیوەندییانە بووە. ئەوەی لێرەشدا دەیڵێین تەنها بەسەر کورد و باشووری کوردستاندا ناچەسپێت، بەڵکو ڕێسای گشتییە و پەیوەندی بە بوون و نەبوون و جۆری کێشەکانەوە هەیە، بەسەر هەموو گەل و نەتەوەکاندا دەچەسپێت، بەتایبەتیش گەل و نەتەوە مسوڵمانەکان.

بنەما و پێوەرەکانی بە زەرورەتناساندنی ئیسلامی مافی چارەنووس و دەوڵەتی کوردستان:

هەروەک وتمان ئێمە لەژێر سۆزی نەتەوەیی و ئیسلامی ڕوتدا باس لەم زەرورەتە ناکەین، چونکە بوارەکە پێش ئەوەی بواری سۆز و سازدانی سیاسی بێت، بوارێکی فکریی و ئەکادیمیە و پێویستی بە عەقڵی بەڵگەخوازیی و لێکدانەوە و پێشەکیی و بەرەنجامگیری لۆژیکانە و تێڕامان و کارکردنی مەنهەجیانە هەیە. لێرەشدا گەر ڕەچاوی هەموو پێداویستییەکانی لیکۆڵینەوەی ئەکادیمیش نەکەین و زیاتر وەک بیرمەندێک بنوسین، ئەوا

ڕۆحی ئەکادیمی بوون و زانستی بوون لە هەناوی نوسینەکەدا ئامادەیە. ڕەنگە ئەوەی لە ڕووی ئەکادیمییەوە بە پلەی یەکەم بە کەم و کوڕی بۆ نوسینەکە دابنرێت، هەندێ تەکنیکی دابەشکردن و، نەبوونی پەراوێز و سەرچاوەی پێویست بێت.

بەڵام با لەمبارەوە زۆر نەدوێین و بچینە سەر ئەو خاڵانەی، بە بڕوای ئێمە زەرورەتی ئەو مافە بۆ کورد و گەلی کوردستان دەسەلمێنن، دیارە لەسەر ئاستی هەموو پارچەکانی کوردستاندا، گەرچی لێرەدا بە پلەی یەکەم بەسەر کوردستانی باشووردا دەیچەسپێنین.

## یەکەم/ مێژوویی بوونی دەوڵەت و دەسەڵات لە ڕوانگەی ئیسلامەوە.

مەبەست لەم خاڵە ئەوەیە، کە دیدی ئیسلامی بۆ مەسەلەی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی، ڕوانگەیەکی مێژووییە، نەک ئاسمانیی و پیرۆز، واتە ئەوە خودا نیە فۆرمی دەوڵەتی وەک چوارچێوەیەک بۆ خۆڕێکخستنی سیاسیی و ئیداری کۆمەڵگاکان لە ئاسمانەوە ناردوّتە خوارەوە و فرمانی پێکردووە، بەڵکو ئەوەی لە پشت هاتنە کایەوە و سەرهەڵدانی دەسەڵات و دەوڵەتەوەیە، پێویستی مرۆڤ و کۆمەڵگاکانە.

ئەمەش ئەوە دەخاتە ڕوو کە:

١. دەسەڵات و دەوڵەت پرسێکی عەقڵانی و مێژوویین و ملکەچی ڕێکەوتنی سەر ئەم زەمینەن و هیچ ڕەهەندێکی پیرۆز و ئاسمانی و دەستلێنەدراویان نییە(٤). ئەوەی پیرۆز و ئاسمانییە بەهاکانی پەیوەست بە دەسەڵات و پیادەکردنی و وەزیفەکانی دەوڵەتە، دوای دامەزراندنی، بۆ نموونە وەک ئەوەی ئەو دەسەڵاتە دەبێتە ئامرازی چەسپاندنی دادپەروەریی و خۆشیی و خۆشگوزەرانی خەڵک و هاوڵاتیان بێت و لە سایەی دەوڵەتەکەدا زوڵم و زۆر ئەنجام نەدرێت و هێز ملکەچی هەق و یاسایەکی دادپەروەرانە بێت و هاوڵاتیان سەرچاوەی ڕەوایەتی دەسەڵات بن، نەک هێز و خێڵ و حیزب و بنەماڵە و مێژوو.

٢. پشت بەستوو بەوەی پێشەوە، شتێک نییە بە ناوی سستمی سیاسی ئیسلامی، کە شێوازێکی دیاریکراو لە ئیدارەی گشتیی و دروستکردنی بڕیاری سیاسیی و بەشداریی و ڕەهەندەکانی تری سیاسەت و دەوڵەتداری لە ڕووە دامەزراوەیی و تەکتیکییەکەیەوە، بکات بە ئەرکێکی ئیسلامی. ئەوەی لەم ڕووە ئیسلام و دیدی ئیسلامی هەیەتی، بەهای سیاسییە، کە لە قوڵاییدا بەهای ئەخلاقین و هێندەی بەشداری لە ڕەخنە لێگرتنی ئەخلاقیانەی دەسەڵاتیش دەکەن، بەو ئەندازە، نابنە بەشێکی ئۆرگانی و جیانەکراوەی دەسەڵاتی سیاسی. هەموو ئەو فۆرمانەی خۆڕێکخستنی سیاسیش کە دنیای ئیسلام لە مێژوودا بەخۆیەوە بینیون، بە بەشێک لە مێژووی سیاسیی و ئەزموونی ڕێژەیی و مێژوویی مسوڵمانان دادەنرێت و، بەشێک نییە لە خودی ئیسلام. هەموو ئەو هەوڵانەی لە مێژوودا لە بواری (فقهی دەسەڵاتدا) لەم دنیایەدا دراون، هێندەی تیۆریزەیان بۆ واقیع کردووە و ئەزموونە مێژووییەکانیان کردووە بە مەرجەع، بەو ئەندازەیە بۆ دەق نەگەڕاونەتەوە، تەنانەت بەشێک لە دەقەکانیشیان ملکەچی واقیعە مێژووییەکە و ڕەوایەتیپێدانی کردووە(٥).

## دووەم : گرێبەست وەک سەرچاوەی ڕەوایەتی ساسیی و دەسەڵات.

واتە دەبێت دەسەڵات لەسەر بناغەی گرێبەستێکی نێوان فەرمانڕەوایان و فەرمانبەسەر کراواندا، واتە هاوڵاتیان و گەل دامەزرابێت. ئەمەش هەموو لافلێدانێکی مافی خاوەن دەسەڵاتبوون بەناوی: خودا، ئاسمان، مێژوو، بنەماڵە، پشتاوپشت، نەژاد، چین و توێژ لە دەسەڵات دەسەنێتەوە و هاوڵاتیان و گەل دەکات بە سەرچاوە و خاوەنی ڕاستەقینەی دەسەڵات.

# مەسەلەی دژایەتی ستەم لە ئیسلامدا یەکجار جەوهەرییە و پەیوەستە بە ماهیەتی (ئیمان)ەوە

ڕیشەی گرێبەستیش لە دیدی ئیسلامییەوە دەگەڕێتەوە بۆ مۆرکی شورابوونی دەسەلات و کۆمەلگا بە گشتی(وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ) الشورى/٣٨، ئەوەی پەیوەندی بە بڕیار و فەرمان دەرکردنەوە هەبێت، هەروەها پەیوەندی بە کاروباری گشتی و کۆمەلگا و هەمووانەوە هەبێت، دەبێت لە ڕێی شورای نێوان ئەندامانی کۆمەلگای مسولمانەوە بێتو نابێت هیچ مەرجەعیەت و دامەزراوەیەکی سیاسی سەروو شورایی و لە دەرەوەی ئیرادەی ئەوانەوە بوونی هەبێت.

سەرچاوەکانی بواری (فقهی دەسەلات و سولتان)یش لە مێژووی ئیسلامیدا، لە ئاستی جۆراوجۆر و بە شێوەی جیاواز، ئاماژەیان بە مەسەلەی گرێبەستی سیاسی نێوان فەرمانڕەوا و خەلکی کردووە، (ماوەردی) یەکێکە لەو زانا و نوسەرانەی لەم بارەوە دەلێت: ئەم گرێبەستە لەسەر بناغەی ڕەزامەندیی و هەلبژاردن و سەرپشکی (اختیار) دامەزراوە و ناکرێت زۆرلێکردنی (اکراه)ی تیکەل بکرێت(٦). گەورە یاساناسی خۆرهەلاتیش (د.عبدالرزاق سنهوری) دەربارەی بیرۆکەی گرێبەستی سیاسی لە تێگەیشتنی ئیسلامیدا پێیوایە:(گرێبەستێکی ڕاستەقینەیە و دەبێت مەرجەکانی گرێبەستی بە تەواوەتی تێدا بێت)(٧).

تیۆری پەیمانی کۆمەلایەتی لە فکری نوێی خۆرئاواشدا، دووجۆر لە گرێبەست لە یەک جیادەکاتەوە:

(أ) گرێبەستی کۆمەلایەتی کە پەیوەستە بە هاتنەکایەی دەسەلات و دەولەت، وەک چوارچێوەیەک بۆ پیادەکردنی، واتە دامەزراندنی کۆمەلگای سیاسی یاخود مەدەنی.

(ب) گرێبەستی سیاسی لە نێوان ئەوانەی بە کردەوە دەسەلات بە دەستەوە دەگرن و بە ناوی کۆمەلگاوە پیادەی دەکەن، واتە لە نێوان هاولاتیان و دەسەلاتدارانادا. بە گوێرەی ئەم گرێبەستەش فەرمانڕەواکان دەبنە نوێنەر و بریکار(وکیل)ی خەلک، بەلکو لای کەسێکی وەکو (ڕۆسۆ) دەبنە فەرمانبەر لای گەل و لە دەرەوەی ئەو مافانەی گەل لە ڕێی دەستورێکی مەدەنیی و یاساکانەوە بۆیان دیاری دەکات هیچ مافێکی تریان نیە، هەروەها لە دەرەوەی ئەو چوارچێوە و مەرجانەی بۆیان دیاریکراوە مافی پیادەکردنی دەسەلاتیان نیە(٨).

مێژوو پیمان دەلێت کورد پیش ئەوەی لە سالی ١٩٢١ و بە گوێرەی گۆنگرەی(قاهیرە) دەولەتی عیراق لەسەر دەستی ئینگلیزەکان وەک قەوارەیەکی ناتەندروست دابمەزرێت، ڕاپەڕیوە و چەکی هەلگرتووە و بە ڕێبەرایەتی شێخ محمود داوای مافی چارەنووس و دامەزراندنی دەولەتی کردووە، جۆرێک لە حوکومڕانی خۆمالیشی دامەزراندووە، لەوپێناوەشدا ئامادەی سات و سەودا و مامەلەی سیاسی بووە. دوای ئەوەی کە دەولەتی عێراقی دەستکردیش وەک دابڕینی بەشێک لە میراتی پیاوە نەخۆشەکە دامەزرا، کوردستانی باشوور دووبارە

ڕاپەڕیی و بە هێز سەرکوتکرا و خاکی باشووری کوردستانیش بوو بە ناوچەیەکی جیناکۆکی نێوان دەوڵەتی هاوچەرخی تورکیا و عێراق(٩).

کەواتە لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا وەک چوارچێوەیەک بۆ پیادەکردنی دەسەڵات پرس بە کورد نەکراوە و ڕای وەرنەگیراوە، لە ئارادانەبوونی ڕەزامەندی کورد بۆ بوون بە بەشێک لە عێراق و ئەو پێگەی دواتر تێیدا ژیاوە و ڕێزنەگرتن لە خواست و ئیرادەی ئەم گەلە لە ساتەوەختی دامەزراندنی قەوارەی عێراقدا، ڕەوایەتی لە عێراق وەک دەوڵەت دەسەنێتەوە و دەیکات بە چوارچێوەیەکی نا ئەخلاقی بۆ پیادەکردنی دەسەڵات.

لە ساڵی ٢٠٠٥ و هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردە پەرلەمانییەکەی عێراقدا، کە لە (٩٨،٩٪)ی سەرجەم بەشدارانی ڕاپرسییەکە دەنگیان بەکۆتایی هێنان بە واقیعی بە زۆر لکاندن و جیابوونەوەی لە عێراق دابوو، بەڵگەیەکی ڕوون و حاشاهەڵنەگرە لەسەر ئەو ڕاستییە.

## سێهەم : دژی ستەم و فەرمان بە دادپەروەری:

ئەوەی بەلای دیدی ئیسلامییەوە گرنگە، میکانیزم و فۆرم و شێوازی بەڕێوەبردن و تایپی دەوڵەتەکان نییە، بەڵکو بوون و نەبوونی ستەم و زۆرداریی و دادپەروەرییە. هەر بەم جۆرەش بەها ئیسلامییەکان دەتوانن بە درێژایەتی مێژووی مرۆڤایەتی وەک ئاراستەکەر و ڕەخنەگر و چاودێر و پێوەر و سەرچاوەی لێوەرگرتنی بەهای نوێ و ئیلهامی وزەبەخشی ڕیفۆرمخوازانە و مرۆڤدۆستانە بمێننەوە. تەنانەت بوون و نەبوونی (فقە)ی ئیسلامیش وەک مەرجەعی یاسایی گرنگی یەکلاکەرەوەی نییە، چونکە دەکرێت لەگەڵ لافلێدانی پیادەکردنی فقهی ئیسلامی زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارەکان و دەستڕۆیشتووە هاوپەیمانەکانیان لە کۆمەڵگادا بەردەوام بێت.

مەسەلەی دژایەتی ستەم لە ئیسلامدا یەکجار جەوهەرییە و پەیوەستە بە ماهیەتی (ئیمان) ەوە، ستەمکاریی و ئیسلام و (ئیمان) بە یەکەوە کۆنابنەوە. با لە ڕووی یاساییشەوە خاوەنەکانیان لە ئیسلام نەکاتە دەرەوە. هەموو قورئان بپشکنین ناتوانین پاساوێک بۆ بەیەکەوە گرێدانی ستەم و ستەمکاریی و ناسنامەی باوەڕدارانە و مسوڵمانێتی بەیەکەوە، بدۆزینەوە. دروشمی ئیسلام و دیدگای ئیسلامی جاڕدانی حەرامکردنی ستەمە لە هەموو بەرگەکانیدا و دژ بە هەموو کەس و گرووپێک(١٠).

بە کورتی ئیسلام و دیدی ئیسلامی قەدەغەی زوڵم و زۆری کردووە و بە هیچ سستەم و چوارچێوەو، ڕەوش و دۆخو یاسا و پەیوەندی یەک، ڕازی نابێت، کە لەسەر ستەم و جیاکاریی و بێبەشی دامەزرابێت، یاخود پاساوی بدات و بەرهەمی بهێنێت. وەک ڕوونیشە فۆرم و شێوازەکانی بەرجەستەکردنی ستەم، جا سیاسیی و ئابووری بێت، یاخود کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، نەگۆڕنین و لە نوێ بونەوەدان.

یەکێک لە فۆرمە هەرە زەقەکانی ستەمکاریش لە سەردەمی نوێ و دوای سەرهەڵدانی نەتەوایەتی و هاتنەکایەی مۆدێلی (دەوڵەت-نەتەوە)، ستەمی نەتەوایەتییە، کە ڕەنگە کەس وەک ئێمەی کورد و گەلی کوردستان لە ڕەهەندە ترسناکەکان و جەزرەبەی دەست ئەم جۆرە لە ستەم تێنەگات، چونکە یەکێکین لەو نەتەوانەی بە درێژایی مێژووی ناسیونالیزم لە خۆرهەڵات، واتە هەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمەوە هەتاوەکو ئێستا، یەکێک لە گەورەترین قوربانیانی ستەم و جیاکاریی و سەرکوتی نەتەوەیی بووین.

ئەگەر دادپەروەری فەرمانی خودا بێت بۆ مرۆڤ و دیاریکردنی ئەوەی چی دادپەروەریشە، بەجێی هێشتبێت بۆ گۆڕانکارییەکان و گەشەکردنی شارستانی مرۆڤایەتی و لە قورئاندا بۆی پێناسە نەکردبین(١١)، ئەوا بە گەڕانەوە بۆ ئەم بەها پێوەرییە ئیسلامیی و گەردونییە مەزنە، تێدەگەین

که مافی چارەنووس و دامەزراندنی قەوارەی سەربەخۆ دەچێتە خزمەت بەرجەستەکردنی ڕوویێکی ئەرکی دژایەتی ستەم و چەسپاندنی دادپەروەری.

دادپەروەریش هەروەک ڕوونە جۆرەها بەها و ڕەگەز لە خۆی دەگرێت لەوانەش:

- یەکسانی.
- ئازادی.
- برایەتی.

لە تەرازوی خودا گەل و نەتەوەکان یەکسانن و هیچ گەلێک ڕێزی بەسەر ئەوی ترەوە نییە.

گەر گەل و نەتەوە و گرووپێکیش هەست بە ئازادی نەکەن، واتە نادادپەروەریان دەرهەق ڕەوا بینراوە، واتە دادپەروەریی و زۆرلێکردن دژ بە یەکن و ناکرێت لە پاڵ یەکدا کۆببنەوە.

هاوکێشەکە زۆر سادەیە، ئەگەر بەهاکانی ئیسلام پێوەر بێت، کورد یان دەبێت مسوڵمان نەبێت یاخود مافی وەک یەکی لەگەڵ هەموو نەتەوە مسوڵمانەکانی تردا هەیە، چونکە لە ئیسلامدا لەسەر بناغەی نەژاد مسوڵمانی پلە یەک و دووەمان نیە، بەڵکو بە گوێرەی ئایەتی **(يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًاوَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا) النساء/١**، هەروەها فەرموودەی (الناس سواسيه كأسنان المشگ). دەبێت خەڵکی پلەیەک و دووشمان نەبێت و لەم دنیایەدا هەمووان یەکسان بن و کەس لەسەر بناغەی جیاوازی نەژاد و ناسنامەی نەتەوەیی و چینایەتی و ئایینی و مەزهەبی، نەخرێتە ژێر فشارەوە و مافەکانیان زەوت نەکرێت.

## چوارەم/ برایەتی ئیسلامی

لە خاڵی پێشوودا ئاماژەمان بەوە کرد، کە برایەتی ڕەگەزێکی گرنگی پێکهێنەری دادپەروەرییە، بەدەر لەوەش برایەتی نێوان باوەڕداران، بەشێکە لە باوەڕ و ناسنامەی هەر باوەڕدارێک، چونکە خودای مەزن باوەڕدارانی بەوە وەسف کردووە کە برای یەکترن. برایەتیش چەمک و بەهایەکە هەر بە بیستنی جۆرەها بۆن و بەرامەی خۆشی وەک: دڵسۆزی، پەرۆشی، بۆیەکبوون، پشتیوانی لەیەکتر کردن، بە هاناوە چوون، هاودەردی، دورکەوتنەوە لە ئازاردان و دوژمنایەتی و... هتد لێ دێت. لە هەمانکاتدا چاوەڕوانی جۆراوجۆر لە یەکتر دروست دەکات. بەڵام بەداخەوە، زۆر لە مێژە مسوڵمان ئەم چەمکەیان لە کۆمەڵێک ئاست و ڕەهەندا و لەوانەش لە پەیوەندی نێوان نەتەوە هاوچەرخە مسوڵمانەکان لە مێژووی نوێدا، فەرامۆش کردووە، بەڵکو هەندێک جار و لای هەندێک لە بزاڤە ناسیونالیستە توندڕەوەکانی ئەم نەتەوانە کار گەیشتۆتە ئاستی ژێرپێنانی بەهاکە و سوکایەتی پێکردنی. وەدەرنانی ئیسلامیش لە کایەی سیاسی لە سایەی قەوارە نوێکاندا، وەک ناسنامەیەکی هاوبەشی نێوان نەتەوە مسوڵمانەکان و هاوڵاتیانی وڵاتێک، هێندەی تر ڕۆڵی ئەم بەهایەی لە ژیانی سیاسیی و گشتیدا پەراوێز خست.

هەروەک خوای گەورە لە سورەتی (الحجرات)دا دەفەرموێت **﴿وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِنْ بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِنْ فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ﴾ الحجرات/٩** .

ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت کە پەیمانی برایەتی بەو جۆرەی لە قورئاندا ئاماژەی پێکراوە، لەسەر بناغەی پارێزگاریکردن لە بنەماکانی دادپەروەریی و ئاشتی دادپەروەرانە و دورکەوتنەوە لە دەستدرێژیکردنە سەر یەکدی دامەزراوە. برایەتی ئامرازە و دادپەروەری ئامانج، برایەتی لق و پۆپە و دادپەروەری قەد و ڕیشە، چونکە گەر سەیری هەموو ئەو ئەرکانەش بکەین کە برایەتی دەیخاتە ئەستۆی باوەڕدارە براکان، بەگشتی دەچنەوە سێبەری چەمک و ئەخلاقی دایک کە دادپەروەرییە. بەواتایەکی تر برایەتی فەرعە و دادپەروەری ئەسڵ، برایەتی تیشکدانەوە و

ڕەنگدانەوەیەکی دادپەروەرییە، لە دادپەروەرییەوە دەگەڕێینەوە بۆ برایەتی، بۆ دیاریکردنی ئاستی وەفاداربوونیش بە پەیمانی برایەتییەوە، سەیری ئاستی ئامادەگیی و ڕەچاوکردنی ڕۆحی دادپەروەری دەکەین. کەواتە براکان ئەوانەن کە دادپەروەرانە لەگەڵ یەکدا ڕەفتار دەکەن و دەجولێنەوە، کاتێک ئەم پەیوەندییەشیان دووچاری زەبر و لاوازی دێن تەنها لە ڕێی گەڕانەوە بۆ مەرجەعی دادپەروەرییەوە بنیاو بەهێز دەکرێتەوە. جا ئەگەر ئەمە حوکمی شەڕی ناوخۆ بوو، ئەی ئەگەر مەسەلەکە هەر لە سەرەتاوە دەستدرێژی لایەنێک بوو دژی لایەنەکەی تر و لە سۆنگەی پێشێلکردنی مافەکانیەوە بوو، بەو جۆرەی دەسەلاتدارە ستەمکارەکانی ناوچەکە دەرهەق بە کورد و گەلی کوردستان ئەنجامیانداوە، دەبێت چی لێ بێت؟

هەڵبەت کاری ئێمە لێرەدا ئەوە نیە بەدرێژی بچینە ناو بابەتی برایەتی ئیسلامییەوە، بەڵکو تەنها ئاماژە وەردەگرین بەو ئەندازەی بۆ بابەتەکەی ئێمە پێویستە. هەر لەم چوارچێوەشدا جێی خۆیەتی ئاماژە بە دەقی فەرمودەیەک بکەین کە دەفەرموێت :(المسلم أخو المسلم لا يظلمه و لا يخذله ولا يسلمهولا يحقره بحسب امريء من الشر ان يحقر اخاه المسلم)(١٢)

بەگوێرەی دەقی ئەم فەرمودە مسوڵمان کە بە حوکمی (ئاین)و باوەڕ برای موسڵمانە، چونکە بازنەی برایەتی بەشێکی جیانەکراوەی خودی بازنەی ئیمانە. ئەم ئەرکانەی بەرامبەر هەر تاک و گرووپ و کۆمەڵگایەکی مسوڵمان دەکەوێتە ئەستۆ، بۆیە گرووپ و کۆمەڵگاش دەخەمە پاڵ تاکی مسوڵمان، چونکە ئێمە لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان نەتەوە مسوڵمانە هاوچەرخەکان قسە دەکەین و، ڕونیشە ئەگەر ستەم بەرامبەر تاکێکی مسوڵمان خراپ و ڕێپێنەدراو بێت، ئەوا بەرامبەر نەتەوە و گرووپێک دەیانجار تاوانتر و قێزەونتر و خراپترە.

ئەرکەکانی مسوڵمانیش بەرامبەر بەیەکتر لەم فەرمودەدا بەم جۆرەی خوارەوەن:

١. ستەم لێنەکردن.
٢. نەدان بەدەست دوژمن و پشت چۆڵ نەکردن.
٣. ڕیسوا و سەرشۆڕ نەکردن.
٤. بە سوک و چاوی نزم سەیر نەکردن.

بزوتنەوە ناسیۆنالیستەکانی نەتەوەکانی دراوسێ (کە بەگشتی لە دەرەوەی مەرجەعیەتی بەها ئیسلامییەکانەوە گەشەیان کردووە) ستەمیان لە ئێمە کردووە و سوکایەتیان بە زمان و کەسێتی و فەرهەنگمان کردووە و، هەوڵی توانەوەیان داوین و جۆرەها بێ حورمەتیان پێ کردووین. ڕاستە نابێت ئۆباڵی ئەم مێژووە ڕەشە بخەینە ئەستۆی ئەو نەتەوانە بەگشتی، چونکە خۆشیان لە سایەی نەبوونی دیموکراسیی و دادپەروەریی سیاسیی و ئابووریدا، کەمیان بەدەستی ڕژێمە سەرکوتکەرەکانیانەوە نەچەشتووە، بەڵام خۆ لانی کەم دەبێت لە ئاستی فکریی و بەوەی پێیان دەکرێت دیدیان لەم ڕووەوە ڕوون بێت و، لە کاتی بەهرەمەندبوونی ئێمە لە مافی چارەنووس، نەبنەوە ئامرازی دەستی هەندێ هێزی دژ بەم مافە ڕەوایە، ئێستا کاتی ئەوەیە بپرسین لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی ئاماژەمان پێکرد، دەکرێت لە سایەی باڵادەستی نەتەوەیەک بەسەر یەکێکی تردا و ژێردەستەیی نەتەوەیی و بێ مافیدا، باس لە برایەتی بکرێت؟ بەدڵنیاییەوە نەخێر. چارەسەر نەکردنی عادیلانەی کێشەی کوردیش لە ڕابردوودا، یەکێک لە گەورەترین ئەو زەبرانە بووە، دەسەڵاتە زۆردارە دژ بە کوردەکان، لە بنەما و بەهای برایەتی ئیسلامی نێوان گەلانی ناوچەکەیان داوە. هەموو هەوڵێکیش بۆ چارەسەری ئەم کێشە و دەستهەڵگرتن لە زەوتکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی ئەم نەتەوە، لە جەوهەردا، خزمەتکردنە بە دووبارە بیناکردنەوەی پەیکەری نیمچە ڕوخاو و زەبر بەرکەوتووی برایەتی گەلانی ناوچەکە.

## پێنجەم / زۆر لێنەکردن و شورا

بەهای شوراش کە لە دەقی دامەزرێنەری ئیسلامدا، واتە قورئانی پیرۆز جەختی لێکراوەتەوە، بەشێک لە کێشەی زۆر لێکردن و تاکڕەویی و خۆسەپاندن چارەسەر دەکات و کار لەسەر تێکدانی زەمینەی ڕوانی تۆوی زۆرلێکردن دەکات.

زۆرلێکردنیش هەر بەوە نەوەستاوە لە مافی دیاریکردنی چارەنووس و هەڵبژاردنی ڕێ و جێی سیاسی خۆی بێبەش بکرێت، بەڵکو سەری کێشاوە بۆ ڕەفتاری درندە ئاسایی و وێرانکردنی هەزاران گوند و شارۆچکە و پەیڕەوکردنی سیاسەتی بە سوتماککردنی خاک بەرامبەریی و سەرەنجام ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید و کۆمەڵکوژی دژ بە ڕۆڵەکانی. هەربۆیە مافی گەلی کوردستانە داوای قەرەبووی سەرجەم ئەو زیان و زەرەرانە بکات کە لە ڕابردوودا پێی گەیشتووە(١٣).

کە زۆرلێکردنیش مۆرکی زەق و دیاری دەسەڵاتی خۆسەپێنەری دژ بە کورد و مرۆڤی عێراقیش بووبێت، دیارە بەهایەکی ئیسلامی وەک شوراش لە دەرەوەی هەموو حسابێک بۆکردنێکەوە بووە، کورد هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان لەسەر ئەو دۆخەی تیایدا ژیاوە پرسی ڕاستەقینەی پێ نەکراوە. خودی ئەو دەسەڵاتەی کوردستانیشی داگیر کردووە یاخود بە زمانی فقهی (غصب)ی کردووە، دەسەڵاتێکی ستەمکار و تاکڕە و دواتر دکتاتۆر و ملهوڕ بووە. خودی بوونی کێشەی کورد بەرهەمی نەبوونی دیموکراسیی و شوراو گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵکە، بەڵگەیە لەسەر زۆرداریی و نادادپەروەری دەسەڵات و داماڵرانی ئەم دەسەڵاتە لە هەموو ڕەوایەتییەکی ئەخلاقی.

## شەشەم / یەکیەتی ئیسلامی:

ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە، کە مانەوەی کێشەی کورد بەم جۆرە و شاد نەبوونی نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان بە مافی چارەنووس و ڕاستنەکردنەوەی ئەو ناهاوسەنگییەی ئەم کێشەیە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جەرگەی جیهانی ئیسلامیدا دروستی کردووە، یەکێک لە گەورەترین بەربەستەکانی بەردەم هەر هەوڵێکی یەکێتیخوازانەی ئیسلامی هاوچەرخ و سەردەمیانە پێکدەهێنێت. ئەمەش تا سنوری دژبەیەکی(تناقض) لەگەڵ ئەو بۆچوونە نابەرێئە ناکۆکە، کە هەموو هەوڵێکی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەنووس و گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکان و لەوانەش دامەزراندنی قەوارەی سەربەخۆ بەکارکردن بۆ دابەشکردنی خاک و نەتەوەی ئیسلامی دادەنێن و بێ شەرمی لای هەندێکیشیان گەیشتۆتە ئاستی لەقەڵەمدانی کوردستان بە ئیسرائیلی دووەم!! کە ئەم بۆچوونە بەتەواوەتی لە خزمەت ئیسرائیل و سیاسەت و پڕوپاگاندەکەیدایە، بەڵکو لە جەوهەردا ڕەوایەتیدانێکی مێژوویی و ئەخلاقیی و سیاسییە، بە ئیسرائیل، چونکە کاتێک کورد لەگەڵ ئیسرائیل بەراورد دەکرێت، لەکاتێکدا بە نەتەوەیەکی مسوڵمانی ڕەسەن و پێکهاتەیەکی سروشتی ناوچەکە دادەنرێت و خاوەنی خاک و نیشتمانی تایبەت بەخۆیەتی، هەر ئەو بەرەنجامەی لێ دەگیرێت کە باسمان کرد.

بەڵگەی ناوێت کە قەوارە نوێکانی وەک عێراق و ئێران و تورکیا و هاوشێوەکانیان، لە چوارچێوەی دۆخ و یاسای نێودەوڵەتی نوێ و مۆدێرنەی خۆرئاوایی کشا و بەرەو خۆرهەڵاتدا دامەزراون و، لە دور و نزیکەوە هیچ کام لەوانە نوێنەرایەتی یەکێتی خاک و نەتەوەی ئیسلامی ناکەن. قەڵەمڕەوی مێژوویی جیهانی ئیسلامی لە ئێستادا بەسەر زیاتر لە(٦٠) دەوڵەتدا دابەشبووە و، نەتەوەی ئیسلامیش بووە بە نەتەوەیەکی ئاینیی و عەقیدی و، ئاماژە نییە بۆ هیچ سستمێکی سیاسیی و یەکێتییەکی دەسەڵاتداریتی دیاریکراو و قەوارەیەکی نێودەوڵەتی.

ئەوەی لە ڕابردوودا پیرۆزی بەم سنورانە بەخشیبوو، یاسای گشتی نێودەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتووەکان و هێزە دەستڕۆیشتووە

جیهانییەکان بوون. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە، ڕەخنەی ئێمە لەم سنورە دەستکردە نارەوا و ناسروشتیانە، لە هەمان ڕوانگەی هەندێک گرووپی ئیسلامی ڕادیکاڵ و ناوەندی بزاڤی ئیسلامی نوێوە نییە، چونکە ئەوانیش ئەم سنورانە بە ڕەمزی ناکۆکیی و دەستکردی (استعمار) دەزانن و داوای تێپەڕاندن و سڕینەوەیان دەکەن، بەڵام بۆ دۆخی سڕینەوەی خودی بیرۆکەی سنور، بە واتا نوێیەکەی و گەڕانەوە بۆ ئیمپراتۆریەتی مێژووی ئیسلامی.

لەکاتێکدا ئێمە مانان ڕەخنە لە خودی بیرۆکەی سنور ناگرین، بەڵکو لە جۆری تێگەیشتن و ڕۆڵ و دەستنیشانکردنەکە دەگرین. سنورەکان بە جۆرێک کێشراون هەندێک نەتەوەی وەک عەرەبیيان لەسەر بناغەی زیاتر لە (٢٢) دەوڵەت دابەشکردووە و نەتەوەیەکی گەورەی وەک کوردیشیان هەر لە بنەڕەتەوە لە مافی خۆڕێکخستنی سیاسیی و دەوڵەت و سنووری دانپیانراوی فەرمی، بێبەشکردووە، بۆیە ئەوەی ئێمە دەیخوازین و پێشمان وایە، ڕوانگەی ئیسلامی لەگەڵیدایە، پێویستییەکانی بەدیهێنانی فۆرمێکی یەکبوونی نێوان وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و دواتر جیهانی ئیسلامی داوای دەکات و لەگەڵ پێداویستییەکانی گەشەکردنی سیاسیی و ئابووریی و پەرەدان بە فەرهەنگی دیموکراسیی و قوڵکردنەوەی برایەتی گەلانی مسوڵمان سازگارە، ئەم خاڵانەی خوارەوەیە:

(أ) دووبارە داڕشتنەوەی سنورەکان لەسەر بناغەی ڕاستیيە جوگرافییەکان و بەهرەمەندبوون و ڕێزگرتن لە نەتەوەکانی ناوچەکە لە مافی چارەنووس و قەوارەی سەربەخۆی تایبەت بەخۆیان.

(ب) کاڵکردنەوەی سنورەکان و وازهێنان لە فۆرمە ناسیونالیستییە توندڕەوە کارەساتبەرهەمهێنەرەکان و کرانەوە بەسەر یەکتردا و یەکتر تەواوکردنی ئابووریی و سیاسیی و سەربازی.

(ج) بیرکردنەوە لە فۆرمێکی یەکگرتنی هاوچەرخ و شێوە کۆنفیدراڵی وەک یەکێتی ئەورووپا لە ڕێی پەرەدان بە میکانیزمەکانی کاری هاوبەش و یەکتر تەواوکردنی هەمەلایەنە. کە ئەم داڕشتنە چارەسەرێکی مام ناوەندیی و نەرم و عەقڵانییە، چونکە لەکاتێکدا پارێزگاری لە کەسێتی سەربەخۆی نەتەوە جیاوازەکان دەکات، لە هەمانکاتدا، پانتاییەک بۆ کاری هاوبەش و یەکێتیان بۆ پێشنیار دەکات.

## حەوتەم/ قەدەغەکردنی نانەوەی ئاژاوە (فتنە)و بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن و بە فیڕۆدانی سامان.

مەبەست لەم ناونیشانە سەرنجڕاکێشانە بۆئەوەی کە یەکێک لە ئامانجەکانی ئیسلام و ڕوانگەی ئیسلامی سنوردانانە بۆ ئاژاوە(فیتنە) و قەدەغەکردنی ترساندن و تۆقاندنی مسوڵمانە، هەروەها ڕێگیرییە لە بەفیڕۆدانی سامانی گشتی و بەکارهێنانی لە شتی بێکەڵک و ناهەق و لە هەر شتێکدا بەرژەوەندی ڕاستەقینەی کۆمەڵگای تێدا نەبێت. لەڕاستیدا هەریەک لەم سیانە خۆیان لە خۆیاندا ناونیشانی سەربەخۆن و لێرەدا، لەبەر درێژە نەکێشانی باسەکە و کورتکردنەوەی خستومانەتە پاڵ یەکەوە. ئێمە ئەگەر فیتنە بە هەر واتایەک لەو واتایانە وەربگرین کە لە قورئان و سوننەت و مێژووی مسوڵماناندا بۆی بەکارهاتووە، هەست دەکەین بوونی کێشەی کورد مانای ڕازیبوونە بە فیتنە و ئاژاوەگێڕی.

خوای گەورە لە ئایەتێکدا ئامانجێکی جەنگی ئیسلامی دەکات بە لەناوبردنی (فتنە): ﴿وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ ۖ فَإِنِ انتَهَوْا فَلَا عُدْوَانَ إِلَّا عَلَى الظَّالِمِينَ﴾البقرە/١٩٣، شەڕیان لەگەڵدا بکەن لەپێناو نەهێشتنی (فتنە)دا. کە دیارە مەبەست لە فیتنە لێرەدا ئەشکەنجە و ئازاردانی خەڵکە لەسەر هەڵبژاردنی ئیسلام وەک ئایین و بیروباوەڕ، لەپێناو پەشیمانکردنەوەیان و دەستبەرداربوون لە باوەڕەکەیان، کە ئەم ڕەفتارە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە

له تاوانی کوشتن تاوانتره ﴿وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ وَأَخْرِجُوهُمْ مِنْ حَيْثُ أَخْرَجُوكُمْ وَالْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ وَلَا تُقَاتِلُوهُمْ عِنْدَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ حَتَّى يُقَاتِلُوكُمْ فِيهِ فَإِنْ قَاتَلُوكُمْ فَاقْتُلُوهُمْ كَذَلِكَ جَزَاءُ الْكَافِرِينَ﴾البقره/١٩١، ئەشکەنجەدانی خەڵک لەسەر بیروباوەڕیان له کوشتن خراپتر و قێزەونتر و تاوانتره.

ئەگەر (فتنه)ش بەو ناوەڕۆکه وەربگرین که له مێژووی ئیسلامیدا تاڕادەیەک زاڵبووه و، چەمکێ بووه بۆ گوزارشت دانەوه له شەڕی ناوخۆ و ناکۆکیی و خوێنڕێژی نێوان مسوڵمانان خۆیان و لەبەریەکهەڵوەشانەوەی ڕیزەکانیان و حەڵاڵکردنی سەر و ماڵی یەکتر(١٤)، ئەوا کێشەی کورد، به حوکمی مسوڵمانبوونی زۆرینەی ڕەهای ئەم نەتەوه بۆته هۆی درێژەدان بەو (فتنه) مێژووییه، خوداش هۆشیاری کردوینەتەوه که خۆپارێزیمان بەرامبەر فتنه هەبێت و نەهێڵین تێی بکەوین، چونکه بەرنجامەکەی به کارەسات بۆ سەر هەمووان دەشکێتەوه و تەنها یەخەی ئەوانه ناگرێت که ڕاستەوخۆ وەک لایەن له چوارچێوەی (فتنه)کەدا زوڵم و ناهەقیان کردووه: ﴿وَاتَّقُوا فِتْنَةً لَا تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْكُمْ خَاصَّةً وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ الانفال/٢٥. ئەوەی تاکو ئێستاش له پشت چارەسەرنەکردنی کێشەی کوردەوەیه لەسەر ئاستی پارچەکانی کوردستان و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست باڵادەستی عەقڵی (فتنه) ئامێزی سەرانی ئەو ڕژێم و دەسەڵاتانه بووه، که حوکمی ئەو وڵاتانەیان کردووه، خاک و نەتەوەی کورد و گەلی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوه، هەموو دژایەتی کردنێکی کێشەی کورد و پشتیوانی لەوانەی که ستەم لەم نەتەوه مسوڵمانه دەکەن، بەکردەوه دەچنه خانەی درێژەدان به (فتنه) و لاوازکردنی شکۆی گەلانی مسوڵمان و زیاتر لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی بناغەکانی هاوچارەنووسی نەتەوەکانی دنیای ئیسلام.

به (فتنه) نابردنی شۆڕش و سەربەرزکردنەوەکانی کوردیش، یاخود به خراپەکاری نانەوه لەسەر زەویدا(١٥)، بەڵگەی تێنەگەیشتنه له ڕوحی ئیسلام یاخود بەکارهێنانی دەستئەنقەستی ئەوه بۆ مەرامی سیاسیی و ئامانجگەلێکی دژ بەیەک لەگەڵ بەها و بنەماکانیدا، چونکه قورئان له درێژەی خستنەڕووی مافی بەرگریکردن لەخۆ بەرامبەر ستەم و دەست درێژی پێمان دەڵێت: (وَلَمَنِ انتَصَرَ بَعْدَ ظُلْمِهِ فَأُولَئِكَ مَا عَلَيْهِم مِّن سَبِيلٍ (٤١) إِنَّمَا السَّبِيلُ عَلَى الَّذِينَ يَظْلِمُونَ النَّاسَ وَيَبْغُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ الشورى/٤١-٤٢.

لۆمه و تانه لەسەر ئەوانه نییه که دوای ئەوەی زوڵمیان لێکراوه ڕاپەڕیون و بەرگریان له خۆیان کردووه، ئەمانه لەژێر پرسیاردا نین، بەڵکو لەسەر ئەوانەیه ستەم له خەڵک دەکەن و ناهەقی و زۆرداری له زەویدا دەنێنەوه، سزای سەختیش هەر بۆ ئەوانه. لەلایەکی ترەوه ئەگەر هەموو به فیڕۆدانێکی ماڵ و خەرجکردنی له ناشوێنی خۆیدا قەدەغەکراو بێت، هەروەک چەندەها ئایەت و فەرموودەمان لەم ڕووەوه هەیه و پێغەمبەر(د.خ) بیری هێناوینەوه که خودا ڕێگری له بەفیڕۆدانی ماڵ کردووه(١٦)، ئەوا ئەو ملیارەها دۆلارەی تاکو ئێستا دژ به کورد و شۆڕشەکەی و لەپێناو سەرکوتکردنیدا بەکارهاتووه، دەچێتە خانەی بەفیڕۆدانێکی سەرشێتانه و نالێپرسراوانەی سەروەت و سامانی گەلانی ناوچەکه، لەسەر حسابی دواکەوتنی گەشەپێدانی ئابووریی و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیانی ئەم وڵاتانه.

بەدەر لەوەی وترا پێموایه خەرجکردنی پاره و پولێکی زۆر له شەڕ دژ به کورد بۆ وێرانیی و خاپورکردن، کاربەدەستانی ئەو وڵاتانەی فەرمانیان بەوه کردووه له دیدی ئیسلامدا دەکات به گەمژه (سفیه)و حوکمی ئەوەیان بەسەردا دەچەسپێت - خۆ ئەگەر گەمژەی یاسایش نەبن - ئەوا بێ هیچ دوودڵییەک گەمژەی سیاسیی و ئەخلاقیی و ئاینین.

گەر ڕاستت دەوێت له دۆخێکدا که بەها ئیسلامییەکان بەسەریدا زاڵ بن و دیموکراسی وەک شێوازێک بۆ چەسپاندنی عەدالەتی سیاسی بەرقەرار بێت، هەرگیز ڕێگا بەو جۆره خەرجکردنەی ماڵی گشتی نادرێت، ئەو کەسانەی ئەوه کارەش دەکەن، ڕووبەڕووی دادگا و لێپرسینەوه دەکرێنەوه.

گەر واقیعی (دەوڵەت-نەتەوە)و جۆری پەیوەندییەکان و یاسای نێودەوڵەتی و نەزمی جیهانیش کاریگەریان کردبێت، دابەزاندن و پیادەکردنی ئەم پێوەر و بەها و داواکارییە ئیسلامیانە بە پلەی یەکەم پەیوەستن بە سنووری سیاسی دەوڵەتەکان و ئەو گەلانەی تیایاندا دەژین، ئەوا هەریەک لەو ناونیشانانەی سەرەوە، کاتێک بەسەر واقیعی مەرگەساتی مێژویی کورد و کێشەی ئەم نەتەوەدا دەچەسپێنین، دەمانگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی، کە بە کردەوە، ئەم بەها و بنەما و داواکارییە ئیسلامییانە، زەبری گەورەیان بەرکەوتووە، هەموو ئەم میکانیزم و ڕێگا و چوارچێوە و دەستەبەریانەش، لە باریاندایە کۆتایی بەم واقیعە بهێنن و دۆخێکی نوێتر و جیاواز لەم ڕووەوە بهێننە کایەوە، دەبێت پێشوازیان لێ بکرێت، چونکە دەچنە خزمەت بوژاندنەوەی بەها و پێوەرگەلێکی ئیسلامییەوە. گەر سەیر بکەین دۆخی ژێردەستەیی کورد و گەلی کوردستان و نەبوونی قەوارەی سەربەخۆ و نایەکسانی و بێبەشیی و ستەمی نەتەوەیی، دژ بە داخوازییەکی ئیسلامییە کە ئەویش سەربەرزی مسوڵمانە و باوەڕدارانە.

خوای گەورە دەفەرموویت:﴿ يَقُولُونَ لَئِنْ رَجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الْأَعَزُّ مِنْهَا الْأَذَلَّ وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾ المنافقون/٨. لە ڕوانگە ئیسلامییەکەوە باوەڕدار بوونەوەرێکە دۆخی ئاسایی و داواکراو ئەوەیە، سەربەرز بێت و هەست بە سەربەرزی بکات. ئیسلام قەدەغەی کردووە مسوڵمان زەلیل بێت و قبوڵی زەلیلی بکات، یاخود زەلیل بکرێت(١٧)، چونکە ئەم دۆخە پێچەوانەی شکۆی باوەڕدارانەی باوەڕدارە. هەروەک پێشتر باسمان کرد دیدی ئیسلامی ڕەتی ئەوە دەکاتەوە باوەڕدار مل بە ستەم و چەوساندنەوە بدات و دۆخی ڕەش و ڕووتی هەڵبژاردن، نە لای خوا تکا بۆ مرۆڤ دەکات و نە لەم دنیایەشدا تا سەر ڕێپێدراوە، گەلی ئێمەش گەلێکی مسوڵمانە، هیچ گومانیشی تێدا نیە دۆخی سەرکوت و دژایەتی و بێ مافی ئەم گەلە زەبری گەورەی لە هەست بەسەربەرزی ڕۆڵەکانی داوە، چونکە مرۆڤ لە سایەی زوڵم و ستەم و نەبوونی ئازادیی و ئاوارەییدا، گەر نەشرۆخێت ئاسان نیە سەربەرزی خۆی بپارێزێت.

## کۆتایی

لە بەرەنجامی ئەم وتارەدا گەیشتینە ئەوەی کە لە سایەی سستەمی نوێی جیهانیی و دابەشکردنی جیهان لەسەر بناغەی یەکە نەتەوەییەکان، مافی چارەنووس و سەربەخۆیی، لە دیدی ئیسلامی بەهاگەرایانەی مافخوازەوە، داوایەکی ڕەسەن و تەنانەت ئەرکێکی ئیسلامییە، هەرکەسێک بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم مافە سرووشتی و ئیسلامییەی گەل و نەتەوەکەمان، پەنا بباتە بەر ئیسلام، یان ئەوەتە کێشەی نامەنهەجی بوون و نەبوونی تێگەیشتنی ڕوون و هاوسەنگی بۆ ئیسلام هەیە، وەکو ئاینێکی سەرو نەتەوەیی و کراوە بە ڕووی هەناسە گەردوونییەکانی دادپەروەریی و کەرامەت سالاری مرۆڤدا، یاخود لە دیدێکی نەتەوەیییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئیسلام و بە چاوی بە ئامرازکردنی سیاسی لێی دەڕوانێت و بەهرەی خراپی لێ دەبات و لە بەها و شکۆی کەم دەکاتەوە.

لە ڕوویەکی ترەوە گرنگە ناسیونالیزمی کوردیی و کوردایەتی لەم پیریی و شەکەتییەی ئێستا ڕزگار بکرێت و لەڕێی موتوربەکردنی بە بەها ئیسلامییە جیهانییەکانەوە، ڕەهەند و سیمایەکی نوێی پێ بدرێت، لەسەر هەردوو ئاستی نەتەوەیی و ناوخۆیدا بە پێوەرەکانی عەدالەتخوازییەوە گرێ بدرێتەوە. لە ڕوویەکی دییەوە ئەم دیدە بۆ مافی چارەنووس و سەربەخۆیی وادەکات، کە بە پرشنگی خۆری متمانە بەخۆبوونێکی باوەڕدارانەوە، تین بە جەستەی نائومێداندا بکرێتەوە. سەرلەنوێ لەبەر ئاسۆی بەرکەوتە (استحقاق)ێکی نوێی نیشتمانیدا ڕایانگرێت و لە زەلکاوی شکستەکانی ئێستادا نغرۆ نەبن.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١. ئەبوبەکر عەلی، ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردی، دیدێکی ئیسلامی هاوچەرخ، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨.

٢. بۆ نموونە وەک مامەڵە لەگەڵ کۆیلە و زۆرلێکردنی ئافرەتان لە شوکردندا.

٣. لەم ڕووەوە بگەڕێرەوە بۆ د.فؤاد محمد النادي: موسوعة الفقه السياسي و نظام الحكم في الاسلام، الكتاب الأول، نظرية الدولة في الفقه السياسي الاسلامي، دراسة مقارنة بالنظم الدستورية المعاصرة، منشورات جامعة صنعاء، الطبعة الأولى، ١٩٨٠ .

٤. حسين فوزي النجار: الاسلام و الدولة العصرية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٨٧، ص٢٥.

٥. د. حسين ابراهيم: تأريخ الاسلام السياسي، مكتب النهضة المصرية، مطبعة دار الجبل، بيروت، ص٢٤٩ .. هەروەها، محمد سليم العوى، المعالم من النظام السياسي للدولة الاسلامية، دار الشروق، ١٩٨٩، ص٦٦.

٦. الماوردي: الأحكام السلطانية، الطبعة الأولى، القاهرة، ١٩٨٣، ص٣.

٧. د. محمد ضياء الدين الريس: النظرية السياسية الأسلامية، القاهرة، ص٢١٣.

٨. لەم ڕوەشەوە خوێنەران دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ چەندین سەرچاوە لەوانەش، جان جاك روسو في العقد الاجتماعي، أو المباىء القانون السياسي، ترجمة عبدالعزيز لبيب، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الأولى، بيروت، ٢٠١١. هەروەها، الدكتور محمد أبو زيد، الشرعية القانونية و أشكالية التناقض بين السلطة و الحرية،٠دراسة تأصيلية لنظرية العقد الاجتماعي).

٩. لەم ڕووەوە بگەڕێرەوە بۆ سروة اسعد صابر، كوردستان من بداية الحرب العالمية الأولى الى نهاية مشكلة الموصل، ١٩١٤-١٩٢٨، أطروحة ماجستير، الطبعة الأولى،اربيل٢٠٠١، هەروەها سديق ساڵح/ حکومەتی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، عبدالرقيب يوسف، حكومە جنوب كردستان، ... هتد.

١٠. لەم ڕووەوە بگەڕێرەوە بۆ د. عمادالدين خليل، التفسيرالاسلامي للتأريخ، دار الكتب الاسلامي، هەروەها، الدكتور عبدالكريم زيدان، السنن الالهية في الأمم و الجماعات و الأفراد في الشريعة الاسلامية، دار الاحسان للنشر و التوزيع، طهران، الطبعة الأولى، ١٩٩٣ هەروەها .. النووي، رياض الصالحين، تحقيق، عبدالله احمد أ بو زينة دار القلم، بيروت، باب تحريم الظلم و رد المظالم.

١١. خوێنەرانی کورد لەم ڕووەوە دەتوانن بگەڕێینەوە بۆ مەلەفی ژمارە(٢٦)ی ۆڤاری هەژان لەسەر دادپەروەری،ساڵی شازدەیەم،٢٠١٤، دیارە سەرچاوە لەم روو زۆرە، بە تایبەتیش بە زمانی فارسی.

١٢. النووي، رياض الصالحين، من كلام سيد المرسلين، ص١٠٦.

١٣. لەم ڕووەوە بگەڕێرەوە بۆ، ئەبوبەکر عەلی، ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردی، دیدێکی ئیسلامی هاوچەرخ، لا٦٤ و دواتر.

١٤. هەر لە سەردەمی خەلیفە عوسمانەوە ئەم ناوەرۆکەی (فتنە) زەقبۆوە و لەسەردەمی خەلافەتی عەلی و دواتر شەڕەکانی لەگەڵا موعاویەدا زیاتر پەرەی سەند و سەرەنجام خراپیش بەسەر فکر وواقیعی مێژویی موسڵماناندا شکایەوە و، بووبە یەکێ لەو چەمکانەی چووە خزمەت دەسەڵاتێکی پادشایەتی و ناشورایی مێژووی ئیسلامییەوە، لەم ڕووەوە بڕوانە/ الدكتور محمد عابد الجابري، نقد العقل السياسي العربي، هەروەها عواطف العربي شنقارو، فتنة السلطة، دار الكتاب الجديد المتحدة، الطبعة الثانية، ٢٠٠١ .

١٥. لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی حکومەتی دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران لەگەڵ بزوتنەوەی چەکداری کورد لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا، یەکێ لەو وەسفانەی لە شۆڕش و شۆڕشگێڕان دەنرا، خراپەکاری و خراپەکاران لە زەویدا بوو.

١٦. ئاماژەیە بە فەرموودەی (إن الله ... كره لكم قيل وقال، وكثرة السؤال، وإضاعة المال ) رواه البخاري. واتە خودا ڕێگری کردووە لە وتی وتی و زۆر پرسیار کردنی بێ جێ و، بەفیرۆدانی ماڵ و سامان. بۆ نموونە پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی (لا ينبغي للمسلم ان يذل نفسه).

# ئیسلام و
# مافی چارەنووسی گەلی کورد




**د. ئەحمەد ئیبراهیم وەرتێ**

لە دایکبووی ١٩٦٦ وەرتێ. دکتۆار لە یاسا و رامیاری
ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان
چەند بەرهەمی چاپکراوی هەیە.

## پێشەکی:

گەلی کورد یەکێکە لە گەلە زیندووە گەورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بێبەشکراوە لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی کە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان دانیان پێداناوە. دۆزی کورد وەک مەسەلەیەکی نەتەوەیی بۆ سالآنی شەڕی یەکەمی جیهانی دەگەڕێتەوە، ئەوە بوو لەگەڵ تەواو بوونی شەڕی یەکەم و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی، بیرۆکەی پێکهێنانی دەوڵەتی کوردیی و قەوارەی سەربەخۆ سەریهەڵدا، چونکە گەلانی تری ناو دەوڵەتی عوسمانی و بە تایبەت گەلانی دەوروبەر و هاوسنووری کورد ماڵی خۆیان جیا کردەوە و، کوردیش بە مافی ڕەوا و سروشتی خۆی زانی کە داوای ماڵجیایی بکات.

پەیماننامەی سیڤەریش لە ساڵی ١٩٢٠ لە ماددەی (٦٢)ی خۆیدا مافە سیاسییەکانی کوردی سەلماند و بە فەرمی دانییپدانا، بەمەش دەرفەتێکی لەبار بۆ کورد هاتە پێشەوە کە ئەویش وەک گەلانی تری ناوچەکە خاوەن دەوڵەت و قەوارەی خۆی بێت.

بەڵام پەیماننامەی لۆزانی ساڵی ١٩٢٣ خەون و خولیای کوردی بە دروستکردنی قەوارەی خۆی خنکاند و لەسەر حسابی کورد دانیا بە حکومەتی تازەی کەمالییەکان لە تورکیادا. تائێستاشی لەگەڵدا بێت کورد بەدەست ئەو گەلە کۆمەیەوە دەناڵێنێ و لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بێ بەشدەکرێت لە مافی دیاریکردنی چارەنووس و ئایندەی خۆی.

ئایینی ئیسلام لە پێش پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا دانیناوە بە مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسیاندا، لە ئیسلامدا وەک دوا پەیامی خودایی بۆ مرۆڤایەتی ڕێز لە خواست و ئیرادەی گەلان لە ئازادی و سەربەخۆیی نراوە لە چوارچێوەی گوزارشت کردن لە هەستی سروشتیی و خۆڕسکی مرۆڤایەتیدا.

بیری نەتەوەیی و نیشتیمانی گەر لە هەستێکی شۆڤێنی و خۆپەسندییەوە سەرچاوە نەگرێت و، لەسەر حیسابی ئەوانی تر نەبێت کە دەبێتە هۆی ناکۆکیی و نکوڵیکردن لە مافی خەڵکانی تر و ستەم و نادادی، کارێکی قبوڵکراوە و بەو هەستە مرۆییە خۆڕسکە جوانە هەژمار دەکرێت کە خوای گەورە خستوویەتییە دڵی مرۆڤەوە کە بەهۆیەوە داکۆکی لە گەل و هۆزی خۆی بکات و هەوڵی سەرکەوتن و سەربەرزی بدات وەک گەل و هۆزی تر.

هەوڵ دەدەم لەم نووسینەدا و لە چەند تەوەرێکدا تیشک بخەمە سەر مافی چارەنووسی گەلی کورد لە ڕوانگەی ئیسلامەوە.

## تەوەری یەکەم/ پێگەی گەل و نەتەوەکان لە ئیسلامدا

بوونی گەل و نەتەوەکان و مافی ژیان و قەوارەیان لە ئیسلامدا سەلمێنراوە.

یەکەم: فەلسەفەی ئیسلام لە مامەڵە کردن لە گەڵ گەل و نەتەوەکان:

خوای گەورە دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)(١). واتە: ئەی خەڵکینە! بێگومان ئێمە ئێوەمان لە نێر و مێیەک دروستکردووە و، ئێوەمان گێڕاوە بە چەند گەل و تیرەو هۆزێک، بۆئەوەی لەناو خۆتاندا یەکتر بناسن و پێکەوە خزمەت بە یەکتری بکەن، بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا لە خواترسترینتانە، بێگومان خوا زۆر زانا و ئاگادارە.

گەل(الشعب) لە زمانەوانیدا بە کۆمەڵێکی گەورە دەگوترێت کە بنەچەیان یەک بێت، گەل لە هۆز (القبيلە) گەورەترە، گەل لەنێو خۆیدا دەبێتە چەندین تیرە و هۆزی جیاجیا، لە زاراوەدا گەل بریتییە لەو کۆمەڵە خەڵکەی ملکەچی سستەمێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەبن و، بەیەک زمان قسە دەکەن و بنەچەیان یەکە، خاوەن چەندین خاڵی جیاکەرەوەیە

له ڕووی ڕەگەزیی و یەک جۆری بوونییەوە کە پێی دەناسرێتەوە و له داب و نەریتەکانیدا ڕەنگدەداتەوە، هەروەها لە شێوازی بیرکردنەوە و خواستە تایبەتەکانی، هەروەک خاوەن کلتوورێکی هاوبەش و فەرهەنگێکی گشتییە(٢).

گەل و نەتەوە و هۆزەکان لە ئیسلامدا پایە و ڕێزی تایبەتیان هەیە بەو ئیعتیبارەی مرۆڤ پێکهێنەری گەل و میللەتان و هۆزەکانە، مرۆڤیش ڕێز لێگیراوترین و بەرزترینی دروستکراوەکانی خودایە، بۆیە ئیسلام لە دیدێکی مرۆڤایەتیەوە سەیری هەموویان دەکات و، جیاوازی لە نێوان گەل و هۆزەکان و مرۆڤەکان بە گشتی بڕیار و (جەعل) ێکی خوداییە و، فەلسەفەی ئیسلام لە مامەڵەکردن لە گەڵ ئەم جاوازییە لەسەر بنەمای هاوکاریی و یەکتر ناسین و پێکەوە خزمەتکردن و هەڵکردنە و، هەر چەشنە دوژمنایەتیی و ڕەتکردنەوەی گەل و هۆزەکان بۆ ئەوی تر بەتوندی ڕەتدەکاتەوە و، هیچ پاساوێک نابینێت بۆ شەڕ و دەستدرێژی کردنە سەر یەکتر، بەڵکو جیاوازیی و جۆراوجۆری لە ڕەنگ و زمان و تایبەتمەندی مرۆڤەکان کارێکی دروست و پەسندە و کەس بۆی نییە ئەم بڕیارە ڕەتبکاتەوە و هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی بدات، کەوابوو گەلان خاوەنی بوون و قەوارەی خۆیان و ماف و ژیانی سەربەرزانەیانن و دەبێ ڕێزی لێ بگیرێت و بسەلمێنرێت.

## دووەم: دژایەتی ستەم و ستەمکاری:

یەکێک لەو ڕێگایانەی بەهۆیەوە ئیسلام پارێزگاری لە بوون و قەوارە و مافی گەل و نەتەوەکان دەکات، ڕێگریکردنە لە ستەم و ستەمکاری، ئەمەش چەند ڕوویەکی هەیە:

١- قەدەغە کردنی ستەم و زۆری گەلێک لە گەلێکی تر:

ئیسلام بە هەموو شێوەیەک ستەم و زۆرداری مرۆڤەکانی لە نێوان خۆیاندا قەدەغە کردووە و ڕێگە نادات کەسێک لە کەسێکی تر، گەل و هۆزێک لەگەل و هۆزێکی تر ستەم بکات و مافەکانی زەوت بکات و، هەڕەشەی سزادانیشی لە ستەمکاران کردووە، خوای گەورە دەفەرموێت: (وَالظَّالِمُونَ مَا لَهُم مِّن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ)(٣)، واتە: ستەمکاران بێ دۆست و یارمەتیدەرن و کەس پشت و پەنایان نییە و سزای خۆیان وەردەگرن.

پێغەمبەری خوا (د.خ) دەفەرموێت:(إتقوا الظُّلمَ فإن الظلمَ ظلمات يوم القيامة..)(٤). واتە: خۆتان بپارێزن لە ستەم، چونکە ستەم تاریکایین لە ڕۆژی دواییدا. (يَا عِبَادِي إِنِّي حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّمًا فَلَا تَظَالَمُوا..)(٥). واتە: ئەی بەندەکانم من ستەمم لە سەر خۆم قەدەغە کردووە و، لەنێو ئێوەشدا قەدەغەم کردووە، دەسا ئێوەش لەنێو خۆتاندا ستەم لە یەکتر مەکەن.

خوێن و ماڵ و ناموس و شەرەفی مسوڵمانان لەسەر یەک حەرام کراوە و بەشێکە لە ستەم و زۆرداری، وەک پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: (كل المسلم على المسلم حرام دمه، وماله، وعرضه)(٦).. واتە: هەموو شتێکی مسوڵمان لەسەر مسوڵمان حەرام و قەدەغە کراوە: خوێنەکەی، ماڵ و سامانەکەی، ناموس و شەرەف و کەرامەتەکەی.

٢- ڕەتکردنەوەی داگیرکردنی خاک و زەوی یەکتر: ئەوەتا پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: (من ظلم قيد شبر من الارض طوقة من سبع ارضين)(٧). واتە: هەرکەسێک بە ئەندازەی بستێک زەوی ستەم و زوڵم بکات و داگیری بکات، دەکرێتە تەوقێک و لە ملی دەکرێت لە حەوت زەمیندا.

٣- مافی بەرگری لەخۆکردن: هەرکەس و گەل و نەتەوە و هۆزێک بکەوێتە بەر هەڕەشەی ستەم و دەستدرێژی و پەلاماردان و چەوساندنەوە، مافی بەرگریکردنی لەخۆی هەیە و دەتوانێت ڕووبەڕووی دەستدرێژیکار و ستەمکار ببێتەوە بە هەرچی لە توانایدایە و بە هەر ڕێگایەکی شەرعی، خوای گەورە دەفەرموێت: (وَالَّذِينَ إِذَا أَصَابَهُمُ الْبَغْيُ

هُمْ يَنتَصِرُونَ)(٨). واتە: ئەو کەسانەش کە ستەمیان لێکراو ستەمکاران ناهەقییان بەرامبەریان کرد، لەسەر مافی خۆیان وەدەنگ دێن و بەرگری لە خۆیان دەکەن و لە ناو خۆیاندا یارمەتی یەکتری دەدەن و یەکتری سەردەخەن و تۆڵەی خۆیان لە ستەمکاران دەکەنەوە.

گەورەترین ستەمیش کوشتار و لەناوبردنی گەل و نەتەوە و هۆزەکانە، چونکە خوا بۆ ژیان دروستیکردوون و ناشێ و نابێ بە ناهەق و لەخت و خۆڕایی هیچ کەس و گەل و نەتەوەیەک لە ژیان بکرێت و لەناوببرێت، ئەگەر ئەوە ڕوویدا، مرۆڤ بۆی هەیە دەنگ هەڵبڕێت و بە دەنگی بەرز هاواری خۆی بگەیەنێت و باسی خراپەی ستەمکار بکات، وەک قورئان دەفەرموێت: (لَا يُحِبُّ اللَّهُ الْجَهْرَ بِالسُّوءِ مِنَ الْقَوْلِ إِلَّا مَن ظُلِمَ وَكَانَ اللَّهُ سَمِيعًا عَلِيمًا)(٩). واتە: خودا پێی خۆش نیە بە ئاشکرا و دەنگی بەرز باسی خراپەی خەڵک بکرێت مەگەر بۆ کەسێ ستەمی لێ کرابێ، ئەو بۆی هەیە بە دەنگی بەرز و بە ئاشکرا هاوار بکات و باسی ستەمەکەی بکات، خوا بیسەر و زانایە.

٤- مافی خۆ بەڕێوەبەری: ئیسلام نەهاتووە گەل و نەتەوەیەک زاڵ بکات بە سەر گەل و نەتەوەیەکی تردا و یەکیان بکاتە پلە یەک و ئەوی تر پلە دوو و سێ، بەڵکو ئامانجی ئیسلام چەسپاندنی دادپەروەرییە، جا ئەگەر دادپەروەریی و دووربوون لە ستەم و ستەمکاری وای خواست گەلێک خۆی بەڕێوەببات ئەوا دەبێ ئیدارەی وڵاتەکەی یان دەڤەرەکەی خۆی لە دەستی خۆیدا بێت، ئەوەش بە ئاشکرا بەدی دەکەین لە مێژووی ئیسلام دا کاتێ مسوڵمانەکان ناوچەیەکیان ئازادکردووە، خەڵکەکەیان کردۆتە فەرمانڕەوای خۆیان، و خۆیان خۆیان بەڕێوە بردووە، هەروەها لە ویلایەت و هەرێم و میرنشینەکاندا گەلان لەوانەش گەلی کورد خۆیان ئیدارەی خۆیان کردووە هەروەک دواتر باسی دەکەین.

تەوەی دووەم/ سۆزی نەتەوایەتیی و قەواری سیاسی کوردیی

یەکەم: جیاوازی نێوان سۆزی نەتەوایەتیی و ڕەگەز پەرستی:

سۆزی نەتەوایەتیی و خۆشویستنی گەل و هۆز و تیرە و میللەتەکەت و یارمەتیدان و سەرخستیان لە حەقدا جیاوازە لە ناسیۆنالیزم و ڕەگەز پەرستی بە مانای خۆشویستن و سەرخستنی ڕەگەزی خۆت و گەل و میللەت و هۆزەکەت و ڕێزدانی بە سەر گەلانی تردا لە حەق و ناحەقدا.

چەمکی نیشتیمانپەروەریی و سۆزی نیشتیمانی یان نەتەوایەتی ئاماژەیە بەو سۆز و ئینتیما ویژدانییەی مرۆڤ بەرامبەر زێد و نیشتیمانی خۆی هەیەتی و دڵی بۆی دەسووتێ و بە چەندەها شێوە لە ڕەفتاری مرۆڤدا گوزارشتی لێ دەکرێت. دەڵێت

د. عبدالمنعم الحفني دەڵێت: (الوطنية شق القومية Nationalism، ومبحث القومية يعنى بالانتساب العرقي، ومبحث الوطنية يبحث في تبعات المواطنة من مشاعر وواجبات و حقوق، والقومية عاطفة لشعب هذا الوطن، بينما الوطنية عاطفة الوطن نفسه) (١٠). واتە: نیشتیمانپەروەری هاوتای نەتەوایەتییە، باس و خواسی نەتەوایەتیش گرنگیدانە بە بنەچە و ئینتیمای ڕەگەزیی، نیشتیمانپەروەریش باس لە دەرەنجام و دەرهاوێشتەکانی هاوڵاتیبوون دەکات لە هەست و سۆز و ئەرک و مافەکان، نەتەوایەتیش بریتیە لە بوونی سۆز بۆ گەلی ئەو نیشتیمانە، لەکاتێکدا نیشتیمانپەروەری بریتیە لە بوونی سۆز بۆ خودی نیشتیمانەکە. کەوابوو نیشتیمانیبوون و نەتەوەییبوون بە مانای خۆشویستنی مرۆڤ بۆ نیشتیمان و گەلەکەی و گرنگیپێدانی، غەریزەیەکی سروشتییە و سروشتی مرۆڤ دەیخوازێت و، بەم چەمکەوە هیچ دژایەتییەکی نییە لەگەڵ بەهاکانی ئیسلامدا،

**خۆشویستنی مرۆڤ بۆ وڵات و نیشتیمانەكەی غەریزەیەكی خۆڕسكی مرۆڤە و ئیسلام دژی ناوەستێتەوە.**

لێرەدا ئەم چەند خاڵە گرنگە ڕوون دەكەینەوە:

١- خۆشویستنی مرۆڤ بۆ وڵات و نیشتیمانەكەی غەریزەیەكی خۆڕسكی مرۆڤە و ئیسلام دژی ناوەستێتەوە.

٢- بەرگری مرۆڤ لە خاك و وڵاتەكەی كارێكی پەسند و خوازراوە، ئیسلام خەبات و جیهاد و شەڕی پێویست كردووە لەسەر خەڵكی وڵات كاتێك هێرشیانكرایە سەر، دەبێ گەنج و پیر و ژن و پیاو ئەوانەی لە توانایاندایە ڕابن و بەرگری لە نیشتیمانەكەیان بكەن.

٣- چەمكی نیشتیمانپەروەری ئەمڕۆ بۆتە چەمكێكی سیاسیی و مانا و مەبەستەكەی فراوان بووە و پەیوەستیشە بە ئینتیمای هزریی و چەندین پاشگریش بۆ نیشتیمان زیادكراوە، وەكو نیشتیمانی ئیسلامیی، نیشتیمانی عەرەبی، نیشتیمانی توركیی و فارسیی و فلان و فیسار دەوڵەت.

٤- لە دیدی ئیسلامەوە پێویستە خۆشویستنی نیشتیمان و سۆزی نەتەوایەتی بەندبێت بە بیروباوەڕ و پابەندبوون بە پەیامی خودایی، بە درێژایی مێژووی ئیسلامیش ئەوە سەلمێنراوە كە ئەوانەی بە ڕاستی و دڵسۆزی بەرگریان لە نیشتیمان و خاك و نەتەوەو وڵات كردووە و شكۆیان پاراستووە، بڕوادارە دەستپاك و هاوڵاتیە پاقژ و دڵسۆز و لە خواترس و نیشتیماندۆستەكان بوون(١١).

بەڵام نەتەوەگەرایی و ناسیۆنالیزم بە مانا ڕەگەزپەرستی (ڕاسیزم)یەكەی، كە بە دیدێكی خۆ بەزلزانیی و خودپەرستیی و بەكەم گرتنی ئەوانی تر دەڕوانێ و ڕەفتار دەكات، ئەوا ئیسلام ڕەتیدەكاتەوە، چونكە هەست و نەزعەیەكی نامرۆڤانەیە و ئەوانی تر ڕەتدەكاتەوە و هیچ حیسابێكیان بۆ ناكات، بۆیە دواجارماڵوێرانی و شەڕ و ئاشوبی بەدواوەیە.

ئەم نەتەوە گەراییە كوێرانە و بەرتەسكە هاوردە كراوە و نامۆیە بە سروشت و لێبوردەیی و ئەو پێكەوە ژیانەی پەیامی ئیسلام دەیخوازێت، پێغەمبەر(د.خ) بەمشێوەیە گوازرشتی لێ كردووە: (لیس منا من دعا إلى عصبیة، ولیس منا من قاتل على عصبیة، ولیس منا من مات على عصبیة)(١٢). واتە: لە ئێمە نییە كەسێك بانگەواز بۆ ڕەگەزپەرستیی و دەمارگیری بكات، و هەركەسێك لەسەر ڕەگەز پەرستیی و دەمارگیری شەڕ بكات لە ئێمە نییە، هەر كەسێكیش لەسەر ڕەگەز پەرستیی و دەمارگیری بمرێت لە ئێمە نییە. هەروەها دەفەرموێت: (دعوها فانها منتنة)(١٣). واتە: واز لەم دەمارگیریی و ڕەگەز پەرستیی بێنن، چونكە بۆگەنە.

پرسیاركرا لە پێغەمبەری ئیسلام دەربارەی دەمارگیریی و ڕەگەزپەرستی، فەرمووی: (أن تعین قومك على الظلم)(١٤). واتە: دەمارگیریی و ڕەگەزپەرستی ئەوەیە لە سەر ستەم و ناهەقی یارمەتی گەلەكەت بدەیی و پشتگیری بكەی.

ئەم جۆرە لە ڕەگەزپەرستی و دەمارگیرییە كە پێش ئیسلام و لە سەردەمی نەفامێتیدا باو

بوو، ئیسلام بەتوندی دژی وەستایەوە و لە بریدا خۆشویستنی نیشتیمان و یارمەتیدانی گەل و هۆزی بە شێوەی خۆرسكیی و لەسەر هەق چەسپاند و پەرەی پێدا، پێغەمبەر(د.خ) فەرمووی: (إن احداً جبلٌ يُحبُنا وَنحبُه)(١٥). واتە: ئوحود كێوێكە خۆشی دەوێین و خۆشمان دەوێت، هەروەها فەرمووی: (اللهم حبب الينا المدينة كحبنا مكة أو أشد)(١٦). واتە: خوایە شاری مەدینەمان لا خۆشەویست بكە وەك خۆشەویستیمان بۆ شاری مەككە یان زیاتریش. لەبارەی یارمەتیدانی گەل و هۆزیش لە فەرموودەیەكدا كە ئەبوداود گێراویەتییەوە دەفەرموێت: (خيركم المدافع عن عشيرته مالم يأثم). واتە: چاكترینتان ئەو كەسەیە بەرگری لە گەل و هۆزەكەی بكات، بە مەرجێك تووشی تاوان نەبێت، واتە لە سەر ناهەق نەبێت.

كاتێكیش مسوڵمانان دووركەوتنەوە لە پەیامەكەیان و بیری پەرگیریی و ناسیۆنالیزم و تۆرانیەت و عەرەبچێتی لە جیهانی ئیسلامیدا چەكەرەی كرد، ئیتر وای لێهات وەك د. یوسف قەرەزاوی دەڵێت: بیری نەتەوەپەرستیی و ناسیۆلیزم مسوڵمانانی پەرتكرد و وایلێكردن بەر لە بیروباوەڕەكەیان بیر لە نیشتیمان و نەتەوەی خۆیان بكەنەوە و، كەسانی بێباوەڕ و دوور لە دین مادام لە ڕەگەز و وڵاتی خۆیان بن پێش هەر ڕەگەز و وڵاتێكی تریان بخەن و مسوڵمانێك مادام لە ڕەگەز و نەژادی خۆیان نەبێت بەبێگانە سەیری بكەن، ئیتر بیری نەفامێتی نوێ سەریهەڵدا كە بانگەواز بۆ دەمارگیریی نەتەوەیی بكات نەك برایەتی ئیسلامیی، بەڵكو نیشتیمان و گەل و نەتەوەكان بوون بەبتی نوێ و لەبری خوا پەرستران.. توركەكان بانگەشیان بۆ تۆرانیەت و، عەرەبەكان بانگەشەیان بۆ عەرەبایەتی كرد، تاگەیشت بەوەی لە گەڵ یەكدا بجەنگن و یەكتر بكوژن..(١٧).

## دووەم: سۆزی نەتەوایەتی كورد و هەوڵدانی بۆ قەوارەی سیاسی:

وەك ڕوونمانكردەوە خۆشویستنی خۆرسكانەی مرۆڤ و سۆزی بۆ گەل و نەتەوە و هۆزەكەی كارێكی ئاسایی و سروشتییە و پێچەوانە و دژ نییە بە بنەماكانی ئیسلام و بەها بەرزەكانی، كەوابوو برِوابوونی مرۆڤی مسوڵمان بە ئایینەكەیی و دینداربوونی ئینتیما نەتەوەییەكەی ناسڕێتەوە، بەڵگەش ئەوەیە ئیسلام لەكاتێكدا برایەتی خستە نێوان مسوڵمانان لە هەموو گەل و نەتەوە جیاوازەكان، بەڵام تایبەتمەندییە نەتەوەییەكانیانی نەسڕیەوە و هەریەكەیان بەناوی گەلی خۆیان بانگ دەكران و بەو ناوەوە دەناسران، ئەوەتا دەبینین هەریەكە لە (بیلالی حەبەشی، سەلمانی فارسی، سوهەیبی ڕۆمی، گاوانی كوردی) پارێزگاریان لە نەتەوە و گەلی خۆیان كردووەو بەو ناوەوە ناسراون و بانگكراون.

ئەم بەیەكەوەبوون و خۆشەویستیی و یەكتر قبوڵكردنە بێ سڕینەوەی بەرامبەر، وایكردبوو كە گەلانی ژێردەسەڵاتی ئیسلامیی هەست بە ستەم و پەراوێز خستن نەكەن و وا نەزانن هاوڵاتی پلە دوون، تاكاتێك بیری ڕەگەزپەرستیی و ناسیۆنالیزمی بەشێوەی دەمارگیری كوێرانە و ڕەتكردنەوەی ئەوی تر هاتە نێو جیهانی ئیسلامیی ئەو كاتە هەرگەل و نەتەوەیەك هەستی كردووە جیایە و پێویستە كار بۆ قەوارەی سەربەخۆی خۆی بكات، ئەوەتا مێژوو نووسی كورد محەمەد ئەمین زەكی بەگ لە (خولاسەی تەئریخی كوردو كوردستان)دا ئاماژە بەو ڕاستییە دەكات كە تا تۆرانیەت دروست نەبوو كە دەمارگیری توركایەتی كردبووە دروشم، ئەو هەستی نەكردووە كوردە و ڕەگەزی جیایە، بەڵام كە توركەكان ئاڵای توركایەتییان هەڵگرت و بانگەوازیان بۆ تۆرانیەت كرد، ئەویش هەستی نەتەوایەتی جوڵاوە و وتوویەتی بۆچی منیش كوردایەتی نەكەم.

که‌وابوو سۆزی نه‌ته‌وایه‌تی کورد(١٨) سۆزێکی خۆڕسک و له‌ جێی خۆیدایه‌ و هه‌ڵقوڵای واقیعی ناسۆر و بێبه‌شی و ده‌رهاوێشته‌ی سته‌م و هه‌وڵدان بوو بۆ سڕینه‌وه‌ی ناسنامه‌ و تایبه‌تمه‌ندییه‌ نه‌ته‌وه‌ییه‌کانی که‌ خودا پێی به‌خشیوه‌ و، مافی دروستکردنی قه‌واره‌ی سیاسی خۆی هه‌یه‌ وه‌ک نه‌ته‌وه‌ و گه‌ل و میلله‌تانی تری برای له‌ ناوچه‌که‌دا، وه‌ک دواتر زیاتر تیشکی ده‌خه‌ینه‌ سه‌ر.

## ته‌وه‌ری سێیه‌م/ مافی گه‌لی کورد له‌ دیاریکردنی چاره‌نووسی خۆی:

بۆ ته‌ئصیلکردنی مافی گه‌لی کورد له‌ گه‌یشتن به‌ مافه‌ ساسییه‌کانی و دیاریکردنی چاره‌نووسی خۆی، له‌ دوو برگه‌دا قسه‌ له‌ سه‌ر ئه‌م ته‌وه‌ره‌ ده‌که‌ین: ماف و ئازادییه‌کان له‌ ئیسلامدا، دادپه‌روه‌ریی و یه‌کسانی گه‌ل و نه‌ته‌وه‌کان له‌ ڕوانگه‌ی ئیسلامه‌وه‌.

### یه‌که‌م: ماف و ئازادییه‌کان له‌ ئیسلامدا.

سسته‌می ماف و ئازادییه‌کان له‌ ئیسلامدا بنه‌مایه‌کی فیکری هه‌یه‌ که‌ له‌سه‌ری وه‌ستاوه‌ که‌ ئه‌ویش هه‌ڵقوڵاوی بیروباوه‌ڕی ئیسلامییه‌، که‌ یاسای ئیسلامیی لێیه‌وه‌ سه‌رچاوه‌ی گرتووه‌ که‌ ماف و ئازادییه‌کان به‌شێوه‌یه‌ک ڕێکده‌خات به‌رژه‌وه‌ندی تاک و کۆمه‌ڵ پێکه‌وه‌ ده‌سته‌به‌ر ده‌کات، ئه‌و ماف و ئازادییانه‌ش که‌ بۆ هه‌موو گه‌ل و نه‌ته‌وه‌ و هۆز و که‌سێک چوون یه‌که‌، به‌ گره‌نتییه‌کی گه‌وره‌و گرنگ داده‌نرێن بۆ پێشگیریکردن له‌ سته‌م و ده‌ستدرێژی ده‌سه‌ڵاتداران بۆ سه‌ر خاوه‌ن ماف و ئازادییه‌کان، هه‌روه‌ک (ناکرێت هه‌ڵبووه‌شێنه‌وه‌ یان بسڕێنه‌وه‌ یاخود ده‌ستیان به‌سه‌ردا بگیرێت چونکه‌ ئه‌م کاره‌ له‌ سه‌ر ڕووی (تشریع)ه‌وه‌ ئه‌سته‌مه‌ و، له‌لایه‌کی تره‌وه‌ سیفه‌تی گشتگیرییان هه‌یه‌ و هه‌موو جۆره‌ ماف و ئازادییه‌کان ده‌گرنه‌وه‌ ئابووری، کۆمه‌لایه‌تی، و ئه‌وانی تر، هه‌روه‌ک سیفه‌تی گشتییان هه‌یه‌ و بۆ هه‌موو خه‌ڵکی ده‌شێن چ ئه‌وانه‌ی پابه‌ندن به‌ ئیسلام و چ ئه‌وانه‌ی نامسوڵمانن مادام هاوڵاتین له‌ سایه‌ی ده‌وڵه‌تی ئیسلامی دا..)(١٩).

ئازادی ته‌نها شتێکی ڕێگه‌ پێدراو یان به‌خششێکی خودایی نییه‌ بۆ بوون، به‌ڵکو له‌ لایه‌که‌وه‌ پێویست (واجب)ه‌ و، له‌لایه‌کی تره‌وه‌ هه‌وڵ و خه‌بات و زه‌حمه‌تکێشانی به‌رده‌وامه‌ بۆ تێپه‌ڕاندنی زه‌رووره‌ت و پێویستی له‌ ڕێگه‌ی خۆماندوو کردن و ڕه‌نج و تێکۆشانی نه‌فسه‌ بۆ وادار کردنی به‌ هه‌ڵگرتنی ئه‌رک و کاره‌ به‌رزه‌کان و، تێکۆشان دژ به‌ هێزه‌ شه‌ڕانگێزه‌کان و نه‌فامێتی له‌ ده‌ره‌وه‌ له‌ پێناو به‌رزکردنه‌وه‌ی وشه‌ی ڕاستیی و دادپه‌روه‌ریی و ئازادی.. به‌ ئه‌ندازه‌ی ئه‌وه‌ مرۆڤی بڕوادار ده‌سکه‌وتی خۆی له‌ ئازادی وه‌ده‌ست دێنێت. مافی مرۆڤ له‌ ئیسلامدا له‌ بنه‌مایه‌کی باوه‌ڕییه‌وه‌ سه‌رچاوه‌ ده‌گرێت که‌ مرۆڤ له‌ خودی خۆیدا ڕێز لێگیراوێکی خوداییه‌ و جێنشینی خوایه‌ له‌سه‌ر زه‌ویدا، ئه‌مه‌ش کۆمه‌ڵێک ئه‌رک و به‌رپرسیارێی ده‌خاته‌ سه‌رشانی و چه‌ندین مافی پێده‌دات که‌ که‌س ده‌سه‌ڵاتی به‌ سه‌ریانه‌وه‌ نییه‌(٢٠).

ئیسلام له‌کاتێکدا دان به‌ ماف و ئازادییه‌ گشتییه‌کاندا ده‌نێت و خورتی کردن له‌ ئاییندا ڕه‌تده‌کاته‌وه‌ (لَاإِكْرَاهَ فِي الدِّينِ)(٢١)، ئه‌و مافه‌شی داوه‌ به‌ گه‌ل و نه‌ته‌وه‌کان کاتێک مافیان نادرێت، دژی ده‌سه‌ڵاتداری خۆسه‌پێن بووه‌ستنه‌وه‌ و له‌ فه‌رمانی ده‌ربچن، خیلافه‌ت و فه‌رمانڕه‌وایی و ده‌سه‌ڵات له‌ ئیسلامدا گرێبه‌ست و په‌یمانه‌، له‌ به‌رامبه‌ر گوێڕایه‌ڵی و پابه‌ندبوون به‌ یاساو بڕیار و فه‌رمانه‌کانی پێشه‌وا و فه‌رمانڕه‌وا، به‌رپرسیارێتی گه‌وره‌ ده‌که‌وێته‌ سه‌رشانی که‌ پێویسته‌ به‌ ئه‌مانه‌ته‌وه‌ ئه‌دای بکات: (إنَ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَىٰ أَهْلِهَا )(٢٢). پێشه‌وا و ده‌سه‌ڵاتدار وه‌ک ئه‌میندارێک وایه‌ له‌سه‌ر ده‌سه‌ڵات و کورسی حوکمڕانیی و له‌بری میلله‌ت مومارەسه‌ی ده‌کات و ده‌بێ پابه‌ند بێت به‌ بنه‌ما و ڕێنماییه‌کانی ئیسلام و مافی هه‌موو گه‌ل و نه‌ته‌وه‌و تاکه‌کان بپارێزێت، جا وه‌ختێک له‌ سنوور

دەرچوو پێویستە بە گوێی نەکرێت و فەرمانەکانی ڕەتبکرێنەوە، هەروەک ئیسلام حوکمی پۆلیسیی و سەرکوتکاری و ئازاردانی خەڵک و سیخوڕی کردن و بێبەشکردنیان لە ماف و ئازادییەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتدا قەدەغە کردووە.

## دووەم: دادپەروەریی و یەکسانی گەل و نەتەوەکان لە ڕوانگەی ئیسلامەوە:

دادپەروەریی و یەکسانیش وەک لقێکی دادپەروەری یەکێکە لە تایبەتمەندیی و سیما دیارەکانی ئیسلام و کۆمەڵگەی ئیسلامی، زێدەڕۆیی نییە گەر بڵێین کۆمەڵگەی ئیسلامیی جەستەیەکە و دادپەروەریش ڕۆحەکەیەتی(٢٣)، لە دادپەوەرییەوە یەکسانبوونی هاوڵاتیان و گەل و نەتەوەکان لە ماف و ئازادییەکانیان بەرجەستە دەبێت، ئایینی ئیسلام پێداگری دەکات لەسەر دادپەوەریی و یەکسانی هەمووان وەکو یەک و بێ جیاوازی لە ماف و ئازادی و ژیان و سوودمەند بوون لە هەموو جۆرەکانی دادپەوەریی و یەکسانی.

پێغەمبەرانی خودا بۆ چەسپاندنی دادپەوەری نێردراون: (لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ)(٢٤). چەندەها ئایەتی قورئان هەن فەرمان بە دادپەروەری دەکەن، لەوانە: (إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ)(٢٥). واتە: بێگومان خودا فەرمان بە دادپەوەریی و چاکەکردن دەکات.

خوای گەورە بوونی زمان و ڕەنگ و ڕەگەزی نەکردووە بە بنەما و تەرازووی گەورەیی و ڕێز و پلەوپێگەی هیچ کەس یان گرووپ و گەل و نەتەوەیەک بەسەر ئەوی تردا، ئەم جیاوازییە لە زمان و ڕەنگ و نەژادادا (ناکۆکیی و دووبەرەکی ناخوازێت، بەڵکو هاوکاریی و یارمەتیدانی یەکتر دەخوازێت بۆ هەستان بە جێبەجێکردنی هەموو ئەرکەکان و ئەنجامدانی گشت پێویستییەکان، لە تەرازووی خوادا ڕەنگ و ڕەگەز و زمان و نیشتیمان و تەواوی ئەم مانایانە هیچ حسابێکیان بۆ ناکرێت، تاکە تەرازوویەک کە بەهاکانی پێ دیاری دەکرێت و ڕێز و گەورەیی خەڵکی پێ دەزانرێت بریتییە لە (إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ)، بەڕاستی ڕێزدار ئەو کەسەیە لای خوا بەڕێز بێت، هەر ئەویشە لە ڕووی زانست و ئاگاداریی و شارەزاییەوە بە بەهاو تەرازووەکان دەتانکێشێت)(٢٦).

کەوابوو پێوەری ڕاستەقینە بۆ ڕێز و گەورەیی بە زمان و ڕەنگ و نەژاد نییە و هیچ گەل و نەتەوەیەک باڵادەستی نییە بەسەر گەل و نەتەوەیەکی تردا تەنها بە پێوەری باوەڕ و زانست و کردەوەی چاک نەبێت، بۆیە لە چەندین فەرموودەدا هاتووە کە هیچ عەرەبێک ڕێز و گەورەیی نییە و باڵاتر نییە لە نا عەرەبێک و هیچ نا عەرەبێک ڕێز و گەورەیی و باڵادەستی نییە بەسەر عەرەبێکدا، هەروەها هیچ سوورێک بە سەر ڕەشدا و هیچ ڕەشپێست و سپی پێستێک بەسەر ئەوی تردا فەزڵ و گەورەیی نییە تەنها بە لە خودا ترسان و چاکە نەبێت.

کەواتوو دادپەروەریی و یەکسانی لە دیدی ئیسلامەوە ئەوە دەخوازێت کە هەموو گەل و نەتەوەو گرووپ و کۆمەڵێکی نەژادی لە بەرامبەر یاسا و دادگا و پلە و پۆست و کار و پیشە و ژیان و گوزەران و هەموو ئیمتیازێکی تری دنیاییدا یەکسانبن، لەم سۆنگەوە هەرچەشنە ستەم و دەمارگیریی و لوتبەرزیی و خۆسەپاندنێکی نەتەوەیی ڕەتدەکرێتەوە.

لە ژێر تیشکی ئەوەی ڕابردوو، دەتوانین بڵێین:

١- ئیسلام دان بەبوونی گەل و نەتەوە جیاوازەکان و ڕەنگ و زمان و نەژادیاندا دەنێت و بە یەکێک لە نیشانە و بەڵگەکانی خۆی لە قەڵەمیان دەدات، قورئان دەفەرموێت: (وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ)(٢٧). واتە: یەکێکی تر لە نیشانەکانی توانایی خوا دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویی و جیاوازی زمان و ڕەنگتانە، بەڕاستی لەمەدا چەندین نیشانە و بەڵگە هەن لە سەر گەورەیی و

توانایی خودا بۆ زانایان. کەوا بوو هەر هەوڵدانێک لە ڕابردوودا بووبێت یان لە داهاتوودا هەبێت بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەایەتی گەلی کورد دژی فەرمان و ویستی خوای گەورەیە کە ئەو گەلەی دروستکردووە، پێغەمبەرانی پێشووش وەک قورئانی پیرۆز لە چەندەها شوێندا باسی دەکات - بە (یاقومی) ئەی گەل و هۆزەکەم بانگی گەل و میللەتانی خۆیان کردووە و هیچ خراپەیەکیان لەوەدا نەبینیوە، بەڵکو ئەوە دەربڕی هەست و سۆز و غەریزەیەکی خۆڕسکیی و سروشتیش بووە لایان.

ئەگەر کورد لە ئێران بە (مردم کرد) واتە خەڵکی کورد ناودەبرێت نەک گەلی کورد (الشعب الكردي) و، لە تورکیا بە (تورکی شاخاوی) ناوزەد کراون و، لە سوریا تەنانەت لە پێدانی ڕەگەزنامەش بێبەشکراون و لە عێراق هەوڵی سڕینەوەیان بەیەکجاری دراوە، هەمووی پێچەوانەی بڕیارو ویستی خودا و ئایینەکەیی و، هەموو پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانە.

٢- ئازادی ئاخاوتن بە زمانی دایک و بەکارهێنانی بۆ هەر گەل و نەتەوە و پێکهاتەیەک لە ئیسلامدا دەستەبەرکراوە و، هیچ گەل و نەتەوە یان دەوڵەت و دەسەڵاتێک بۆی نییە زمانێکی دیاریکراو بسەپێنێت بەسەر هەمووانداو دژایەتی زمانەکانی تر بکات، تەنانەت خودای گەورە هەر پێغەمبەرێکی ناردبێ بە زمانی میللەتەکەی ناردوویەتی تا بۆیان ڕوون بکاتەوە و تێی بگەن: (وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ)(٢٨).

٣- ئیسلام داندەنێت بەسەربەخۆیی ئابووری گەل و نەتەوەکان، یان هەرێم و ویلایەتەکان لە سنووری دەوڵەتدا و بۆیان هەیە سامانی سروشتی و داهاتی خۆیان لە بەرژەوەندی دانیشتوانەکانیان خەرج بکەن و لە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەو وە پەرەپێدان و خزمەتگوزاریدا بیخەنە گەڕ، ئەمەش بەپێی ئەو بنەما شەرعییەی دەڵێت: (تؤخذ من اغنيائهم و ترد على فقرائهم)، واتە: سەروەت و سامان لە دەوڵەمەندەکانیان وەردەگیرێت و بۆ هەژارەکانیان دەگەڕێنرێتەوە، بۆیە لە ڕوانگەی ئەم فەرموودەیەوە زانایان فەرموویانە زەکات نابێ لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر بگوازرێتەوە مادام لەو شوێنە هەژار و نەدار و خەڵکی کەمدەرامەت بوونیان هەیە.

٤- ئیسلام سەربەخۆیی سیاسیی و کارگێڕی گەل و نەتەوە و دەڤەرەکانیش دەسەلمێنێت، لە مێژووشدا نموونە زۆرن، پێغەمبەر (د.خ) کاتێ نامەی دەنارد بۆ سەرۆک و پادشاکانی سەردەمی خۆی داوای لێ دەکردن کە ئەگەر مسوڵمان ببن خۆتان ئیدارەی وڵاتی خۆتان بکەن، لە سەردەمی فتوحاتی ئیسلامیشدا کاتێک ناوچەیەک ئازاد دەکرا، دانیشتوانەکەی دەکرانە دەسەڵاتدار و بەڕێوەبەری ناوچەکەیان.

سستەمی ویلایاتی ئیسلامیش کە بە درێژایی مێژووی دەسەڵاتی ئیسلامیی جێبەجێکراوە، سستەمێکی پێشکەوتوو بووە بە حوکمی تایبەتمەندیی و دەسەڵاتە زۆرەکانی کە دەسەڵاتی بڕیاردان و جێبەجێکردن و دادوەریی و دارایی دەگرتەوە، زیاتر لە لامەرکەزیەتی سیاسی نزیک بوو تا لامەرکەزیەتی ئیداری، ویلایەتەکان لە سایەی دەسەڵاتی ئیسلامیدا خاوەن سوپای خۆیان و هێزی سەربازیی و ئابووری بوونە، تەنانەت لە دەوڵەتی عوسمانیدا وێڕای گەل و نەتەوە مسوڵمانەکان، سەربەخۆیی سیاسیی و کارگێڕیی و مافەکانی تر بە میللەت و گرووپەکانی تریش درابوو (یۆنان، لاتین، جولەکە، ئەرمەن)، بەتایبەت ئەو سەربەخۆییە درابوو بە دانیشتوانی نیشتەجێی هەرێمێکی دیاریکراو(٢٩).

هەندێ لە ویلایەتەکان دراوی تایبەت بە خۆیان دەرکردووە و مومارەسەی پەیوەندییەکانی دەرەوەیان کردووە، کە ئەمە لە سستەمی فیدراڵیدا لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵیدایە وێڕای بوونی

# خیلافەت و فەرمانڕەوایی و دەسەڵات لە ئیسلامدا گرێبەست و پەیمانە

هێزی سەربازی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا.

لە پاڵ ئەو ویلایەتانەی لە سەردەمی ئیسلامیدا بوونیان هەبوو، دەیان هەرێم و میرنشینی سەربەخۆ یان نیمچە سەربەخۆش بوونیان هەبووە و کاروباری ناوخۆی خۆیان بەڕێوەبردووە، هەربۆ نموونە چەندین میرنشینی کوردی هەبوون لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا کە لە هەموو کاروبارە ناوخۆییەکانیاندا سەربەخۆ بوون، کوردستانیش وەک مێژوو نووس محەمەد ئەمین زەکی بەگ ئاماژەی پێ کردووە بەسەر چەندین سەنجەق (لیوا یان بەڕێوەبەرایەتی)دا دابەشکرابوو کە میرێکی کوردی سەرۆکایەتی دەکرد، هەر میرنشینێکیش لە چەند سەنجەقێک پێکدەهات، میرێک کە پێی دەوترا میری میران سەرۆکایەتی دەکرد، پێویست بوو لە کاتی شەڕدا میرنشینەکە هاوکاری سوڵتان بکات و هێزی چەکداری بۆ ڕەوانە بکات(٣٠).

٥- ئەگەر مافی بڕیاردانی چارەنووس بریتی بێت لە مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووس و داهاتووی خۆیان بەشێوەیەکی ئازادانە وەک یەکێک لە گرنگترین پرەنسیپەکانی پەیوەست بە مافەکان کە پەیماننامە و بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان ئیقراریان کردووە، ئەوا گەلی کوردیش مافی خۆیەتی بڕیار لە ئایندەی خۆی بدات و مافی خۆبەڕێوەبەری مومارەسە بکات و بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە شێوازی پێکەوە ژیانی خۆی لە گەڵ گەلانی تر و دەوروبەری دیاری بکات لە: ئۆتۆنۆمی، فیدراڵی، یەکگرتنی ئارەزوومەندانە، سەربەخۆیی و بنیاتنانی دەوڵەت و قەوارەی سەربەخۆی خۆی وەک هەموو گەل و میللەتانی برای لە ناوچەکەدا، چونکە هەرمافێک بۆ گەلانی تر هەبێت بەپێی شەریعەتی ئیسلام، بۆ گەلی کوردیش هەیە بێ زیاد و کەم، جا ئەگەر دەکرێت دەوڵەتێکی ئیسلامیی جیهانی پێکبێت، کوردستانیش دەبێتە کۆمارێک لە کۆمارەکانی ئەو دەوڵەتە ئیسلامییە، ئەگەر ئەوەش لەم قۆناغەدا مەیسەر نابێت، مافی گەلی کوردە کە خاوەنی توخمە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی دەوڵەتە ببێتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیی و بە ئاشتی لە گەڵ گەلانی برای خۆیدا لە ناوچەکە پێکەوە بژیت و بە ئامانجی سروشتی خۆی لە دیاریکردنی مافی چارەنووس و ئایندەی خۆی بگات و کۆتایی بە ستەم و چەوسانەوەی یەک سەدەی ڕابردووی بێت.

## کۆتایی

لە کۆتایی ئەم نووسینەدا پوختەیەکی گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژەر پێی گەیشتووە دەخەینە ڕوو:

١- خوای گەورە گەردوون و هەرچی لە گەردووندا هەیە دروستی کردووە و مرۆڤایەتی گێڕاوە بە چەندین گەل و نەتەوە و هۆزی جیاواز و هەست و سۆزی نەتەوایەتی لە مرۆڤدا دروستکردووە کە ئینتیمای بۆ گەل و هۆزی خۆی

هەبێت و خۆشی بوێت، بۆیە ئەم هەستە خۆڕسکە سروشتیی و ئاساییە و گەلی کوردیش کە یەک لەو گەلانەیە کە خودا دروستیکردووە و ڕەنگ و زمان و خاک و تایبەتمەندی پێداوە، بۆی هەیە بەرگری لە خۆی بکات و دژی هەر ستەم و چەوساندنەوە و بە کۆیلە کردنێک بووەستێتەوە و هەوڵی خۆڕزگار کردن بدات لە ژێر دەستەیی و داگیرکاری و پاشکۆیەتی، ئەمە لە دیدگای ئیسلامەوە ڕەواو ڕێگە پێدراوە.

٢- ئیسلام هەرجۆرە ڕەگەزپەرستیی و دەمارگیرییەکی نەتەوەیی و خۆسەپاندن و خۆ بە گەلی هەڵبژێردراو و گەورەتر لە قەڵەمدان و ڕێزدانی بەسەر ئەوانی تردا ڕەتدەکاتەوە و، هەموو گەل و نەتەوەکان لە دیدی پەیامی خودایی یەکسانن و کەس لەوی تر گەورەتر نییە مەگەر بە چاکە و زانست و لە خوا ترسان و خزمەت نەبێت، بۆیە هەرجۆرە هەڵاواردنێک لە سەر بنەمای ڕەگەز و نەژادەوە بێت ڕەتکراوەیە.

٣- بنەمای ماف و ئازادییەکان و دادپەروەریی و یەکسانی گەل و نەتەوەکان لە ئیسلامدا و دژایەتی ستەم و دەمارگیریی و کۆیلایەتی، هەموو ئەوە دەخوازن گەلان مافی وەک یەکیان هەبێت و عەرەبێک و فارسێک و تورکێک لە گەڵ کوردێکدا جیاوازی نەبێت و کەس خۆی هەڵنەکێشێت و بە لوتبەرزی و لەخۆبایی بوون هەوڵی سڕینەوەی گەلەکەی تر نەدات، چونکە لە تەرازووی ئیسلامدا هەمووان چوون یەکن و هەرمافێک بۆ یەکیان هەبێت بێ سێ و دوو بۆ ئەوەی تریش هەیە هەر لە مافی ژیان و ئاخاوتن بە زمانی دایک تادەگاتە مافی خۆبەڕێوەبەریی و سەربەخۆیی سیاسیی و کارگێڕیی و ئابووری، ئەمەش مافی برایەتی مسوڵمانە لە سەر یەکتر و لەدەقە پیرۆزەکاندا جەختی لەسەر کراوەتەوە.

٤- مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک هەموو گەلانی تری ناوچەکە، مافێکی ڕەوای گەلی کوردستانە وەک ڕەنگدانەوەی بنەمای دادپەروەریی و یەکسانی گەل و نەتەوەکان لە ئیسلامدا، بەڵکو ئەو مافە بەشێوەی کرداری لە مێژووی ئیسلام و مسوڵماناندا پیادەکراوە و گەلی کورد توانیویەتی لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامیی و دەسەڵاتی ئیسلامییدا لەگەڵ هەر تێبینی و سەرنجێک لەو ڕووەوە ببێتە خاوەن دەیان میرنشین و حکومەتی خۆبەڕێوەبەری لە کوردستان کە تا ئاستی سەربەخۆیی سیاسیی و سەربازیی و دارایی مومارەسەی دەسەڵاتەکانیان کردووە.

٥- پێویستە لە سەر هەموو مسوڵمانان و گەلانی برای لە ناوچەکەدا دەست هەڵگرن لە چەوساندنەوەی گەلی کوردی برایان و نکۆڵیکردن لە مافەکانی و، پشتیوانی لێ بکەن و یارمەتی بدەن لە خەباتی ڕەوای بۆ ڕزگاربوون لە ستەم و داگیرکاری کە بەرهەمی سیاسەتی ئیمپریالیزم و داگیرکەران و (سایکس - پیکۆ)یە، ئەمەش بەشێکە لە بەجێهێنانی مافی برایەتی و بەدیهاتنی سەرەتای یەکسانی گەل و نەتەوەکان و دادپەروەری لە پەیوەندی نێوانیاندا.

٦- لەم قۆناغەدا، بۆ گەیشتنی گەلی کورد و کوردستان بە مافە نەتەوەییەکانی و بڕیاردانی چارنووسی خۆی، بە دیدی ئێمە چارەسەر ئەوەیە:

- ئەگەر دەلوێت دەوڵەتێکی ئیسلامیی وەک دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئیسلامیی یان دەوڵەتی کۆمارە یەکگرتووەکانی ئیسلامیی پێکبێت، کوردستانیش کۆمارێک بێت لە کۆمارەکانیی و لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە بەرفراوانەدا خۆی بەڕێوەببات.

- ئەگەرنا، کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و بە ئاشتیی و برایەتی لە گەڵ گەلانی تری برای لە ناوچەکەدا بژیت و مافە سروشتییەکانی خۆیی و دەسەڵاتەکانی لە خاکی خۆیدا پیادە بکات.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


(١) سورەتی حوجورات، ئایەتی (١٣).

(٢) د. عبدالمنعم الحفني، المعجم الشامل لمصطلحات الفلسفة، ط٣، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٠، ص ٤٣٨.

(٣) سورەتی شورا، ئایەتی (٨)

(٤) موسلیم ڕیوایەتی کردووە، بڕوانە: رياض الصالحين، الإمام النووي، تحقيق أحمد أبو زينة ، مكتبة النهضة العربية، ١٩٧٠، ل ٩٩.

(٥) اخرجه مسلم والترمذي عن أبي ذر الغفاري.

(٦) تيرمذي ڕیوایەتی کردووە و بە فەرموودەیەکی (حسن) ناوی بردووە. بڕوانە: رياض الصالحين، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٦.

(٧) متفق عليه، رياض الصالحين، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٩.

(٨) سورەتی شورا، ئایەتی (٣٩).

(٩) سورەتی نیسا ، ئایەتی (١٤٨).

(١٠) د. عبدالمنعم الحفنی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٤٥.

(١١) د. محمد بن لطفي الصباغ، الوطنية في نظر الاسلام: www.alukah.net/sharia

(١٢) اخرجه ابو داود (٥١٢١) الالباني حديث رقم : ٤٩٣٥ في ضعيف الجامع.

(١٣) رواه مسلم.

(١٤) رواه ابو داود.

(١٥) رواه الشيخان.

(١٦) متفق عليه.

(١٧) د. يوسف القرضاوي، الحلول المستوردة وكيف جنت على أمتنا، ط٦، دار الصفوة للطباعة، القاهرة، ١٤٢٦ هـ - ٢٠٠٦م، ص ٥٥.

(١٨) سەبارەت بە سۆزی نەتەوایەتی و مافی هەر گەل و نەتەوەیەک بە تایبەت گەلی کورد لە بەرگری کردن لە نیشتیمانەکەی.. بڕوانە: عەلی باپیر، سۆزی نەتەوایەتی، چاپخانەی شەهیدانی گردی ڕەمکان، ١٤٠٩ک - ١٩٨٩ز، ل ٥٨ و دواتری.

١٩ د. منير حميدي البياتي - النظام السياسي الإسلامي مقارنة بالدولة القانونية، ط٣، دار النفائس، الأردن، ١٤٣١ هـ - ٢٠١١م، ص ١١٧.

٢٠ . راشد الغنوشي، الحريات العامة في الدولة الإسلامية، ج٢، دار الشروق، القاهرة، ٢٠١٢، ص ١٨٥ - ١٨٦.

٢١ سورەتی البقره، ئایەتی ( ٢٥٦ ).

٢٢ سورەتی نیسا ، ئایەتی (٥٩).

٢٣ د. منير حميد البياتي، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨.

٢٤ سورەتی حەدید، ئایەتی (٢٥).

٢٥ سورەتی نەحل، ئایەتی (٩٠).

٢٦ سيد قطب، في ظلال القرآن، المجلد السادس، ط١٥، دار الشروق، القاهرة، ١٤٠٨هـ - ١٩٨٨م، ص٣٣٤٨.

٢٧ سورەتی ڕۆم، ئایەتی (٢٢).

٢٨ سورەتی ئیبراهیم ئایەتی(٤).

٢٩ د. أحمد ابراهيم الورتي، النظام الفدرالي بين النظرية و التطبيق، ط٢، مكتب التفسير للنشر والاعلان، اربيل، ١٤٣٤هـ - ٢٠١٣، ص ١٥٣ .

٣٠- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣.

# مافی چارەی خۆنوسین
# دیدێکی ئیسلامیانە

زاراوە، یا چەمکی مافی چارەی خۆنوسین چەمکێکی تازەی یاسایی سیاسی نێودەوڵەتیی و زانستە سیاسییەکانە، لە سەردەمی گەشانەوە و تۆمارکردنی فیکر و فیقهی ئیسلامی بوونی نەبووە، دوای مۆدێرنە و سەرهەڵدانی فۆرمی نەتەوەیی بۆ دەوڵەت و ڕێکخستنی سیاسی کۆمەڵگە مرۆییەکان پەیدا بووە، بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەگەر لە دووتوێی کتێبە فقهیی و سەرچاوە پێشینەکان پێناسە نەکرابێت. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ناتوانرێت بە دیدێکی ئیسلامیانە پێناسە و تیۆریزە بکرێت، یا یەکێك لەو پێناسانە کە کراوە وەربگیرێت.




**عومەر ئیسماعیل ڕەحیم**

لەدایکبووی ١٩٦٧، کۆیە.

ماستەر لە فیکری ئیسلامی

شارەزا و توێژەر لە هزری سیاسی ئیسلامی.

## پێناسەی مافی چارەی خۆنوسین:

لەگەڵ ئەوە مافی چارەی خۆنوسین لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و زۆربەی وڵاتانی جیهان مافێکی دانپێدانراوە، بەڵام لە فیقهی سیاسی هاوچەرخیش دیدگای جیاواز و جۆراوجۆر هەیە سەبارەت بە پێناسەکردنی مافی چارەی خۆنوسین، هەروەها هەڵوێستی وڵاتان سەبارەت بەو مافە جیاوازە، هەر ئەمەش وایکردووە لە جیاتی یەک پێناسەی ستاندارد چەند پێناسەیەکی جیاواز بەڵام لە یەک نزیکمان هەبێت.

هەندێک دەڵێن: مافی چارەی خۆنوسین بریتییە لە کارکردن بۆ دابینکردنی ئازادی تەواو بۆ هەر گەلێک، تا بتوانێت بریار لە چارەنوسی سیاسی خۆی بدات و خۆی کاروباری خۆی بەرێوەببات، دوور لە هەر دەستتێوەردان و سەرپەرشتییەکی دەرەکی لایەنە نێودەوڵەتییەکان(١).

هەندێکی تر دەڵێن: بریتییە لە مافی گەل یان نەتەوەیەک لە هەڵبژاردنی ئازادانەی جۆری حوکم و دەسەڵاتی سیاسی تایبەت بەخۆیی و رێکخستنی بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابووریی و رۆشنبیرییەکانی(٢).

هەندێکی تر پێیانوایە: بریتییە لە هەوڵدانی هەر دەوڵەتێک و ئومێدەواری کۆکردنەوەی هاونەتەوەکانی لەناو سنوری سیاسی دەوڵەتەکەیدا(٣).

یان بریتییە لە: ئازادی گەلان لە دیاریکردنی بژاردەیان بۆ سستەمی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی بەبێ دەستتێوەردانی بیانی(٤).

ئەو پێناسانە و چەندینی تریش کراوە بۆ مافی چارەی خۆنوسین، جیاوازی نێوانیان رەنگدەداتەوە لە چۆنیەتی گەیشتن بەو مافە، ئاخۆ پێی دەبەخشرێت، یا خۆی خەباتی بۆ دەکات بە زۆر دەیستێنێت.

دەتوانین هەموو ئەو بۆچوونە جیاوازانە لە پێناسەیەکی کورت و پوخت کۆبکەینەوە بەوشێوەیەی خوارەوە:(بریتییە لە مافی گەلان لە دەستنیشانکردتی فۆرمی قەوارە و سستەمی سیاسیی و بەرێوەبردنی کاروباری ناوخۆی وڵات، بەبێ هیچ جۆرە دەستتێوەردانێکی دەرەکی).

## دیدگایەکی ئیسلامییانە بۆ مافی چارەی خۆنووسین:

مافی چارەی خۆنوسین، بەو ناوەرۆکەی سەرەوە، یا داواکردنی ئازادیی و سەربەخۆیی هەر گەل و نەتەوەیەک لە بژاردەی سیاسیی و دیاریکردنی فۆرمی دەوڵەت و حوکمڕانی و بەرێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی و کارگێریی و ئابووریی و کلتووری و جۆری پەیوەندییەکانی بە ئەوانی تر پێموانییە پێچەوانە، یا دژ بێت بە هیچ ئایین و ئاینزایەکی ئاسمانی و جیهانبینی و بیروباوەڕی فیکری یا نەتەوەیی هیچ کەس و لایەنێک، نەخوازە بە ئاینی ئیسلام کە پەیامی ئازادی مرۆڤ و جێبەجێکردنی عەدالەتی لەگەڵ خۆی هێناوە، ئەم پرنسیپ و داخوازیی و هەوڵدانە بۆ گەیشتن بەو خواستە مافێکی سروشتیی و خواکردی هەر گەل و نەتەوەیەکە، ئازادانە دیاریکردنی بژاردەی فۆرمی رێکخستنی پەیوەندییەکان و بەرێوەبردنی کاروباری خۆت پێویستییەکی ژیانی هەر مرۆڤ و گەل و نەتەوەیەکە، سەرچاوەی بنەڕەتی ژیانێکی کەرامەتمەندانە و سەربەرزیی و ئاسودەییە. بەپێچەوانەش زەوتکردنی ئەو مافە سەرچاوەی زۆربەی نەهامەتیی و بەدبەختیەکانە بۆ ئەو گەل و نەتەوانەی ئەو مافانەی لێ زەوت دەکرێت.

ئەو پێناسانەی سەرەوە وەرمانگرتن هیچیان لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی دژنایەنەوە، بۆیە بە پێویستی نازانم پێناسەی تری بۆ بکەم، ئەگەر پرەنسپی مافی چارەی خۆنووسن ماف بدات بە گەلانی دنیا، چۆنی پێخۆشە و ئارەزووی دەکات،

بەوشێوە سستەمی فەرمانڕەوایەتی خۆی دیاری بکات، کاروباری ئیداریی و ناوخۆیی چۆن بە باش دەزانێت ئاوا بەڕێوەی ببات، ئەوە نەوەک هەر دژ و پێچەوانە نییە لەگەڵ سەرەتا و پرسیپە ئیسلامییەکان، بەڵکو خواستێکە لە خواستەکانی ئیسلام و بەرجەستەکردنی مەرامەکانی شەریعەتی ئیسلامی بەدواوەیە، چونکە چەسپاندنی ماف و گێڕانەوەی بۆ خاوەن ماف لە لایەک، بەرقەرارکردنی عەدالەت لەسەر هەموو ئاست و ڕەهەندەکانی ژیان، لەلایەکی تر لە پێشەوەی مەبەست و مەرامەکانی ئایینی ئیسلامە، هەربۆیەش ئەنجومەنی ئیسلامی لەو جاڕنامەی پەسەندی کردووە بۆ مافی مرۆڤ لە ئیسلامدا دووەم ماددەی باس لە مافی چارەی خۆنووسینە(٥). بۆ زیاتر دڵنیایی خۆم و خوێنەران و دەرچوون لە بانگەشەیەکی عمومی کە پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین پێچەوانەی جیهانبینی ئایینی ئیسلام نییە هەوڵدەدەم لەم چەند پەرەگرافەی دێت تەئصیلێکی قورئانی بەپێی تێگەیشتنی خۆمی بۆ بکەم.

بە لەبەر چاوگرتنی هەڵوێستی فیتری ئیسلام لە بەرامبەر هەست و سۆزی نەتەوەیی و ئینتما بۆ نەتەوە، یا نیشتمان، دەپرسین: ئایا هیچ جۆرە ڕێگرییەکی شەرعی هەیە کە هەر نەتەوە و گەلێکی ناو ئومەتی ئیسلام و باوەڕدار بە ئایینی ئیسلام دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت، یا بە گوزارشتێکی تر ئایا ئیسلامی بوون و ئینتما بۆ ئومەتی ئیسلامی دژایەتی و بەریەککەوتنی دەبێت لەگەڵ پرنسیپی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان(٦) کە ئەمڕۆ کۆدەنگی جیهانی لەسەرە و نەتەوەیەکگرتوەکان لە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ لە ماددەی سێ و ماددەی بیست و هەشت ئاماژەی بەو مافە کردووە(٧).

بۆ گەیشتن بە ئیجتهاد و ڕایەکی دروست لەمبارەوە پێویستمان بە تەئصیلکردنی دوو خاڵ هەیە:

١- پێویستی دەوڵەت و قەوارەی سیاسی لە ژیانی مرۆڤدا، دیارە مرۆڤەکان بڕیار لە چارەنوسیان دەدەن لەسەر بنەمای پێداویستیی و خواستەکانی ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتییان، کە دەوڵەت و قەوارەی سیاسی یەکێکە لەو پێداویستیانە، چەندین بیرمەند و فەیلەسوف و کۆمەڵناس قسەیان لەو بارەوەکردوە کردووە و بە پێویستی نابینم قسەی لە بارەوە بکەم لە کتێبی «الامة في الرؤية الاسلامية » بەدرێژی لەبارەیەوە نوسیومە(٨).

٢- مافی هەموو گەل و نەتەویەک کە خۆی بڕیار لە چارەنوسی سیاسی خۆی بدات، جا بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، یا یەکگرتن بێت لەگەڵ گەل و نەتەوەی تر بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیتحادی.

لەڕاستیدا ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و چەمکەکانی دەتوانین چەندین پاساودانی ڕەوایەتی و مافی چارەی خۆنوسین بە ڕوونی بدۆزینەوە، چەندین بنەما و پرەنسیپ لە قوراندا هەیە کە دەکرێت هەڵوێستێکی ئیسلامییانەی ڕاشکاوی سەبارەت بە مافی چارەی خۆنووسین لە سەر هەڵچنرێت ئەمەی خوارەوە هەندێک بنەمایانەیە:

بنەمای یەکەم: مرۆڤ لە دیدگای ئیسلامی بونەوەرێکی ئازادە، خودا لەگەڵ ئافراندنیدا ویستێکی _ئیرادە_ ئازاد و سەربەخۆیشی پێ بەخشیوە، هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساندووە کە خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، لە هەموو ڕووێکەوە، چ لە پەیوەندییە خودییەکانیەوە بێت، یا پەیوەندییەکانی لەگەڵ مرۆڤەکانی دەوروبەریەوە بێت، یا تەنانەت لەگەڵ خودی خودای گەورەشەوە بێت، هەر بەهۆی بوونی ئەو ئازادییەوەیە کە مرۆڤ بەرپرسیارە لە کار و ڕەفتارەکانی، ئەگەر ئەو ئازادییە نەبێت ئەوە هیچ واتایەک نامێنێتەوە بۆ بەرپرسیاربوونی مرۆڤ لە ڕەفتار و کردەوەکانی،

دیارە هەر پاداشت و سزایەکیش چ لە دونیا و چ لە رۆژی دوایی بەستراوەتەوە بەو ئازادییەی مرۆڤەوە، خودای باڵادەست دەفەرمویت: إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا)(٩)، هەروەها دەفەرمویت:(وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا وَإِن يَسْتَغِيثُوا يُغَاثُوا بِمَاءٍ كَالْمُهْلِ يَشْوِي الْوُجُوهَ بِئْسَ الشَّرَابُ وَسَاءَتْ مُرْتَفَقًا)(١٠) ، هەروەها دەفەرمویت: لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ فَمَن يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ لَا انفِصَامَ لَهَا وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ)(١١).

بە پێی ئەم ئایەتانە خودا ئازادی و ویستی سەربەخۆی بە مرۆڤ بەخشیوە، کە بتوانێت بریار لە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە خودا و بوون و ژیان و مرۆڤەکان بە ئازادی دەربرێت، بەرپرسیاریەتی ئەو هەڵوێستەش هەڵگرێت و ئامادەی لێپرسینەوە بێت لە بەردەم خودا، (وَقِفُوهُمْ إِنَّهُم مَّسْئُولُونَ)(١٢)، لێرەوە دەتوانین بڵێین مافی چارەی خۆنووسین مافێکی رەسەن و بنەرەتی مرۆڤە، بەهیچ شێوەیەک دژ و پێچەوانە نابێتەوە لەگەڵ چەمکە قورئانییەکان، بەڵکو ئەو مافە، بنچینە و بناغەی تەواوی مافەکانی تریشە، هەموو مافەکانی تر کە خودا بەخشیویەتی بە مروڤ لەوەوە هەڵدەقوڵێن و سەرچاوە دەگرن، بەبێ بوونی ئەو مافە مافەکانی تریش لە هەر واتا و ئەرزشێک بەتاڵ دەبنەوە.

ئەو مافی چارەی خۆنووسین و مافی بریاردانی ئازادە هەروەک مافی تاکە تاکەی مرۆڤەکانە، بەهەمان شێوە مافی گەل و نەتەوەکان، کۆمەڵگە و قەوارە مرۆییەکانیشە، ئەوانیش مافی بریاری چارەنوسیان بەدەست خۆیانە، لە بریار و هەڵوێستیان بەرمبەر خودا و خەڵک و کۆمەڵگەکانی دەوروبەریانەوە ئازادن، د.محەممەد زحیلی دەڵێت:(ئەگەر تاکەکان لە گوزارشت و دەربرینی دید و بۆچونیان ئازادبن، لەناو دەوڵەت و لە بەردەم فەرمانرەواکانیان، دیارە کە کۆمەڵگە، یا گەل، یا ئوممەت بەگشتی لە پێشترە ئەو مافەی هەبێت، ئازادبێت لە دەربرینی دید و بۆچوونەکانی، گوزارشت لە ویستی سەربەخۆی خۆی بکات، هەرکاتێک بە گونجاوی زانی سەربەخۆیی و جیابونەوە هەڵبژێرێت، مافی بریاردانی لە چارەنووسی پەیوەندییە دەرەکییەکانی خۆیی و فۆرمی ئەو دەوڵەتەی تێیدا دەژی، هەروەها چارەنووسی سیاسی ناوخۆیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کلتووری پێداوە)(١٣)، ئایینی ئیسلام هەموو ئەو ماف و ئازادیانەی دابینکردووە بۆ گەل و نەتەوەکان و هەلی بریار لە چارەنووسی خۆیان بۆ فەراهەم کردوون، بۆ ئەو مەبەستە و گەیشتن بەو مافانە هەموو رێگە و ئامرازێکی شەرعیی و یاسایی تادەگاتە بەرپاکردنی جەنگ و شۆرشکردن لە بەرامبەر ستەمکار و دکتاتۆرەکان رێگە پێدراوە، لەوبارەوە د.محەممەد زحیلی دەڵێت: (ئایینی ئیسلام مافی ئازادی گەلانی بۆ چارەی خۆنووسین دابینکردووە، خەبات و جەنگی راگەیاندووە لە بەرامبەر فەرمانرەوا ستەمکارەکان و مافی چارەی خۆنووسینیشی بۆ گەل و نەتەوەکان جێهێشتوە)(١٤)، تا هەرکاتێک بە گونجاویان زانی مومارەسەی بکەن.

بنچینەی دووەم: دەتوانین ئەو بنچینەیە بە رووی دووەم و تەواوکەری بنچینەی یەکەم بناسێنین، مرۆڤ مادام ئازادە لە هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی چارەنووس و نەخشەی دوارۆژی خۆی، دیاریکردنی ئەو هەڵوێستەی وەریدەگرێت لە بەرامبەر خودا و بوون و پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تری جیاوازدا، لێرەوە کەس مافی زەوتکردنی ئەو ئازادییەی یەکێکی تری نییە، هیچ کەس و لایەنێک بۆی نییە هەڵوێستێک بەسەریدا بسەپێنێت، بە زۆر و بەبێ زانینی ویست و وەرگرتنی رەزامەندی، نەخشەی داهاتووی یەکێکی تر دیاری بکات، تەنانەت پێغەمبەریش (د.خ) ئەو مافەی نییە، (لَّسْتَ عَلَيْهِم بِمُصَيْطِرٍ)(١٥)، جا ئەگەر کەس مافی ئەوەی نەبێت لە بواری بیروباوەر و ئیمان بە خودا، هەڵوێست و تێگەیشتنێک بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنێت، ئەوا

لە بواری پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا و لە بواری ژیانی سیاسیی و دیاریکردنی فۆرمی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی ئەوە هەر نییەتی.

بنچینەی سێیەم: مرۆڤ بەوپێیەی خەلیفە و جێنشینی خودایە لە سەر زەوی، ئەو وەزیفەی جێنشینیەش مافی هەموو تاکێکە، هەرتاکێک خۆی گەورە و سەروەری خۆیەتی و شکۆی تایبەتی خۆی هەیە، هەموو مرۆڤەکان لەم ڕووەوە یەکسانن، کەس ویلایەتی بەسەر کەسدا نییە، هیچ گرووپ و قەوارە و نەتەوە و گەلێک ویلایەتی بە سەر گرووپ و قەوارە و نەتەوە و گەلێکی تردا نییە، شکۆمەندیی و گەورەیی و ڕێزگیراوی مرۆڤ لێرەوەیە، فەرمانی خوداش بە کڕنۆش بردن بۆ باوکە ئادەم، وێناکردن و جەختکردنەوەیە لەو شکۆ و ڕێزگرتنە، داننانی فریشتەکانیشە بەو جێنشینییەی مرۆڤ، سەروەرکردنی مرۆڤیشە بەسەر هەموو شتەکانی تری بووندا، هەرئەمەشە ڕێگر لە بە زۆر خۆسەپاندنی تاکێک بەسەر تاکێکی تردا، یا گرووپ و قەوارەیەک بە سەر گرووپ و قەوارەیەکی تردا، چونکە ئەمە دژە و پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو مافی ئازادانەی هەڵبژاردن، کە چەندین ئایەت و فەرمودە سەلماندویانە و پشتڕاستیان کردۆتەوە، وەک لە بنچینەی یەکەم ئاماژەمان پێکرد، هەرئەوەشە تەوەر و چەقی تەکریمی خودا بۆ مرۆڤ.

مافی چارەی خۆنووسین و مومارەسەکردنی ویستی ئازاد لە دیاریکردنی داهاتوودا، مومارەسەیەکی واقیعییە و ئەو مافە بەرجەستە دەبێت لە مەیدانی سیاسیی و بەڕێوەبردنی کاروباری ژیانی کۆمەڵگە و قەوارەکان، ڕوخسار و ڕوکاری دەرەوەی ئەو ڕیزگرتنەی خودایە بە مرۆڤ و پاراستنی سەروەریی و شکۆمەندیەکەیەتی.

بنچینەی چوارەم: پرنسیپ و مەبدەئی پێشبڕکێ لەسەر چاکە و کاری خێردا، کارایی بەشداری لە وەدیهێنانی ئامانجەکانی ئوممەت، کە مەبدەئێکی قورئانییە هەروەک مافی تاکەکانە، مافی گەل و نەتەوە و قەوارە مرۆییەکانیشە، دیارە بەرجەستەبوونی ئەو مەبدەئە و دەرچوونی لە جوغزی تیۆری هەرگیز ناتوانرێت وێنا بکرێت بەبێ بوونی چەند لایەنێک بۆ بەشداری لەو پێشبڕکێیە، بەتەواوی ئازادیی و ویستی سەربەخۆ و بەبێ هیچ زۆرلێکردن و کۆت و بەندێک، هەروەک چۆن پێویستە تاکەکان لەکاری چاک و بنیاتنەردا کێبەرکێ بکەن ئاواش پێویستە گەل و نەتەوەکانی ناو ئوممەتی ئیسلامی کێبەرکێ بکەن لە بەرجەستەکردنی بوونی سیاسییانە و ژیاریانەی بەها باڵا ئیسلامییەکاندا، ئەو کێبەرکێیەش دەخوازێت هەموو گەل و نەتەوەیەک ئازاد بێت لە دامەزراندنی قەوارەی سیاسی تایبەت بە خۆی.

بنچینەی پێنجەم: بوونی ئەو جۆراوجۆری و فرەیی لە نەتەوە و گەل و هۆز، ئەو ژمارە زۆرە لە زمان و ڕەنگی جیاواز، خۆی لە خۆیدا ڕەنگدانەوە و دەرەوشانەوەی گەورەیی و دەستەڵاتی خودایە، دیارە کە کارێکی بێ هودە نییە، بەڵکو چەندین مەرام و حیکمەتی لە پشتە، لەو مەبەست و مەرامانە بەخشینی جۆرێک لە جوانی و شکۆ و ڕەنگاو ڕەنگییە بە ژیان، دورخستنەوەی یەک چەشنیی و دووبارەبوونەوەیە کە مەلەل و بێزاری دەخولقێنێت، هەروەها زەمینەسازیی و هێنانە ئارای کەش و ژینگەی یەکترناسین و پێکەوە ژیانە لە نێوان ئەو گرووپ و پێکهاتە جیاوازانەوە (**يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ**)(١٦)، کە هەرگیز بە ڕەشکردنەوە و ڕەتکردنەوەی ئەو جیاوازیی و فرەییە ئەو مەبەستانە تەحقیق نابن، کە یەکێکە لە دیارترین مەبەستەکانی خودا لەو جۆراوجۆری و جیاوازیانە، بەڵکو بەڕێزگرتن و پارێزگاری کردن لەو جیاوازیانە و ڕەخساندنی هەلی خۆدەرخستن

و خۆنمایشکردن دەتوانرێت ئەو ئامانج و مەرامانە وەدیبێن. ڕێگە بدرێت گوزارشت لە خۆیان بکەن لە میانەی جولەی ژیان بەشێوەیەکی سروشتی و گونجاو. بەوشێوە دەتوانرێت ڕێگە بگیرێت لە پێکدادانی جیاوازییەکان و دژهاتنەوەیان لەگەڵ ڕوحی ئیمان و ئیسلام.

لە میانەی ئەو بنچینە و خاڵانەی ئاماژەمان پێکرد بەو ڕاستییە دەگەین، مافی گەل و نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنوسی سیاسی خۆیان نەوەک تەنها پێچەوانە نییە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام و ڕێساکانی، بەڵکو تەواو ساز و ڕێکە لەگەڵ شەریعەتدا، یەکێکە لە ئامانج و مەرامەکانی شەریعەت.

گەلان ئازادن لە مومارەسە و ئینژۆی _تمتع- بەو مافە، گەلێک، نەتەوەیەک ئەگەر ویستی دەوڵەتێک، فۆرمێکی سیاسی تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی خۆی دیاری بکات مافی خۆیەتی، هەروەک ئەگەر ویستی لەگەڵ دەوڵەتێکی نەتەوەیەکی تر یەکبگرێت بەیەکەوە فیدرالیەتێک یا هەر فۆرمێک بێت ئەوەش هەر مافی خۆیەتی و هیچ هێزێک بۆی نییە ئەو مافەی لەژێر هەر پاساوێکدا لێ زەوت بکات و بە زۆر بیلکێنێت بە قەوارەیەکی تر.

ئەوەی کە بە پێویست دەزانم جەختی لێ بکەمەوە، ئەمەی خوارەوەیە، ئەگەر مافی دورستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ، یا یەکگرتن لەگەڵ گەلانی تر، لە ئایین و شەریعەتی ئیسلام ڕێگە پێدراو و دورستە، دیارە بۆ پارێزگاری لە تۆکمەیی ئوممەت وەک قەوارەیەکی حەزاری بان دەوڵەت و گیانی برایەتی ئیمانیی و هاوکاری لە تەحقیقکردنی مەرامە گشتییەکانی شەریعەت سێ مەرج دەبێت لەبەرچاو بگیرێن:

یەکەم: نابێت مومارەسەکردنی ئەو مافە ببێتە مایەی دەرچوونی ئەو نەتەوەیە لە پرنسیپ و بنەماکانی ئایینی ئیسلام، لە تەحقیقکردنی مەرامەکانی، دەبێت پابەندی تەواوی هەبێت بە ئەحکامەکانی ئیسلام، یاسا و ڕێساکانی لە هەموو بوارەکاندا.

دووەم: نابێت جیابوونەوە، یا یەکگرتنی ئەو گەلە سەربکێشێت بۆ خراپبوونی پەیوەندییەکانی بە وڵاتانی تری ئیسلامی، یا ببێتە مایەی دەرچوون لە بازنەی هاوکاریی و برایەتی ئیسلامی.

سێیەم: نابێت بەشێوەیەک کار بکات کە ببێتە مایەی لە دەستچوونی بەرژەوەندییە گشتیی و باڵاکانی ئوممەتی ئیسلامی، یا پەیماننامە و ڕێکەوتنێک واژۆ بکات، یا هاوپەیمانیەتێک ببەستێت لەگەڵ هیچ لایەنێک کە زەرەر بە بەرژەوەندی ئوممەتی ئیسلامی بگەیەنێت، دەبێت پەیوەندییە دەرەکییەکانی تەریب و هەماهەنگ بێت لەگەڵ بەرژەوەندی وڵاتانی تری ئیسلامی.

## ڕەنگدانەوەی مافی چارەی خۆنوسین لە مێژوو ئەزموونی سیاسی موسڵماناندا:

پێش ئەوە بچمە ناو بابەتەکە دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەم، ئەویش ئەوەیە، زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی لەبارەی گەشەکردنی مێژووی هزر و تیۆر و سستەمە سیاسییەکانیان نوسیوە، بەگشتی قۆناغەکانی پێشکەوتنی فیکری سیاسیی و سستەمەکانی فەرمانڕەوایی دابەش دەکەن بۆ سێ قوناغی کۆن و ناوەڕاست و هاوچەرخ، لەمەشدا یا بەهیچ شێوەیەک ئاماژە بە فیکری سیاسی ئیسلامیی و ئەو سستەمە سیاسییەی مسوڵمانان دایانهێناوە و کاروباری دەستەڵاتی سیاسیان پێ ڕێکخستوە ناکەن، یا ئەگەر ئاماژەیەکیش بکەن لە میانەی قۆناغی ناوەڕاست و زۆر سەرپێییانە دەیکەن، هەروەک نمونە فیقهی ئەمریکیی و ئەوروپیی و تەنانەت زۆربەی فەقیهە عەرەبەکان لە نوسینەکانیان سەبارەت بە پێشکەوتنی مێژوویی چەمک و سستەمی فیدراڵی، یا بەتەواوی ڕەتی بوونی فیدراڵیەتێکی ئیسلامی دەکەنەوە، یا ئەگەر ڕەتیشی نەکەنەوە فەرامۆشی دەکەن و ئاماژەی

پێناکەن، وەک ئەوە هەر نەبوبێت، وا نابینن لە ڕەوتی مێژوویی جگە لە دوو جۆر فیدراڵیەت هەبێت، یەکەم: فیدراڵیەتە کۆنەکە لای یۆنان و ڕۆمانەکان، دووەم: فیدراڵیەتی ئیتحادی مۆدێرن کە بە فیدراڵیەتی سویسری دەستپێدەکات لە ١٢٩١ کە بەردەوام دەبێت و بەستراوەتەوە بە فیدرالیەتی ئەمریکی لە ١٧٨٦. ئەمە بەبێ ئاماژەکردن بەوەی لە جیهانی ئیسلامی گوزەراوە، هیچ جۆرە توێژینەوەیەکی جدیی و فراوان نەکراوە سەبارەت بەو سستەمەی دەستەڵاتی ئیسلامی گەل و نەتەوە جیاوازەکانی ناو ئوممەتی ئیسلامی لەسەر بەڕێوە بردووە، کە لەڕاستیدا فیدراڵیەتێکی فراوان و پێشکەوتووی تێدا پەیڕەوکراوە، کە لە فیقهی سیاسی ئیسلامی توراسی بە سستەمی ویلایات ناونراوە، شتێکی نالۆجیکی و قبوڵ نەکراوە کە وا تێبگەین دنیا، بەتایبەت شکلی ڕێکخستنی سیاسی و سستەمی کارگێری دەوڵەتداری تەنها لە ئەورووپاوە دەستپێدەکات و بە ئەمریکا کۆتایی دێت، یا بەپێچەوانەوە، خۆر هەر لە ئەورووپا و ئەمریکاوە هەڵدێت و ئاوادەبێت.

ئەگەر نوسین و توێژینەوەیەکیش لەوبارەوە کرابێت، وەک باسێکی مێژوویی و گێڕانەوە کراوە نەوەک وەک توێژینەوە و شیکارێکی زانستیی و دەستوری، وەک ئەزمونێکی تایبەت و تیۆرێکی سەربەخۆی فەرمانڕەوایی و کارگێریی و دەستەڵاتی سیاسی لێکۆڵینەوەی بۆ نەکراوە.

وەک لە سەرەتا ئاماژەمان کرد بابەتی مافی چارەی خۆنووسین بەو ناوەڕۆک و پێناسەیەی کە کردمان تازەیە، دوای مۆدێرنە و پەیدابوونی فۆرمی دەوڵەتی نەتەوەیی هاتووە، ئەمەش وادەگەیەنێت کە لە سەردەمەکانی فەرمانڕەوایی ئیسلامیی و خەلافەتەکانی ڕاشدین و ئەمەوی و عەباسی... هتد، شتێک بەناوی مافی گەلان بۆ چارەنووسی خۆیان لە ئارادا نەبوبێت، چونکە جارێک لەو سەردەمە فۆرمی دەوڵەت لەسەر بنەمای نەتەوەیی نەبووە، مۆدێل و فۆرمی دەوڵەت لەو سەردەمانە لە هەموو جیهان ئیمپراتوری بووە، ئەگەر دابەشکردنێکی هەرێمیش بووبێت ئەوا زیاتر لە سەر بنەمای جوگرافیا و نزیکی ناوچەکان لە یەکتری بووە.

بەڵام ئەگەر بە ویژدان دوور لە کاریگەری ئایدیۆلوژیا و بێلایەنانە توێژینەوە بکەین سستەمی ویلایاتی ئیسلامی بە بەراورد بەو سەردەمە مێژووییە زۆر زۆر پێشکەوتوتر بووە، مافی مرۆڤی لە سەر ئاستی تاک و کۆمەڵگا و گەل و نەتەوەکان تێدا پارێزراوە و لەبەرچاوگیراوە، سەبارەت بە مافی چارەی خۆنووسین لە ئەزموون و مێژووی سیاسی مسوڵمانان ئاماژە بەو چەند خاڵە دەکەم:

یەکەم لە سەردەمی پێغەمبەر (د.خ):

دیارە لەسەر دەستی پێغەمبەر (د.خ) دەوڵەت و قەوارەی سیاسی ئیسلامی بە بچووکی لە ڕووی جوگرافییەوە، سادەیی لە ڕووی دابەشکردنی ئیداریی و دامەزاوەییەوە دەستپێکرد، کە بریتی بوو لە مەدینە و دواتریش مەککەی پیرۆز، هێواش هێواش سنوری دەستەڵاتی فراوان بوو، لەگەڵ غەزەواتەکان و مسوڵمان بوونی هۆز و بنەماڵەکانی دەوروبەر سنوری ئەو دەوڵەتە تازەیەش بە سەرکردایەتی پێغەمبەر (د.خ) فراوان دەبوو، لەگەڵ ئەو گەشەکردن و فراوانبوونەی دەوڵەتی پێغەمبەر (د.خ) پێویستی بە دابەشکردنی ئیداریی و بەخشینی هەندێ دەستەڵات سەریهەڵدەدا، بەڵگە نەویستە کە لە پێداویستییەکانی فراوانبوونی سنوری جوگرافی و ئاڵۆزبوونی پێکهاتەیی هەر دەوڵەت و قەوارەیەکی سیاسی، داهێنان و دامەزراندنی هەندێک تەرتیبات و دابەشکردن و بنیاتنانی دامەزراوەی کارگێریی و بەڕێوەبردنی پێویست دەبێت، بە شێوەیەک کە وڵات دابەش بکرێت بەسەر چەند یەکەیەکی ئیداریی و سپاردنی هەریەک لەو یەکە ئیداریانە بە کەسێک کە توانای ئەو کارەی هەبێت.

بە حوکمی ئەوەی پێغەمبەر (د.خ) جگە لە ڕۆڵی سەرکردایەتیکردنی ئەو قەوارە سیاسییە

که دورستبوو رۆڵی پێغەمبەرایەتیی و گەیاندنی پەیام و ئایینی خوایشی دەبینی پێویستی بە مەرکزی بوونی دەستەڵات هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەو دەستەڵاتە ناوەندییە بە هێزەش پەراوێزێکی فراوانی مومارەسەی ئیداری درابوو بە ئەمیرەکان، ئەوەی کە لە ڕووداوەکاندا دەردەکەوێت لە دانانی ئەمیرەکانیشدا ڕەزامەندی دانیشتوان لەبەرچاوگیراوە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆ چونەش چەند خاڵیک دەخەمە ڕوو:

١- پێغەمبەر لە تەواوی غەزاکانیدا سوپاکەی لەسەر ئەساسی هۆزەکان ڕێکدەخست، هەر هۆزێک سەربەخۆ بە ئاڵای تایبەت و بەرپرسی تایبەت و مەیدانێکی جیاوازی پێدەدا، ئەشێت حیکمەت لەوە بۆ پێشبرکێ و دەرکەوتنی برشت و توانای هەر هۆزێک بێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە دانانی بە پێکهاتەکان و مافەکانیان تێدایە.

٢- لەگەڵ سنووررداری ڕووبەری ئەو قەوارە سیاسییەی پێغەمبەر(د.خ) دایمەزراندبوو بۆ ڕیکخستن و ئیدارەدانی، پشتی بە هەندێک دابەشکردنی ئیداری بەستبوو، کە لەو دابەشکردنە ڕەچاوی لە یەکنزیکی شوێنەکان کرابوو، ڕەزامەندی خەڵکەکە لە دانانی بەرپرس و والیەکان دەکرا، پەراوێزێکی باش جێدەهێڵرا بۆ ئەو والیانە لە بەڕێوەبردن و سیاساتی تایبەتی خۆیانیان، تەنانەت لە یاسا و تەشریع -لەگەڵ ئەوە کە هێشتا وەحی بەردەوام بوو ئازادی تەواو درابوو بە والیەکان کە بەپێی پێویست و بەرژەوەندی ویلایەتەکە تەشریع بکات(١٧).

٣- پێغەمبەر(د.خ) لە ڕێگەی صەحیفەی(١٨) مەدینەوە قەوارە و دەستەڵاتێکی سیاسی جیاواز لەوەی کە لەو سەردەمە هەبوو دامەزراند، کە تێیدا پشت نەبەسترابوو بە پەیوەندی خوێن و هۆزەوە، بەڵکو چەندین پێکهاتەی جیاوازی لە خۆگرتبوو، بەڵکو وەک د.حسین موئنس دەڵێت: پێغەمبەر (د.خ) دەوڵەتێکی فیدراڵی خاوەن دەستورێکی باڵا

## دوای هارونە ڕەشید سەربەخۆیی هەرێم و ولایەتەکان ئەوەندە گەشەی کرد چووە ئاستی سەرخۆیی تەواو

و ناوەندی کە قورئانی پیرۆزە دامەزراند، دوای ئەوە هەریەک لە نیمچە دەوڵەتەکان بۆی هەبووە بە جیا و سەربەخۆ کاروباری خۆی بەرێوەببات هەروەک پێش ئەوە ببێتە مسوڵمان، ئەوەی د.موئنس ئاماژەی پێداوە، لە دەقی ماددەکانی صەحیفەی مەدینە هەڵیهێنجاوە، ئەگەر بۆ زمانی سەردەم وەریبگێڕین جگە لە پێدانی مافی چارەی خۆنووسین بەو هۆز و قەوارانەی ئارەزوومەندانە هاتوونەتە ناو ئایینی ئیسلام و ڕازیبوون بێنە ژێر قەڵەمڕەویی سیاسی و ئیداری پێغەمبەر (د.خ) تەفسیرێکی تر هەڵناگرێت، د.موئنس لە درێژەی توێژینەوەی صحیفەی مەدینە لە ماددەی سێیەم کە قسە لە سەر پێکهاتە جیاوازەکانی مەدینە دەکات، یەکە یەکە ناویان دەهێنێت و دەڵێت: لەمەوە دەگەینە ئەو دەرنجامە کە دەکرێت ئوممەتی ئیسلامی دابەش ببێت بەسەر چەند یەکەیەکی سیاسی جیاواز لەوانی تر، سەربەخۆ لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆ و دارایی... تەنها مەرج کە پێویستە ئەوەیە هەموویان لە سەر بیروباوەڕی ئیسلامی کۆببنەوە و ئامادەی خەبات و تێکۆشان بن بۆ پارێزگاری لە شکۆ و خاکی ئیسلامی(١٩)، کەواتە ئوممەتی ئیسلامی قەوارەیەکی فیدراڵییە، وەکو کانتونەکانی سویسرا، یا وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا وایە، پێغەمبەری

# مافی چارەی خۆنووسین مافێکی ڕەسەن و بنەڕەتی مرۆڤە، بەهیچ شێوەیەك پێچەوانە نابێتەوە لەگەڵ چەمکە قورئانییەکان

ئیسلام بڕیاری ئەو فیدراڵیەتەی داوە و تیۆریزەی بۆ کردووە، کەچی سویسری و ئەمەریکییەکان جێبەجێیان کردووە، ئێمەش شکستمان هێنا و بەرودوا گەڕاینەوە و فەرمانڕەوایمان کردەوە بە کوسرەویەت و قەیصەرییەت، سەیرکە تووشی چ شکستێک بوینەتەوە لە ڕووی سیاسییەوە، هەروەها دەڵێت ئومەتی ئیسلامی قەوارەیەکی فیدراڵییە، یا هاوپەیمانیەتێکە لە نێوان چەند یەکەیەکی سیاسی، هەریەک لەو یەکە سیاسییانە سەربەخۆیە لە ڕوی کەسایەتی سیاسیی و هەرێم و سنوری جوگرافی و نەریت و سستەمی کاری ناوخۆیی، گرنگ ئەوەیە دژ نەبێت لەگەڵ یاسای گشتی ئومەتی ئیسلام، کە بریتییە لە قورئان و فەرمودە ڕاست و دورستەکان، بەڵێ فیدراڵیەتە و دەوڵەتێکی ناوەندیی و مەرکەزی نییە(٢٠).

دووەم: دابەشکردنی کارگێڕی لە سەردەمی خەلافەتەکان:

پشتبەستنی فەرمانڕەوایەتی ئیسلامی لە ئیدارەدانی دەوڵەت و ریکخستنی کاروباری قەڵەمڕەوی خۆی بە تیۆر و مەبدەئی لامەرکەزییەتی ئیداریی و تەنانەت سیاسیش، کە ئەمڕۆ بە فیدرالیەت ناودەبرێت و لە فیقهی سیاسی ئیسلامی پێی دەوترێت سستەمی ویلایات(٢١). کە لە ڕاستیدا سستەمی ویلایات هەرچەندە وەک لە شوێنێکی تر ئاماژەم پێداوە وەک پێویست لێکۆڵینەوەی لەبارەوە نەکراوە، بەڵام ڕێکخستن و سستەمێکی سیاسی دەستووری زۆر باش و پێشکەوتوو بووە بە بەراورد بە سستەمە فیدراڵییە هاوچەرخەکان، چونکە هەماهەنگی و پێکەوە گونجانێکی زۆر لەبار و تەبا سەبارەت دیاریکردنی پەیوەندییەکان لە نێوان ناوەند و ویلایەتەکان هەبووە، ئەو سستەمی ویلایەتە هەر لە سەردەمی پێغەمبەر(د.خ) بە فۆرمێکی سەرەتایی و سادە دەستی پێکرد، پێغەمبەر (د.خ) وەک ئاماژەکرا خۆی یەکەم کەس بوو بناغەی سستەمی کارگێری دەوڵەتی تازەی دانا، لەگەڵ ناردنی بانگخواز و شارەزا بۆ فێرکردن و پەروەردەکردنی ئیسلام بەوانەی تازە مسوڵمان دەبوون، کەسانێکی دەنارد یا هەر لەو شوێن و ناوچەیە، لەناو خودی هۆزە مسوڵمانبووەکە یەکێکی دیاری دەکرد، بۆ بەڕێوەبردنی کارگێریی و سیاسی ئەو هۆزە، هەندێکجار هەر ئەو کەسەی کە پێش مسوڵمان بوون سەرۆکیان بوو دایدەناوە.

وەک دەردەکەوێت لە ڕووی ئیداریی و سیاسیی و تەنانەت تەشریعیشەوە دەستەڵاتی فراوانیان پێدەدرا. لە سەردەمی خەلافەتی ئەبوبکری سدیق گۆڕانێکی ئەوتۆ دورست نەبوو، کاروبارەکان لە ڕووی کارگێریی و دابەشبوونە ئیداریی و هەرێمییەکانەوە هەروەک پێشتر بەڕێوە دەچوو، لە سەردەمی خەلافەتی عومەری کوڕی خەتتاب سنوری قەڵەمڕەوی دەستەڵاتی مسوڵمانان فراوانتر بوو، چەندین ناوچەی تر و هۆزی جیاواز لە نەتەوە مسوڵمان بوون و هاتە ناو چوارچێوەی ئوممەتی ئیسلامی، پێویستی بەوە دەکرد ویلایەتەکان هەم لە ڕووی ڕووبەرەوە فراوان بکرێت هەم ژمارەیان زیاتر بێت(٢٢)، پەیوەستبوونیشیان بە ناوەندی خەلافەت لە ڕووی کارگێری کەمتر بووە، لە سەردەمی خەلافەتی عوسمان و عەلی هەر بەمشێوە ڕۆیشت و گۆڕانکاریەکی زۆر لە شێوەی بەڕێوەبردن و

سیاسەتی ویلایەتەکان رووی نەدا. دەوڵەت و قەڵەمڕەوی دەستەڵاتی مسوڵمانان لە سەردەمی ئەمەوییەکان گەیشتە لوتکەی فراوانی خۆی، چەندین ویلایاتی بە ڕوبەر گەورە و فراوانی لەخۆگرتبوو(٢٣)، سەردەمی عەباسییەکان و بەتایبەت دوای هارونە ڕەشید سەربەخۆیی هەرێم و ولایەتەکان ئەوەندە گەشەی کرد چووە ئاستی سەرخۆیی تەواو و «لا مرکزیەتی» سیاسی(٢٤).

پێدانی مافی خۆبەڕێوەبردن و سەربەخۆیی لە سیاساتی بەڕێوەبردنی وڵات بە ویلایەتەکان و قەوارە سەربەخۆکان لە تەواوی مێژوو و خیبرەی مسوڵمانان بەرجەستە بووە و لە سایەی هیچ لە دەستەڵاتەکان پێشێل نەکراوە، د.محەمەد هەمەوەندی دەڵێت: ئەوەی تێبینی دەکرێت یەکێک لە دیاردە و تایبەتمەندی و سیما دیار و جیاکەرەوەی بێ وێنەیی فەرمانڕەوایەتی ئیسلامی، هەر لە سەرەتاوە تاکۆتایی دەوڵەتی عوسمانی ئەمەیە: واقیع و مێژووی سیاسی ڕوداوەکان دەریدەخەن کە هەندێکجار و لە هەندێک قوناغ ناوەندی سیاسیی و فەرمانڕەوایەتی ئیسلامی کەم و زۆر تووشی لادان لە پرەنسیپ و بنەماکانی ئیسلام بووە، رووە و فەرمانڕەوایەتی میراتگریی و گواستنەوەی دارایی گشتی بۆ قاسە و ماڵی دەستەڵاتدارەکان و خراپ کەڵکوەرگرتن لە دەستەڵات ملی ناوە، ئەوەی کە ئەمڕۆ پێیدەوترێت دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی، بەڵام هەرگیز خاڵێکی ڕەش و لادانێک نادۆزیتەوە لە ڕێکخستن و کارگێری لەسەر بنەمای ویلایات هەر لە سەرەتاوە تا کۆتاییەکانی دەوڵەتی عوسمانی(٢٥). واتە: ناوەند، دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە و بەبێ هەڵگیرسانی شۆڕش و ئەنجامدانی هیچ گشتپرسییەک ئەو مافی چارەنووسە سیاسییەی داوە بە گەلان.

لەکۆتاییدا پێویسیە بڵێین: پیادەبوونی مافی چارەی خۆنوسین و گەیشتنی هەر گەل و نەتەوەیەک بە مافە ڕەواکانی خۆی سێ لایەن ڕۆڵ دەبینن، دەبێت بەشێوەیکی ئەرێنی کارلێک بکەن لەگەڵ داخوازی ئەو گەلە کە داوای مافەکانی دەکات:

لایەنی یەکەم: ئەو گەلە کە داوا دەکات و خوازیارە، وەک گەلانی تری دنیا مافی خۆیەتی ئەویش بەویستی ئازادانە و سەربەخۆ لە سەر خاک و نیشتمانی خۆیدا ژیانی خۆی وەک چۆن دەیەوێت ئاوا ڕێکبخات و بەڕێوەببات، بژاردەی فەرمانڕەوایەتیی و فۆرمی دەستەڵات خۆیان دیاری بکەن بەبێ هیچ جۆرە دەستتێوەردان و ویصایەکی دەرەکی. ئەو لایەنە ئەرکی خەباتکردنە، بۆ لابردنی لەمپەرەکانی بەردەم گەیشتن بەو مافە ڕەوایە، لە ناوخوی خۆیشیدا خۆی ئامادە بکات لەسەر هەموو ئاستەکانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و فیکریی و ئیداری، تەنانەت لە ڕووی دەروونی ڕۆحیش، تا ئەو ئاستەی شایستە بێت و بتوانێت مومارەسەی ئەو مافە بکات.

لایەنی دووەم: گەلانی سەردەستە و ئەوانەی یا لە ڕێگەی فراوانخوازیی و ئایدۆلۆژیایەکی توندڕەو، یا لە ڕێگەی کەڵکوەرگرتن لە بارودۆخێکی نێودەوڵەتی و لە ساتەوەختێکی مێژوویدا چارەنوسی گەل و نەتەوەیەکی تری کەوتۆتە ژێردەست، دەبێت تێبگات هیچ یاسایەکی ئاسمانیی و زەمینی ڕەوایەتی لە ماف ناکێشێتەوە، بۆیە هەر پێشێلکارییەک لە مافی ئەوانی تر ستەم و نادادیە، ئەو گەلەی قەدەر کردویەتییە ژێردەستەی تۆ، ئەوەش دەبێت وەک تۆ «تەمەتوع» بە مافەکانی خۆیەوە بکات، مادام داوای سەربەخۆیی دەکات نابێت لەمپەری بۆ دوروست بکرێت، ئیتر دەست هەڵگیرێت لە هەوڵی سرینەوەی شوناس و تایبەتمەندییەکانی، بەرپرسانە مامەڵە بکات و بزانێت تەواوی شەریعەتە ئاسمانیی و یاسا زەمینەکان پشتیوانی گەڕاندنەوەی مافن بۆ خاوەنەکەی، وازبێنێت لە کردنی گەنج و ڕۆڵەی هەردوو

نەتەوە و گەلەکە بە سووتەمەنی شۆڤێنیەتی و فراوانخوازییەکانی خۆی.

لایەنی سێیەم: ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی «نەتەوەیەکگرتووەکان» و وڵاتە گەورەکانی دنیا، ئەوانەی کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لە سەر سیاسەتی نێودەوڵەتی، بەتایبەت ئەو پێنج وڵاتەی ئەندامی هەمیشەیین لە «ئەنجومەنی ئاسایش»، دەبێت بە یەک پێوەر و دادپەروەرانە مامەڵە بکەن لەگەڵ پرسی چارەنووس و سەربەخۆیی گەل و نەتەوەکانی دنیا، نەوەک بەپێی ڕێسای «کیل بمکیالین» تەنها بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەبەرچاو بگرن، ئەگەر بەرژەوەندی خۆیان و سیاسەتەکانی ئەوانی تیابوو، یا دەبووە مایەی لاوازکردنی لایەنێکی نەیار بە خۆیان ئەوا پشتیوانی سەربەخۆییەکە بکەن، وەک بینیمان لەساڵی ١٩٩٩ چۆن پشتیوانی تەیموری خۆرئاوا کرا تا لە ئەندەنوسیایان جیاکردەوە، یا باشووری سودان بەو هەموو لاوازیی و بێ تفاقیەوە کردیان بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، کەچی هەرێمی کوردستان کە لە ڕاپرسییەکدا زیاد لە ڕێژەی ٩٢٪ خەڵکەکەی داوای سەربەخۆیی کرد، لەکاتێکدا خاوەن سامانێکی سروشتی زۆر و ئابوورییەکی دەوڵەمەندە، نزیکەی سەدەیەکە خەبات دەکات بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی و هەرچی نەهامەتییە بەسەری هێنراوە کەچی پشتیوانی نەکرا و بەم دەردە برا کە ئێستا تێیدا دەژین و نازانین ئەنجامامان بە کوێ دەگات، هاوکات هەرێمی کەتەلۆنیا کە بە حسیاب لە کیشوەری ئەورووپا و لانکەی ئەو دیموکراسییەی بانگەشەی بۆ دەکرێت، ئەوانیش بینیمان بە ڕێژەیەکی زۆر داوای سەربەخۆیان کرد کەچی وا خەریکە سەرۆکی هەرێمەکە دادگایی دەکرێت و چارەنووسی نادیارە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١ـ حق تقرير المصير فی الفقه الإسلامی، ل١١.

٢ـ مافی چارەی خۆنوسین، مەولود حاجی باوە، ل ٨.

٣ـ حق تقرير المصير فی الفقه الإسلامی، ل١١.

٤ـ حق تقرير المصير فی الفقه الإسلامی، ل١١.

له ماددەی (٢) برگەی (ب) ی جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ لە ئیسلامدا کە پەسندکراوی ئەنجومەنی ئیسلامییە لە بەرواری ٢١ زیلقەعدەی ١٤٠١ کۆچی، بەرامبەر ١٩٨١/٩/١٩زایینی هاتوە: (لا يجوز لشعب أن يعتدي على حرية شعب آخر، وللشعب المعتدى عليه أن يرد العدوان، ويسترد حريته بكل السبل الممكنة: «ولمن انتصر بعد ظلمه فأولئك ما عليهم من سبيل» (الشورى: ٤١). وعلى المجتمع الدولي مساندة كل شعب يجاهد من أجل حريته، ويتحمل المسلمون في هذا واجبا لا ترخص فيه: «الذين إن مكناهم في الأرض أقاموا الصلاة وآتوا الزكاة وأمروا بالمعروف ونهوا عن المنكر» (الحج: ٤١.

٦ـ هەر بۆ زانین دیارە کە بڕیاری مافی چارەی خۆنووسین بە تەنها مانای جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ ناگەیەنێت، بەڵکو ئەو مافە هەرووەک دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ دەگرێتەوە ئاوەهاش مافی یەکگرتنی ئازادانە لەگەڵ دەوڵەت و قەوارەی تر دەگرێتەوە، کەواتە بانگەشەی داواکاری هەر گەل و نەتەوەیەک بۆ مومارەسەکردنی مافی چارەی خۆنووسن بانگەوازێکی کراوە نییە بۆ دابەشکردن و جیابوونەوە، کە دوو چەمکی زۆر خوشەویست نین لە ئایینی ئیسلام، چونکە وەک باوە ئایینی ئیسلام زیاتر جەخت لە یەکریزی و کۆکردنەوە و وەحدەت دەکات، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین ئەو وەحدەتەی ئیسلام داوای دەکات دەبێت ئارەزومەندانە و لەسەر بنەمای مافی چارەی خۆنووسین وەستابێت و بنیاتنرابێت، واتە لەسەر ئەساسی ئیرادەی ئازاد و بژاردەی ئارەزوومەندانە و بەبێ بەکارهێنانی هیچ جۆرە زۆرلێکردنێک ئەنجامدرابێت، کە ئیرادەی ئازاد و بژاردەی ئارەزوومەندانە مافێکی ڕەسەن و پارێزراوە لە ئیسلام بۆ مرۆڤەکان لە سەر ئاستی تاک و گەل و نەتەوەکان، چونکە بەبێ دابین کردنی ئەو مافە ئیدی مرۆڤ لە مرۆڤ بوون دەکەوێت.

٧. له ماددەی سێی جارنامەی مافی مرۆڤی پەسندكراوی كۆمەڵەی گشتی بە بریاری (٢١٧الف) (د-٣) لە بەرواری ١٩٤٨/١٢/١٠ دا هاتووە: (لكل فرد الحق في الحياة والحرية وسلامة شخصه) لە ماددەی (٢٨) هاتووە: (لكل فرد الحق في التمتع بنظام اجتماعي دولي تتحقق بمقتضاه الحقوق والحريات المنصوص عليها في هذا الاعلان تحققا تاما).

٨. الامة في الرؤية الاسلامية مفهومها، مقوماتها، وظائفها، عمر اسماعيل رحيم، مصر، دار الكتب القانونية، ، ل٣٠٩.

٩. الانسان، ئايەتی٣.

١٠. الكهف، ئايەتی٢٩.

١١. البقره، ئايەتی ٢٥٦.

١٢. الصافات، ئايەتی ٢٤.

١٣. حقوق الانسان فی الاسلام، الدكتور محمد الزحيلی، ١٩٤-١٩٥.

١٤. هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەرە.

١٥. الغاشيه، ئايەتی ٢٢.

١٦. سورەتی حجرات، ئايەتی ١٣.

١٧. لە فەرمودەيەكی زۆر ديار و ناودار هاتووە: أن رسول الله صلى الله عليه وسلم لما أراد أن يبعث معاذا إلى اليمن، قال : كيف تقضي إذا عرض لک قضاء ؟ قال : أقضي بكتاب الله.قال : فإن لم تجد في كتاب الله ؟ قال : فبسنة رسول الله صلى الله عليه وسلم .قال : فإن لم تجد في سنة رسول الله صلى الله عليه وسلم ؟ قال : أجتهد رأيي ولا آلو .فضرب رسول الله صلى الله عليه وسلم صدره وقال : الحمد لله الذي وفق رسول رسول الله لما يرضي رسول الله. ئيمامی ئەحمەد و ترمزی گێراويانەتەوە.

١٨. صەحيفەی مەدينە ئەو ديكۆمێنتە گرنگەيە كە پێغەمبەر كۆمەڵگەی مەدينەی لە كۆمەڵگەيەكی قەبەلی سستەمی هۆز لەسەر گۆڕی بۆ كۆمەڵگەيەكی سياسی مەدەنی و فرە پێكهاتە، ئەرك و مافی هەموو پێكهاتەكانی تێدا دياريكراوە، سنوری دەستەڵاتەكان دياريكراوە.

١٩. دستور امة الاسلام دراسة في اصول الحكم وطبيعته وغايته عند المسلمين، دكتور حسين مؤنس ، ل١٢٩.

٢٠. دستور امة الاسلام دراسة في اصول الحكم وطبيعته وغايته عند المسلمين، دكتور حسين مؤنس، ل ١٣٠-١٣٣.

٢١. سەبارەت بە سستەمی ويلايات و پشت بەستنی دەستەڵاتی ئيسلامی بەو سستەمە سەيری ئەو كتێبانە بكە:

١. الاحكام السلطانية
٢. النظم الاسلامية حسن ابراهيم حسن.
٣. عمر ابن الخطاب واصول الادارة الحديثة، دكتور سليمان الطماوي، ل ٣١٥.
٤. اقاليم الدولة الاسلامية بين المركزية السياسية واللامركزية الادارية، دكتور محمود احمد مصطفى
٥. الفدرالية وامكانية تطبيقها في العراق، دكتور محمد عمر مولود، ل ٣٥٣.

الفدرالية والديمقراطية للعراق، دكتور محمد هماوەندی، ل ٤٣.

٢٢. هەندێ لە ويلايەتەكانی سەردەمی عومەر: (ئەهواز و بەحرێن، سجستان و مەكران و كرمان، تەبەرستان، خوراسان، عێراق كە كردبووی بە دوو بەشەوە، كوفە ناوەندی يەكێكيان و ئەوی تر بەسرە بوو، ويلايەتی شاميشی كردبوو بە دوو بەشەوە ناوەندی يەكێكيان حمس بوو ئەوی تر ديمەشق، فەلەستين ويلايەتێكی سەربەخۆ بوو، ئەفريقاشی كردبوو بە سێ ويلايەت ميسری باڵا و مسی خواروو خۆرئاوای ميسر و بيابانی ليبيا).

٢٣. لەو كاتەدا سنوری جيهانی ئيسلامی دابەشكرابوو بۆ پێنج بەش، هەريەک لەو ويلايەتانە مومارەسە چەندين كار و ئەركيان دەكرد كە ئەمرۆ كاروئەركی دەوڵەتی سەربەخۆن. سەيری ابن الخطاب واصول السياسة والادارة الحديثة، سليمان الطماوي ، ل٢١٦-٢١٧.

٢٤. سەيری كتێبی: اقاليم الدولة الاسلامية بين اللامركزية السياسية واللامركزية الادارية) ی دكتور مسعود احمد مصطفى، ل١٧٥ و دواتر.

٢٥. الفدرالية والديمقراطية للعراق، الدكتور محمد هموندي ، ل٤٥.

# کاریگەری ئەمریکا لەسەر پرسی کورد لە باشووری کوردستان پاش ڕیفراندۆم






**ئیبراهیم محەمەد عەزیز**

لەدایکبووی ١٩٧٨، هەڵەبجە

دکتۆرا لە سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان (٢٠١٧) لە وڵاتی بەریتانیا.

## پێشەکی:

خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە عێرقدا چەندین قۆناغی بڕیوە تا گەیشتۆتە ئێستا و لەوپێناوەشدا کورد قوربانی زۆریداوە و پرسەکەشی کاریگەر بووە بە ڕەهەندی ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی. لەم قۆناغەدا بەتایبەت دوای ڕیفراندۆمی ٢٠١٧/٩/٢٥ و بەدەستهێنانی دەنگی بەڵێ بە ڕێژەی (٩٢,٧٢) کورد پرۆسەی سیاسی بردە قۆناغێکی نوێی مەترسیدارەوە بە جۆرێک پێش ڕیفراندۆم و دوای ڕیفراندۆم گۆڕانکاری گەورە و جددیی بەخۆیەوە بینیوە، لە پاش ڕیفراندۆم کورد زیاتر لە سەدا پەنجای ئەو خاکەی لەبەردەستیدابوو لەدەستیدا و هێزی سەربازی عێراقیی و حەشدی شەعبی گەڕانەوە هەموو ئەو ناوچانەی کە پێش لێدانی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە ٢٠٠٣ بوونیان هەبووە. هەروەها بابەتی دەروازە سنوورییەکان و فرۆکاخانەکانیش بابەتێکی تری بەرئەنجامی ئەو قەیرانەن و حکومەتی بەغداد بەردەوامە لە داواکاری ئەوەی کە دەسەڵاتی ئیتیحادی بەسەر ئەو شوێنانەدا هەبێت. هەر ئەم بارودۆخەش بوو وای کرد مسعوود بارزانی لە شەوی ٢٩ -١٠/٣٠-٢٠١٧ دەست لە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم هەڵبگرێت و دەسەڵاتەکانی لەلایەن پەرلەمانەوە دابەشکرا بەسەر سەرۆکایەتی حکومەت و پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری.

بەدە لەوەی بارزانی پۆستەکەی لەدەستدا، بەڵام کورد زۆر زیاتر لەوەی لەدەستدا کە بارزانی لەدەستیدا لەدوای ڕیفرادۆم، بەتایبەتی ئەو نسکۆیەی کە بەسەر هێزی پێشمەرگە هات و سوپای عێراق و حەشدی شەعبی وەک دەسەڵاتی سەرکەوتوو مامەڵە دەکەن (الغالب والمغلوب) لەگەڵ هەرێمی کوردستان. ئەمانە هەمووی کە لە پاش ڕیفراندۆم هاتنەبوون بوو بەهۆی پاشەکشەپێکردنی پرسی سەربەخۆیی کورد بۆ خاڵی سەرەتا و دەستپێکی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە دوای ١٩٩١ و هەموو ئەو قوربانیانەی لەپێناویدا بەخەرج درا بەرئەنجامەکەی دوو دەستی بەتاڵ بوو لەگەڵ پەرتەوازەیی زیاتری ناوخۆیی لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت لەسەری بدوێم لەو بارودۆخەدا کاریگەری ڕەهەندی دەرەکییە بەتایبەت ئەمریکا لەسەر پرسی کورد لە دوای ڕیفراندۆم وەک پرسێکی چارەنووساز و ئاڕاستەکردنی ڕووداوەکان. پرسیار ئەوەیە بۆچی ئەمریکا لە بەرامبەر ئەو گۆرانکارییانە و هەنگاوەکانی بەغداد بێدەنگ بوو یان بۆچی وەک ترەمپ لە ٢٠١٧/١٠/١٦ ووتی: بێلایەن دەبین لە نێوان هەرێم و بەغداد. بۆچی کورد لەم کاتەدا پشتگیری ئەمریکای لەدەستدا؟ ئەمانە و چەندین بابەتی پەیوەندیدار بەو پرسە لێرەدا لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکی بۆ دەکەین.

لێرەدا باسی ئەوە ناکەم کە بۆچی کورد بڕیاری ڕیفراندۆمیدا، چونکە لەگەڵ ئەوەی لێکدانەوەی جۆراو جۆری بۆ کرا، بەڵام پرسی سەربەخۆیی کورد پرسێکی ستراتیجییە و هەموو کوردێک هەوڵی بۆ دەدات و ئاواتێتی وەک نەتەوە جیاوازەکانی جیهان ئەویش خاوەنی کیانی سەربەخۆی خۆی بێت. بۆیە زیاتر لەسەر رۆڵی ئەمریکا دەوەستم لەم پرسەدا و کاریگەرییەکانی لەسەر ئایندەی پرسی کورد لەم ناوچەیەدا بەتایبەت کاریگەری لەسەر ڕووداوەکانی دوای ڕیفراندۆم.

## ستراتیجییەتی ئەمریکا:

ئەمریکا لە دوای هاتنە سەرکاری ترەمپ ستراتیجییەتێکی نوێی لە جیهان بەگشتی و لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی گرتەبەر. عێراق لە و ستراتیجیەتەدا پێگەیەکی دیاری هەیە بۆ ئەمریکا، چونکە سەرەڕای ئەوەی لە ٢٠٠٣ وە بەکرداری هاتۆتە عێراق و بەرژەوەندی قوڵی تیایدا هەیە و پاشان شەڕی دژی داعش بابەتێکی سەرەکییە لە پلان و سیاسەتی ئەمریکادا. بۆیە

یەکگرتوویی عێراق لەم قۆناغەدا بۆ ئەمریکا گرنگە تا ئەو کاتەی ئەجێنداکەی خۆی لە ناوچەکە بەتایبەتی لە بەرامبەر بوونی ڕوسیا لە سوریا و ئێران لە عێراق و ناوچەکە پاشەکشە پێدەکات یان لە کەمترین حاڵەتدا بتوانێت بارودۆخێکی گونجاو بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی لەم ناوچەیە مسۆگەر بکات لە ڕێگەی بەرەیەکی هەرێمایەتی کە زیاتر چەسپاندنی سیاسەت و ستراتیجیەتی ئەمریکا بێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

لەم میانەیەدا یەکێتی خاکی عێراق و بەردەوامی ئەم دەستەبژێرە کە ئێستا دەسەڵاتیان هەیە لە عێراقدا لەلایەن ئەمریکاوە گرنگە بۆ بەردەوامیدان بەو پلانەی کە خۆی هەیەتی. لەم سۆنگەشەوە مانەوەی حەیدەر عەبادی وەک سەرۆک وەزیران بۆ چوار ساڵی ئایندە خاڵی سەرەکی ئەمریکایە لەو پرۆسەیەدا. ئەمریکا پشتگیرییەکی تەواو لە عەبادی دەکات و نوێنەری ئەمریکاش لە دانوستانەکانی لە گەڵ کورد ئەمەی نەشاردۆتەوە و بە ڕوونی حەزی خۆیان بۆ بەردەوامی عەبادی بۆ چوار ساڵی تر پێ ڕاگەیاندوون. لە بارودۆخێکی وەهادا ئەمریکا ناتوانێت بە ئاراستەیەکی پێچەوانە کار بکات یان پشتگیری کارێک بکات کە دژی ئەو ئاراستەیە بێت. بۆیە بەشێویەکی گشتی جەنگ دژی داعش و کۆتایی پێهێنانی لە عێراق و مانەوەی ئەم دەستە بژێرە سیاسییە بەشێکی سەرەکییە لەو سیاسەتەی کە ترەمپ و ئیدارەکەی لەسەری دەڕۆن و چەندین هەنگاوی کرداری ئەمریکا ئەوەی سەلماندووە. بەتایبەت هەوڵدان بۆئەوەی عێراق لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی بکرێتەوە و لەو گۆشەگیرییەی کە تێی کەوتووە کە بە قازانجی ئێرانە ڕزگاری بکات. بۆیە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (تیلرسن) سەرپەرشتی پێکهێنانی ئەنجوومەنی هەماهەنگی نێوان عێراق و سعودیەی کرد بۆئەوەی عێراق بەرەو جیهانی عەرەبی بڕوات و لەو بەرە هەرێمایەتییە بێت کە ئەمریکا دەیەوێت دروستی بکات لە دژی ئێران و زیادبوونی کاریگەری ڕوسیا لەناوچەکە. چونکە عێراق دابڕاو نییە لەو سیاسەتەی کە ئەمریکا لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پەیڕەوی لێدەکات و کاریگەری جددی هەیە لەسەر هەنگاوەکانی لە وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەت بەرامبەر ئێران و کێشەی سوریا و ...هتد. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئەمریکا بەرژەوەندی زیندووی هەیە لەم ناوچەیە بەتایبەت پرسی نەوت کە ترەمپ نەیشاردۆتەوە وەک یەکێک لەو سەرچاوانە مامەڵەی لەگەڵ دەکات کە ئەمریکای پێی بەهێزتر بکات.

لە بەرواری ٢٠١٧/١/٢٠ ترەمپ کاتێک سوێندی یاسایی خوارد زۆر بە ڕوونی ووتی: لەمکاتە بەدواوە ئەمریکا لە پلەی یەکەمدا دەبێت بۆ گرنگی پێدان (America First). ئەو گرنگی پێدانەش بەشێکی سەرەکی پەیوەستە بە سوودوەرگرتن لە دەوڵەمەندی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وەک سەرچاوەیەکی گرنگی سامانی سروشتی.

لێرەوە تێگەیشتن لەو جۆرە لە سیاسەت کردنەی ئەمریکا زۆر گرنگە بۆئەوەی کاراکتەرە سیاسیەکانی ناوچەکە بەتایبەتی ناوخۆی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی لەوە گەیشتبن کە ئەمریکا لە سەردەمی ترەمپدا ستراتیجیەتی خزمەتکردنی خەڵکی خۆیەتی لە پێش هەموو شتێکەوە ئەویش بەسوودوەرگرتن لەو هەنگاوانەی کە لەسەر ئاستی جیهان جێبەجێی دەکات بەتایبەت خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە لە سیاسەتی خۆیدا ئەمریکا و ئەمریکییەکان لە پێشترن نەک ئەجێندا و پلانی کاراکتەرەکانی تر کە مامەڵە لەگەڵ ئەمریکادا دەکەن.

## ئەمریکا و ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان:

ئەمریکا لەگەڵ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم نەبوو وەک میکانیزمێک بۆ سەربەخۆیی گەلی کورد لە ٢٠١٧/٩/٢٥دا، بۆ ڕێگریکردن لەم هەنگاوەی کورد نوێنەرەکانی ئەمریکا بەردەوام لە هەوڵدابوون بۆئەوەی ئەو ڕیفراندۆمە ئەنجام نەدرێت و

بەدیلی خۆیشیان بۆ ئەو بابەتە خستەڕوو. ئەوەی ئەمریکییەکان جەختیان لەسەر دەکردەوە ئەوەبوو کە ستراتیجی ئەوان ئیستا لە عێراقدا تێکشکاندنی تەواوەتی داعشە و نایانەوێت بەدەر لەوە کارێک بکرێت کە کار بکاتە سەر پرۆسەکەیان و بۆ ئەو مەبەستەش پارێزگاری لە یەکێتی خاکی عێراق دەکەن.

ئەو شاندەی بە سەرۆکایەتی (برێت مەککۆرک) کە پێکهاتبوون لە (یان کۆبیج نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەککرتووەکان و دۆگلاس سلێمان باڵوێزی ئەمریکا لە عێراق و فرانک بیکەر باڵوێزی بەریتانیا لە عێراق) لە بەرواری ٢٠١٧/٩/١٤ دا زۆر بە ڕوونی داوایان کردبوو ڕیفراندۆم دوابخرێت و کێشەکانی هەرێم و بەغداد لە ماوەی سێ (٣) ساڵدا بە سەرپەرشتی نەتەوەیکگرتووەکان و ئەمریکا چارەسەر بکرێت بەپێی خشتەیەک کە سێ قۆناغ لە خۆ بگرێت و هەر قۆناغێکیش دوازدە(١٢) مانگ بێت. ئەگەر هاتوو بەوشێوەیە چارەسەر نەکرا ئەوا کورد بگەڕێتەوە بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم. کورد بەو پێشنیارانە ڕازی نەبوو داوای زیاتری دەکرد بەجۆرێک کە سەربەخۆیی بەدوادابێت و چارەسەری کۆتایی بێت و ئەوەی لێ بکەوێتەوە کە دوو دراوسێی باش بن پێکەوە لەگەڵ بەغداد.

ئەمریکییەکان بەردەوام بوون لە هەوڵەکانیان و دواین هەوڵیشیان بریتی بوو لەو هەوڵەی کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (تیلرسن) خۆی پێی هەستا و درافتی کۆتایی (کۆتا ڕەشنوسی) نامە گرنگەکەی ئاراستەی بارزانی کرد تاوەکو ببێتە هەنگاوێک بۆ تێپەڕاندنی قۆناغەکە و کورد تیایدا دەستەکەوتی باش بەدەستبهێنێت.

تلرسن بەناوی ئەمریکاوە نامەی کۆتایی بۆ بارزانی نوسی بوو کە زۆر بەڕوونی تیایدا هاتبوو (ئەوان نیگەرانی خۆیان دەربڕیوە و ئەو نیگەرانیەش سەرچاوە گرتووە لە بەردەوامی شەڕی داعش ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی حەویجە، ناسەقامگیری بارودۆخی هەرێمایەتی، هەروەها جەختکردنەوە لە گێرانەوەی سەقامگیری بۆ ناوچە ئازادکراوەکان بەجۆرێک کە داعش هەرگیز نەگەڕێتەوە ناوچەکە، لەم سۆنگەیەوە بەڕێز و حورمەتەوە داوا دەکەین بەدیلەکە قبوڵ بکەن). لێرەدا زۆر بەڕاشکاوی ئەولەویەتی کاری ئەمریکای لە ناوچەکە و عێراق دیاریکردووە و داوا دەکات هەنگاوێک نەنرێت لە دەرەوەی ئەوەی ئەوان نەخشەیان بۆ کێشاوە. ئەو بەدیلەش بریتییە لەگفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بۆ چارەسەری کێشەکان لە ماوەی ساڵێکدا و تەواوی ئامادەیی ئەمریکاشی بۆ پێداویستی دارایی هەرێمی کوردستان نیشانداوە و پشتگیری تەواوی پرۆسەکە دەکەن. زیاد لەمەش بەڵێنی داوە کە کارئاسانی بکەن بۆئەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان پاڵپشتی تەواوی ئەو پرۆسەیە بن. لە بەرامبەریشدا تلرسن ئەوەی نوسیوە ئەگەر ڕیفراندۆم بکەن ئەوا ئەنجامی مەترسیداری دەبێت و دەبێتە هۆی ئەوەی ئامانجەکانتان بەرەو دواوە بەرێتەوە.

ئەم نوسراوەی تلرسن پێویستی بەوەیە زیاتر هەڵویستەی لەسەر بکرێت و لێکۆڵینەوەی جددی لەسەر بکرێت لە چەندین لایەنەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە کە بارزانی و تیمی هاوکاری لەوە تێنەگەیشتبوون کە بابەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی هەڵوێستی نەرێنی ئەمریکا و پشتگوێ خستنی چ مەترسیەک بەدوای خۆیدا دەهێنێت. ئەگەر ئەوە هەڵوێستی دۆستی کوردبێت لە پاش ١٩٩١ەوە کە بەردەوام بووە لە پاراستنی هەرێمی کوردستان و بەرەوپێش بردنی دەبوایە بارزانی و تیمی هاوکاری داواکارییەکەیان بەهەند وەرگرتایە. مەترسیدارترین هەڵە نەخوێندنەوەی واقیعیانەی کاریگەریی ئەمریکا بوو لەسەر ڕووداوەکانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراست و عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی.

وەک کۆندالیزا رایس دەڵێت: لە دوای ١٩٩١ەوە ئەوان کوردیان پاراست و یارمەتیان داون بۆئەوەی هەرێمی کوردستان بەو ئاستە بگات. ئیتر چۆن دەبێت بارزانی و تیمی هاوکاری لەم هاوکێشەیە تێ نەگەیشتبن و بە پەیرەوکردنی سیاسەتی دیفاکتۆ بیانەوێت پرسی سەربەخۆیی کورد بەرەوپێش بەرن.

بارودۆخێک بەو شێوازە دروست بوو بێت هەر لە سەرەتاوە ئەنجوومەنی ئاسایشی بە بریاری ٦٨٨ پارێزگاری لێکردبێت و رەهەندی دەرەکی رۆڵی سەرەکی لە پشتگیریی و بەرەوپێش چوونی هەبووبێت نابێت لە ساتێکی مێژوویی گرنگی پرسی سەربەخۆییدا کاریگەرییەکانی زل هێزێکی وەک ئەمریکا نادیدە بگیرێت. لە نزیکترین پشتگیرییەکانی ئەمریکا بۆ هەرێمی کوردستان ئەو پشتگیرییە بەرفراوانەی ئەمریکا بوو لە ماوەی سێ ساڵی رابردوو لە جەنگی دژی داعش بەجۆرێک ئەگەر ئەمریکا و هاوکارییەکانی نەبوونایە ئەوا بارودۆخەکە بەجۆرێکی تر دەبوو. هەروەها لەسەر و ئەمانەشەوە ئەمریکا هاوکاری کوردبوو بۆئەوەی نەوت هەناردە بکات و سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بکات بۆ بەبازارکردنی ئەو نەوتەی هەیبوو.

بۆیە لە پرۆسەیەکی گرنگی وەک راپرسی نەدەبوایە وەها مامەڵە لەگەڵ ئەو داخوازیانە بکرابایە کە ئەمریکا هەیبوو لە بەئەنجام گەیاندنی ئەو پرۆسەیەدا. ئەمریکا کە بەدیلی پێشکەش کردوو مەترسی پشتگوێخستنی خستە بەرچاو دەبوایە دیراسەی ئەوە بکرابایە لە دوای ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی لە هەموو حاڵەتەکاندا پێویستییەکی حەتمییە کە دەوڵەتێکی وەک ئەمریکا دەبێت پشتگیربێت بۆ سەرخستنی، بەڵام ئەو لە پێش ریفراندۆم هەموو هەوڵێکی خۆیدا بۆئەوەی دوابخرێت، کە بەو شێوازە نەبوو کە ئەمریکا داوای کرد نابێت چاوەرێی پشتگیری بیت لە ئەمریکا لەکاتێکدا هەنگاوەکانی تۆ پێچەوانەی خواستی ئەو و پلانەکانێتی لە عێراق و خۆرهەڵاتی ناوەراست.

بۆیە لە ئێستادا زۆر بە روونی دیارە کورد ئەو پشتیوانییەی لەدەستداوە و ئەوەش بەهۆی ئەوەی کورد بەتایبەتی بارزانی ریفراندۆمیان ئەنجامبدا و رۆڵی ئەمریکا نادیدە گیراو لە ئەنجامدا کەلێنی گەورە لە نێوان کورد و ئەمریکادا دروستبووە و بەمەش کورد لەو پرۆسەیەدا وەک تلرسن لە نامەکەیدا نوسیبووی لە ئامانجەکەی زۆر بردە دواوە.

## کاریگەرییە سەرەکییەکانی ئەمریکا لە رووداوەکانی ١٦ی ئاب و رۆژانی دواتر:

ئەمریکا لە دوای ٢٠١٧/١٠/١٦ وە کاریگەری لە زۆر بواردا بەروونی دەرکەوت بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستان و ئەو واقیعە بوو کە کوردستان هەیبوو. لێرەدا بوار نییە هەموو ئەو کاریگەرییانە دەستنیشان بکەین و لێکۆڵینەوەی بۆ بکەین، بەڵام لە بواری سیاسیی و دیپلۆماسییەوە هەوڵدەدین ئەو کاریگەریانەی کە ئەمریکا هەیبووە و هەیەتی بخەینە روو.

ئەو لەشکرکێشیەی کە بەغداد کردی بۆ سەر کەرکوک و ناوچە جێ ناکۆکەکان ئەمریکا لێی بێدەنگ بوو بۆیە بوو بەهۆی لەدەستدانی بەشێکی زۆری خاکی کوردستان کە لە سەد ساڵی رابردوودا کورد قەڵەمرەوی هێندە فراوان نەببوو. ئەگەر ئەمریکا پشتگیری ئەو هەنگاوانەی بەغدای نەکردایە ئەوا زۆر ئەستەم بوو بەغداد جارێکی تر بەوشێوازە بگەرێتەوە ئەو ناوچانەی کە لەکاتی شەری داعش لەدەستی دابوو. هەوڵێکی لەو شێوازە هەبوو لە سەردەمی مالیکی لە ساڵی ٢٠٠٨دا بۆئەوەی سوپای عێراق لە ناوچەی خانەقین و دەوروبەری بڵاوە پێ بکات، بەڵام ئەمریکییەکان رێگری تەواوبوون لەو هەوڵەی مالیکی و نەیانهێشت هێزەکانی عێراق پێشرەوی بکەن. بەڵام هەمان هەنگاو و بەشێوەیەکی بەرفراوانتر دوای نۆ ساڵ ئەمریکا بێدەنگی لێکرد و کوردیش هەموو

**کۆندالیزا ڕایس دەڵێت: لە دوای 1991ەوە ئەوان کوردیان پاراست و یارمەتیان داون بۆئەوەی هەرێمی کوردستان بەو ئاستە بگات.**

ئەو ناوچانەی لەدەستدا کە لە دوای ٢٠٠٣ەوە تا پێش ٢٠١٧/١٠/١٦ بەدەستییەوە بوو.

ئەو هەنگاوەی بەغداد بوو بەهۆی لاوازکردنی کورد لە ڕووی پێگەی سیاسیی و پەیوەندییەکانی لەسەر ئاستی دەرەوە بەتایبەتی لەگەڵ ئەمریکا، بەجۆرێک پەیوەندییە دەرەکییەکانی بەرێژەیەکی بەرچاو چووەتە دواوە و جۆرێک لە گۆشەگیری تووش بووە.

لەو ڕووداوانەی کە هاتنەبوون لە ١٦ ئابەوە تا ٣٠ ئاب ئەمریکا و بەریتانیا هیچ ئاماژەیەکیان دەرنەخست بە پشتگیری هەرێمی کوردستان و ئەوەش بووە هۆی ئەوەی بارزانی لە وتاری دەستلەکار کێشانەوەکەیدا زۆر بەڕوونی ئاماژەی پێبکات و بڵێت: (کورد تەنها خۆیەتی و شاخەکان..... جێگەی پرسیارە ئەوانەی کە لای ئەمریکا تیرۆریستن لەسەر دەبابەی ئەبرامز هێرش بکەنە سەر هەرێمی کوردستان و ئەمریکاش بێ دەنگ بێت)، هەروەها لە دوای ٢٠١٧/١٠/١٦ وە تا دەستلەکاری کێشانەوەی بارزانی لە پۆستەکەی پەیوەندی دەوڵەتان بە بارزانییەوە تەنها دوو پەیوەندی تەلەفۆن بووە، یەکەمیان لە بەرواری ٢٠١٧/١٠/١٩ سێ ڕۆژ دوای هێرشەکەی کەرکوک لەلایەن وەزیری بەرگری ئەڵمانیا کە ئەویش (خۆشحاڵیی خۆی نیشاندا کە ڕادەی بەریەککەوتنە سەربازییەکانی نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی عێراقی کەمبووە و گرژییەکان پەرەی نەسەندووە) ، هیچ ئاماژەیەکی تێدا نەبووە بۆ پشتگیری هەرێمی کوردستان، دووەم پەیوەندیشیان لە بەرواری ٢٠١٧/١٠/٢٣ لەلایەن سەرۆکی فەرەنساوە بوو کە تەنها هانیداون گفتوگۆ بکەن و بەو شێوازە نەبووە کە کورد پێویستی پێی بووە لەوکاتەدا. هەروەها باس لە پەیوەندییەکی وەزیری دەرەوەی ئەمریکاش دەکرێت لەگەڵ بارزانی، بەڵام سەرۆکایەتی هەرێم لە سایتی فەرمی خۆی باسی لێوە نەکردووە و ئەوەش لە ڕووی دیپلۆماسیی و پرۆتۆکۆلییەوە مانای زۆر هەڵدەگرێت کە بۆچی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەو ئاستە بەرزەدا هیچ ئاماژەیەکی پێ نەکراوە لەلایەن تیمی سەرۆکایەتی هەرێمەوە لەکاتێکدا دەبوو لە پێگەی فەرمی سەرۆکایەتی هەرێم ناوەڕۆکەکەی بڵاوبکرابایەتەوە.

بۆیە لەوەدەچێت (فشار بووبێت بۆ بارزانی یان بارزانی گرنگی بە پەیوەندییەکەی نەدابێت یان داواکارییەک بووبێت و بارزانی قەڵس بووبێت پێی ...هتد)، ئەگەرنا لەو بارودۆخەدا پەیوەندییەکی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ بارزانی ئەگەر باش بووبایە ئەوا باس و خواسی گەرم دەبوو و کاریگەریشی لەسەر ڕووداوەکان دەبوو.

لە بەرامبەردا حەیدەر عەبادی پەیوەندییەکانی توندوتۆڵ بوو لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا و ناوچەکە جگە لەو سەردان و وەفدانەی کە هاتونەتەلای عەبادی کە جەختیان لە یەکپارچەیی خاکی عێراق کردووەتەوە و پشتگیری خۆیان بۆ هەنگاوەکانی عەبادی دەربڕیووە زیاتر لە (١٣) پەیوەندی

تەلەفۆنی ئەنجامدراوە لە نێوان عەبادیی و بەرپرسانی وڵاتانی دنیای دەرەوە لە نێوان ١٦ ئاب تا٢٩ ئابی ٢٠١٧ ، بەجۆرێک گرنگترینیان (٣) پەیوەندی لە وەزیری دەرەوەی ئەمریکاوە پێگەیشتووە جگە لە سەردانی فەرمی وەزیری دەرەوە بۆ بەغداد و هەروەها کۆبوونەوەی لەگەڵ عەبادی لە سعودییە و سەرپەرشتیکردنی دروستکردنی ئەنجوومەنی هەماهەنگی لە نێوان عێراق و سعودیەدا، دوو پەیوەندی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، دوو پەیوەندی سەرۆکی فەرەنسا، دوو پەیوەندی ئەڵمانیا یەکێکیان وەزیری دەرەوە ئەویشیان وەزیری بەرگری. دوو پەیوەندی پادشای سعودییە.

ئەو گرنگیدانەی دنیای دەرەوە بە عەبادی و پەیوەندیکردن لەگەڵیدا و تاوتوێکردنی بارودۆخەکانی دوای ٢٠١٧/١٠/١٦ خۆی لەخۆیدا پشتگیری هەنگاوەکانیتی لەو ڕوداوانە و جەخت کردنەوەش بووە لە گرتنبەری گفتوگۆ بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداد ئەمە جگە لەوەی کە هەڵوێستی خۆیان دووپاتکردۆتەوە بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق.

بەڵام ئەگەر ئەمریکا وەک زلهێزێک هەڵویستی ئەرێنی هەبوایە بەرامبەر هەرێم و پشتگیری بکردایە ئەوا هەڵوێستی هاوپەیمانەکانی بەتایبەت بەریتانیا و فەرەنسا هاوشێوەی ئەمریکا دەبوو بۆیە ئەوانیش و دەوڵەتانی تریش لە پشتگیری نەکردنی ئەمریکا بۆ کورد هەڵوێستەیان کرد و وەها دەخوێنرایەوە کە چاوەڕێیی هەڵوێستی ئەمریکابن تاوەکو لەو بارودۆخەدا هەنگاو بنێن، بەڵام بەداخەوە ئەمریکا پشتگیری هەرێم نەبوو بگرە بەپێچەوانەوە بەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پشتگیری عەبادی کرد.

نەبوونی ئاماژەیەکی ڕوون لەلایەن ئەمریکاوە بەردەوام بوو هەتا دوای دەست لەکارکێشانەوەکەی بارزانی لە شەوی ٣٠/٢٩ ی ئابی ٢٠١٧، بەڵام ڕاستەوخۆ دوای ئەو ڕووداوە ئاماژەکانی ئەمریکا زۆر بەڕوونی بە ئاراستەی پشتگیری هەرێمی کوردستان دەرکەوتن وەک بڵێی ئەمریکا لە چاوەڕوانی ئەو دەستلەکارکێشانەوەیدا بووبێت بۆئەوەی هەڵوێستی خۆی بۆ پشتگیری حکومەتی هەرێم دەرببڕێت.

ئەوەی گرنگە بریتی بوو لە و بەیاننامەیەی ئەمریکا کە لە ٣٠ ئابی ٢٠١٧ بڵاوکرایەوە ڕاستەوخۆ دوای وازهێنانی بارزانی لە پۆستەکەی. لە بەیاننامەکەی ئەمریکادا ئەم قۆناغە بە قۆناغی (گواستنەوەی سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق) (Political Transition in Iraqi Kurdistan Region) ناودەبات کە ئەمەش واتای ئەوەیە کە بۆ ئەمریکا ئەم قۆناغە تەواو جیاواز دەبێت لە قۆناغی پێش ١٦ی ئاب و مەرج نییە هەمان ئاستی پشتگیری هەبێت بۆ کوردستان، بەڵام سیاسەتی ئەوان ڕوونە و دەبێت هەرێمی کوردستان مامەڵەی تەندروست لەگەڵ قۆناغی گواستنەوەی سیاسییە بکات. هەروەها ئەوەی جێگەی ئاماژە و هەڵویستە لەسەر کردنە بۆ یەکەم جارە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا داوا لە حزبە سیاسییە کوردییەکان دەکات پشتگیری ئەو حکومەتە بن کە کار دەکات بۆ چارەسەری کێشەکان لەو ماوەیەی کە ماویتیی و ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لە ٢٠١٨.

هەروەها حکومەتی هەرێم بە سەرکردایەتی نوێ ناو دەبات (The KRG under its new leadership)ئەوەش ئاماژەیەکی ڕوونە ئەوان مامەڵەیەکی تەواو لەگەڵ ئەو حکومەتەدا دەکەن و گفتوگۆکان لە ڕێگەی ئەوەوە دەبێت و ئەمریکا پشتگیری ئەو حکومەتە دەبێت لەم قۆناغەدا.

دوابەدوای ئەم هەنگاوەی ئەمریکا وەزیری دەرەوەی بەریتانیا (بۆریس جۆنسن) بەپەلە داوای دەستپێکردنی گفتوگۆ دەکات لە نێوان حکومەتی هەرێم و بەغداد بەتایبەتی هەردوو سەرۆک

وەزیران کە بتوانن لە ماوەیەکی دیاریکراودا گفتوگۆکان بگەیەننە ئەنجام بەشێوەیەکی ئاشتیانە لە چوارچێوەی دەستوری عێراقدا.

لەمەوە دەردەکەوێت کە کاریگەری ئەمریکا لەسەر هەرێمی کوردستان و بارودۆخە سیاسییەکە زۆر بەڕوونی بوونی هەیە و ڕۆڵێکی گەورەیی هەیە لە یەکلاکردنەوەی ئەو بارودۆخەی کە لە عێراقدا دەگوزەرێت، چونکە بە گۆڕانی هەڵوێستی ئەمریکا هاوکێشەکانیش دەگۆڕێن، بەڵام لە ئێستادا بارودۆخەکە لە بەرژەوەندی بەغداد دەگوزەرێت و ئەمەش لاسەنگ بوونی هاوکێشەکەیە کە بەغداد کاری جددی لەسەر کردبوو کە بتوانێت هەرێمی کوردستان لەو ئاستە دیپلۆماسیەی کە بڕیبووی پاشەکشەی پێی بکات و بۆماوەیەکی دوور کورد دوور بخاتەوە لەو ئامانجەی کە هەوڵی بۆ دەدات بە پاڵپشتی ئەمریکا.

## دەرئەنجام

لە کۆی ئەوەی خستمانەڕوو دەگەینە چەند دەرئەنجامێک بەمشێوەیەی خوارەوە:

١- هەرچەندە بارودۆخی ناوخۆیی بەهێزبێت و پێشکەوتن لەسەر ئاستی پەیوەندی سیاسی هێزە سیاسییە ناوخۆییەکان بوونی هەبێت، بەڵام نابێت ئەوە لەبەرچاو نەگیرێت کە نەبوونی هاوکاری ئەمریکا کاری سەربەخۆیی تەواو نابێت و دەبێت کورد لەسەر ئەو ڕەهەندە زیاتر بوەستێت و بەجۆرێک مامەڵە بکات کە پشتگیری ئەمریکا وەک یەکێک لە هۆکارە کاریگەرەکان بەدەستبهێنێت ئەوجا هەنگاوەکانی تر بنێت. یان گەرەنتی ئەوە بەدەست بێت کە یەکێک لە زلهێزەکانی جیهان پشتگیری ئەو هەنگاوە بکەن.

٢- ڕووداوەکانی دوای ١٦ی ئاب بەڕوونی ئەوەی دەرخست کە کورد هەرچەندە پەیوەندی هەبووە لەگەڵ ئەمریکا و لە چەندین قۆناغیشدا ئەمریکا هاوکاری جددی هەرێمی کردووە، بەڵام کورد نەیتوانی بەباشی لەوە تێبگات هەنگاوی سەربەخۆ بە پێچەوانەی سیاسەتەکانی ئەمریکا و داخوازییەکانی چ کارەساتێکی لێدەکەوێتەوە. ئەوە نسکۆیە سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەمریکا بە ناڕاستەوخۆ حەزی بەوە بووە کورد لەوەتێبگات کە بەگوێ نەکردنی ئەمریکا باجی گەورەی هەیە و کورد ئەو کاراکتەرە بەهێز و کاریگەرە نییە ئەگەر بێتوو ئەمریکا هاوکاری نەکا ڕۆڵ ببینێت لە عێراق و ناوچەکە.

٣- ئەوەی سەرکردە سیاسییەکان بەتایبەت بارزانی وەک دیفاکتۆ دەیویست پەیڕەوی بکات ئەگەر لەسەر ئاستی ناوخۆیی سەرکەوتوو بووبێت بۆ دژایەتی و ململانێ حزبییەکان، ئەوا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی فەشەلی هێناو چەندین جار ئەوەی دووبارە دەکردەوە ئەگەر لەسەر ئەرزی واقیع بوونت هەبێت وڵاتانی دەرەوەش مامەڵەت لەگەڵ دەکەن. بەڵام بەپێچەوانەوە لە ڕیفراندۆمدا بەهەڵەدا چوو بوو، چونکە باش ئەوەی نەخوێندبوویەوە هەموو دیفاکتۆکانی ئەو کە لە ڕابردوودا بەکاریهێنابوون لە بەرژەوەندی ئەمریکا بوو، بەڵام لەمەیاندا دژی ستراتیجیەتی ئەمریکا بوو.

٤- عەقڵیەتی سیاسی کورد زۆر لاواز و کرچ و کاڵە و لە ئاستی تێگەیشتنێکی دروستدا نییە بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و مامەڵەی ئەرێنی لەگەڵ دەوڵەتانی جیهان، بەتایبەتی لەوە حاڵی نەبوون کە ئەمریکا چ کاریگەرییەکی لەسەر کۆی ڕووداوەکان و ئاڕاستەکردنیان هەیەتی. ئەمەش بەرپرسیارێتی ئەو دەستەبژێرە بوو کە نەیانتوانی لە ئاست بارودۆخەکەدا بن و یەکێکیشە لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو نسکۆیەی بەسەر کوردا هات، چونکە ئەوانەی کە ئاڕاستەی پرسی ڕیفراندۆمیان لەدەست بوو نەزانانە مامەڵەیان لەگەڵ ڕەهەندی نێودەوڵەتی و خوێندنەوەیان بۆ ڕووداوەکان و ستراتیجی زلهێزەکان هەڵەبوو.

٥- گۆڕینی نەخشەی سیاسی ناوچەکە

که بەرهەمی سایکس-پیکۆیە بە کاراکتەرە بچووکە ناوخۆییەکان ئاسان نییە ، ئاسان نییە بۆ ئەمریکا کە ئەم کارە بکات بۆیە زۆر زەحمەتە کە کورد بتوانێت ئەو گرانکارییە بێنێتەکایەوە کە بەرژەوەندی وڵاتانی وەک تورکیا و ئێران و وڵاتانی عەرەبی دەخاتە مەترسییەوە. ئەمریکا خۆی حەز بە گۆڕینی نەخشەی سیاسی ناوچەکە دەکات، چونکە بەتەواوەتی ئەو نەخشە سیاسییە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا نییە و کاتێک هاتوتە بوون کە گوزارشتی لە بەرژەوەندی فەرەنسا و بەریتانیا کردۆتەوە، کارێک بۆ ئەمریکا ئاسان نەبێت بۆ کورد لە چوارچێوەی مەحاڵدایە.

٦- ڕەهەندی دەرەکی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پرسی سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنوسین و پێوست بوو کورد ئەو ڕەهەندەی بەجددی دیراسە بکات و لەوە حاڵی بێت کە هەنگاوی سەربەخۆی کوردستان و دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان دابڕاو نییە لە جیهانی دەرەوە بەتایبەت کاریگەرییەکانی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکە.

٧- لەم قۆناغەدا زۆر زەحمەتە کوردستان بتوانێت لەنێو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و عێراقدا دەوڵەتێک بنیات بنێت، چونکە بارودۆخی جیهانی و سیاسەتی ئەمریکا لە ئێستادا هاوکار و یارمەتی دەرنییە و وڵاتانی ناوچەکەش ئەو هەنگاوە وەک مەترسی جددی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆیانی دەزانن. ئەمەش شتێکی سەرسورهێنەر نییە، چونکە ئەگەر ئەوروپییەکان بۆ کەتۆلۆنییەکان ڕێگەنەدەن کیانی سەربەخۆی خۆیان هەبێت دەبێت کورد ووردتر لەوە بڕوانێت کە نەبوونی پشتگیری نێودەوڵەتی چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر پرسی سەربەخۆیی.

٨- پێویستە کورد پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ بەغداد وەک لەلایەن ئەمریکا و بەریتانیاشەوە داواکراوە ئاسایی بکاتەوە و لەسەر بنەمای دەستوور بچنە گفتوگۆوە بۆئەوەی هەوڵی چارەسەری کێشەکان بدەن و مافەکانی کورد کە لە دەستووردا هاتووە بەدەستبهێنن. ئەوەی کە ئەمریکا داوایکردووە حکومەتی هەرێمی گفتوگۆ بکات لەگەڵ بەغداد ئەوانیش هاوکاردەبن، بۆیە باشترین کارێک لە ئێستادا ئەوەیە کە قۆناغی گواستنەوە کە ئەمریکا ناوی لێناوە بەشێوەیەک بێت کورد زیاتر زەرەرمەند نەبێت.

٩- ئەو شتانەی کە پەیوەندی نێودەوڵەتیی و هەرێمایەتی لەسەر بنیات دەنرێت بریتییە لە: سامانی سروشتی، جیوپۆڵەتیک ، پێگەی سیاسیی و بارودۆخی ناوخۆیی. هەرێمی کوردستان نەیتوانی ئەوانە بەباشی بەکاربهێنێت بۆئەوەی پەیوەندی خۆی لەسەر بنیات بنێت، بەڵکو لەسەر سامانی سروشتی وەک بازرگان مامەڵەی دەکرد، لە جیۆپۆڵەتیک وەک پاشکۆ مامەڵەی دەکرد، لە سیاسەتدا زیاتر پشتی بە دیفاکتۆ دەبەست، لە ڕووی ناوخۆیی خەڵکەکەی زیاتر برسی تر دەکرد و پەیوندیی نێوان پارتە سیاسییەکان زیاتر لە یەکتر دوور دەکەوتەوە بەهۆی ململانێ و تاکڕەوی لە بڕیاردانا. لە قۆناغی گواستنەوەدا پێویستە کورد پەرتەوازەیی ناوخۆیی چارەسەر بکات، سامانی سروشتیی و پێگەی جیۆپۆڵەتیک و پەیوەندییەکانی وەها بەکاربهێنێت ببنە هاوبەش بۆ بنیاتنانی هەرێمێکی بەهێز و پاشان لە داهاتوودا بنیاتنانی دەوڵەتی لێ بکەوێتەوە.

١٠- بارودۆخی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە هەستیارترین قۆناغیدایە، بۆیە کورد دەبێت زۆر وریایانە مامەڵە بکات لەگەڵ ئەو هاوکێشانەی لە ناوچەکەدا هەیە، بۆئەوەی ئەوەشی کە ماوێتی لەدەستی نەدات، هەروەک زیاتر دیراسەی بارودۆخە گۆڕاوەکانی جیهانیی و هەرێمایەتیی و ناوخۆیی بکەن بۆئەوەی بتوانرێت پێچەوانەی ستراتیژ و سیاسەتی ئەو هێزانە مامەڵە نەکات کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر پرسی سەربەخۆیی کورد.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١.بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە وتاری دەستلەکارکێشانەوەی بارزانی لەسەر ماڵپەڕی فەرمی سەرۆکایەتی هەرێم لەم لینکەوە http://www.presidency.krd/kurdish/ =articledisplay.aspx?id=/CMkSfvo٤Jo

http://www.rudaw.net/sorani/world /2161020174

٣ بڕوانە وتاری ترمپ لەم لینکەوە
http://edition.cnn.com/2017/01/20/politics/trump-inaugural-address/index.html

4. http://www.presidency.krd/kurdish/articledisplay.aspx?id=sEtoPEoXfB=

٥.ئەو زانیارییانە بەشێوەیەکی نافەرمی لە زۆربەی سیات و پێگەوە بڵاوکرایەوە لەسەر زاری سیاسییەکان.

٦. هەموو نوسراوە فەرمییەکان لە سەرەتاوە بە درافت دەستپێدەکات و دوای ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوونەکان کە هەندێکجار بۆ چەندین درافت بەردەوام دەبێت ئەوکات دەبێتە نوسراوێکی فەرمیی و لایەنە پەیوەندیدارەکان واژۆی کۆتایی لەسەر دەکەن. ئەو نامەی تیلرسن ڕەشنووسی یەکەم بوو دەبوایە کورد بەردەوام بوایە لەسەر بەردەوامیدان بەو درافتە و دانوستان تا ئەوکاتەی کە دڵنیا دەبوون ئەمریکا تا چ ئاستێک لەگەڵ داخوازییەکانی کورددا دێتەوە، بەڵام ئەو درافتە لەیەکەم قۆناغیدا وەستا و کۆتایی پێهات .

٧. بۆ زیاتر ئاشنابوون بڕوانە دەقی ڕەشنووسی نامەکەی تلرسن https://assets.bwbx.io/documents/users/iqjWHBFdfxIU/rsJkyXsgEaig/v

٨. سەرچاوەی پێشوو.

9 Condoleezza Rice, Democracy: Stories from the Long Road to Freedom, May 9, 2017. P 300

١٠. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە ماڵپەڕی فەرمی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

١١. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە ماڵپەڕی فەرمی حەیدەر عەبادی لە نێوان ١٠/١٦/ بۆ ٢٠١٧/١٠/٣٠ لەم لینەکەوە http://pmo.iq/

١٢. بۆ تەواوی بەیاننامەکەی وەزارەتی دەرەوە بڕوانە ئەم لینکە https://www.state.gov/r/pa/prs/ps/2017/10/275179.htm

١٣. سەرچاوەی پێشوو.

١٤. بۆ تەواوی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بڕوانە ماڵپەڕی فەرمی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لەم لینکە https://www.gov.uk/government/news/foreign-secretary-statement-on-kurdishiraq-tensions

# مافی چارەی خۆنوسین

## لە یاسای نێودەوڵەتیدا و شێوازەکانی جێبەجێکرنی

**پێشەکی:**

مافی چارەی خۆنوسین کە بووە بە پرەنسیپێکی جێگیر و چەسپاو لە یاسای نێودەوڵەتیدا و مافێکی گەوهەریی یاساییە بۆ هەموو نەتەوە و گرووپێک بەبێ جیاوازی. لە دنیای ئەمڕۆدا باشترین شێواز بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی نوێ جێبەجێکردنی مافی چارەی خۆنووسینە بە بەدەستهێنانی ڕێگا ئاشتیخوازییەکەی.

بیرۆکەی مافی چارەی خۆنوسین دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو شۆڕشی ئەمریکی (١٧٧٦/٧/٤) و فەڕەنسی (١٧٨٩/٧/١٤). دواتر چەندین سەرۆک و یاساناس گرنگی و گەشەیاندا بە مافی چارەی خۆنووسین. لە ماوەی فەرمانڕەوایی بیست و هەشتەمین سەرۆکی ئەمریکا (تۆماس ودرو وێڵسن ١٨٥٦/١٢/٢٨—١٩٢٤/٢/٣)دا، گەشەی زۆری پێدرا. وێڵسن لە (١٩١٨/١/٨)دا (١٤) چواردە خاڵەکەی پێشکەشی کۆنگرێس کرد. ئەو پرەنسیپانەی دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو و هیوایەکی مەزنی بە گەلانی چەوساوە بەخشی بۆ بەدەستهێنانی ئازادییان.




**ئاوارە حسێن ئەحمەد**

لەدایکبووی: ١٩٨٧/١/١، هەڵەبجە. ماستەر لە یاسای نێودەوڵەتی لە زانکۆی پونەی هیندستان (٢٠١٣). مامۆستای جینۆسایدی کورد، جینۆسایدی گەلان، یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتی/ بەشی یاسای زانکۆی هەڵەبجە. خاوەنی چوار بەرهەمی چاپکراوە.

مافی چارەی خۆنوسین لە یاسای نێودەوڵەتیدا:

پرەنسیپی مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووسیان وەک پرەنسیپێکی گەوهەریی یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ لە دەستووری رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەو جاڕنامە و رێککەوتننامانەی کە نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ گەلان و مافەکانیان دەریکردووە جێگیرکراوە، و لە پاش ئەوەوە بووە بە مافێکی گەوهەریی یاسایی و پێشێلکردنیشی بە مانای نکۆڵیکردن دێت لە مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ و شکاندنی پرەنسیپی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئاستەنگ خستنە بەردەم پەرەسەندنی پەیوەندیی هاوکاریی دۆستانەی نێوان ئەندامانی نەتەوەیەکگرتوەکان و بڵاوکردنەوەی ئاشتی لە جیهاندا.

مافی چارەی خۆنوسین لە ماددەکانی (١- ٥٥- ٧٣- ٧٦)ی دەستووری رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا جێگیر کرا(١).

برگەی (٢)ی ماددەی (١)ی دەستووری نەتەوەیەکگرتوەکان دەڵێت:(گەشەپێدانی پەیوەندیی دۆستانەی نێوان نەتەوەکان لەسەر بنەمای رێزگرتنی پرەنسیپی یەکسانی نێوان نەتەوەکان و پرەنسیپی مافی بڕیاردانی چارەی خۆنوسینی هەریەکەیان و گرتنەبەری رێوشوێنی گونجاو بۆ چەسپاندنی ئاشتی لە جیهاندا).

لە رێکەوتی ١٩٦٠/١٢/١٤دا، کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە خولی پانزەیەمیدا بە بڕیاری ژمارە (١٥١٤) جاڕنامەی بەخشینی سەربەخۆیی بە گەل و دەوڵەتە داگیرکراوەکانی پەسەند کرد. ئەو جاڕنامەیە داوای دەستبەجێ و بێمەرجی کۆتاییهاتنی داگیرکاریی دەکات بە هەموو شێوە و دیاردەکانییەوە و داوای مافی چارەی خۆنوسین دەکات بۆ گەل و دەوڵەتە داگیرکراوەکان. ماددەی (٢)ی جاڕنامەکە دەڵێت:(هەموو گەلێک مافی چارەی خۆنووسینی هەیە و ئەم مافە ئازادییان پێدەدات لە هەڵبژاردنی سستەمی فەرمانڕەواییان و ئازادانە بەدیهێنانی پەرەسەندن و گەشەپێدانی لایەنی ئابووری، کۆمەڵایەتیی و کەلتوورییان)(٢).

ئەو جاڕنامەیە بە گرنگترین بەڵگەنامە دادەنرێت کە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەریکردبێت بۆ بەخشینی سەربەخۆیی و ریسواکردنی کۆلۆنیالیزم و داگیرکاریی. لە هەقیقەتیشدا بەرجەستەبوونێکی راستگۆیانەی بەخشینی سەربەخۆییە بە گەلانی ژێر چەپۆک و ئەو گەلانەی کە لەژێر سستەمی ویصایە (چاودێری)دابوون. هەربۆیە جاڕنامەکە بە پێویستی دەزانێت رێوشوێنی گونجاو و لەبار بگیرێتەبەر بۆ گواستنەوەی دەسەلات بۆ گەلانی ئەو هەرێمانە و بە ئازادیی و بەبێ هیچ مەرج و دەستپێوەگرتنێک و بە ویستی ئازادانەی خۆیان تاوەکو تواناي وەرگرتنی سەربەخۆیی و سەربەستی تەواویان فەراهەم بکرێت بەبێ گوێدانە جیاوازیی نەتەوە، نەژاد، رەگەز، ئاین، رێبازی ئاینیی و بیروباوەڕی سیاسی.

پرەنسیپی مافی بڕیاردانی چارەنووس لەبەر گرنگییە یاساییەکەی دیسان لە هەردوو رێککەوتننامەی مافە سیاسیی و شارستانییەکان و رێککەوتننامەی مافە ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کەلتوورییەکانی ساڵی (١٩٦٦)دا جێگیرکرایەوە. برگەی (١)ی ماددەی (١)ی هەردوو رێککەوتننامەکە دەڵێت:(هەموو گەلێک مافی چارەی خۆ نووسینی هەیە، بەپێی ئەو مافە بۆیان هەیە بە ئازادی بڕیار لەسەر چارەنووسی سیاسیی خۆیان بدەن و بە ئازادیش درێژە بە گەشەپێدانی لایەنی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کەلتوورییان بدەن)(٣).

کەواتە دەتوانین بڵێین مافی چارەی خۆنوسین مافێکی گەوهەریی یاسایی دەستەبەرکراو و چەسپاوە بۆ هەموو نەتەوە و گرووپێک بەبێ هیچ جۆرە جیاوازییەک. کە بەشێوەیەکی ئازادانە بڕیار لەسەر چارەنووسی یاسایی و سیاسی خۆیان دەدەن و بەشێوەیەکی ئازادانە پەرە بە بوارە ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کەلتوورییەکانی خۆیان دەدەن. هەموو ئەو ماددە و بەڵگەنامە یاساییانە داندەنێن

بە مافی چارەی خۆنوسین بۆ هەموو نەتەوەیەک بەبێ جیاوازی و دان بە یەکسانیی گەل و دەوڵەتە ناسەربەخۆکاندا دەنێن لەگەڵ گەل و دەوڵەتانی سەربەخۆ، لە بەرامبەر پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی وەک مەرجێکی گرنگ و بنەڕەتی بۆ بەستنی پەیوەندی دۆستانە لە نێوان هەموو نەتەوەکانی جیهان. کە ئەوەش پاراستنی ئاشتیی و سەقامگیریی نێودەوڵەتی لێدەکەوێتەوە. پێشێلکردنی ئەو پرەنسیپە گەوهەرییە یاساییە واتە پێشێلکردنی چەند مافێکی بنچینەیی کە یاسای نێودەوڵەتی مسۆگەری کردووە. بەمەش بەرپرسیارێتیی نێودەوڵەتی دروست دەکات بۆ راگرتنی ئەو پێشێلکارییەش دەستێوەردان دێتە کایەوە. بەمەش ئاشتیی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەخاتە مەترسییەوە. جا بۆئەوەی تەواوی گەلانی ژێر چەپۆک بە مافە یاسایی و سروشتییەکانیان بگەن و ئازادی بە دەستبهێنن و بتوانن بە دۆستانە لەگەڵ گەلانی ئازاددا بژین. ئەرکێکی یاسایی و ئاکاریی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی و رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە کە هەرچی زووترە کار بۆ سەربەخۆیی گەلانی ژێر چەپۆک و نا ئازاد و لەناویشیاندا کورد بکەن و رێگربن لە رێگای پێشێلکارییە یاساییەکان و ئەو مافا یاساییەنەی کە خۆیان دەستەبەریان کردووە.

## شێوازەکانی جێبەجێکردنی مافی چارەی خۆنوسین:

لە یاسای نێودەوڵەتیدا چەندین راڤەکاریمان هەیە بۆ بریاردانی مافی چارەی خۆنوسین و راگەیاندن و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی. لێرەدا هەوڵدەدەین راڤەکاریی سروشتی یاسایی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنوسین و شێوازەکانی جێبەجێکردنی بخەینەڕوو.

**١/ مافی چارەی خۆنوسینی ناوخۆیی:**

مافێکی یاسایی دانیشتوانی دەوڵەتێکە بۆ هەڵبژاردنی سستەمی فەرمانڕەوایی دەوڵەتەکەیان و دەستنیشانکردنی شێوەی حکومەتەکەیان، بە ویستی ئازادانە و مافی دروستکردنی بڕیاری سیاسیی خۆیان(٤). ئەم مافە بە تەنها چارەنووسی سیاسی ناگرێتەوە، بەڵکو مافی دانیشتوانی دەوڵەتە بۆ بە ئازادی پەرەپێدانی لایەنی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی خۆیان. بە کورتی مانایەکی تری ئەم مافە دەستەبەرکردن و جێبەجێکردنی تەواوی مافەکانی هەموو گرووپە جیاوازەکانە لە چوارچێوەی هەرێمی ئەو دەوڵەتەی کە لێیدەژین.

**٢/ مافی چارەی خۆنوسینی دەرەکی:**

جێبەجێکردنی ئەم مافە بریتییە لە لەناوبردنی کۆلۆنیالیزم و داگیرکاریی و راگەیاندنی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەت بۆ هەموو گرووپ و نەتەوە داگیرکراوەکان، بەبێ هیچ جۆرە جیاوازییەک(٥). بەپێی ئەم راڤەکارییە هەر گرووپ و نەتەوەیەک کە تا هەنووکە داگیرکراوە و دەچەوسێنرێتەوە و نەگەیشتووە بە سەربەخۆیی، و مافی چارەی خۆنوسینی ناوخۆی بۆ دەستەبەر نەکراوە و جێبەجێنەکراوە، ئەوا مافێکی یاسایی هەیە کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی رابگەیەنێت و لەو دەوڵەتە جیاببێتەوە کە لەناویدا بە چەوساوەییەوە دەژی.

ئەو مافەش ئەگەر هاتوو بە شێوازە جۆراوجۆرەکانی ئاشتییانە و دیپلۆماسییانە مسۆگەر نەکرا، ئەوا دەتوانرێت هێز بەکاربهێنرێت بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی. هەربۆیە بەکارهێنانی هێز لەلایەن بزوتنەوە ئازادیخوازەکان بۆ سەربەخۆیی کە خاکەکەیان داگیرکراوە و نەتەوەکەیان دەچەوسێنرێنەوە، ئەگەر هاتوو لە چوارچێوەی یاساکانی جەنگ و پرەنسیپەکانی مافی چارەی خۆنووسیندا بێت رەوا و یاساییە. گەرچی ئەمڕۆ بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تێکۆشان و ناوی زۆرێک لەو بزوتنەوە ئازادیخوازانەی خستووەتە ریزی تیرۆرەوە.

**٣/ مافی چارەی خۆنووسین بە راپرسی:**

یاساناسانی نێودەوڵەتی ئەم شێوازە بە باشترین شێواز دادەنێن بۆ جێبەجێکردنی مافی چارەی خۆنوسین بەپێی یاسای نێودەوڵەتی ئەگەر بێتوو نوسراوبێت و زارەکی نەبێت، لەژێر چاودێری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەنجامبدرێت، گەرەنتی یاسایی دەبێت. ئەم شێوازەی مافی چارەی خۆنوسین دەکرێت پەرلەمانی هەرێمێک بڕیاری راپرسییەکە بدات، یان لە بەرەنجامی ماددەیەکی دەستووری بێت کە لە دەستووری دەوڵەتەکەدا راپرسی جێگیر کرابێت. یان راپرسییەکە بە پەیمانێک دەکرێت کە لە نێوان حکومەتی ناوەندیی و حکومەتی هەرێمەکدا بەسترابێت. ئەمەش بەوە دەبێت کە هەرێمی دەوڵەتێک راپرسی ئەنجامبدات بۆ هاوولاتیانی هەرێمەکەی کە ئایا هاوولاتییەکانی دەیانەوێت لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا بمێننەوە کە هەنوکە لێی دەژین یان جیاببنەوە و سەربەخۆیی وەربگرن(٦).

**نمونەی ئەو جۆرە راپرسییانەش:**

* تەیموری خۆرهەلات، پاش ئەوەی لە سەدەی شانزەیەمەوە لەلایەن پورتوگالەوە داگیرکرابوو، لە ١٩٧٥/١١/٢٨ سەربەخۆیی بەدەستهێنا. بەلام نۆ رۆژ پاش سەربەخۆیی لەلایەن ئیندۆنیسیاوە داگیرکرایەوە. دوای جینۆسایدێک لەو ولاتە، گەلی تەیموری خۆرهەلات بە چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکان لە ١٩٩٩/٨/٣٠ راپرسییەکی گشتیی ئەنجامدا و بەرێژەی (٧٨,٥٠٪) هاوولاتیان دەنگیان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆییدا(٧). ئەوەش بوو لە ٢٠٠٢/٩/٢٧ وەک یەکەمین دەوڵەتی سەربەخۆ لە سەدەی بیست و یەکەمدا بوو بە ئەندامی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

*مۆنتینیگرۆ لە ٢٠٠٦/٥/٢١ راپرسی سەربەخۆیی ئەنجامدا، ئەویش پاش ئەوەی بەپێی ماددەی (٦٠) ی دەستووری دەوڵەتی یەکگرتووی سربیا و مۆنتینیگرۆی ساڵی ٢٠٠٣ هاتووە کە دوای تێپەرینی سێ ساڵ راپرسی سەربەخۆیی ئەنجام دەدرێت(٨). هەر ئەوەش بوو هاوولاتیانی مۆنتینیگرۆ بەرێژەی لە (٥٥,٥٪) دەنگیان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆییدا و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دانی بەسەربەخۆییەکەیدانا و لە ٢٠٠٦/٦/٢٨ لە ئەندامێتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەرگیرا.

* گەلی باشووری سودان کە پاش ئەوەی حکومەتی ناوەندی خەرتوم و بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی سودان لە ساڵی ٢٠٠٥دا پەیمانی نایڤاشا-یان بەست. سەربەخۆیی باشووری سودان یەکێک بوو لە ئەنجامەکانی جێبەجێکردنی پەیماننامەکە. نایڤاشا ئاماژەی کردبوو کە لە ٢٠١١/١/٩ راپرسی دەکرێت، ئایا گەلی باشووری سودان دەیانەوێت وەک هەرێمێک لە چوارچێوەی سوداندا بمێننەوە یاخود سەربەخۆیی وەردەگرن. هەر ئەوەش بوو ئەنجامی راپرسیەکە لە بەرێژەی (٩٨,٨٣٪) هاوولاتیان دەنگیان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆییدا، و لە ٢٠١١/٧/١٤ لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک دەوڵەتێکی تازە سەربەخۆ بە ئەندام وەرگیرا(٩).

**٤/ جێبەجێکردنی مافی چارەی خۆنوسین بە تاکلایەنە راگەیاندنی سەربەخۆیی:**

ئەمەش یەکێکە لە شێوازەکانی جێبەجێکردنی مافی چارەی خۆنوسین، کە تاکلایەنە سەربەخۆیی رادەگەیەندرێت. دەکرێت پەرلەمان ئەنجامی بدات یان بریار بەدەستانی ئەو گرووپەی سەربەخۆییەکەی بۆ رادەگەیەنرێت.

**نمونەی ئەم جۆرە سەربەخۆییانەش:**

* راگەیاندنی دەوڵەتی کاتی ئازادی هیندستان (ئازاد هیند) لەلایەن (سوبهاش چاندرا بۆس) ەوە لە سەنگاپورە. سوبهاش پاش ئەوەی خۆی دەگەیەنێتە ئەڵمانیا و چاوی دەکەوێت بە راوێژکاری ئەوکاتی ئەڵمانیا ئەدۆلۆف هیتلەر و هاوکاری ئەڵمانیا بەدەستدەهێنێت. دواتر بەرەو ژاپۆن بەرێدەکەوێت و سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی

ژاپۆن هیدکی تۆجۆ ئامادەیی هاوکاریی بێ مەرجی ژاپۆنی پێشکەش دەکات. سوبهاش دەستبەجێ بە هاوکاری دەوڵەتانی ناوەند لە ناوەڕاستی جەنگی جیهانی دووەمدا لە ١٩٤٣/١٠/٢١ دەوڵەتی کاتی ئازادی هیندستان ڕادەگەیەنێت(١٠).

* ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی تاکلایەنەی بەنگلادیش و جیابوونەوەی لە پاکستان، لەلایەن (شێخ موجیب ڕەحمان)ەوە. پاش ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (١٩٧٠) پارتەکەی شێخ موجیب لە کۆی (٣٠٠) کورسی پەرلەمان (١٦٠) کورسی بەدەستهێنا، بەڵام سەرۆکی پاکستان ئاغا محەمەد یەحیا خان داواکەی شێخ موجیب پەسەند نەکرد بۆ دەستوورێکی فیدراڵیی و بەشداریکردن لە پرۆسەی یاسایی و سیاسیی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت بە گەشەدان بە لایەنی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی و گرفت و ئاستەنگیان بۆ دروست کردن تا گەیشتە جینۆسایدکردنیان. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە شێخ موجیب ڕەحمان لە ١٩٧١/٣/٢٦ سەربەخۆیی بەنگلادیش ڕابگەیەنێت(١١).

* ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی تاکلایەنەی کۆسۆڤۆ، لەلایەن پەرلەمانی کۆسۆڤۆوە. پەرلەمانی کۆسۆڤۆ لە ٢٠٠٨/٢/١٧ تاکلایەنە سەربەخۆیی کۆسۆڤۆی ڕاگەیاند و لە سڕبیا جیابویەوە. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە سڕبیا لە ٢٠٠٩/٤/١٧ لە دادگای دادی نێودەوڵەتی سکاڵای لەسەر تۆمار بکات. دادگا لە ٢٠١٠/٧/٢٢ بڕیاریدا و ئاماژەی بەوە کرد کە (ڕاگەیاندنی تاکلایەنەی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ پێشێلکاری نییە بۆ یاسای نێودەوڵەتی گشتی، چونکە یاسای نێودەوڵەتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی قەدەغە نەکردووە).(١٢).

## ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەوەی کە مافی چارەی خۆنوسین مافێکی یاسایی و سروشتییە بۆ هەموو گرووپێکی مرۆیی بەبێ جیاوازی لە یاسای نێودەوڵەتیدا جێگیر و دەستەبەرکراوە. ئەو مافە بە چەندین شێواز جێبەجێدەکرێت، باشترین شێوازیان جێبەجێکردنی مافی چارەی خۆنوسینە بەشێوازی ڕاپرسی، ئەم شێوازەش بە چەند ڕێگایەکە کە باشترینیان بۆئەوەی گەرەنتی جێبەجێکردنی هەبێت ڕاپرسییەکە بە ڕێککەوتنێکی نوسراو بە چاودێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

## سەرچاوەکان

1) See articles (1, 55, 73, and 76) of the UN organization charter.
2) Declaration on the granting of independence to colonial countries and peoples, (1960).
3) See article (1) of the both International Convention on Civil and Politic Rights and the Convention Economic, Social and Cultural rights (1966).
4) Awara Hussein, Genocide and the declaration of an independent country, first edition, Jamal Erfan cultural organization press, 2014, page (99).
5) Awara Hussein, former source, page (99).
٦) ئاوارە حسێن، پێکهێنانی دەوڵەت لە یاسای نێودەوڵەتیدا و چۆنیەتی پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان (وتار)، ماڵپەڕی کوردۆساید، ٢٠١٤/١١/٢٦.
٧) ئاوارە حسێن، جینۆسایدی کورد لە ڕوانگەی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٧، لاپەڕە (٦٣٥).
8) See article (60) of the constitutional charter of the state union of Serbia and Montenegro
٩) ئاوارە حسێن، جینۆسایدی کورد لە ڕوانگەی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتییەوە، ل٦٣٥.
10) https://en.wikipedia.org/wiki/Azad_Hind, latest visit 21,10,2017.
11)ttps://en.wikipedia.org/wiki/Proclamation_of_Bangladeshi_Independence, latest visit 28,07,2017.
12)https://en.wikipedia.org/wiki/International_Court_of_Justice_advisory_opinion_on_Kosovo%27s_declaration_of_independence, latest visit 15,04,2017.

# تەوەری داهاتوو

# ڕاجیایی سیاسیی

لەم قۆناغە هەستیارەی کۆمەڵگاکەمانی پێدا تێدەپەڕێت، قسە و پرۆژەی جیاواز زۆر دەبیسترێت بۆیە جێگەی خۆیەتی قسەیەک لەسەر خودی جیاوازی سیاسیی بکەین و لە ڕووە فیکریی و کەلتوورییەکەیەوە لە پەرتەوازەیی سیاسیی جیایبکەینەوە، کە ئەمڕۆ کارتەکانیان تیکەڵکراون، لەوچوارچێوەیەدا گۆڤاری خاڵ بابەتی (ڕاجیایی سیاسی) دەکاتە ناونیشانی تەوەری ژمارەی داهاتووی، دەخوازین لێکۆڵینەوە لەم بوارانەدا بکرێت:

- ڕاجیایی سیاسیی چییە و جیاوازییەکانی لەگەڵ پەرتەوازییدا کامانەن؟
- پەیوەندی ڕاجیایی سیاسیی بە فیکر و کەلتوورەوە چییە؟
- ڕاجیایی سیاسیی و ڕۆڵی لە بنیاتنانی دەوڵەتتدا چییە و چۆنە؟
- لێکەوتە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕاجیایی سیاسیی و مافی کەمینە و زۆرینە چین؟
- ڕاجیایی سیاسیی لە فیکری ئیسلامیدا چۆن تەماشا دەکرێت؟
- ئەوەی لە کوردستان دەگوزەرێت ڕاجیاییە یان پەرتەوازەیی؟
- ڕۆڵی ڕاجیایی لە شکستی ئەزموونەکانی حوکمڕانیدا چییە؟

- داواکارین لە نوسەرانی بەرێز، لێکۆڵینەوەکانیان لەو تەوەر و بوارانەی کە ئاماژەیان پێدراوە تا بەرواری (٢٠١٨/١/١٠) بنێرن بۆ گۆڤارەکەمان.

- داواکارین لە نوسەرانی خۆشەویست لەگەڵ ناردنی بابەتەکانیاندا وێنەیەکی گونجاوی خۆیان و پرۆفایلی خۆیانی لەگەڵدا بنێرن.

# کورد و سەربەخۆیی





**بەیار عومەر عەبدوڵڵا**

لەدایکبووی ١٩٨٤، سلێمانی. بەکالۆریۆس لە ئەندازیاری تەلارسازی زانکۆی سلێمانی(٢٠٠٧). بڕوانامەی ماستەر لە پلانسازی شارو هەرێمەکان لە زانکۆی کۆلۆمبیای ئەمریکا(٢٠١٢)

## بەربەستەکانی بەردەم سەربەخۆیی کوردستان:

مەسەلەی سەربەخۆیی لە کوردستاندا داهێنان و موڵکی پارتی نیە، بە درێژایی مێژوو هێزە کوردییەکان ئامانجیان سەربەخۆیی بووە. پێش دروستبونی پارتی، حیزبی هیوا و کاژیک داوای سەربەخۆییان کردووە. پێش ئەوانیش، شاعیرە گەورەکانی کورد، وەک ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی داوای سەربەخۆییان کردووە. بەپێچەوانەوە، کە پارتی دروستبووە، داوای حوکمی زاتی کردووە، واتە بە سستەمی لامەرکەزی رازیبووە بۆ کورد لە چوارچێوەی عێراقدا. واتە دوای چەندین ساڵ شۆرشی یەک لە دوای یەک، پارتی سەقفی داواکارییەکانی کوردی هێناوەتە خوارەوە. بەڵام ئێستا پارتی بەبێ ئەوەی هیچ هەوڵێکی دابێت بۆ دروستکردنی پایەکانی دەوڵەت، مەسەلەی سەربەخۆیی هێناوەتە بەرباس، تەنها بۆئەوەی گەندەڵیی و شکستەکانی خۆی لە ٢٦ ساڵی رابردوودا پێبسرێتەوە و ئەم هەڵبژاردنەی پێبەرێتەوە. پارتی نەک هەر کاری بۆ دروستکردنی پایەکانی دەوڵەت نەکردووە، بەڵکو گەورەترین رێگر بووە لە بەردەم دروستکردنی پایەکانی دەوڵەتدا، بۆ نمونە وەختێک وەزارەتی پێشمەرگە کەوتە دەست حزبێک لە دەرەوەی یەکێتی و پارتی و هەوڵدرا هێزە حزبیەکانی ٧٠ و ٨٠ ی سەر بە یەکێتی و پارتی یەکبخرێت و سوپایەکی نیشتیمانی دروست بکرێت، پارتی رێگر بوو، بەهیچ شێوەیەک رێگەی نەدا کە هێزەکانی بێنە ژێر رکێفی وەزارەتی پێشمەرگەوە. بەهەمان شێوە کە هەوڵدرا بندیوار و دوو موچەیی نەهێڵرێت و سستەمی بانکیی و ئابووری نیشتیمانی دروست بکرێت کە رێگرە لەو گەندەڵییە بەربڵاوەی ئێستا هەیە، دیسان پارتی رێگەی نەدا، کەواتە زۆر روونە کێ بەراستیی و بەکردار لەگەڵ سەربەخۆییە و کێش بە دروشم و موزایەدە.

پارتی جدی نەبوو لە دامەزراندنی دەوڵەتدا، و ویستی ریفراندۆم بەکاربهێنێت بۆ شاردنەوەی گەندەڵی و شکستە سیاسیی و ئیداریی و ئابورییەکانی لە قەرزاری حکومەتەوە بیگرە تا دەگاتە روبعە موچەیی و کۆچی بەردەوامی گەنجەکان بۆ هەندەران پاش فرۆشتنی برێکی زۆر لە نەوت و گاز. پارتی ریفراندۆمی لە پرسێکی نیشتیمانی چارەنوسسازەوە گۆری بۆ پرسێکی حیزبی رووت، بۆئەوەی گەندەڵیی و شکستەکانی خۆی لە چەند ساڵی حکومرانیدا پێبشارێتەوە و لەو رێیەشەوە هەڵبژاردنی ئەم جارە بەرێتەوە. هاوکات ویستی ریفراندۆم بەکاربهێنێت وەک کارتی فشاری سیاسی بۆ دەسکەوتی حزبی لە بەغدا و لەوێ هەندێک پلە و پۆست و پارەی پێ بەدەستبهێنێت، بەتایبەتی دوای لاوازبوونی پارتی لە بەغدا و دەرکردنی وشیار زێباری لە پۆستەکەی، بەڵام پلانەکانی پارتی بەجۆرێک کورتی هێنا، کە نەک هەر بەسەر پارتیدا، بەڵکو بەسەر سەرجەم کوردا شکایەوە.

## چۆنێتی گەیشتن بە سەربەخۆیی:

بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی، ئەکرێت لە رێی ریفراندۆمەوە بکرێت و ئەکرێت بەبێ ریفراندۆمیش بکرێت، هەردوو شێوازەکەش نمونەیان زۆرە لە مێژوودا. ئەوەی کە زۆر لە ریفراندۆم گرنگترە دروستکردنی پایەکانی دەوڵەتە وەک سوپا و ئابووریی و زانکۆ و دادگای نیشتیمانی بۆئەوەی ئەگەر دەوڵەتمان راگەیاند، بەرگەی فشاری سیاسیی و سەربازیی و ئابووری بگرین. سەبارەت بە ریفراندۆمیش چەند رایەک هەبوو، یەکێک لەوانە ئەوەبوو کە ریفراندۆم کات و پارەیەکی زۆری ئەوێت، ئەگەر ریفراندۆم بۆ زانینی رای خەڵکی کوردستانە، ئەوا پێویست بە ریفراندۆم ناکات، چونکە رای خەڵکی کوردستان و سەرجەم پارتە سیاسییەکان زۆر روون و ئاشکرایە کە لەگەڵ سەربەخۆییدان،

تەنانەت بەشی زۆری ئەوانەی پێشتر جاشێتیان کردووە، ئێستا لەگەڵ سەربەخۆییدان، بۆیە پێویست بەو هەموو کات کوشتن و پارە خەرج کردنە ناکات. جگەلەوە ساڵی ٢٠٠٥ ڕیفراندۆم کراو لە ٩٨٪ی خەڵکی کوردستان دەنگیان بە سەربەخۆییدا، بۆیە پێویست بە دوبارەکردنەوەی ناکات.

ئەگەر پارتی و شوێنکەوتووەکانیان لە یەکێتی مەبەستیان موزایەدەی سیاسیی و شاردنەوەی شکستەکان و بەدەستهێنانی دەنگ نیە و بە ڕاستی ئەیانەوێت دەوڵەت دروست بکەن ئەوا لە جیاتی کات کوشتن و پارە بەفیڕۆدان لە شتێکدا کە پێی دەوترێت ڕیفراندۆم دەستبکەن بەبنیاتنانی دەوڵەت و کەس ڕێگری لێنەکردون، دروستکردنی دەوڵەتیش کۆمەڵێک پێشمەرجی هەیە کە بریتین لە:

١-یەکێکی تر لە پێشمەرجەکانی دروستکردنی دەوڵەت لە جیاتی ڕیفراندۆمێکی ساختە و موزەیەف بۆ شاردنەوەی شکستەکان، دروستکردنی بنەمایەکی ئابووری نیشتمانییە کە پشت بەستوو بێت بە کەرتەکانی پیشەسازیی و کشتوکاڵ، بۆئەوەی لە حاڵەتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتدا، ئەگەر دەوڵەتانی دراوسێ گەمارۆی ئابووریان خستینەسەر، بتوانین خۆمان بژێنین و بەرگە بگرین.

٢-یەکێکی تر لە پێشمەرجەکان، دروستکردنی سوپایەکی نیشتمانییە کە بەرگری لە هەموو خاکی کوردستان بکات بەبێ جیاوازی و سنورەکانمان بپارێزێت و نەبێتە بەشێک لە ململانێ ناوخۆییەکان. یەکێک لە پرسیارە سەرەکیەکانی بەردەم سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە ئایا ئەمانەوێت بە ئاشتی جیاببینەوە وەک چیکۆسلۆڤاکیا یان بە شەڕ وەک یۆگۆسلافیا؟ ئەگەر بمانەوێت بە ئاشتی جیاببینەوە، ئەوا ڕێوشوێنەکانی کامانەن؟ ئەگەر دڵنیاین سەربەخۆیی تووشی شەڕمان ئەکات لەگەڵ دراوسێکانماندا، ئایا ئامادەین بۆ شەڕ؟ سوپاکەمان تا چەند یەکگرتوو و نیشتیمانیی و پۆشتە و پرچەکە؟

٣-یەکێکی تر لە پێشمەرجەکان، دروستکردنی زانکۆی نیشتیمانییە کە کادری بە توانا پێبگەیەنێت کە بتوانن پەرە بە بوارەکانی پیشەسازیی و کوشتوکاڵ و گەشتوگوزار و سەرجەم بوارەکانی تر بدەن. هەروەها دروستکردنی دادگایەکی نیشتیمانی بێلایەن کە زامنی سەروەری یاسا و مافەکانی مرۆڤ بکات.

٤-یەکێکی تر لە پێشمەرجەکان دروستکردنی دامەزراوەیەکی نیشتیمانیە بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەوە کە کاری پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کورد بێت، و لەوپێناوەشدا هاوسەنگی ڕابگرێت لە پەیوەندییەکانماندا لەگەڵ وڵاتە هەرێمییەکان و زلهێزەکانی جیهاندا، نەک لەبەر خاتری وڵاتێک سەرجەم وڵاتەکانی تر فەرامۆش و زویر بکات، کە بە دوو شێوەی سەرەکی زیانی لە هەرێم داوە، لەلایەک نەوتەکەی تاڵان فرۆش کردوین بۆ ٥٠ ساڵ، لەلایەکی تریشەوە، بەشی زۆری وڵاتە هەرێمییەکانی لێ زویر کردووین. بەکورتییەکەی دەبێت بنەماکانی دەوڵەت دروست بکەین و بیچەسپێنین، ئەنجا دەوڵەت ڕابگەیەنین. ئەوانەی پێیانوایە کە ئەتوانین دەوڵەت ڕابگەیەنین، ئینجا بنەماکانی دروست بکەین، ئەوە زۆر بە هەڵەدا چوون، چونکە ئەگەر ئەوە بۆ هەندێک دەوڵەتی تریش دەستی دابێت، ئەوە بێگومان بۆ ئێمە دەست نادات لەبەرئەوەی چواردەورمان ناحەزە و بوارمان نادەن بژین و بەردەوام بین.

بۆیە زۆر گرنگە پێش ڕاگەیاندنی دەوڵەت تەواو خۆمان ئامادەکردبێت لە ڕووی سیاسیی و سەربازیی و ئابوورییەوە و بەرگەی سەرجەم فشارەکانی چواردەورمان بگرین، بەڵام ئێستا کە ئەمانە هیچیمان نیە و هیچ کاریان بۆ نەکراوە، بێگومان لە حاڵەتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتدا، نە بەرگەی فشاری سیاسی، نە فشاری سەربازی، نە فشاری ئابووری ئەگرین.

# پارتی ڕیفراندۆمی
# لە پرسێکی نیشتیمانی چارەنوسسازەوە
# گۆڕی بۆ پرسێکی حیزبی ڕووت

## دروستکردنی پایەکانی دەوڵەت یان پڕوپاگەندەی سیاسی، ئیسرائیل بەنموونە:

لە دنیای سیاسەتدا واباوە ئەگەر سیاسییەکان مەبەستیان بێت پلانێک جێبەجێبکەن، ئەوا بە بێدەنگی هەوڵی بۆ ئەدەن و تەواوی بنەماکانی بە پتەوی دروست ئەکەن و ئەیچەسپێنن، ئینجا ڕایئەگەیەنن. بەنمونە پێش ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، بنەماڵەی سەرمایەداری گەورەی جولەکە ڕۆزچایەڵد (Rothschild)، کە خاوەنی زۆربەی بانکە گەورەکانی ئەوروپا بوون بە نهێنی و بێدەنگی خەریکی دروستکردنی چەندەها نشینگە بوون بۆ جولەکەکان لە فەڵەستین کە لە ئەوروپا و یەکێتی سۆڤیەت و شوێنەکانی تری دنیاوە ڕوویان تێ دەکرد. فەڵەستینی ئەوکات سەرەتا بەدەست دەوڵەتی عوسمانیەکانەوە بوو، دوای جەنگی جیهانی یەکەم و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کەوتە دەست بەریتانیەکان. بنەماڵەی ڕۆزچایەڵد و چەندەها بنەماڵەی تری سەرمایەداری جولەکەی ئەوکات بەشێکی زۆری سەرمایەکانیان هێنایەوە بۆ فەڵەستین نەک هەر بۆ دروستکردنی نشینگە بۆ جولەکەکان، بەڵکو بۆ دروستکردنی چەندەها کێڵگەی کشتوکاڵیی و بەهێزکردنی ئابووری ئەو دەوڵەتەی دوایی ناویان لێنا ئیسرائیل.

هاوشانی ئەوانیش، سەرکردەکانی ئیسرائیل، تیۆدۆر هێرتزل و حایم وایزمان و دەیڤد بن گوریۆن و گۆڵدا مایر و هاوەڵەکانیان پێش ڕاگەیاندنی دەوڵەت، دەمێک بوو بەنهێنی و دوور لە هەڵا و هاشوهوش و پڕوپاگەندە و میدیا و بەنهێنی و بێدەنگی لە ڕووی سیاسیی و سەربازیی و دیپلۆماسییەوە پشتیوانیان کۆ دەکردەوە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل و لەوپێناوەشدا کۆمەڵێک دامەزراوەی نیشتمانیان دروست کردبوو. هاوکات پارەیەکی زۆریان لە جولەکەکانی تاراوگە لە ئەمریکا و ئەوروپا کۆکردبۆوە بۆ پرچەککردنی سوپاکەیان کە سوپایەکی نیشتیمانی بوو. هەروەها خاوەنی چەندەها کێڵگەی کشتوکاڵی بوون، بۆیە کاتێک دەوڵەتیان ڕاگەیاند (بەبێ ڕیفراندۆمیش ڕایانگەیاند) و دەوڵەتە عەرەبیەکان پەلاماریاندان، توانیان بەرگە بگرن و لە شەڕەکەدا سەرکەوتوبن. ڕاستە ئەمریکا و خۆرئاوا پشتیوانیان کردن، بەڵام بێگومان خۆشیان ئامادە بوون بۆ بەرگری لە وڵاتەکەیان و چەندین دامەزراوەی نیشتمانیان هەبوو.

بێگومان لێرەدا مەبەست لە پشتیوانی نیە لە دەوڵەتی ئیسرائیل کە مامەڵەی لەگەڵ خەڵکی مسوڵمانی فەڵەستیندا باش و دروست نیە، بەڵکو مەبەست لەوەیە کە سوود لە ئەزموونی گەلێک وەربگرین کە هاوشێوی ئێمە لەم ناوچەیەدا ئەژین کە پێی ئەوترێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هاوشێوەی ئێمە چواردەوریان بە دوژمن و ناحەز تەنراوە، بەڵام ئەوان نیشتیمانەکەیان خۆش ئەوێت و بەشێوەیەکی دامەزراوەیی و سستەماتیک کاری بۆ ئەکەن؛ ئەکرێت ئێمەش سوود لە ئەزموونیان وەربگرین.

ئێمە کە هیچ دامەزراوەیەکی نیشتمانیمان نیە و لە هیچ ڕووییەکەوە ئامادە نین و بەرگەی فشار ناگرین،

نە لە ڕووی سیاسیی و سەربازی، نە لە ڕووی ئابوورییەوە؛ قسەکردن لە دروستکردنی دەوڵەت و پروپاگەندە و هەڵاتانەوەی ڕاگەیاندن جگە لە زیان چ سودێکی هەیە. ئەم هەموو هەڵا ئیعلامییەی پارتیی و دواکەوتووەکانیان لە یەکێتی بەبێ ئەوەی هیچ ئامادەکارییەکیان کردبێت و هیچ هەنگاوێکیان نابێت بۆ دروستکرنی پایەکانی دەوڵەت نیشانەی ئەوەیە کە بە جددیان نیە و تەنها ئەیانەوێت ڕیفراندۆم بۆ مەبەستێکی تر بەکاربهێنن. ئەگەر یەکێتی و پارتی مەبەستییانە بە ڕاستی دەوڵەت دروست بکەن، ئەوا با بفەرموون و کەس دەستی نەگرتوون و بە بێدەنگی هەموو دامەزراوە نیشتمانییەکان دروست بکەن، بۆئەوەی کە دەوڵەتمان ڕاگەیاند بەرگەی فشار بگرین. ئەگەر تەنها بۆ ئەوەشە کە گەندەڵیی و شکستە سیاسیی و ئیداریی و دارییەکانی خۆیانی پێ بشارنەوە و دەیانەوێت لەو ڕێگەیەوە دەنگ بەدەستبهێنن و هەڵبژاردنی ئەم جارە بەرنەوە، ئەوا ئەو پارە زۆرەی لەو ڕیفراندۆمە ساختەیەدا خەرجیان کرد و سەرەنجام وتیان بۆ سەربەخۆیی نیە بیاندایە بەو موچەخۆرانەی کە چەندین مانگە بەناوی پاشەکەوتەوە موچەکەیان دەخوری زۆر باشتر بوو.

زۆربەی ئاماژەکان بۆ ئەوە ئەچن کە ئەم ڕیفراندۆمە دوو مەبەستی سەرەکی لە پشتەوە بووە، یەکەم هەوڵێک بووبێت بۆ شاردنەوەی گەندەڵیی و شکستەکان و بەدەستهێنانی دەنگ، چونکە چەند ڕۆژێک پێش ڕیفراندۆمەکە فازیل میرانی (بەرپرسی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان) ڕایگەیاند کە ئەوان نەتیجەکەیان ئەوێت، بەڵام کاری پێ ناکەن، دوای ڕیفراندۆمەکەش نێچیرڤان بارزانی وتی کە مەبەستیان دروستکردنی دەوڵەت نیە. ئەی کە کار بە ئەنجامی ڕیفراندۆمەکە ناکەن و مەبەستیان دروستکردنی دەوڵەت نیە، کەواتە هاوڵاتیانی کوردستانیان بۆ ماندوو کرد.

مەبەستی دووەمی ئەم ڕیفراندۆمە ڕەنگە ئەوە بووبێت کە وەک کارتی فشار بەکاری بێنن و هەندێک پۆست و پارەی پێوەربگرن لە بەغدا، بەتایبەتی کە ئێستا پارتی ئەو هێزەی جارانی نەماوە لە بەغدا و هەندێک پۆستی لێسەندراوەتەوە وەک لابردنی وشیار زێباری لە وەزیری دارایی، بۆیە دورنیە پارتی و دواکەوتووەکانیان لە یەکێتی لە سەرەتادا مەبەستیان بووبێت کە ڕیفراندۆمێکی ساختە و نمایش ئاسا بکەن و هەندێک پۆست و پارە و هێزی پێبەدەستبێنن لە بەغدا و دور نییە وڵاتە هەرێمییەکانیشیان ئاگادارکردبێتەوە لە وردەکاری سیناریۆکە بۆئەوەی هیچ ترس و پەرچەکردارێکیان نەبێت. ئەمەش ڕێی تێئەچێت، چونکە پێشینەی هەیە، لە ساڵی ٢٠٠٥دا ڕیفراندۆم کرا، سەرەنجام لەجیاتی سەربەخۆیی، پارتیی و یەکێتی هەندێک پۆستیان پێوەرگرت لە بەغدا.

ئەم جارەش پارتی بەردەوام جەختی لەسەر گفتوگۆ ئەکردەوە لەگەڵ بەغدا، بەڵام ئەم جارە پلانەکەیان سەری نەگرت و عێراق و سەرجەم دەوڵەتە ئیقلیمییەکان کەوتنە دژایەتیمان، بێئەوەی ئێمە لە هیچ ڕوویەکەوە ئامادەبین؛ نە کشتوکاڵ و پیشەسازیی و ئابووری نیشتیمانیان هەیە، بەرگەی سنور داخستن و برسێتی بگرین، نە سوپای نیشتیمانیمان هەیە بەرگەی شەڕی قورس و درێژخایەن بگرین بەبێ پشتیوانی هێزی ئاسمانی ئەمریکییەکان؛ ئەمریکیەکانیش بە ئاشکرا وتویانە کە پشتیوانی کورد ناکەن لە ڕیفراندۆمدا و ئێستاش هێزەکانیان کشاندۆتەوە لە ناوچە دابڕێنراوەکان. کێشەی پلانەکانی پارتیش لەوەدایە، ئەگەر سەریگرت ئەوە پارتی سودمەندی یەکەمە، و ئەگەر سەریشینەگرت، ئەوە هەموو کورد ئەبێت باجەکەی بدات.

سەبارەت بە هێزی پێشمەرگەش، ئازایەتیی و نەبەردیی و قوربانییەکانی هێزی پێشمەرگە جێی سەرنجی هەموو جیهانە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئەو داهاتە زۆرەی لە فرۆشتنی نەوت و گازەوە

دەستکەوتووە لە جیاتی ئەوەی لە پڕچەککردن و مەشقکردن و موچەدان و بە نیشتیمانیکردنی هێزی پێشمەرگەدا بەکاربهێنرێت، بنەماڵەیەک دەستی بەسەرداگرتووە و بۆ کڕینی ویژدانی ئەو هاوڵاتیانە بەکاری ئەهێنێت کە ئامادەی فرۆشتنی ویژدانیانن. بەشێکیش لە فەرماندە سەربازییە باڵاکان بوون بە بازرگانی چەک، ئەو چەکانەی لە هاوپەیمانان وەریئەگرن لە بازاڕی ڕەشدا ئەیفرۆشنەوە، یاخود مۆڵەتی چەک هێنان بۆ پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس ئەقۆزنەوە بۆئەوەی چەکی زیاتری پێبهێنن و لە بازاڕی ڕەشدا بیفرۆشنەوە و بە ملیۆنەها دۆلار قازانج بکەن. ئەوەی کەوا ئەکات زۆرینەی کورد بێئومێد بن و باوەڕیان بە دروستکردنی دەوڵەت لاوازبێت ئەوەیە کە بازرگانانی نەوت و چەک بوون بە ئاڵاهەڵگری دەوڵەتی کوردی.

بە کورتی، ئیسرائیلییەکان بە بێدەنگی و بەبێ پروپاگەندە و کۆبونەوەی جەماوەری ناو یاریگا، دەوڵەتێکی دامەزراوەیی و بەهێزیان دروستکرد و بەرگەی هەموو فشارێکی سەربازیی و ئابووری دراوسێکانیان گرت، لای ئێمەش پارتی و شوێنکەوتوەکانیان لە یەکێتی، شانۆیەکیان سازدا بەناوی ڕیفراندۆمەوە، کە جگە لە سەرکێشیەک بۆ شاردنەوەی شکست و گەندەڵی ٢٦ ساڵەی حکومڕانیان و موزایەدەیەکی ڕووتی سیاسیە بەرامبەر لایەنەکانی تر بۆ بەدەستهێنانی هەندێک دەنگی زیاتر لەم هەڵبژاردنەدا، هیچی تر نەبوو. ئەمەش تاڕادەیەک دەچێتە خانەی خیانەتی نیشتیمانییەوە، چونکە یەکێک لە پێناسەکانی خیانەتی نیشتمانی بریتییە لە بازرگانیکردن و ڕیسککردن بە کەیسی نەتەوەیەکەوە لە پێناوی بەرژەوەندییەکی تەسکی حیزبی و بنەماڵەیی و کەسیدا. بۆیە زۆر گرنگە وریا بین و نەهێڵین ئەم مشەخۆرانە یاری بەم ئەزمونەوە بکەن کە بە خوێنی هەزارەها شەهید بەدەست هاتووە و تووشی ئاشبەتاڵێکی ترمان نەکەنەوە.

## بنیاتنانی دەوڵەت بێ ڕیفراندۆم:

ڕیفراندۆم تەنها ڕێگەی سەربەخۆیی نیە؛ چەندەها دەوڵەت بێ ڕیفراندۆم سەربەخۆییان بەدەستهێناوە، ڕیفراندۆم نەزامنی سەربەخۆیی ئەکات، نەگرەنتی دروستبوونی سستەمێکی دیموکراتی. چەندەها میللەت ڕیفراندۆمیان ئەنجامداوە و نەشگەیشتوون بە سەربەخۆیی وەک کورد و کەتەلۆنییەکان، یاخود گەیشتوون بە سەربەخۆیی، بەڵام سەرەنجام سستەمێکی دیکتاتۆرییان هێناوەتەکایەوە، وەک باشووری سودان. باشووری سودان بە ڕیفراندۆم لە ساڵی ٢٠١١دا لە سودان جیابۆوە، بەڵام ئێستا یەکێکە لە وڵاتە هەرە شکستخواردووەکان؛ لە ڕووی سیاسییەوە دیکتاتۆریی و لە ڕووی ئابووریشەوە هەژارە. بۆیە پاش سەربەخۆیی هاوڵاتیانی باشووری سودان بەردەوام کۆچ ئەکەن بۆ سودان کە پێشتر لێی جیابوونەتەوە.

لە بەرامبەردا سلۆڤاکییەکان کە لە ساڵی ١٩٩٣ لە چیکۆسلۆڤاکیا جیابونەوە بێ ڕیفراندۆم، توانیویانە سستەمێکی دیموکراتیی و ئابوورییەکی پتەو دروستبکەن. بەمەرجێک ئەم وڵاتە پێشتر لەژێر سایەی سستەمێکی کۆمەنیستی دیکتاتۆریدا بووە و لە ڕووی ئابوورییەوە لاواز بووە. لە ڕووی جوگرافییەوە هاوشێوەی کوردستانە؛ شاخاوییە و بە وشکانی دەورەدراوە و هیچ دەرچەیەکی دەریایی نیە و ڕوبەرەکەشی کەمێک زیاتر لە نیوەی ڕووبەری هەرێمی کوردستانە. ڕووبەری هەرێمی کوردستان بە ناوچە دابڕاوەکانەوە نزیکەی ٨٠ هەزار کم٢ یە، بەڵام سلۆڤاکیا ڕووبەرەکەی نزیکەی ٥٠ هەزار کم٢ یە و ژمارەی دانیشتوانیشی نزیکە لە هەرێمی کوردستانەوە؛ نزیکەی ٥ ملیۆن کەسن. بەڵام بەپێچەوانەی ئێمەوە، ئەوان توانیویانە دامەزراوەکانی دەوڵەت بنیاتبنێن. هەروەها توانیویانە لە پاڵ سستەمێکی دیموکراسیدا، بیمەی کۆمەڵایەتیی و تەندروستیی

و خۆشگوزەرانی دابین بکەن.

سلۆڤاکیا ئێستا یەکێکە لەو وڵاتانەی ئەورووپا کە ئابوورییەکەی زۆر بە خێرایی بەرەو پێش ئەچێت، ئێستا لە ڕووی خێرایی گەشەی ئابورییەوە، سێیەم دەوڵەتە لە ئەورووپادا. سلۆڤاکییەکان توانیویانە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە قۆناغی گواستنەوە و ڕاگوزەر لە ئابووری کۆمۆنیستی داخراوەوە بەرەو ئابوورییەکی کراوە تێپەڕێنن؛ یەکێک لە کارە سەرەکییەکانیان ئەوە بووە کە بەشی زۆری بانکەکانیان لە حکومییەوە کردووە بە ئەهلیی و لەڕێی بانکی ناوەندییەوە یارمەتیانداون و قەرزیان بە سودی کەم داوەتێ بۆئەوەی ئەوانیش بە سودی کەم قەرزی پیشەسازیی و کشتوکاڵی بدەن بە هاوڵاتییەکانیان لەپێناوی ئەوەی گەشەی ئابووری خێراتر بکەن. بەڵام لە کوردستان حکومەت زۆربەی بانکەکانی کوردستانی (بە تایبەت ئەوانەی سنووری سەوز و نیللی) مایەپوچ کرد. ئیتر ئابووریی و دامەزراوە و دەوڵەت چۆن وا دروست ئەکرێن. ڕێژەی بێکاری لە سلۆڤاکیا لە سەرەتای جیابونەوەدا لە ٢١٪ بووە، ئێستا گەیاندویانەتە ٧٪، واتە ڕێژەی بێکاریيان سێ هێندە کەمی کردووە. سلۆڤاکیا لە وڵاتێکەوە کە پێشتر قەرزی لە بانکی نێودەوڵەتی وەرگرتووە، ئێستا قەرز ئەدات بە بانکی نێودەوڵەتی بۆ وڵاتە هەژارەکان.

بەڵام ئێمە دوای ٢٦ ساڵ حکومڕانی و فرۆشتنی نەوت و گاز و بانگەشەی ساختەی بەردەوامی پارتەکانی دەسەڵات بۆ مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت و ئابووری سەربەخۆ، سستەمی سیاسیی و ئابوریمان نزیکبۆتەوە لە ئاستی داڕوخان. لەملاشەوە چەند کەسێک کە بەشی زۆریان لە گەندەڵییەوە تێوەگلاون و سەبەبکاری داڕووخانی سستەمی سیاسیی و ئابووری هەرێمی کوردستانن، وەک ئەوەی لای ئەوان هیچ ڕووی نەدابێت، وتیان دەوڵەتتان بۆ دروست دەکەین، سەرەنجام ٥٢٪ی خاکی کوردستان و بەشی زۆری دەسەڵات و سەرووەری ٤٨٪ وکەی ماوەتەوە لەدەستدا؛ هەر لە بەڕێوەبردنی خاڵە سنوورییەکان و گومرگ و فڕۆکەخانەکانەوە هەتا ئەگاتە بیرە نەوت و گازەکان.

لەوانەیە هەندێک بڵێن جیاوازی سلۆڤاکیا و هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە ئەوان وەک ئێمە نین و خاوەنی دراوسێی باشن. ئەمە ڕاستە، بەڵام کەس دەستی نەگرتبووین کە ٢٦ ساڵە سوپایەکی مەشقپێکراوی نیشتیمانی دروستبکەین کە لانی کەم بتوانێت پارێزگاری لە ناوچە ڕزگارکراوەکان بکات لە موسڵ و شەنگالەوە تا ئەگاتە کەرکوک و خانەقین و لە ماوەیەکی کەمدا ٥٢٪ ی خاکی کوردستان ڕادەستی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی نەکات. ئێران و تورکیا دەستیان نەگرتبووین کە پەرە بە کەرتەکانی پیشەسازیی و کشتوکاڵ بدەین کە لە بنەما هەرە گرنگەکانی دروستکردن و مانەوەی دەوڵەتن. کەس دەستی نەگرتبوین کە سستەمێکی دیموکراسی بنیادبنێین کە تیایدا دەستاودەستی دەسەڵات بەئاسایی و ئاسانی تێپەڕێت و کەسێک نەیەت لەبەر بەرژەوەندی خۆیی و بنەماڵەکەی بە ناشەرعی دەست بەسەر کورسی دەسەڵاتدا بگرێت و سەرجەم پرۆسەی سیاسی و حکومڕانی لە کوردستاندا پەک بخات و هاوڵاتیان بێموچە و برسی بکات.

بۆیە ئەوەی کە ئەبێت سەرەتا لۆمەی بکەین خۆمانین نەک دراوسێکانمان، ئێستاش کات ماوە، گەر بمانەوێت ئەتوانین هاوشێوەی سلۆڤاکیا و وڵاتە پێشکەوتووەکان، بێ ڕیفراندۆم، دەستبکەین بە دروستکردن و پێشخستنی پایەکانی دەوڵەت لە ڕووی سیاسیی و ئابووریی و سەربازییەوە؛ ئەمانەن کە زامنی بنیادنان و مانەوەی دەوڵەتی کوردی ئەکەن لەناو ئەم جوگرافیا ئاڵۆزەدا، نەک موزایەدەی سیاسی و هەڵای ڕاگەیاندن، کە وایکرد دوژمنەکانی کورد کە چەندین ساڵە دژبەیەک و ناکۆکن، لە دژمان یەکبگرن، ئەمەیە کارەساتی دەوڵەت و دیپلۆماسیەتی کوردی بەدەست عەقڵیەتی خێڵەوە.

## پەراوێز و سەرچاوەکان


1-Hassan, Gerry (2009), The Modern SNP: From Protest to Power, Edinburgh University Press.

2-Harvie, Christopher (2004). Scotland and Nationalism: Scottish Society and Politics.

3-Schrijver, Frans (2006). Regionalism After Regionalization: Spain, France and the United Kingdom. Amsterdam University Press.

4-Hepburn, Eve (2013). New Challenges for Stateless Nationalist and Regionalist Parties.

5- Bryant, Nick (2014). Neverendum referendum: Voting on independence, Quebec-style.

6- Carens, Joseph H., ed. (1995), Is Quebec Nationalism Just?: Perspectives from Anglophone Canada, Montreal, McGill-Queen›s University Press.

7- Guibernau, Montserrat (2004). Catalan Nationalism: Francoism, Transition and Democracy. Routledge.

8- Mar-Molinero, Clare; Smith, Angel (1996). Nationalism and the Nation in the Iberian Peninsula: Competing and Conflicting Identities. Bloomsbury Academic.

9- Conversi, Daniele (2000). The Basques, the Catalans and Spain: Alternative Routes to Nationalist Mobilisation. University of Nevada Press.

10- Dowling, Andrew (2013). Catalonia Since the Spanish Civil War: Reconstructing the Nation. Sussex Academic Press.

11- Conversi, Daniele (2000). The Basques, the Catalans and Spain: Alternative Routes to Nationalist Mobilisation. University of Nevada Press.

12- Moodrick-Even Khen, Hilly (2016). National Identities and the Right to Self-Determination of Peoples.

13- Buck, Tobias (2015). «Independence parties win in Catalonia but fall short of overall victory». Financial Times.

14- Turkish parliament nears approval of presidential system sought by Erdogan». Reuters.

15- Shaheen, Kareem (2017). «Erdoğan clinches victory in Turkish constitutional referendum» – via The Guardian.

for Textual Reasoning.
36-Maoz, Zeev, Mor, Ben D. (2002) Bound by Struggle: The Strategic Evolution of Enduring International Rivalries, University of Michigan Press.
37-Bickerton, Ian J. (2009) The Arab-Israeli Conflict: A History Reaktion Books.
38- Shemesh, Moshe (2007). Arab Politics, Palestinian Nationalism and the Six Day War: The Crystallization of Arab Strategy and Nasir›s Descent to War.
39- Gat, Moshe (2003). Britain and the Conflict in the Middle East, 1964-1967: The Coming of the Six-Day War.
40- Quigley, The Six-Day War and Israeli Self-Defense, Cambridge University Press.
41- Rosenberg, Matt, (2107), The World›s Newest Countries Since 1990.
42- Carrere D›Encausse, Helene (1993). The End of the Soviet Empire: The Triumph of the Nations (English – translated by Franklin Philip ed.). New York, NY.
43- Wolchik, Sharon L.; Jane Leftwich Curry (2007). Central and East European Politics: From Communism to Democracy. Rowman & Littlefield.
44- Edward, Walker (2003). Dissolution: Sovereignty and the Breakup of the Soviet Union. Oxford: Rowman & Littlefield Publishers.
45- Dejan Jović, (2009). Yugoslavia: a state that withered away. Purdue University Press.
46- Fick, Maggie (2011). «Over 99 percent in Southern Sudan vote for secession». USA Today.
47- Rebecca Hamilton. «Southern Sudanese Independence: High Hopes, Huge Obstacles». Pulitzer Center.
48- Trivett, Vincent (2011). «Oil-Rich South Sudan Has Hours To Choose Between North Sudan, China And The U.S». Business Insider.
49- Pitas, Costas (2015). Merriman, Jane, ed. «Jaguar Land Rover plans new plant in Slovakia.
50- Dixon-Kennedy, Mike (1998). Encyclopedia of Russian & Slavic myth and legend.
16- Lord Rothschild: ‹Investors face a geopolitical situation as dangerous as any since WW2›». Telegraph.co.uk.
17- The House of Rothschild: Money›s prophets, 1798–1848, Volume 1, Niall Ferguson, 1999.
18- Rothschild: a story of wealth and power, by Derek A. Wilson, (Deutsch 1988).
19- A History of the Jews, Paul Johnson (London 2004).
20- Aharonson, Ran (2000). Rothschild and early Jewish colonization in Palestine. Israel: The Hebrew university Magnes Press.
21- Encyclopedia of Zionism and Israel, vol. 2, «Rothschild, Baron Edmond-James de,».
22- The Rothschilds and their 200 years of political influence Andy McSmith, 2008, The Independent (London).
23- Chouraqui, André. A Man Alone: The Life of Theodor Herzl. Keter Books, 1970.
24- Cohn, Henry J., (1970) «Theodor Herzl›s Conversion to Zionism,» Jewish Social Studies, Indiana University Press.
25- Glenda Abramson, ed. (2005). Encyclopedia of Modern Jewish Culture. Routledge.
26- Cleveland, William L. A History of the Modern Middle East. Boulder, CO: Westview, 2004.
27- Simha Flapan, (1979) Zionism and the Palestinians.
28- Zaki Shalom (2002). David Ben-Gurion, the State of Israel and the Arab World, 1949–1956. Sussex Academic Press.
29-Shapira, Anita (2014). Ben-Gurion: Father of Modern Israel. Yale University Press.
30- Elinor Burkett Golda Meir; The Iron Lady of the Middle East, Gibson Square.
31- Golda Meir, Encyclopedia of Zionism and Israel, ed. Raphael Patai, New York, 1971.
34- Zionists Proclaim New State of Israel; Truman Recognizes it and Hopes for Peace New York Times.
35- Harris, J. (1998) The Israeli Declaration of Independence The Journal of the Society

# چەند سەرەقەڵەمێك لەبارەی مافی چارەی خۆنووسینەوە





**ئاسۆ کەریم**

لەدایکبووی ١٩٥٤، هەولێر

بەکالۆریۆس لە هەندەسەی مەدەنی

ماستەر لە یاسا.

١- پاش چەسپاندنی مافی چارەی خۆنووسین، لە مادده(١)برگە و ماددەی(٥٥)ی پەیمانی نەتەوەیەکگرتووەکان کە بە هەنگاوێکی گرنگی پەرەسەندنی ئەو پرەنسیپە دەزانرێ، لە پرەنسیپێکیسیاسییەوە بۆ پرەنسیپێکی قانوونیی و پاشان مافێکی قانوونی بۆ هەموو گەلان.

٢- چارەی خۆنووسین، لە چەندین دۆکیومێنتی نێودەوڵەتی، هەرێمایەتی؛ ئەورووپی ١ و ئەفریقی٢، رای راوێژکاریی و فەتوای دادگەی نێودەوڵەتیی داد ٣ و دەستووری چەند وڵاتێک ٤ و رای هەندێک فەقیەی ناودارە و کۆمیسۆنی قانوونی نێودەوڵەتی ٦ دا هاتووە و لەم سۆنگەیەشەوە بووەتە بەشێکی قانوونی عورفیی نێودەوڵەتی و بە پێشمەرجی کەڵکوەرگرتن لە هەر مافێکی دیکەی مرۆڤ کە لە رێککەوتننامەکانی بواری مافەکانی مرۆڤدا هاتوون، دادەنرێت.

٣- لەو دۆکیومێنتانەدا جەخت لەوەکراوەتەوە کە«هەموو گەلان مافی چارەی خۆنووسینیان هەیە. بەپشتبەستن بەم مافە، دەکارن ئازادانە ستاتۆی سیاسیی خۆیان بریار بدەن و بە ئازادانەش درێژە بە نەشونمای ئابووریی و جڤاکی و کولتووریی خۆیان بدەن»٧. لێرەدا وەک سەرنج دەدرێت ئەم مافە بە هەموو گەلان رەوا بینراوە، چونکە وشەی (گەلان) بەشێوەیەکی رهها هاتووە. وەک دەگوترێ: المطلق يجري على اطلاقه. بەڵام لە پراکتیکدا چۆن لێکدراوەتەوە و کاری پێکراوە و چۆن هەوڵدراوە وشەی «گەل people» لە چغزێکدا بەیڵدرێتەوە و، هەم جۆرێ تەمومژ بە مانا و ناوەرۆکی چارەی خۆنووسین بدرێت و پراکتیزەکردنی مافەکە لە سنوورێکی دیاریکراودابەیڵدرێتەوە، ئەوە هەمووی سەردەکێشێتەوە سەر ئیعتیباراتی سیاسیی و بەرژەوەندیی وڵاتان. ئەم راستییە دەرهەق بە باشووری کوردستان لە عێراق و کەتەلۆنیا لە ئیسپانیا بەجوانی خۆی نواند.

٤- لە پراکتیکی نەتەوەیەکگرتووەکان و دەوڵەتاندا، راڤەی جیاواز بۆ مانا و ناوەرۆکی ئەم مافەکراوە، بەڵام هیچ پیلەکە و بەردەق- بەردەقێک لەسەر ئەوە نەماوە و نییە کە گەلان و وڵاتانی کۆلۆنیکراو، یان بندەست و داگیرکراو لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا، بەگوێرەی هەردوو بریاری ١٥١٤ و ١٥٤١ی ساڵی ١٩٦٠و بریاری ٢٦٢٥ ی ساڵی ١٩٧٠، بۆیان هەیە سەربەخۆیی سیاسیی تەواو بەدەستبهێنن، یان٢، بە ئازادانە لەگەڵ دەوڵەتێکی دیکەی سەربەخۆدا بەپێی گرێبەستێک یەکبگرن، یان ٣ تەواو تێکەڵی دەوڵەتێکی سەربەخۆ ببن و ببنە بەشێکی جیانەکراوەی ئەو دەوڵەتە. بەداخەوە، گەلی کورد وەک گەلێکی بەکۆلۆنیکراو حیسابی بۆ نەکراوە و خۆشمان وەک بزووتنەوەی سیاسی ئەو (تلكيف)ە قانوونییەمان بۆ نەکردووە!

٥- کەواتەگرفت لێرەوە دەستپێدەکا کە سەرەرای رهەایی مافی چارەی خۆنووسین بۆ هەموو گەلان، هێشتا لە پراکتیکدا دەرهەق بەو گەل و هەرێمانەی کە کەوتوونەتە ناو چغز و قەڵەمرەوی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و سەروەر و ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە و نەخراونەتە ناو لیستی هەرێمە ناخۆبەرێوەبەرەکانەوە، وەک گەلی ئێمە، دوو سەمت و ئاراستە هەیە:

یەکەم: بەگوێرەی قانوون و دەستووری هەر وڵاتێک، تەرتیباتێکی ئەوتۆ بکرێت لە ناسانترالیزمی کارگێرییەوە بگرە تا ئۆتۆنۆمیی و فیدرالی- کە ئەو گەلانە پراکتیزەی مافەکانی خۆیانی تێدا بکەن. ئەم رووەی چارەی خۆنووسین-self determination پێ دەگوترێت وەک فلاندەرز و والۆنەکان لە بەلجیکا، ئۆلاند لە فینلاند، هەرێمی باسک لە ئەسپانیا، ناوچەی گرینلاند لە دانیمارک، ستاتۆی باشووری کوردستان بەگوێرەی دەستووری ٢٠٠٥ی عێراق... ئەو ئاراستەیە لە روانگەی دەوڵەت و لەسەر بنەمای هەرێمایەتی Territorial approach هەڵچنراوە، بەتایبەتی وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین زێتر

پێی لەسەر دادەگرن، واتە لەوە زیتریان بۆ گەلانی ناو وڵاتەکانیان پێ قبوڵ ناکرێت. وەک لە سەرەوە گوتم لە کوردستانی عێراقیشدا بە جوانی دەرکەوت کەحوکمڕانانی بەغدا ڕەتیانکردەوە دان بە ئەنجامەکانی ریفراندەمەکەی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧دا بنێن.

**دووەم**: ئەو گەلانە مافی جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی خۆیان هەیە. ئەم ڕووەی چارەی خۆنووسین self-determination پێ دەگوترێ. ئەم ئاڕاستەیە لەسەر بنەمای گەل people approach دامەزراوە و زیتر نەتەوە و گەلی بێ دەوڵەت، لە بابەتی کورد، کشمیری، تیبتی، بیافرایی، چیچانی، تامیلی... داوا و پەنای بۆ دەبەن. ئەوەی زیتریش ئەو گەلانەی پشتئەستوور کردووە کە داوای مافێکی وا بکەن، هاتنەئارای چەندین دەوڵەتە بەتایبەتی لە دوای ١٩٩٠وە کە لە دەرەوەی پێڤاژۆی ئیستیعماریدا دامەزراون، بۆ نموونە وەک چیک و سلۆڤاکیا و مەقدۆنیا و سلۆڤینیا و کرواتیا و بۆسنیاوهەرزەگۆڤین و مۆنتینیگرۆ و باشووری سودان و ئەریتیریا و کۆسۆڤۆ وەیتر...

بەڵام دەوڵەتان، بەتایبەتی دەوڵەتانی نادیموکرات و فرەگەل و نەتەوە، پێیانوایە پراکتیزەکردنی ئەم مافە بەمشێوەیە، ناکۆکە لەگەڵ پرەنسیپی یەکێتیی خاک و سەروەری دەوڵەتاندا و هەڕەشەیە لەسەقامگیریی سستەمی نێودەوڵەتی. کەواتە هێشتا دووفاقییەک لە ڕوانگە و پراکتیکی نێودەوڵەتیدا هەیە لە بەرانبەر ڕێزگرتن و جێبەجێکردنی مافی چارەی خۆنووسینی گەلاندا، ئەمەش پێچەوانەی ئەو فەتوایەی دادگەی نێودەوڵەتییە کە دەڵێت: مافی چارەی خۆنووسین، باری قانوونیی Erga Omnesی وەرگرتووەو بووە بە ئەرکێکی پابەندکاری نێودەوڵەتی بە ئەستۆی سەرجەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە٩.

٦- بەڵام ڕایەک لەناو هەندێ لە فوقههای قانووندا هەیە کە لە هەندێک باردا دەکرێ گەلێک داوای پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بکا و لە (دەوڵەتی دایک) جیابێتەوە. ئالن بۆچانان Allen Buchanan یەکێکە لەو فەقیهانە کە پێیانوایە: یەکەم دەبێ گەلە جیاخوازەکە لە ڕووی ژمارەوە لەچاو باقی دانیشتوانی دەوڵەتی دایکدا کەمینە بێت، بەڵام لە بەشێکی هەرێمی دەوڵەتی پێوەندداردا، زۆرینەبێ. دووەم- دەبێت ئەو گەلە لەلایەن ئەو دەوڵەتەی کە دەیەوێ لێی جیابێتەوە، زوڵم و زۆرێکی زۆری لێ کرابێ:

أ- ڕێگەی پراکتیزەکردنی مافی چارەی خۆنووسینی ناوخۆیی لێ گیرابێ، یان ئەو مافەی بەشێوەیەکی ترسناک پێشێلکرابێ،

ب - دەوڵەتی پێوەندندار مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤی ئەو گەلەی زۆر بە خراپی و بەشێوەیەکی بەرفرە پێشێلکردبێت.

سێیەم، هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکەی واقیعی بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی کێشەی نێوان ئەو گەلە و حکوومەتی (دەوڵەتی دایک) نەمابێت١٠، واتە: جیابوونەوە بووبێتە دوا ڕێگە چارە. remedial secession right وەک Allen Buchanan باسی لێدەکات و سێ پێوەر بۆ ڕەوایی جیابوونەوە دادەنێت: یەکەمیان، پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی بەرفرەوان و بەردەوام، دووەمیان، دەستگرتنی ناڕەوایانە بەسەر هەرێمی ویلایەتەکەدا، سێیەمیان بەردەوام پێشێلی ئەو ڕێککەوتنە بکرێت کە دەربارەی خۆبەڕێوەبەری ناوخۆیی کراوە١١. خەریکەئەم پێوەرانە لە سیاسەتەکانی ئەمدواییەی بەغدا لە پاش ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە بەرجەستە دەبن.

٧- کێ دەتوانێت سوود لەم مافە وەربگرێت؟ لە زۆربەی بەڵگەنامەکاندا، ئاماژە بۆ وشەی گەل- People دەکرێت. لهەمانکاتدا لە هیچ بەڵگەنامەیەکی قانوونیدا پێناسەی تێرمی (گەل) نەکراوە کەکێ (گەل) و کێ (گەل) نییە تا ئەو مافەی

پێ ڕەوا ببیندرێ.

لێکدانەوەی جیاواز بۆ گەل کراوە و دەکرێت و تەنانەت لەناو کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤی سەر بە ساڵی ١٩٥٢ لەکاتی وتووێژکردندا لەبارەی (چارەی خۆنووسین)ەوە، ڕای جیاواز هەبووە١٢، ئەو کۆمیسیۆنە ڕایسپاردووە کە داوا لە یۆنسکۆ بکرێت دیراسەیەکی چەمکی (گەل) و خەسڵەتەئیتنیی و سۆسیۆلۆجیی و سایکۆلۆجییەکان و پێوەندیی ئەو چەمکە بە چەمکەکانی نەتەوە و دەوڵەت١٣ بکات.

## دەکرێ بەمشێوەیە کورتی بکەینەوە:

أـ گەل بە سەرجەم دانیشتوانی نێو قەڵەمڕەوی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، یان هەرێمێکی کۆلۆنیکراو دەگوترێت.

ب ـ گرووپێکی ئیتنی ناو هەرێمی دەوڵەتێکی فرەنەتەوە و گەل کە وەک لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کرا لە بەشێکی بەسەریەکەوەی جیوگرافیی وڵاتی پێوەندداردا زۆرینەی دانیشتوان بێ و خۆیان پێ گەلێکی بەجیا هەڵکەوتوو بێت.

دادگای باڵای کەنەدی سەبارەت بە پرسی کیوبیک لە ڕایەکدا دەڵێت: دەکرێ- گەل- گرووپگەلێکی دیکەی کەسان بێ، بێجگەلە تەواوی دانیشتوانی دەوڵەت١٤.

ساڵی ١٩٨٩، لە کۆبوونەوەی کارناسانی نێودەوڵەتیی یۆنسکۆ کە باس لە وشەی (گەل) ی کراوە، هەندێک پێوەر دانراون کە بە پێناسەی (کێربی Kirby)١٥ناسراوە:

ـ یەکەم،- کۆمەڵە کەسێک کە هەموو یان هەندێ لەم سیما و خەسڵەتە هاوبەشانەیان تێدا بێ: أ-دابوونەریتی مێژوویی هاوبەش. ب- ناسنامەی ئیتنی یان ڕەگەزی. ج- هاوچەشنیی کولتووری. د- یەکێتیی زمان. ه- هاوبەندیی ئایدیۆلۆجیک یان ئاییني و- بەسەریەکەوەبوونی هەرێمێکی هاوبەش. ز- ژیانی ئابووریی هاوبەش.

ـ دووەم،- هەروا دەبێت ئەو گەلە لە ژمارەیەکی دیاریکراوی ئەوتۆ پێکهاتبێ کە مەرج نییە زۆریش بێت (گەلی دەوڵەتێن ماکرۆ)، لێ تەنیا گردبوونەوەی چەند کەسێکیش نەبێ لەنێو دەوڵەتێکدا.

ـ سێیەمیان،- گرووپەکە، وەک گشتێک، دەبێت بایی ئەوەندە ئیرادەی هەبێ کە خۆی وەک گەلێکی جودا بناسێنێ یان ئاگایی بوون بە گەلی تێدا هەبێت.

ـ چوارەم،- شیان و توانی ئەوەش هەبێ کە ئەم گرووپە دامودەزگایان دامەزراوەیان ئامرازی دەربڕینی ئەو خەسڵەتە هاوبەشانە و ئیرادەی ناسنامە و خۆناسینی خۆی هەبێت.

بۆ مەبەستی مافی چارەی خۆنووسین دەکرێت بڵێین، هەریەک لەوانە ئەو مافەیان هەیە:

* سەرجەم دانیشتوانی وڵاتیکی سەربەخۆ و سەرورەر بۆ نموونە وەک ژاپۆن، میسر.

* ئەو گەلەی هەرێمەکەی لەلایەن مێژێکی کۆلۆنیالییەوە بەڕێوەدەبردرێت.

* ئەو گەلەی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی لەدەستدابێ و بە دەوڵەتێکی دیکەوە لکێندرابێ یان داگیرکرابێت و هەوڵی گەڕانەوەی سەربەخۆیی خۆی بدا، وەک نموونەی سێ کۆمارەکەی بەلتیک لەماوەی نێوان ١٩٣٩- ١٩٩١ کە بە یەکێتیی سۆڤیەتەوە لکێندرابوون.

* ئەو گەلەی، سەرباری ئەوەی کە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و سەروەری هەیە، لێ حکوومەتێکی دیکتاتۆری تێدایە و ڕێگەی گەلەکەی نادا پێڕەوی لە مافی چارەی خۆنووسین بکات.

* ئەو گەلەی لە ڕووی شکلییەوە دەوڵەتی خۆی هەیە، بەڵام لەلایەن دەوڵەتێکی دیکەوە کۆنترۆڵکرابێ.

* ـ ئەو گەلەی لەناو قەڵەمڕەوی دەوڵەتێکدا بژی، لێ لە باقی دانیشتوانی ئەو دەوڵەتە جودا بێت و لەبەشێکی بەسەریەکەوەی ئەو وڵاتەدا زۆرینە بێت و داوای پراکتیزەکردنی مافی چارەی خۆنووسینی خۆی بکات وەک کورد لە عێراقدا.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١ـ لەوانە پەیمانی نەتەوەیەکگرتووەکان، پەیماننامەی نێودەوڵەتیی بۆ مافەمەدەنیی و سیاسییەکان، پەیماننامەی نێودەوڵەتیی بۆ مافە ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەکان. ئەمە سەرباری چەندین بریاری کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لەوانە بریاری: ١٥١٤ لەی ١٢ی ١٩٦٠، بریاری ١٥٤١ لە ١٢ی ١٩٦٠ و بریاری ٢٦٢٥ لەی ١٠ی ١٩٧٠ و ەی دیکەشدا...

٢ـ بەڵگەنامەی کۆتایی کۆنفرانسی تەناەی و هاریکاریی لە ئەوروپا کە لە ٣ی تەمووزی ١٩٧٣دا، لە(هلسنکی) کرایەوە. پاشان لە ١٨ی ئەیلوولی ١٩٧٣ەوە تا ٢١ی تەمووزی ١٩٧٥ دریژەی بەکارەکانی خۆی لە (جنێف)داو لە ١ی ئابی ١٩٧٥دا، کۆتایی بەکارەکانی خۆی لە هلسنکی هێنا.

هەرچەند ئەم بەڵگەنامەیە، دۆکیومێنتێکی پابەندکاری قانوونی نییە، لێ چونکە کۆمەڵێک دەوڵەتی دیار و زلەێز و ئەندامی OSCE ئیمزایان کردووە، لەباری سیاسییەوە بە بەڵگەنامەیەکی گرنگ دەزاندرێت. دەمێنێتەوەتا چەند ئەو دەوڵەتانە بەگوێرەی ئەو پرەنسیپانەی خۆیان پەسندیان کردووە، رەفتار دەکەن، ئەوەیان پرسێکی دیکەیە، ئەو دەوڵەتانەی ئەو بەڵگەنامەیەیان مۆرکردووە:

١-نەمسا ٢- بەلجیکا ٣- بولگارستان ٤- کەنەدا ٥- قوبرس ٦- چیکۆسلۆفاکیا (ئێستە بووەتە دوو دەوڵەت- چیک و سلۆفاکیا) ٧- دانیمارک ٨- فنلاند ٩- فەرەنسا ١٠- ئەڵمانیا دیموکرات ١١- کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵی (ژمارە١٠ و ١١ تێکەڵبوونەتەوە) ١٢- یۆنان ١٣- هەنگاریا ١٤- ئایسلاند ١٥- ئیرلاند ١٦- ئیتالیا ١٧- لیخنشتین ١٨- لۆکسمبۆرگ ١٩- مالتا ٢٠- مۆناکۆ ٢١- هۆلاند ٢٢- نەرویج ٢٣- پۆلۆنیا ٢٤- پورتوگاڵ ٢٥- رۆمانیا ٢٦- سان مارینۆ ٢٧- ئەسپانیا ٢٨- سوید ٢٩- سویسرا ٣٠- تورکیا٣١- یەکیتیی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیەت (لەبەریەکهەڵوەشاوەتەوە و بووەتە١٥ دەوڵەتی سەربەخۆ) ٣٢- شانشینی یەکگرتوو ٣٣- ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ٣٤- یۆگۆسلاڤیا (لەبەریەکهەڵوەشاوەتەوەو بووەتە ٦ دەوڵەت و کۆسۆڤۆ-ش جیابووەتەوە، بەڵام هێشتا نەبووەتە ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکان) ٣٥- ڤاتیکان.

پرەنسیپی VIIIی ئەو بەڵگەنامەیە جەخت لەسەر (کۆ مافی وەکیەک و چارەی خۆنووسین بۆ گەلان) دەکاتەوە.

دەوڵەتانی بەشداربووی ئەم کۆنفرانسە کە رێز لە کۆمافی وەکیەک و مافی چارەی خۆنووسینی گەلان دەکەنەوە، لە هەموو کاتێکدا بەگوێرەی مەبەست و پرەنسیپە چەسپاوەکانی نێو پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بنەما و رێسا پێوەندارەکانی قانوونی نێودەوڵەتی، بەو رێسایانەشەوە کە پێوەندییان بە یەکپارچەیی هەرێمایەتیی دەوڵەتانەوە هەیە، کار دەکەن.

بەپشتبەستن بە پرەنسیپی کۆمافی وەکیەک و چارەی خۆنووسینی گەلان، هەمیشە هەموو گەلان ئەم مافەیان هەیە کە بە ئازادیی تەواوەوە، هەرکاتێک و چۆنیان حەز لێبێت، ستاتۆی سیاسیی ناوخۆ و دەرەکی خۆیان بەبێ مایەی خۆتێکردنی دەرەکی دیاری بکەن و بەوجۆرەی خۆیان بیانەوێت رێچکەی پەرەسەندنی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کولتووریی خۆیان بگرنەبەر.

* یان جاڕنامەی ڤێننا و بەرنامەی کاری ساڵی ١٩٩٣ی کۆنفرانسی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ کە دەوڵەتانی بەشدار دوپاتی دەکەنەوە کە رێزگرتن لە کۆمافی وەکیەک و چارەی خۆنووسینی گەلان و پراکتیزەکردنی کارای ئەو پرەنسیپە، بایەخێکی جیهانیی بۆ پەرەپێدانی پێوەندیی دۆستانە لە نێوان خۆیاندا و لە نێوان دەوڵەتاندا هەیە؛ هەروا گرنگی لەنێوبردنی هەر جۆرە پێشێلکردنێکی ئەم پرەنسیپەوەبیردەهێننەوە و لەقاودەدەن. جاڕنامە و بەرنامەی کاری ڤێننا (١٩٩٣) کە لەلایەن کۆنگرەی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤەوە بریاری لێدراوە لە ماوەی نێوان ١٤- ٢٥ی حوزەیرانی

١٩٩٣دا لەڤیێنای پایتەختی نەمسا.

لە یەکەم- برگەی (٢)دا ئەو جاڕنامەیە دەڵێت:

هەموو گەلان مافی چارەی خۆنووسینیان هەیە، بەپشتبەستن بەم مافە بە ئازادانە دەتوانن ستاتۆی سیاسیی خۆیان دیاری بکەن و بە ئازادانەش هەوڵ بۆ بەدیهێنانی نەشونمای ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کولتووریی خۆیان بدەن.

کۆنگرەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ ڕەوشی تایبەت بە گەلانی بندەستی کۆلۆنیالی یان شێوەکانی دیکەی بندەستی بیانی یان داگیرکاریی بێگانە ڕەچاو دەکاو دان بەمافی ئەو گەلانەدا دەنێت کە بەگوێرەی پەیمانی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ بەدیهێنانی ئەو مافەی چارەی خۆنووسین کە ناکرێت دەستی لێ هەڵبگیرێت، هەموو ڕێکارێکی ڕەوا بگرنەبەر. کۆنگرەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ نیکۆڵیکردن لەو مافەی چارەی خۆنووسین بە پێشێلکردنێکی مافەکانی مرۆڤ دادەنێت و جەخت لەسەر گرنگیی جیبەجیکردنی ڕاستەقینە و کارای ئەم مافەدەکاتەوە.

بەگوێرەی جاڕنامەی پرەنسیپەکانی قانوونیی نێودەوڵەتیی پەیوەست بە پێوەندیی دۆستانە و هاریکاری نێوان دەوڵەتان بەگوێرەی پەیمانی نەتەوەیەکگرتووەکان، نابێت ئەمەوا لێکبدرێتەوە کە ڕێگەبەکارێک دەدا یان هانی کارێک دەدا کە بەشێوەیەکی پاژەکی یان گشتی، یەکپارچەیی هەرمایەتی یان یەکێتیی سیاسیی دەوڵەتێکی سەربەخۆی سەروەر لەتوپەت یان پێشێل بکا، کە بەجۆرێک ڕەفتار بکات کە لەگەڵ پرەنسیپی وەکیەکی لەمافەکان و چارەی خۆنووسینی گەلاندا تەبا و گونجا و بێ و حکومەتێکی تێدا بێ کە نوێنەرایەتی هەموو دانیشتوانی هەرێمەکە بکا بەبێ هیچ جۆرە جیاوازیدانێک.

٣ـ پەیمانی ئەفریقایی بۆ مافەکانی مرۆڤ و گەلان (١٩٨١)، ماددە٢٠ی ئەم پەیمانەیە دەڵێت:

١. هەر گەلێک مافی بوونی هەیە و، مافێکی ڕەها و جێگیری لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا هەیە و بۆی هەیە بە ئازادانە ستاتۆی سیاسی خۆی بڕیاربدا و دەستەبەری پەرەسەندن و نەشونمای ئابووریی و کۆمەڵایەتیی خۆی بەوشێوەیەی خۆی دەیەوێت، بکات.

٢. گەلانی بە کۆلۆنیکراوی بندەست مافی ئەوەیان هەیە خۆیان لە کۆتوبەندی بندەستی ڕزگار بکەن و پەنا بۆ هەموو ئامرازێک کە کۆمەڵگەدانیان پێدا دەنێ، ببەن.

٣. تەواوی گەلان لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی خۆیاندا دژی دەسەڵاتی بێگانە، چ سیاسی بێ یان ئابووری یان کولتووری، لەلایەن دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیمانە وەکۆمەکیان پێ بکرێت.

٤ـ دادگای نێودەوڵەتیی داد ICJ، لە هەندێک فەتوا و ڕای ڕاوێژکاریی خۆیدا جەختی لەسەر مافی چارەی خۆنووسین کردووەتەوە: لەکێسی (ئایا بەردەوام مانەوەی خوارووی ئەفریقا لە نامیبیا چ شونەوارێکی قانوونی لە ئاست دەوڵەتاندا هەیە)، لە٢١ی حوزەیرانی ١٩٧١دا لە پەرەگرافی ٥٢ و لەلاپەرە ١٩دا، دادگا دەڵێت: «پەرەسەندنی بەرودوای قانوونی نێودەوڵەتی لەمەڕ هەرێمە ناخۆبەڕێوەبەرەکاندا وەک لەپەیمانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا جێگیرکراوە، وایکردووە پرەنسیپی چارەی خۆنووسین بەسەر هەموویاندا بێتەجێبەجێکردن».

http://www.icj-cij.org/.../c...-٠٥٣/٥٣/
EN.pdf-٠٠-٠١-ADV-١٩٧١٠٦٢١

- لە کێسی (بیابانی ڕۆژئاوا، ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٥)، دادگا لە پەرەگرافی ٧٠، ل ٢٨دا دەڵێت: «مافی دانیشتوانی بیابانی ڕۆژئاوایە لە ڕێگەی خواست و ویستی بە ئازادانە دەربڕاوی خۆیانەوە، ستاتۆی ئایندەی سیاسیی خۆیان دیاری بکەن».

http://www.icj-cij.org/.../c...-٠٦١/٦١/
EN.pdf-٠٠-٠١-ADV-١٩٧٥١٠١٦

- لە کێسی تیموری ڕۆژهەلات کە بە (پورتوگال× ئوسترالیا ناسراوە) دادگا لە ڕای خۆیدا، لەپەرەگرافی ٢٩ لاپەرە١٦، لە٣٠ی حوزەیرانی ١٩٩٥دا دەڵێ: «چارەی خۆنووسین، یەکێکەلەپرەنسیپەجەوهەرییەکانی قانوونیی نێودەوڵەتیی هاوچەرخ.»

http://www.icj-cij.org/.../c...-٠٨٤/٨٤/
EN.pdf-٠٠-٠١-JUD-١٩٩٥٠٦٣٠

- لە کۆسۆڤۆ بەپشتبەستن بە مافی چارەی خۆنووسین، پەرلەمانی ئەو هەرێمە لە ١٧ی شوباتی ٢٠٠٨دا یەکلایەنە سەربەخۆیی و جیابوونەوەی لە کۆماری سربیا دا. لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨دا داوای ڕاوێژکاری دادگەی نێودەوڵەتیی داد کرا و دادگەش لە

٢٢ی تەمووزی ٢٠١٠دا گوتی: «جاڕدانی سەربەخۆیی لە ١٧ی شوباتی ٢٠٠٨دا، قانوونی نێودەوڵەتی پێشێل نەکردووە، چونکە قانوونی نێودەوڵەتی شتێکی تێدا نییە کە جاڕدانی سەربەخۆیی یاساخ بکات».

http://www.icj-cij.org/docket/files/141/16010.pdf

٥ـ وەک دەستووری ساڵی ١٩٧٧ی یەکێتیی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیێت، ماددە، پرەنسیپی ژمارەی دەستووری ساڵی ١٩٧٤ی یەکێتیی یۆگۆسلاڤیا، دەستووری ساڵی ١٩٩٤ی ئەتیوبیا- ماددە، دەستووری فیدراسیۆنی سانت کیتزو نقیس ماددە.

٦- E. Lauterpacht, «Some Aspects of Human Rights», Howard Law Journal, Vol. II (١٩٦٥).

Nawaz, «The Meaning and Range of Self-Determination», Duke University Law Journal (1965), 99.

Brownlie, Principles of Public International Law (5th edition, 1991), p. 514 : that combatants fighting for realization of self-determination should be granted a higher status under armed conflict law due to application of the jus cognes to the principle of self-determination.

A. Cassese, International law in a divided world (1986, P.136).

Crawford (ed.), the rights of peoples (1989, p. 166).

H. Gross Espiel, The Right to self-determination, implementation of United Nations Resolutions (1978).

پیارماری دوپوی، القانون الدولي العام، ت: د. محمد عرب صاصيلا و د. سليم حداد، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ط١، ٢٠٠٨، ص ١٥٩.

٧ـ کۆمیسیۆنی قانوونی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٨٨دا ڕوانگەی خۆی دەربڕیوە و کە پرەنسیپی چارەی خۆنووسین، بەجێگەیاندنێکی جیهانیی هەیە.

بڕوانە:

Malcolm N. Shaw, International law, Cambridge University press, sixth edition, p.290

٨ـ ماددەی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی بۆ مافە مەدەنیی و سیاسییەکان (١٩٦٦) کە عێراقیش وەک دەوڵەت پەسندی کردووە و ١٦٨ دەوڵەت ئەم پەیماننامەیان پشتڕاستکردووەتەوە.

٩ـ بگەڕێوە بۆ کێسی تیمووری ڕۆژهەڵات کە بە (پورتوگال× ئوستراليا ناسراوە)، پەرەگرافی ٩٠:

http://www.icj-cij.org/…/c…/84/084-19950630-JUD-01-00-EN.pdf

10- David Raič, Statehood and self-determination, Netherland, 2002, p.332.

11- Charlotte Mueller, secession and self-determination- Remedial Right only theory scrutinized, p. 283- 321 , POLIS Journal Vol. 7, Summer 2012

12- E-2256P; E-CN.4-669-EN. Para. 40 & 48.pdf

13- E-2256P; E-CN.4-669-EN. Para. 82. pdf.

14- Reference re Secession of Quebec, Judgment of the Supreme Court of Canada, para. 124

١٥ـ پێناسەکەی کێربی:

( 1- a group of individual human beings who enjoy some or all of the following common features: (a) a common historical tradition; (b) racial or ethnic identity; (c) cultural homogeneity; (d) linguistic unity; (e) religious or ideological affinity; (f) territorial connection; (g) common economic life; 2. the group must be of a certain number which need not be large (e.g. the people of micro States) but which must be more than a mere association of individuals within a State; 3. The group as a whole must have the will to be identified as a people or the consciousness of being a people - allowing that groups or some members of such grows, though sharing the foregoing characteristics, may not have that will or consciousness; and possibly; 4. The group must have institutions or other means of expressing its common characteristics and will for identity.

See:http://unesdoc.unesco.org/images/0008/000851/085152eo.pdf. Para 22 (p. 7-8).

# هەڵەی باو
# لە پرسی سەربەخۆیی
# کوردستان






**کامەران جەمال بابان زادە**

لەدایکبووی ١٩٦٩ کۆیە، ماستەر لە مێژووی هاوچەرخ، ماستەر لە مێژووی ئیسلام. شەش بەرهەمی چاپکراوی نووسین و وەرگێڕانی هەیە. دەیان وتارو لێکۆڵینەوەی بڵاوکردوەتەوە.

پرسی سەربەخۆیی کوردستان پرسێکی گەرموگوڕ بووە لە مێژووی بزاڤی سیاسیی و فەرهەنگی کوردستان، لەوپێناوەشدا ڕاپەڕین و بزاڤی سیاسیی و چەکداری، دامەزراندنی کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی، دنیایەک بزاڤی ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەگەری بەدوای خۆیدا هێناوە. لەوەتەی هەیە ئەو بزاڤە کار لەسەر ئەو ساتەوەختە دەکات کە تێدا دەژی، نە ئاوڕ دەداتەوە و نە بە بیری ستراتیژی لە ئایندە دەڕوانی. نە بەچاوی ڕەخنەگرانەوە مێژووی دوور و نزیکی خۆی دەخوێنێتەوە و نەخۆی سەرقاڵی بنیاتنان کردووە، نەوازی لە دروشم و تەخوین هێناوە، نە لەبەر ڕەخنەگرتن لە زەمانە و کارەکتەرەکانی دەرەوەی خۆی، لە خۆیی و توانا و خاڵە لاوازەکانی خۆی ڕوانیوە. سەرقاڵی پیاهەڵدان و بیری بۆ هەڵسەنگاندن نەچووە.

مێژوو یەکێکە لەو بوارانەی بزاڤی فەرهەنگیی و سیاسی کورد لەمەڕ پرسی سەربەخۆیی زوڵمی لێکردووە. مێژووی مەزڵومە، ئەم زوڵمە بە توێژە نەخوێندەوار و کەم حاڵیەکە نەوەستاوە و چۆتە ئاستی ڕاگەیاندن و ناوەندە خوێندوار و بزاڤە ڕووناکبیرییەکەی بزاڤی کوردایەتی.

من لێرەدا بە کورتی چەند لایەنێک لەو دیدە ناواقیعیی و نادروستانە ئاماژە پێدەکەم، کە پرسی سەربەخۆیی و خواستی دامەزراندنی دەوڵەتی تایبەت بە کوردستان لەگەڵ خۆی هێناویەتی و بە زەحمەت لێی دەرباز دەبێت.

## لە سەرەتاوە سیمای ئیسلامخوازی لە بزاڤی نەتەوایەتی دانەبڕاوە:

شێخ عوبێدوڵڵای کوڕی شێخ نەهای نەهری، ڕێبەری دیاری تەریقەتی نەقشبەندی لە سێ گۆشەی سنووری تورکیا و ئێران و عێراقی ئێستا بۆ یەکەم جار سەرکردایەتی بزاڤی نەتەوەیی و سەربەخۆیی لە ساڵی ١٨٨٠ ڕاگەیاند، دوای هەڵوەشانەوەی میرنشینە کوردییەکان یەکەم بزاڤی سەرتاسەری دژی هەردوو دەوڵەتی عوسمانیی و قاجاری دەستپێکرد، پێشتر لە کاردانەوەی هەڵوەشانەوەی میرنیشینە کوردییەکان لەلایەن سوڵتان مەحمودی دووەمەوە (١٨٠٨-١٨٣٨) میرانی سۆران و بابان و بۆتان و هەکاری دژی دەوڵەتی عوسمانی وەستانەوە بەڵام هەوڵی لۆکاڵی بۆ گەڕانەوەی شکۆی میرنیشینەکەیان بووە نەک سەربەخۆیی سەرتاسەری. ئەوان نەگەیشتوونەتە ئەو گوتارە پڕ حەماسەتەی شێخی نەهری کە لە بەرانبەر سەرۆک هۆزە کوردەکان دەڵێ: نیشتیمانەکەمان و شەریعەتەکەمان لەلایەن هەردوو دەوڵەتی عوسمانیی و قاجارییەوە داگیرکراوە ئەرکی سەرشانی ئێمەیە ڕاپەڕین بەرپا بکەین...). بزاڤی شێخ هەم سەرتاسەریی و هەم بێ ڕکەبەر بووە. ئەمە ڕێک دەگونجێ لەگەڵ مێژووی سەرهەڵدانی بیری دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی تایبەت بە نەتەوەیەکی دیاریکراو، کە مێژوونووسان کۆکن سەرەتایی ئەو بزاڤە لە ئەورووپا لە شۆڕشی فەرەنسییەوە لە کۆتایی سەدەی ١٨ دەستیپێکردووە و لە سەدەی ١٩ گەرموگوڕ و لەو پێوەدانگە چەندان دەوڵەتی نەتەوەیی دامەزران و چەندان شەڕ و کوشتاری بە دوای خۆیدا هێنا.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ چارەکی کۆتایی سەدەی ١٩و ئەم شەپۆلە لە دوو ئاست بەدیار کەوت، یەکەمیان لە ئاستی دەستەبژێری سیاسیی و ڕۆشنبیریی و، دووەمیان لە ئاستی شێخانی تەریقەت و پیاوانی ئاینیی و سەرۆک هۆزەکان. لەو پێوەدانگەدا هەم کۆمەڵێک ڕاپەڕینی میللی بە سەرۆکایەتی پیاوانی ئاینیی دەستیپێکرد و هەم دەیان کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی دامەزران، لە هەمووشیان پرسی گەڕانەوە دادگا شەرعییەکان و سەربەخۆیی بەیەک ئامانج دراوە بەگوێ

## دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و دەوڵەتی ئیسرائیل بەیەك پاكێج بووە.

تورکە ئیتیحادییەکان و دواتر کەمالییەکان و لەملاشەوە بنەماڵەی شای ئێران.

ئەوەی پێشوتر هیچی دەوڵەتی نەتەوەیی نەبووە، نە بۆ ئێمەی کورد و نە بۆ نەتەوەکانی دیکە، بەڵام ئەزموون و خەرمانەیەکی باش بووە بۆ دوای ئەو قۆناغە، ناکرێ ئەزموونی دەوڵەتداری عوسمانییەکان بێ بەرهەم بووبێت بۆ تورکیای تازە و ناکرێ دەوڵەتی سەفەویی و قاجاری بێ بەرهەم بێ بۆ دەوڵەتی تازەی فارس. کورد لە چەند میرنشینێکی بەیەکتر ناکۆک زیاتر هیچ فەرمانڕەوایەتییەکی سەرتاسەری نەبووە.

ئەوەش ڕوویدا هەتا کۆتایی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم هاوخواست بووە لە نێوان پرسی ئیسلامخوازی (بە بەرگی سۆفیگەری)و پرسی سەربەخۆیی.

### زوڵم لە سەلاحەدینی ئەیوبی دەکرێ!!

لێرەوە تاوانبارکردنی سەلاحەدین بەوەی دەوڵەتی بۆ کورد دروست نەکردووە، لە تەشهیر و هێرشێکی بێ بنەما بەولاوە هیچی تر نیە. نێوانی دەوڵەتی نەتەوە لەگەڵ ڕۆژگاری سەلاحەدین زیاتر لە حەوت سەدەیە. واتە ناکرێت بیری دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوە لە ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات لە گۆڕیدا نەبووبێت، ئەم بیرە لای سەلاحەدین و کورد لەو ڕۆژگارە هەبووبێت. جا ئەگەر هەبووبێت، چۆن عەرەب و نەتەوەکانی دیکەی شام و میسر و یەمەن ڕێگە دەدەن بنەماڵەی سەلاحەدین ببێتە گەورە و سەرداری ئەوان. کۆمەڵێک جولەی سیاسیی و سەربازی هەیە هەمووی بیوەلام دەمێنێتەوە. بنەماڵەی سەلاحەدین لەلایەن بنەماڵەی (زەنگی) بە ڕەگەز تورکمان دالدە دەدرێن و دەکرێتە سەرداری ئەو هێزەی ڕەوانەی شام و میسر دەکرێن، خەلیفەی عەرەب لە میسر هانا بۆ خەلیفەی عەرەب لە بەغدا نابات بەهانایەوە بچێت و هانا بۆ بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوای تورکمانی دەبات لە موسڵ بە هانایەوە بچێ و ئەویش ماڵباتێکی کورد دەکاتە سەرداری ئەو هێزەی ڕەوانەی میسری دەکات، هاوکێشەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە لەگەڵ بوونی هەست و ململانێی نەتەوەیی قبوڵکراو بێت.

بۆیە تاوانبارکردنی سەلاحەدینی ئەیوبی بەوەی دەوڵەتی بۆ کورد دروست نەکردووە، پرسیارێکی بێ ماناو بۆ خاوەنەکەی نیشانەی کەم مەعریفەیە بە مێژووی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی نەتەوە..

مێژووی ڕەوتە فیکریی و ژیارییەکان و مێژووی جوڵە سیاسییەکان پێکەوە گونجاو بن، ئەوەی مێژووی هەردوو جوڵەی فیکریی و سیاسی لەیەکتر جیا نەکاتەوە، نازانێ سوود لە مێژوو وەربگرێ و هەندێ جار جەدەلێکی بێ ماناو بێ ئاکام دروست دەکات.

## سەرەتای دابەش کردنی کوردستان لە (سایکس – پیکۆ)وە نەبووە:

لە کەم سەلیقەیی خوێنەری کورد یان زاڵبوونی هەندێ دەستەواژەی سیاسی وایکردووە، مێژووی بە هەڵە بخوێندرێتەوە، بە کۆبوونەوەیەکی نهێنی نێوان نوێنەری بەریتانیا و فەرەنسا و رووسیا لە ١٩١٦ وترا (سایکس –پیکۆ).. ئەمە کۆبوونەوەیەک نەبووە لە ئاستی باڵا و هیچیان تەخویلیان لە وڵاتی خۆیان وەرنەگرتبوو، بێن و سەرلەبەری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن، بەبێ گەڕانەوە بۆ رای حکومەتەکانی خۆیان، دوای هاتنەدەری رووسیا لەو کۆبوونەوە راوێژکارییە، جارێکی تر نوێنەری بەریتانیا و فەرەنسا درێژەیان بە کۆبوونەوەکاندا، زۆر لەو دابەشکارییەی ئەوان دواتر گۆڕانی بەسەردا هات، لە (سان ریمۆ) و (سیڤەر) و (کۆنگرەی قاهیرە) و (لۆزان) و (بریارەکانی کۆمەڵەی گەلان تایبەت بە ولایەتی موسڵ ١٩٢٥)، ئەوەی رووویدا لە دابەشکردنی کوردستان:

١- بە چەندان کۆبوونەوە و رێکەوتنی نهێنی و ئاشکرا ئەم دابەشکارییەی کوردستان هاتەدی و بەرجەستە بوو، نەک بە تەنها سایکس – پیکۆ.

٢- لەو کاتەدا تەنیا قسە لەسەر میراتی دەوڵەتی عوسمانی کرابوو، کە زۆرینەی کوردستان لەسەر ئەو میراتە هەژمار دەکرا، بەڵام زیاتر لە چارەکی خاکی کوردستانی بندەستی ئێران هیچ پەیوەندییەکی بە سایکس– پیکۆوە نەبوو. پێش ئەو مێژووەش دەوڵەتی کوردستان نەبووە هەتا لەوێ دابەش کرابێت.

٣- سایکس– پیکۆ لە ساڵانی دواتر و ئێستاش میراتگرییەکی نیە و گۆڕانکارییەکانی نێوان هەردوو جەنگی گەورە و سەردەمی شەڕی سارد و ئێستای تاکجەسەری هاوکێشەی هێزی گۆڕیوە و ئەو سێ هێزەی بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بوون، ئێستا بەرژەوەندی جیاواز و سیاسەتی جیاوازیان هەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناکرێ ئێستا داوایان لێ بکرێ ئەو رێککەوتنامەیە هەڵبوەشێننەوە، چونکە رێگرە لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان.

٤- بەپێی دابەشکاری سایکس– پیکۆ بووایە، چارەنووسی ولایەتی موسڵ(کوردستانی باشوور) بەدەست فەرەنساوە دەبوو، کەچی هەیمەنەی بەریتانیا بەسەریدا زاڵبوو و خستییە سەر عێراقی عەرەبی. هەروەک بەپێی سایکس– پیکۆ بوایە دەبوو چارەنووسی هەموو کوردستانی باکوور بەدەست رووسیاوە بووایە، کەچی کەوتنە دەست تورکیای کەمالیی و بەریتانیا و فەرەنسا لە سیڤەر و لۆزان یەکلاییان کردەوە.

ئێستا لە هەڵە باوەکانی ئەم سەردەمە داواکردنە بۆ هەڵوەشاندنەوەی سایکس– پیکۆ و قسەکردنە لە رێگری سایکس– پیکۆ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، دانانی سایکس–پیکۆ بە سەرەتای دابەش کردنی کوردستان.

## (مەلای خەتێ)یەکان هۆکاری ڕووخانی قەوارەی کوردستان نەبوون!!

د.جەبار قادر لە کتێبی (چەند بابەتێکی مێژوویی) بەوردی لەسەر (مەلای خەتێ)یەکان دواوە، پێیوایە بۆ پاراستنی شکۆی (بەدرخان پاشا) چیرۆکی خیانەتی (یەزدان شێر) گەورەکراوە، بۆ پاراستنی شکۆی (پاشای گەورەی رەوزاندز) چیرۆکی خیانەتی (مەلای خەتێ) بۆتە سنبولی هۆکاری دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی.

دیارە مێژووی ئێمە هەر بەوەندە نەوەستاوە، پێیوایە ناکرێ و نابێ شێخ مەحمود نەوەی کاکە ئەحمەدی شێخ لە نەخشەی سەربازی نەزانی و نەتوانێت زیرەکانە لەگەڵ ئینگلیزدا مامەڵە بکات، هاتووە بۆ یەخسیرکردنی شێخ لە دەربەندی بازیان (موشیری حەمەی سلێمان)ی وەکو خیانەتکار زەق کردۆتەوە.

لەراستیدا هۆکاری بنەڕەتی لە ڕووخانی

دەسەڵاتی هێزە لۆکاڵییەکان لە چوارچێوەی میرنشین دابوو،بێت وەک (بۆتان) و (سۆران) یان لە خانەی دەوڵەتدا بووبێت وەک (حوکمداریتی کوردستانی باشوور) ئەوە کۆمەڵێک فاکتەری دەرەکیی و ناوخۆیی هەیە، کە خەسڵەتەکانی کەم ئەزموونیی و قۆرخکاریی و نەزانی سەرکردە شوێنی دیاری هەیە لەو نوشستییە، بەڵام کورد لە گێڕانەوەی هۆکاری نوشستی لەلایەک تاقەتی نیە لە هەموو هۆکارە بنەڕەتییەکان بکۆڵێتەوە و هەم نەیتوانیوە بەلای خاڵە لاوازەکانی سەرکردەدا بچێت لە نوشستییەکان، (مەلای خەتێ یەکان)ی کردووە بە قوربانی یان هەموو میللەتی بە (کورد خاین) داوەتە قەڵەم، کە ئەمە خوێندنەوەیەکی یەکجار هەڵە و رووکەشە لە هۆکاری راستەقینەی نوشستیی و هۆکاری سەرنەگرتنی پرسی سەربەخۆیی.

ئیسلام لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراق بەرپرسیارە هەتا داکۆکی لە یەکپارچەیی بکات؟

تاوانی مانەوەی عێراق لە ئاستی ناوخۆ لە ئەستۆی ناسیونالیستی عەرەبی و رەوتی ئیسلامی سوننە و شیعەی عێراقی عەرەبیە، هەموو ئەوانەی سەرەتایەک دادەنێن بۆ دەوڵەتی عێراق وەک قەوارەیەکی سیاسی دەیبەنەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم و هاتنی بەریتانییەکان و بەستنەوەی هەرسێ ولایەتی بەغدا و بەسرا و موسڵی سەردەمی عوسمانی. سایکس – پیکۆ ١٩١٦و سان ریمۆ ١٩٢٠ و کۆنگرەی قاهیرە ١٩٢١و لۆزان ١٩٢٣و بڕیاری کۆمەڵەی گەلان لەمەڕ چارەنووسی ولایەتی موسڵ ١٩٢٥ دەبێتە بنەما بۆ ئەو دەوڵەتە سەقەتە. لە هەموو عێراق پیاوێک دەست نەکەوت لە دەرەوە پادشایەکیان بە ناو (فەیسەڵی کوڕی حوسین) بۆ خواست. لە وتاری تاج لەسەرنانی شوناسی ئەو دەوڵەتەمان بۆ بەیان دەکات، کە پێکهاتەیەکی ناجۆرە و میللەتی عێراق لەناو پێکهاتە مەزهەبیی و ئەتنییەکاندا بوونی نیە.

کەچی هێزە عێراقییە ئیسلامییەکان بە سوننە و شیعەوە، بە ئیخوان و بانگەوازخوازە تینەگەیشتووەکانەوە رووخساری ئیسلامی بە بەردا دەکەن و دابەشبوونی وەکو دابەشبوونی ئومەی ئیسلامیی و خەلافەتی ئیسلامی سەیر دەکەن، وا نیشان دەدەن تاوانێکی شەرعییە ئەمە لەکاتێکدا:

١. دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لەسەر جەستەی دەوڵەتێکی بە رواڵەت ئیسلامی وەکو عوسمانی دامەزراوە.

٢. دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و دەوڵەتی ئیسرائیل بەیەک پاکێج بووە، وەک دەرهاویشتەی پیلانی ناخۆ بۆ ئاژاوە هاوپەیمانە ئەورووپیەکان (بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمریکا و رووسیا) بەهەمان رێکار و بە هەمان نەخشە رێگا رێکەوتن دایانمەزراند.

٣. ئەگەر بە مەقاصید لێکی بدەینەوە، دەوڵەتی عێراق (دە هێندە)ی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆتە مایەی فیتنە و ئاژاوە و تاکی مسوڵمانی پێ لەناوبراوە و ئاژاوە و نائارامی بۆ کورد و عەرەب و تورکمانی مسوڵمان دروستکردووە.

٤. (ماوەردی) لە باسی دروستبوونی قەوارە و هەرێمە جیاوازەکاندا مەقاصیدی ئارامیی و ئۆقرەیی کردۆتە پێوەر، بەوەی هەرجۆرە ئیدارەیەکی لامەرکەزی لە چوارچێوەی خەلافەت زۆرترین ئۆقرەیی زامن بکات و ئاژاوە دووربخاتەوە، ئەوە قەوارە کارگێڕییە شەرعییە و بەپێچەوانەوە ئەوەی ئاژاوە و نائارامی لەگەڵ خۆی دێنێ نا شەرعیە، بەو پێوەرە بێت عێراق تا سەر ئێسقان قەوارەیەکی ناشەرعیە.

٥. تەنانەت عێراق وەک سنورێکی جوگرافیش هیچ پێشینەیەکی نەبووە، بە درێژایی مێژووی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست و تازە لە ئەم سنوورەی ئێستا ناو عێراقە، وەک قەوارەیەکی جوگرافی نەناسراوە، ماوەردی لە پێناسەی عێراقدا دەڵێت:

بۆیە پێی دەڵێن عێراق چونکە لە زەویەکی تەخت و پان هەڵکەوتووە و شاخی بەرز و دۆڵی قوڵی تێدا نیە، نە بە فەتوای زانایەکی ئیسلامی دروستکراوە و نە بەشێکە لە کەلتووری فەرمانڕەوایەتی ئیسلامی لە مێژووی ئیسلامیدا.

ئیتر بەرگی پیرۆزی بۆ دەوڵەتی عێراق لە کوێوە هاتووە؟ زۆر پێویستە لەو ڕوانگەیەوە گفتوگۆی کراوە هەبێت لە نێوان شارەزایانی ڕەوتی ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان و لە عێراق بۆ دوورخستنەوەی فەتوای یەکپارچەیی خاکی عێراق.

ڕەوتی ئیسلامی لە کوردستانیش لە هەمووان زیاتر ئەرکیان دەکەوێتە سەر شان بەوەی پشتگیری هەڵوەشانەوەی ئەو قەوارە ناشەرعیە بکەن کە عێراقە، هەر بۆ زانین ئەوەی لە ۲۰۰۳وە ئەمریکییەکان ناویان لێناوە (نەخشەی ئەمریکا بۆ گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) زۆر لە رووحی شەرعەوە نزیکە، لە شوێنێکدا دەڵێت: ڕابردوو دەریخست ئەو دەوڵەتانەی لە پێکهاتەی نەتەوەیی یان مەزهەبی جیاواز دروستکراون سەرکەوتوو نەبوون لە دابینکردن ئاسایشی ناوخۆ، پێویستە هەڵبوەشێنەوە و لە جێگەی ئەوان دەوڵەتانێک دابمەزرێن شوناسی مەزهەبیی و نەتەوەییان وەک یەک بێت....

## سەرچاوەکان


١. د. عوسمان عەلی: چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی مێژووی هاوچەرخی کورد، ب١،- و.کامەران بابان زادە.

٢. د. جەبار قادر غەفور: چەند بابەتێکی مێژوویی.

٣. د. عوسمان عەلی: فیدراڵیەتی عێراق لە نێوان چەمکی ئیسلامیی و ڕۆژئاواییدا، و.کامەران بابان زادە.

٤. هزری بونیاتان: کۆتایی سایکس– پیکۆ، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری گوڵان و وەرگێرانی.

٥. ڕەفیق سابیر: عێراق دیموکراتیزەکردن یان هەڵوەشانەوە.

٦. شیرکۆ کرمانج: الهویە والامە فی العراق.

٧. شاکر الانباری: دولە علی مفترق.

٨. احمد الریسونی: الامە هی الاصل+ الفکر المقاصیدی..

٩. د. محسین محمد حسین: نناسد صلاح الدین ام نناشد أنفسنا؟


ڕەوشی کۆمەڵایەتی مسوڵمانە غەیرە عەرەبەکان (مەوالی) لە سەردەمی دەوڵەتی ئومەویدا
پ.ی.د.نەریمان عەبدوڵڵا
لەدایکبووی ١٩٧٧ هەڵەبجە، دکتۆرا لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست. چەند لێکۆڵینەوەی زانستی لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم بڵاوکردوەتەوە.

## دەستپێك:

مەوالییەکان وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی لە دەوڵەتی ئیسلامیی و لە سەردەمی ئومەوییەکاندا (٤١-١٣٢ک)، کاریگەری تەواویان لەسەر بارودۆخی سیاسیی وئابووریی وکۆمەڵایەتی دەوڵەت هەبووە، خوێندنەوەی رەوشی کۆمەڵایەتی مەوالییەکان لەم سەردەمەدا جگەلەوەی بیرکردنەوە و تێروانینی کراوەی دەوێت، لەهەمان کاتدا بەدواداچون و تێرامانی قوڵی گەرەکە، بەگشتی باسکردنی رەوشی مەوالی بەتایبەت لە رووی کۆمەڵایەتییەوە لەم سەردەمە، دەرچوونە لە بابەتی تیۆریی و خزانە نێو واقیعێکە کە کاریگەرییەکانی تا هەنوکەش لە هەندێک ناوچە و بەتایبەت لە کۆمەڵگا و وڵاتانی عەرەبی بەدی دەکرێت و هەندێک لەو دابونەریت و کردە کۆمەڵایەتییانە تائێستاش لەو کۆمەڵگایەنە بە وڵاتی عێراقیشەوە حزوریان هەیە، بۆیە دەستبردن بۆ ئەم ناونیشانانە و خستەرووی زانیارییەکان و باسکردنیان لەپێناو خزمەتی بابەتیبوونە لە مێژووی ئیسلام. ئەوەش ئەو راستییەمان پێدەڵێت کە مێژووی ئیسلام مێژوویەکی پیرۆز نیە و بەدور نیە لە هەموو ئەو باس و خواسانەی کە لەم چوارچێوەدا نوسراون.

## چەمك و واتای مەوالی:

-واتای مەوالی لە رووی زمانەوانیی و زاراوەوە:

وشەی مەوالی لە مێژووی ئیسلامیدا بە چەند مانایەکی جیاواز بەکارهاتووە، لێرەدا لە دوو رووەوە زاراوەی مەوالی دەناسێنین:

### أ‌- لە رووی زمانەوانییەوە:

پەیڤی مەوالی لە زمانی عەرەبیدا چەند واتایەک بەدەستەوە دەدات، بە مانای گەورە بەکاردێت، کە کەسێک کەسێکی دی بکاتە گەورە و شوێنی بکەوێ(١) وەک شاعیرێک دەڵێت:

فارجع إلى مولاک غیر مدافع

سبحان مولاک الأجل الکبیر(٢)

یاخود بە مانای باشتر بەکاردێت، ئەمەش سەرچاوەی واتاکانی دیکەی مەوالییە و واتاکانی دی لێرەوە وەرگیراون(٣).

هەروەها مەوالی بە مانای خاوەنداریی (ولي الأمر) بەکارهاتووە(٤)، کە مەبەست لێی خاوەنداریتی کۆیلەیە(٥)، یاخود بە مانای کەسێکی نزیک وەک ئامۆزا بەکاردێت(٦)، لەمبارەیەوە (الفضل بن عباس) (٧)ی شاعیر دەڵێت:

مهلا بني عمنا مهلا موالینا

لا تنشروا بیننا ماکان مدفونا(٨)

یاخود بە مانای کوڕ (الإبن)، مام (العم)، هاوڕێ (الصدیق)، هاوسێ (الجار)، کوڕی خوشک (إبن الأخت)، زاوا(الصهر) مێردی کچ بێت یان مێردی خوشک، کەسێکی خۆشەویست بەکاردێت(٩) هەروەها بە مانای کەسێکی کۆیلە یان ئازادکراو (العبد المعتق) کە بەناوی خاوەنەکەیەوە بانگ بکرێت(١٠)، یاخود بەمانای هاوپەیمان (حلیف) بەکاردێت(١١)، واتە کەسێک بچێتە لای کەسێکی دی بە سەرکەوتنی ئەمیش سەربکەوێت و بە وازهێنان لە کارێک ئەمیش واز بهێنێت(١٢) و پارێزگاری لێ بکات و خزمەتی بکات، ئیدی لە رووی نەسەبەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆزە یاخود ئەو کەسە(١٣). ئەم جۆرەی مەوالی پێی دەڵێن (موالي الموالاة)(١٤)، وەک دەڵێن مەوالی (بنی أسد) بە مانای خۆی لە خێڵی (بنی أسد)دا نییە، بەڵام پەنای بۆ بردوون و بووەتە لایەنگری ئەوان، یاخود بە مانای سەرکەوتوو دێت(١٥)، کە لەم بارەوە پێغەمبەر فەرمویەتی: " **من تولاني فلیتول علیاً** "، واتە: هەرکەسێک پشتم دەگرێت ئەوا باپشتی عەلیش بگرێت(١٦). هەروەها مەوالی لە رووی زمانەوانییەوە بەمانای شوێنکەوتە (تابع) بەکاردێت، واتە کەسێک کاروبارەکانی بداتە دەست کەسێکی دی و شوێنی بکەوێت، بەمانای ئیمام و کاربەدەست دێت، کە کاروباری ژێردەستەکانی دەبات بەڕێوەو ئەوانیش گوێڕایەڵی دەکەن و فەرمانەکانی جێبەجێ دەکەن(١٧).

## ب.مەوالی لە ڕووی زاراوەوە:

لە ڕووی مێژووییەوە وشەی مەوالی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش ئیسلام، بەڵام هەمان مانای نەئەبەخشی، عەرەبەکان بەر لە ئیسلام بە جێگری کەسێک یاخود کوڕی مام یان برایان دەگووت مەوالی، واتە بە کەسێک کە میراتی بیگرێتەوە، (احمد امین) پێیوایە کاتێک کە ئایینی ئیسلام بڵاوبوویەوە لە سەرەتادا هیچ ناوێک لە مسوڵمانە ناعەرەبەکان نەنرا، تا لە قورئاندا وشەی مەوالی هات و ئاماژەی پێکرا کە بەمشێوەیە هاتووە: ﴿فَإِنْ لَمْ تَعْلَمُوا آبَاءَهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ وَمَوَالِيكُمْ﴾(١٨)، ئیدی لەوکاتەوە ئەم کۆمەڵەیە ناویان لێنرا مەوالی(١٩). ئەم ئایەتە لە شاری مەدینە هاتووەتە خوارەوە، لێرەوە دەتوانین بڵێین چەسپاندنی وشەی مەوالی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مەدەنی، واتە مانای مەوالی لە ڕووی زاراوەیی و بەکارهێنانی بۆ ناساندنی مسوڵمانە ناعەرەبەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەر. ئەگەرچی لەم سەردەمەدا مەوالییەکان لە ڕووی ژمارەوە کەم بوون و تەنها چەند کەسانێکی دیاریکراو بوون.

بەشێوەیەکی گشتیی مەوالییەکان بەو کەسانە دەوترێت کە لە شەڕەکاندا بەدیل دەگیران و پاشان دەبوونە مسوڵمان و پشتیوانییان لە موسڵمانەکان دەکرد، یاخود خەڵکی ئەو ناوچانانەن کە موسڵمانەکان فەتحیان دەکرد و موسڵمان دەبوون و پەیمانیان دەبەست لەگەڵ عەرەبە مسوڵمانەکاندا و هاوکارییان دەکردن(٢٠). ئیدی ئەمانە بە ویستی خۆیان بێت یاخود بە ناچاری بە شێوازێکی تیۆری ئەگەر کردەیش نەبێت لەو سەردەمەدا وەک موسڵمانەکان مافیان وەردەگرت و دەبوونە مەوالی(٢١)، لەگەڵ ئەوەی ئەم کەسانە خۆیان بە موسڵمان دەردەخست، بەڵام هەندێکیان موسڵمان نەدەبوون، بەڵکو ڕقێکی گەورەیان هەبوو بەرامبەر بەو عەرەبانەی کە هاتبوونە ناوچەکانیان، ئەم دیاردەیەش یەکەمین فاکتەری ناکۆکیی و دووبەرەکی نێوان موسڵمانەکان بوو(٢٢).

مێژوو نووسان هەریەکەیان بە جۆرێک زاراوەی مەوالی دەناسێنن، (ابن عبد ربه) دەڵێت:"مەوالی ئەو ناعەرەبانەن کە لە دەوڵەتی ئیسلامییدا دەژین"(٢٣).

(أحمد أمين) پێیوایە "مەوالییەکان ئەو موسڵمانە ناعەرەبانەن کە لە دەوڵەتی ئیسلامیدا دەژین و ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە گەشەپێدانی لایەنی زانستیدا"(٢٤).

(فاروق عمر فوزی) دەڵێت: "مەوالی ئەو ناعەرەبانەن کە وەک دیل و کۆیلە دەست موسڵمانەکان کەوتوون و ئازادکراون و مافیان پێدراوە و ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە دەوڵەتی ئیسلامییدا"(٢٥).

(محمد بديع شريف) مەوالی دەناسێنێ بەوەی:" مەوالییەکان ئەو کەسانەن کە لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی موسڵمانە عەرەبەکان بە خەڵکانی ناعەرەبەوە دروستبوون"(٢٦).

ڕۆژهەڵاتناس (یولیۆس فلهاوزن) دەڵێت: "مەوالی ئەو کەسانەن کە لەلایەن موسڵمانە عەرەبەکانەوە لە شەڕەکاندا بەدیل گیراون و بوونەتە پشتیوانی هۆزە عەرەبەکان، جۆرێک ئازادیی تایبەتییان هەبووە، بەڵام مافی تەواوی مەدەنیی و سەربازیی و ئابوورییان نەبووە و لەدەوڵەتی ئیسلامییدا ژیاون"(٢٧).

(فليب حتي) دەربارەی مەوالی دەڵێت: "مەوالی ئەو موسڵمانە نوێیە ناعەرەبانەن کە بروایان بە ئایینی ئیسلام هێناوە، بەویستی خۆیان یاخود بە زۆر هاتوونەتە نێو ئیسلام و پاڵیانداوە بە لای یەکێک لە هۆزە عەرەبییەکان، ئەمانە ماف و پلەوپایەیان لە عەرەبەکان کەمتر بووە"(٢٨). هەروەها (علی حسنی الخربوطلي) دەڵێت: "مەوالییەکان ئەو موسڵمانە ناعەرەبانەی کە وەک دیل لە شەڕەکاندا دەستگیرکراون‌و بوونەتە کۆیلە، دواتر موسڵمان بوون‌و بوونەتە مەوالی ئیدی لە عەرەبەکان نزیک بوونەتەوەو هاوکارییان کردوون لە کاتی پێویستیدا"(٢٩).

جگە لەم پێناسانەی ئاماژەمان پێکرد هەندێک لە مێژوونووسانی دیکەش زاراوەی مەوالییان ناساندووە، بەڵام لەگەڵ بۆچوونی ئەم مێژوونووسانە یەکدەگرنەوە و جەخت لەسەر هەمان واتا دەکەنەوە.

لێرەوە دەتوانین بڵێین مەوالییەکان هەموو ئەو نەتەوە ناعەرەبانەن وەک فارس و کورد و تورک و قبتی و بەربەرن، لە ئەنجامی گەیشتنی سوپای موسڵمانەکان بە ناوچەکانیان بە ویستی خۆیان یاخود لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕکردن موسڵمان بوون، یاخود کۆیلە بوون و بە موسڵمانبوونیان هەندێک جار پشتیوانی هۆزێکی عەرەبیان کردووە و بوونەتە مەوالیی و هاوکاری هۆز و گەورەکانیان(السيد) کردووە، هەندێک کات مافی ئابووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییان لێ زەوت کراوە و لە هەمانکاتدا بەشداریی بەرچاویان هەبووە لە گەشەسەندنی ئاستی زانستیو سەربازیی و بەڕێوەبردن لە دەوڵەتی ئیسلامیدا.

جۆرەکانی مەوالی لە کۆمەڵگای ئیسلامدا:

لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا چەند جۆرێک مەوالی هەبوون کە لە ئەنجامی پەیوەندی نێوان موسڵمانە عەرەبەکان و گەلانی ناعەرەب دروستبوون و هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە و جیاوازە لەوی دی، بەشێوەیەکی گشتی بریتین لەمانە:

### أ.مەوالی ئازادکراو(مولى العتاقة):

زۆرترین ڕێژەی مەوالی لەم جۆرەیان بوو، کاتێک ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکانی ناعەرەب لە کاتی جەنگدا بەدیل دەگیران و موسڵمان دەبوون و دەبوونە مەوالی و پاشان ئازاد دەکران(٣٠)، پێغەمبەریش لەمبارەیەوە دەفەرموێت: " الولاء لمن أعتق "(٣١)، هەروەها ئەم جۆرە (ولاء النعمة)شی پێ دەوترێت، چونکە ئەو کەسە نیمچە ئازادییەکی هەیە لەوەی لای خاوەنەکەی دەمێنێتەوە یان نا(٣٢).

لە دەرەنجامی ئەو جەنگە گەورانەی کە موسڵمانەکان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی فارس و ڕۆم بەرپایان کرد، ژمارەیەکی زۆری دیل لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا پەیدابوون، ئەم دیلانەش دەوڵەت پێنج یەکی وەک دەستکەوت دەبرد بۆ خۆیی و ئەوی دیکەشی بەسەر سەربازاندا دابەش دەکران و لەکاتی ئازادبوونیاندا بە هەمان ناوی ئەو هۆزەوە بانگ دەکران کە پەیوەست بوون پێیەوە(٣٣). جگە لە جەنگەکان چەند سەرچاوەیەکی دیکەی مەوالی ئازادکرا و لە ئارادا بوو، لەوانە لەبری پێدانی دراوی جزیە و خەراج لەلایەن هەندێک لە هۆزەکانەوە هەندێک جار کۆیلە دەدرا بە دەوڵەت، ئیدی کاتێک موسڵمان دەبوون ئازاد دەکران و دەبوونە مەوالی ئازادکراو(٣٤).

لە دەوڵەتی ئیسلامیدا مەوالی ئازادکرا و جۆرێک لە ئازادی بۆ دەستەبەر کرابوو، لەکاتی ئەنجامدانی هەڵەیەک دەبوو خاوەنەکەی دیە(الدية)(٣٥) بدات بە دەوڵەت و لە پاش مردنی میراتییەکەی بۆ خاوەنەکەی دەگەڕایەوە، ئەگەر وەرەسەی نەبووایە، وەک باوک و براو کەسانی نزیک(٣٦).

پەیوەندی مەوالی ئازادکرا و لەگەڵ هۆزە عەرەبەکاندا بەپێی سەردەم و کاتو شوێن دەگۆڕا، زۆرجار پەیوەندییان باش بووە و لە بازرگانیی و کاری پیشەییدا بەشدارییان دەکرد و بەویستی خۆیان ژنیان خواستووە و هاوکاریی خاوەنەکانیان کردووە لە کاتی پێویستدا(٣٧). هەروەها لە کاتی پێویستدا شان بەشانی گەورەکانیان دەجەنگان و هاوکارییان دەکردن(٣٨)، بۆ نمونە لەگەڵ (**عبّاد بن الحصين**) لە شەڕی مرج راهط(٣٩) لە ساڵی (٦٥ک/ ٦٨٤ز) حەوت سەد کەس لە مەوالییەکانی جەنگاون و هاوکارییان کردووە(٤٠)، لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەم جۆرەی مەوالی ئازادیی تەواویان نەدراوەتێ، بە هەر شێوازێک بووبێت پەیوەست بوون بە خاوەنەکانیانەوە و نەیانتوانیوە وەک کەسێکی ئاسایی لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا هەڵسوکەوت بکەن.

## لە ڕووی مێژووییەوە وشەی مەوالی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش ئیسلام

### ب-مەوالی پەیمان بەستوو (ولاء الموالاة):

ئەمانە ئەو کەسانە بوون کە لە ڕێی عەرەبەکانەوە دەبوونە موسڵمان و دەچوونە لای هۆزێکی عەرەب، لەبەرئەوەی دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نەبوو پارێزگاری لە خۆیان بکەن(٤١)، هەرچەندە ئازاد بوون لە هەڵبژاردنی ئەو کەسایەتییە عەرەبەی کە دەیانویست بیکەنە گەورەی خۆیان(٤٢)، وەک موسڵمانبوونی (سعید بن العقیر) کە بوو بە مەوالی (عبدالله بن یزید الحملی) پاشان چووە لای (عمرو بن العاص)و بەشداری لە فەتحی میسردا کرد(٤٣)، ئەم جۆرەی مەوالی هەرکاتێک بیویستایە وازی لە گەورەکەی دەهێنا پەیوەندی بەیەکێکی دیکەوە دەکرد، چونکە گەورەکەی (دیە)ی بۆ نەدەدا، ئەمانە لە پاش فەتحی ئیسلامی و دروستکردنی شارەکانی کوفە و بەسرە و فسطاط ژمارەیان زیادی کرد(٤٤)و خەڵکانێکی زۆری ناعەرەب هاتنە نێو ئیسلام، ئیدی ناعەرەبەکان دەبوونە مەوالییان، هەبوونی ئەم جۆرەی مەوالی فراوانتر بوو لە مەوالی ئازادکراو، چونکە هەموو ئەو ناعەرەبانەیان دەگرتەوە کە موسڵمان دەبوون و دەبوونە هاوپەیمانی عەرەبەکان(٤٥).

ئەوەی شایانی باسە مەوالی پەیمان بەستوو بەر لە ئیسلام لەنێو هۆزە عەرەبەکاندا هەبووە، کاتێک کەسێکی لاواز دەچووە لای هۆزێکی بەهێز تا پارێزگارییان لێ بکات، ئەمەش لە ئەنجامی بەستنی پەیمانێک لە نێوانیاندا، لە ئایینی ئیسلامدا ئەم جۆرەی مەوالی چەسپاو تایبەتمەندییەکەشی دیاری کرا، لەمبارەوە پێغەمبەر دەفەرموێت: "مولی القوم منهم وحلیفهم منهم"(٤٦).

### ج-مەوالی شوێنکەوتە:

ئەم جۆرە لە ئاکامی ڕێککەوتنی نێوان کەسێکی عەرەب و کەسێکی دیکەی ناعەرەبدا دێتە کایەوە، کە ناعەرەبەکە لە ڕێی عەرەبەکەوە موسڵمان دەبێت و دەبێتە مەوالی ئەو بە ئازادی و بە ویستی خۆی، وەک (أبو أسود بن سعد)کە لە ڕێی (قدامة بن مظعون الجمحي) (٤٧) موسڵمان بوو، پاشان بووە مەوالی ئەو، کە (ابوأسود) پیاوێکی فارس بوو هاتە بەسرە لەگەڵ هەندێک لە کەسوکاریی و لەوێ بوونە موسڵمان(٤٨)، یاخود (حبیب) باپیری (إبراهیم بن عتیق) کە مەسیحی بوو، لەسەر دەستی پیاوێکی بەنی سەلیم موسڵمان بوو، بوو بە مەوالی ئەو(٤٩)، هەروەها مەسیحییەکی دیکە بەناوی (عبدالرحمن بن أبو داود) لە وڵاتی شامەوە ڕویکردە مەککە و موسڵمان بوو، پاشان بووە مەوالی بنەماڵەی (ابن مطعم بن عدي بن نوفل بن عبدالمناف)(٥٠).

### د-مەوالی دابڕاو و خزمەتکار:

ئەمانە ئەو ناعەرەبانەن کە موسڵمان بوون و لەگەڵ عەرەبەکاندا نیشتەجێبوون و خزمەتی عەرەبەکانیان دەکرد و زۆربەیان لە سەبایا (السبایا) کان بوون، پاش ئازادبوونیان دەبوونە مەوالی خەلیفە یان سەرکردەیەک(٥١)، وەک باپیری (حنین) کە مەوالی (عباس بن عبدالمطلب) بوو، خزمەتی پێغەمبەری دەکرد(٥٢)، هەروەها لەگەڵ **(نصر بن سیّار)** کە والی (مروان بن محمد) بوو لە خراسان، چەندین خزمەتکاری هەبوو کە هاوکارییان کردووە و شەڕیان لەگەڵیدا کردووە(٥٣).

## ئومەوییەکان نازناوی سوکیان لە مەوالیەکان دەنا بۆ ئەوەی بیانشکێنن و بە کۆیلە بانگیان دەکردن

### هـ: مەوالی دروستکراو (الإصطناع):

(ابن خلدون) بەمشێوەیە پێناسەی ئەم چەشنە مەوالییە دەکات:" خەلیفە هەڵیدەبژاردن و دەیهێنان بۆ لای خۆی بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی و پارێزگاری کردن لە دەوڵەتەکەی، یاخود بەدیل دەگیران، خەلیفە دەستی دەخستن(٥٤)، وەک ئەوەی کە خەلیفە (هارون الرشيد) (١٥٠-١٩٣ک/٧٧٦-٨٠٩ز) لەگەڵ بەرامیکە و خۆراسانییەکاندا ئەنجامیدا(٥٥)، یاخود خەلیفە (المعتصم) (٢١٨-٢٢٧ک/٨٣٣-٨٤٢ز) لەگەڵ تورکەکاندا ئەنجامیدا و هەندێکی لێکردنە مەوالی(٥٦). ئەم جۆرەی مەوالی لە کۆتاییەکانی سەردەمی ئومەوییو سەرەتاکانی سەردەمی عەباسیی سەریان هەڵداو پەیوەندی دۆستانەو دڵسۆزییان لەسەروو هەموو ئینتیمایەکی نەتەوەیی و هەرێمییەوە بوو، هەندێ جار لەبری باج یاخود بە کڕین و فرۆشتن ئەم جۆرە مەوالییە پەیدا دەبوو، پەیوەندییان بە هۆزەکانەوە نەبوو، بەڵکو ڕاستەوخۆ بە خەلیفەوە دەبەسترانەوە(٤)وهەندێکیان دەسەڵاتی بەرزیان هەبوو لەناو دەوڵەتدا لە سەردەمی عەباسیدا، وەک سەرکردە و وەزیر و پۆستی پارێزگاریی کردن(٥٧).

### ڕەوشی کۆمەڵایەتی مەوالی لەسەردەمی ئومەوییەکاندا:

مەوالییەکان ڕەگەزێکی گرنگی کۆمەڵگای ئیسلامی بوون بەپلەی دووەم دەهاتن لەپاش عەرەبەکان بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات و لەوڵاتی عێراقدا(٥٩)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک عەرەبەکان تەماشا نەدەکران و جیاوازی یان لەگەڵ عەرەبەکاندا هەبووە، هەمیشە عەرەبەکان لەپێشەوە و مەوالیەکانیش پەراوێزکراو بوون، هەموو ئیمتیازێک بۆ عەرەب بوو لە ڕووی کۆمەڵایەتیی و سیاسییەوە، بەڵام مەوالیەکان پلەوپایەیەکی نزمیان هەبوو(٦٠)، بەڵکو وەک هاووڵاتی پلە دوو تەماشای مەوالییەکان دەکرا(٦١).

لە ئەنجامی سیاسەتی ئومەوییەکان بەرامبەر مەوالی، مەوالیەکان بێ ئومێد بوون لە بەدەستهێنانی ئەو مافە کۆمەڵایەتیانەی کە دەبوو لە پاش مسوڵمان بوونیان دەستیان بکەوێت، بە پەیڕەوکردنی جیاوازییەکی زۆر لەگەڵ عەرەبەکاندا، ئومەوییەکان خۆیان بە گەورەتر لە قەڵەم دەدا و بە کەم تەماشای مەوالییەکانیان دەکرد زاراوەی (العجم)یان نا لە مەوالییەکان، ئەمەش بۆ ناشیرین کردنیان ئەم زاراوەش لە وشەی (الأعجم) یان (الأخرس) وەرگیراوە(٦٢)، بەڵکو عەرەبەکان مەوالییەکانیان بە بێگانە بەرامبەر بەدین و نەتەوەی عەرەب دائەنا(٦٣).

لە ڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و مەسەلەی ژنخواستنەوە قەدەغە بوو مەوالیەک ئافرەتێکی عەرەبی بخوازێت، لەم ڕووەوە ئومەویەکان لۆمەی هۆزی (بنی عبد القيس)یان کرد کاتێک ئافرەتێکیان دایە مەوالیەک(٦٤).

هەروەها کاتێک پیاوێکی مەوالی ئافرەتێکی (بنی سليم)ی هێنا، کەسایەتیەکی عەرەب بەناوی (محمد

بن بشير) چووە مەدینە و ئەمەی لای والی مەدینە (ابراهیم بن هشام بن اسماعیل) گێڕایەوە ئەویش ئافرەتەکەی بە مەوالیەکە تەڵاقدا و دووسەد قامچی لە مەوالیەکەدا و سەرو ریشی تاشی(٦٥).

عەرەبەکان لە سەردەمی ئومەویدا کچیان نەدەدایە مەوالی، چونکە پێیانوابوو ئەمان رەگەزێکی پیرۆزن و ناکرێت مەوالی بیانخوازن و مەوالییەکان بێنە ریزی ئەمانەوە ئەمەیان بە سوکایەتی دائەنا(٦٦). بەڵام کەسانێک هەبوون کە بیروباوەڕیان پتەوبوو گوێیان بەم رێسایە نەئەدا پێیانوابوو ئەوە لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا ناگونجێت، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: (ومن آياته اختلاف ألسنتكم وألوانكم) (٦٧)، (**يا أيها الناس إنا خلقناكم من ذكر وأنثى وجعلناكم شعوباً وقبائل لتعارفوا إن أكرمكم عند الله أتقاكم**)(٦٨)، زانایان هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە دەگێڕنەوە بۆ رووداوێک کە پێغەمبەر فەرمانی بە (بني بياضة) دا شوبکات بە (أبوهند) کە مەوالی بوو، یەکێک لە ئافرەتەکانیان وتی: "ئەی پێغەمبەری خوا چۆن دەبێت ئافرەتانمان بدەینە مەوالیەکانمان، پاشان ئەم ئایەتە دابەزی و وەڵامی ئەو ئافرەتەی دایەوە"(٦٩).

ئەمەش ئەوە روونەدەکاتەوە کە لە سەردەمی پێغەمبەر و پێشینەکاندا مەوالییەکان بۆیان هەبووە کچانی عەرەب بخوازن، بەڵام ئەم دیاردەیە لە سەردەمی ئومەوییەکاندا قەدەغەکراوە، بەپێچەوانەوە عەرەبەکان ئافرەتانی مەوالیان دەخواست وەک (حسين بن علي، عبدالله بن عمر، محمد بن أبي بكر) کە سێ کچی (یزدجرد-یزدگورد) ی فارسیان خواست(٧٠)، هەروەها (عبد الملك بن مروان)، (شـــاهفريد کچی فيروزی) خواستووە و (الوليد)ی لێ بووە(٧١).

ئومەوییەکان بە کەسێک باوکی مەوالیی و دایکی عەرەب بوایە دەوت (المزرع)، ئەو کەسەی دایکی عەرەب نەبوایە بە سوک تەماشایان دەکرد و پێیان دەوت (الهجين) کە بەمانای عەیبدار کردن بەکاردێت و بە کەسێکی شیاویان دانەدەنا بۆئەوەی بێتە خەلیفە و دەسەڵاتی خەلافەت وەربگرێت(٧٢)، هۆکاری بەرپابوونی شۆڕشی (زيد بن علي) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناکۆکیانەی کە لە نێوان (زيد) و خەلیفە (هشام بن عبد الملك)دا هەبوو، چونکە خەلیفە هشام دەیوت (زید) لەبەرئەوەی دایکی عەرەب نیە ناکرێت بێتە خەلیفە(٧٣). هەروەها لە سەردەمی ئومەوییەکاندا مارەیی ئافرەتانی مەوالی بە رازیبوونی خاوەنەکەی رێکدەخرا نەک باوک و براکانی، واتە دەبوو گەورەکەی رەزامەندی لەسەر بێت پاشان مارەیی دەهات(٧٤).

عەرەبەکان بە(كنيه) بانگی مەوالییەکانیان نەدەکرد و لە رێ هاوشانیان نەدەچوون، لەکاتی رۆشتندا نەدەبوو مەوالیەکان لە پێشەوە بن، هەروەها بانگی مەوالییەکانیان نەدەکرد تا نوێژ بکەن لەسەر مردووەکانیان ئەگەر تەنها عەرەبێکیش ئامادەبوایە، لە هەندێک کاتدا نەیاندەهێشت مەوالی پێش نوێژی بکات وەک ئەوەی لە سەردەمی جیاجیادا روویدا، هەندێ کات ئەگەر خواردنیان بهێنایە بۆ عەرەبەکان ئەوا دەبوو مەوالیەکان بەپێوە راوەستن تا عەرەبەکان خواردنەکەیان دەخوارد، ئەگەر خواردنیان بە زانایەکی مەوالی بدایە ئەوا لەلایەکی دیاریکراو ئەیاندا پێی تا لە بەرچاویان بێت کە ئەمە مەوالیە نەک عەرەب، ئەگەر لە بازاڕدا عەرەبێک مەوالیەکی ببینیایە ئەوا کەل و پەلەکانی دەدایە بۆ ئەوەی لەبری خۆی هەڵیبگرێت(٧٥).

ئومەوییەکان نازناوی سوکیان لە مەوالیەکان دەنا بۆ ئەوەی بیانشکێنن و بە کۆیلە بانگیان دەکردن، ناولێنانیان بە کۆیلەی ئازاد پاش ئازادبوونیان رۆڵی کاریگەری هەبوو لەسەر لایەنی دەروونی مەوالییەکان(٧٦)، هەروەها هەندێ جار بە مەوالیەکانیان دەوت (بنی استها)(٧٧)، کە ئەمەش وشەیەکی خراپ بوو بۆ سوکایەتی پێ کردن و کەمکردنەوەی نرخ و بەهای مەوالییەکان بەکاردەهات(٧٨).

لە سەردەمی ئومەویدا لە هەندێ ناوچەکەدا

عەرەبەکان لە پاش مەوالیەکانەوە نوێژیان نەدەکرد و شوێن جەنازەیان نەدەکەوتن ئەگەر عەرەبێک بمردایە بەلایانەوە گرنگ بوو دوعایان بۆ دەکرد، بەلام ئەگەر مەوالیەک بمردایە ئەوا دەیانوت دەیدەینە دەست خوا(٧٩)، لە هەندێ ناوچەی تردا مەوالییەکان مزگەوتی تایبەت بەخۆیان هەبووە و نەدەچوونە مزگەوتی عەرەبەکان(٨٠)، هەروەها عەرەبەکان چەند شاعیرێکیان هەبوو لە هۆنراوەکانیاندا لۆمەی مەوالییەکانیان دەکرد(٨١).

هەندێ کات لە جەنگەکاندا مەوالیەکان وەک عەرەبەکان نەبوون، عەرەبەکان بە سواریی و مەوالیەکانیش بەپیادە دەچوونە شەڕەوە(٨٢)، بۆئەوەی لەگەڵ عەرەبەکاندا یەکسان نەبن و مەوالییەکان لە شەڕەکاندا تیا بچن و نەتوانن هەڵبێن.

بەشێوەیەکی گشتی ئومەوییەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە واقیعدا مامەڵەیەکی جیاوازیان لەگەڵ مەوالیەکان دەکرد بە بەراوردکردن بەدەقەکانی قورئانی پیرۆز و فەرمودەکان، کە داوای ماف و یەکسانی نێوان عەرەب و غەیرە عەرەبەکان دەکات، دیارە بەشێکی زۆری ئەم شێوازی مامەڵەکردنەش ڕاستەوخۆ لە دابونەریتی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بەشێک لەو خەسڵەتە کۆمەڵایەتیانە کە بەشێک لە عەرەبەکان هەڵگری بوون، تەنانەت لە دوای مسوڵمان بوونیشیان، کاریگەری ئایینی ئیسلامیش نەبووە هۆی سڕینەوەی.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


(١) الفيروز آبادي: القاموس المحيط، بيروت [د.ت]، ج١، ل ١٣٦٨، محمد بديع شريف: الصراع بين الموالي والعرب، دار الكتاب العربي، مصر، ١٩٥٤م، ل ٢٣.

(٢) الاصفهاني:الاغاني، دار احياءالكتب العربية، القاهرة،١٩٤٩، ج٣، ل١٥.

(٣) الشيخ المفيد: الثقلان الكتاب والعترة، دار الكتب التجارية، النجف [د. ت]، ل٢٠.

(٤) الفيروز آبادي: س.پ، ج١، ل ١٣٦٨، محمد طيب النجار: الموالي في العصر الأموي، ط١، دار النيل للطباعة، القاهرة، مصر، ١٩٤٩م، ل ١٣.

(٥) الشيخ المفيد: س ث، ل ٢٠.

(٦) ابن منظور: لسان العرب،الدار المصرية للتأليف والترجمة،القاهرة[د.ت]، ج ١٥، ل ٤٠٨. الفيومي: المصباح المنير، دار المعارف، ١٩٧٧، ل ٦٧٢.الرازي: مختار الصحاح،دار الكتاب العربي،بيروت، ١٤٠١هـ/١٩٨١م، ل ٧٣٦.

(٧)الفضل بن عباس بن عقبة بن أبي لهب الليثي: لە بنەماڵەی (بنی هاشم)ە، ستایشی (عبدالملك بن مروان) ی کردووەو یەکەم کەس بووە لە بنەماڵەی ئومەوییەکان ستایشی ئومەوییەکان بکات، لەبەرئەوە خەڵات کراوە، لە ساڵی (٩٥ک/٧١٣ز) مردووە ،الشيخ المفيد، س ث،ل ٢١.

(٨) الشيخ المفيد: س پ، ص ٢٠. لە کتێبی ابن منظور: س ث، ج ١٥، ل ٤٠٨، ئەم هۆنراوەیە نیو دێڕی دووەمی بەم شێوەیە هاتووە: (أمشوا رويدا كما كنتم تكونونا).

(٩) الفيروز آبادي: س پ، ج١، ل ١٣٦٨.

(١٠) ابن منظور: س ث، ج ١٥، ل ٤٠٨، الفيومي: س ث، ل ٦٧، عماد علي عبدالسميع حسين: الموالي ودورهم في الدعوة إلى الله تعالى، دار الكتب العلمية، ٢٠٠٤، ل ٢٥.

(١١) الفيروز آبادي: س پ، ج١، ل ١٣٦٨.
(١٢) ابن منظور: س پ، ج١٥، ل ٤٠٩.
(١٣) النجار: س پ، ل ١٤.
(١٤) الفيومي: س پ، ل ٦٧٢.
(١٥) الشيخ المفيد: س ث، ل ٢٠، الفيومي: هـ س. ل ٦٧٢. الرازي: س پ، ل ٧٣٦.
(١٦)ابن منظور: س پ، ج ١٥، ل ٤٠٨.
(١٧) الفيروز آبادي: س ث، ج ١ ، ل ١٣٦٨. أبن منظور: هـ س، ج ١٥، ل ٤٠٩.
(١٨) سورة الأحزاب، الآية (٥)، لێرەدا وشەی مەوالی بە مانای سەرخەرو جێنشین دێت. (ابن كثير: تفسير ابن كثير، دار الأندلس للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٦٦م، ج ٥، ل ل ٨٩- ٩٠.
(١٩)فجر الإسلام، داراالكتاب العربي، بيروت، لبنان،١٩٦٦م، ط١٠، ل ل ٨٩- ٩٠.
(٢٠) محمد طيب النجار: س ث، ل ١٤.
(٢١) فليب حتي: تأريخ العرب، ترجمة محمد مبروك نافع، مطبعة دارالعلم بالقاهرة، ١٩٥٤، ج ١، ل ٢٧٧.
(٢٢) سليمان مظهر: قصة الديانات، العربية للطباعة والنشر، القاهرة، ٢٠٠٢م، ل ل ٥٢٥- ٥٢٦.
(٢٣) العقد الفريد: دار الارقم بن ابي الارقم.بيروت، ١٤٢٠هـ/١٩٩٩م، ج٤ ، ل ٤٣٤.
(٢٤) فجر الإسلام، ل ١٥٢.
(٢٥) دور الموالي ومركزهم في المجتمع الإسلامي، مجلة الإستشراق، بغداد، ١٩٩١م، العدد ٥، ل ٨١.
(٢٦) الصراع بين الموالي والعرب، ل ٢٢.
(٢٧) الدولة العربية وسقوطها، ترجمة: يوسف العش، مكتبة الجامعة العربية، دمشق ١٣٧٨هـ/١٩٥٦م، ل ٦٠.
(٢٨) تأريخ العرب، ل ل ٢٣١- ٢٧٧.
(٢٩) تأريخ العراق في ظل الحكم الأموي السياسي، الإجتماعي، الإقتصادي، دارالمعارف، مصر، ١٩٥٩، ل ٢٥٣.
(٣٠) ابن عبد ربه: س ث، ج٤، ل ٤٣٤، فلهاوزن: الدولة العربية، ل ٦٠.
(٣١) مالك بن أنس: الموطأ، دار الآفاق الجديدة، بيروت.١٩٧٩، ل ٦٦٩، النيسابوري: صحيح مسلم بشرح النووي، بيروت، ١٩٢٨م، ج ٨، ل ١٣٩.
(٣٢ )السرخسي: المبسوط، دار المعرفة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٧٨، ج٨ ل ٨١. عماد علي: س ث، ل ٢٩.
(٣٣) أحمد أمين: فجر الإسلام، ل ل ٨٩- ٩٠، فاروق عمر فوزي: دور الموالي، ل ل ٨١- ٨٢.
(٣٤) جرجي زيدان: تأريخ التمدن الإسلامي، مطابع دارالهلال، القاهرة، ١٩٥٨، ج ٤، ل ٥٦.
(٣٥) دية (الدية): ئەو ماڵەیە کە لەبری نەفس دەدرێت. الجرجاني:التعريفات، تحقيق: ابراهيم الابياري، دار الكتاب العربي.بيروت،١٤٠٥ه،ل١٤٢، محمد عميم البركتي: قواعد الفقة، دار الصدف، كراتشي، ١٩٨٦م، ل٤٥٩. محمد عبد الرؤف المناوي:التعاريف، دار الفكر المعاصر، بيروت، ١٤١٠ه، ل٣٤٥.
(٣٦)ابن منظور: س ث، ج ١٥، ل ٤٨. فوزي: س ث. ل ٨٤، لەم بارەیەوە فەرموودەیەک هەیە کە پێغەمبەر دەفەرموێت: "فإن مات لوم يدع وارثا فلك ميراثه". عماد علي عبدالسميع: س ث، ل ٣٠.
(٣٧) فاروق عمر: دورالموالي، ل ٨٢.
(٣٨) ابن سعد: الطبقات الكبرى،دارالصادر، بيروت، ١٣٢٥هـ ج٦، ل١٨٣. د. صالح أحمد العلي: التنظيمات الإجتماعية والإقتصادية في البصرة في القرن الأول الهجري، مطبعة المعارف ، ١٩٥٣، ل ل٦٤- ٦٥.
(٣٩) شەڕی مرج راهط: ئەو شەڕە بوو لەنێوان (الضحاک بن قيس الفهري) کە بەیعەتی دابوو بە (عبدالله بن الزبير)و خەلیفە (مروان بن الحكم) لە ساڵی (٦٥ک/٩٦٨ز) روویدا، بە سەرکەوتنی خەلیفە مەروان کۆتایی هات. الطبري: تأريخ الامم والملوک، دار الفكر، بيروت، ١٤١٨ هـ/١٩٩٨م، ج٧، ل ١٤٦ .
(٤٠) البلاذري: أنساب الأشراف، مكتبة المثنى، بغداد [د. ت]، ج ٥، ل ٢٦٧.
(٤١) النجار: الموالي، ل ١٧.
(٤٢) محمد عمر الشاهين: الحياة الإقتصادية للموالي في الدولة الأموية، نامەی ماستەری بڵاونەکراوەیە ، جامعة الموصل، ١٤١٧ک/ ١٩٩٦، ل ٤١.
(٤٣) ابن حجر العسقلاني: الإصابة في تمييز

الصحابة، مطبعة السعادة، القاهرة، ١٣٢٨ک، ج ٣، ل ٦٨.
(٤٤) فاروق عمر: س ث، ل ٨٢.
(٤٥) عماد علي عبدالسميع: س ث، ل ٣٢.
(٤٦) الدارمي: سنن الدارمي، دار الكتب العلمية، كتاب السير، باب المولى القوم منهم، ج٢، ل ٢٢٤. ئەم وتەیە مانای ئەوەیە: "مەوالی هەر گەلێک لەوانە و هاوپەیمانەکەشیان هەر لەو گەلەیە".
(٤٧) قدامة بن مظعون الجمحي: ئەم کەسایەتییە لە شاری (بصره)دەژیا و کەسێکی ناوداری ئەم شارەبوو، ژمارەیەک لە مەوالییەکان لەسەر دەستی مسوڵمان بوون. ابن النديم: الفهرست، مكتبة التوفيقية [د.ت]، ج١، ل٥٩.
(٤٨) ابن عساكر: تهذيب تأريخ ابن عساكر، مطبعة روضة الشام، دمشق، ١٣٣٢ک، ج٧، ل١٠٩.
(٤٩) ابن عساكر: هـ س، ج٢، ل٢٢٩.
(٥٠) ابن سعد: س پ، ج٥، ل٣٦٥.
(٥١) محمد عمر الشاهين: س پ، ل ٤٣.
(٥٢) ابن حجر العسقلاني: س پ، ج٣، ل ٣٦٢.
(٥٣) الطبري: س ث، ج٧، ل ٣٣٧.
(٥٤) المقدمة: دارالكتاب المصري، القاهرة، ١٩٩٠، ل ٢٣٨، عماد علي عبدالسميع: س ث، ل ٣٣.
(٥٥) حسين قاسم العزيز: البابكية او انتفاضة الشعب الاذربيجاني ضد الخلافة العباسية. دار الفارابي، بيروت،١٩٦٦ ، ل ٨٦.
(٥٦) محمد بديع شريف: س ث، ل ٢٣.
(٥٧) فاروق عمر: العباسيون الأوائل، بيروت، ١٩٧٠، ج٣، ل ٥٢، ودور الموالي، ل٨٣.
(٥٨) ابن خلدون: س ث، ل ٢٣٨.
(٥٩)فاروق الآلوسي: الحياة الإجتماعية في العراق في العصر الاموي، نامەی دکتۆرای چاپ نەکراوە. جامعة بغداد، ١٩٩٥، ل٣١.
(٦٠) د.عماد الدين خليل، في التأصيل الإسلامي للتأريخ، ل١٦٧.
(٦١) كارل بروكلمان: تأريخ الشعوب الإسلامية، ل١٣٣.
(٦٢) جورجي زيدان: تاريخ التمدن، ج٤، ل١٤.
(٦٣) بندلي جوزى: س پ، ل٤٣.
(٦٤) العبادي: س پ، ل٧٥، كريمر: الحضارة الإسلامية ومدى تاثيرها بالمؤثرات الاجنبية. ترجمة. طه بدر، دار الفكر.القاهرة[دت]، ل٤١.
(٦٥) الأصفهاني: س ث، ج١٤، ل١٢٠، أحمد أمين: ضحى الإسلام، ج١، ل٢٣-٢٤.
(٦٦)النجار: الموالي، ل٣٩.
(٦٧)سورة الروم/ الآية٢٢.
(٦٨)سورة الحجرات، الآية١٣.
(٦٩)احمد الصاوي :الصاوي على الجلالين، دار احياء الكتب العربية [د.ت]، .ج٤، ل٩٦-٩٧.
(٧٠)ابن كثير: البداية والنهاية، ج٩، ل٨٧.
(٧١)اليعقوبي: س پ، ج٢، ل٢٣٣.
(٧٢)ابن عبد ربه: العقد الفريد، ج٦، ل ل١٢٦-١٣١، أحمد أمين: ضحى الإسلام، ج١، ل٢٥، جرجي زيدان: تأريخ التمدن الإسلامي: ج٤، ل٣٤٣.
(٧٣)ابن الأثير: الكامل، ج٣، ل٣٧٤.
(٧٤)ابن عبد ربة: س ث، ج٢، ل٧٤. ئەم دیاردەیە خاڵی جیاوازییە لە نێوان زانایانی فیقهی ئیسلامیدا، (الشافعی) دایک و باوک دەکاتە مەرج، بەڵام (أبو حنيفه) کە عەرەب نەبووە ئەمە بە مەرج دانانێت.
(٧٥)الجاحظ: البيان والتبيين، ج٢، ل١٣٠، ابن عبد ربه: س پ، ج٣، ل٤١٣، ابن الأثير: الكامل، ج١، ل٢٦٢، أحمد أمين: ضحى الإسلام، ج١، ل٢٥، جرجي زيدان: تاريخ التمدن، ج٢، ل٣٤١.
(٧٦)فان فلوتن: س پ، ل٣٧.
(٧٧) ابن سعد: س پ، ج٦، ل١٧٥.
(٧٨)النجار: الموالي: ل٣٨.
(٧٩)المبرد: س ث. ج٤، ل١٥، ابن عبد ربة: س ث، ج٣، ل ل٤١٢-٤١٣.
(٨٠)فان فلوتن: س ث: ل٣٨.
(٨١)كريمر: س ث. ل ٤١، الخربوطي: غروب الخلافة الإسلامية، ل٧٨.
(٨٢)فلها وزن: الدولة العربية، ل٢٤٥.

# هۆکارەنی دانەمەزراندنی **دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان** باشووری کوردستان بە نمونە





**پ.ی.د.حەسەن خالید موستەفا موفتی**

لەدایکبووی ١٩٧٢، هەڵەبجە. ساڵی (٢٠٠٢) بڕوانامەی ماستەر و ساڵی(٢٠٠٨)بڕوانامەی دکتۆرا بەدەستهێناوە. مامۆستای زانکۆ/ ئەندامی بۆردی مافی چارەنووس لە کوردستان. خاوەنی(٣١) بەرهەمی چاپکراو و (١٧) توێژینەوەی زانستییە.

## پێشەکی:

ڕەنگە هەموو تاکێکی کورد لە کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا ئەو پرسیارە بکەوێتە مێشکییەوە کە بۆچی تا ئێستاش کە سەدەی بیست و یەکە و بەناو چەرخی مافی مرۆڤ و دیموکراسیی و ئازادی میللەتانە کە بانگەشەیان بۆ دەکرێت لەلایەن زلهێزەکان و سەکۆی نەتەوەیەکگرتووەکان و لائیحەی جاڕنامەی مافی مرۆڤ و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی نێودەوڵەتی و..هتد!

کەچی میللەتی کورد و دۆخە ڕەواکەی هەر لە شوێنی خۆیدا و بە چواردەوری خۆیدا دەخولێتەوە و بگرە بە ستەم پاشەکشەیشی پێدەکرێت نەک تەنها لەلایەن دوژمن و نەیارەکانییەوە، بەڵکو لەلایەن دۆست و بەناو هاوپەیمانەکانیشیەوە!؟

ئایا کۆسپەکان هەمان ئەو کۆسپانەن کە لە مێژوودا کورد و کێشەکەی دەیناڵاند بەدەستیانەوە؟ یاخود گۆڕانکاری چۆنیەتیی و چەندێتی بەسەریاندا هاتووە، بەتایبەت لە باشووری کوردستاندا؟

لێرەدا دەمانەوێت تیشکێک بخەینە سەر ئەو بابەتە و وەڵامێکی شایستە ببینینەوە بۆ ئەو پرسیارە و گرێکوێرەی سەد ساڵەی بابەتەکە لە مێشکی هۆگران و دۆستانی میللەتی کورد و کێشە ڕەواکەیدا برەوێنینەوە.. بەمشێوەی لای خوارەوە، بۆیە توێژینەوەکە پێکهاتووە لە پێشەکییەک و دوو باس و کۆتاییەک، باسی یەکەم: پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان لە دیدی شەریعەتی ئیسلام لە نێوان شایستەیی و ناشایستەییدا.. باسی دووەم: هۆکارەکانی دروستنەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بەتایبەت دوای جەنگی یەکەم جیهانی.. پاشان بە گرنگترین دەرەنجام و پێشنیازەکان کۆتایی بە توێژینەوەکە دێنین. بەو هیوایەی کە بتوانین بیری خوێنەری کورد بە ئاڕاستەیەکی باشدا بەرین و سودێک بگەیێنین بەم هەل و مەرجە نالەبارەی کە ئێستا باشووری کوردستانی خۆشەویستی بەداخەوە تیادا تیدەپەڕێت.

## باسی یەکەم/ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان لە دیدی شەریعەتی ئیسلام لە نێوان شایستەیی و ناشایستەییدا:

گومان لەوەدا نییە کە دۆخی کورد لە هەر چوار بەشی دابەشکراودا بە ستەم دۆخێکی ڕەوایە و لەو پێناوەیشدا سەد ساڵ خەباتی بێوچان کراوە، هەروەها بوونی بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەسەر خاکی مێژوویی خۆی حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگرە و کە پێویستە قەوارەکی سیاسی سەربەخۆی هەبێت لەپێناو پارێزگاریکردنی لە خاک و خەڵک و کولتوور و ئایین و مەزهەب و نەریت و بوونی خۆی وەک میللەتێکی تەواو جیاواز لە میللەتانی چواردەوری (عەرەب و تورک و فارس و ئەرمەن و..هتد)..

**شایستەیی ئەو بابەتەش لە ئاینی ئیسلامدا ڕوون و ئاشکرایە بەم بەڵگانەی لای خوارەوە:**

١- سەربەخۆیی ئامرازێکە بۆ ڕزگاریی و ئازادیی و سەرفرازی هەمیشەیی لە قورئانیشدا بەکارهێنانی ئامرازی دروست بۆ مەبەستێکی دروست ئاماژەی پێکراوە وەک ئایەتی پیرۆزی: **(إِنَّا مَكَّنَّا لَهُ فِي الْأَرْضِ وَآتَيْنَاهُ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ سَبَبًا (٨٤) فَأَتْبَعَ سَبَبًا**(٣).

٢- هیچ مانیع و قەدەغەیەکی شەرعی نییە لە ئەنجامدانی پرۆسەی سەربەخۆیی، بەڵکو داخوازیش هەیە، لە شەریعەتیشدا ئەگەر شت قەدەغەی لێ نەکرا ئەوا ئەسڵ تیایدا دروستییە وەک لە بنەما فیقهییەگشتییەکاندا هاتووە: (الأصل في الأشياء الإباحة)(٤).

٣- دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆیی پرانسیپی دادپەروەریی و عەدالەت بەرجەستە دەکات کە لە قورئان و سوننەتدا فەرمانیان پێکراوە، لەوانە: **(إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ)**

(٥) ( **يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ**)(٦). لە فەرموودەکانی پێغەمبەریش(د.خ) فەرموودەی:»تقول العدل، وتعطي الفضل..الحديث»(٧). و لە نزاکانی حەزرەتی عەلیشدا (ر.خ) هاتووە: (**اللَّهُمَّ ثَبِّتْنَا عَلَى كلمة العدل فِي الرِّضا والصَّواب وقَوَام الكتاب، هادِينَ مَهْدِيِّينَ، رَاضِينَ مَرْضِيِّينَ، غَيْرَ ضَالِّينَ، وَلَا مُضِلِّين**)(٨).

٤ـ ئوممەتی میانەڕەو کە سیفەتی ئوممەتی ئیسلامە بریتییە لە ئوممەتی دادپەروەر، وەک قورئان دەفەرموێت: ( **وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا**). ئەم واتایەش لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە لە فەرمودەی (أبی سعيد)ەوە (ر.خ)(١٠).

٥ـ خودای گەورە کوردی گێڕاوە بەیەکێک لە نەتەوە و گەلانی سەر ڕووی جیهان، هەولێ لێکدان و توانەوەی لەنێو گەلانی تردا پێچەوانەی ویست و ئیرادە و جەعلی ئیلاهییە وەک قورئان دەفەرموێت: (**يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ**)(١١).

٦ـ سەربەخۆیی لە تەک زۆرێک لە بنەما فیقهی و ئوسولیەکانیشدا یەک دەگرێتەوە، لە وانە بنەمای: (لا ضرر ولا ضرار)(١٢).

٧ـ هەروەها سەربەخۆیی و دەوڵەتداری لە تەک پێنج مەبەست و مەقصەدە شەرعییەکاندا یەکدەگرێتەوە کە بریتین لە (پارێزگاری لە ئایین و ڕۆح و عەقڵ و وەچە و شەرەف و ماڵ)، کە ئیسلام هاتووە بۆ پارێزگاریکردن لێیان، بێگومان هەر میللەتێک سەربەخۆ نەبێت زۆرێک لەو مەبەستە شەرعییانەی بەردەوام لە مەترسیدایە و لەژێر ڕەحمەتی ستەمکار و داگیرکاراندایە.

## باسی دووەم/ هۆکارەکانی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردستان بە تایبەت دوای جەنگی جیهانی یەکەم.. پاشان دەرەنجام و پێشنیازەکان:

لێرەدا تیشکێک دەخەینە سەر گرنگترین هۆکارەکانی دانەمەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بەتایبەت کوردستانی باشوور لە مێژووی نوێدا کە بەمشێوەی لای خوارەوەیە:

یەکەم: پیادەکردنی سیاسەی ستەمکارانەی حوکمەتە زلهێزەکانی ئیستیعمار بەتایبەت (بەریتانیا و فەرەنسا و ڕووسیا) پێش ئەوانیش هەڵمەتە داگیرکارییەکانی سەفەوی شەڕی نێوان ئەوان و عوسمانییەکان، پاشان داگیرکردنی کوردستان لەلایەن حوکومەتە دیکتاتۆرەکانی چواردەوری کوردستانی گەورە، ڕەفتاری ئەم داگیرکارە ڕەگەز پەرستانە دژی کورد خۆی دەبینێتەوە لە پاکتاوکردنی ڕەگەزی ڕێکخراو و هەڵمەتی کۆکوژیی و پیادەکردنی سیاسەتی بە عەرەبکردن و بە فارسکردن و بە تورککردنی هەموو پارچەکانی کوردستانی گەورە، کە تا ئەمڕۆیش هەر بەردەوامە، بێگومان ئاسەوارێکی زۆر خراپی لەسەر زمان و جوگرافیای کوردستانی بەجێهێشتووە و کاریگەری نەرێنی بەردەوامی هەبووە لە سەر تاک و کۆمەڵگای کوردستان.

**دووەم:** لاوازی دیپلۆماتکاری کوردیی و دانوستکارانی کورد و شپرزەییان لە داواکارییەکانیادا لەکاتی دانوستانەکاندا، هەروەها نەبوونی مەبەستی ڕوون و ئاشکرا.

**سێیەم:** دڵپاکیی و ساویلکەیی زۆربەی سەرکردە سیاسیی و ئاینیی و تیرە و هۆزەکانی کورد لە بەرانبەر دوژمناندا.

**چوارەم:** نۆکەرایەتی و ناپاکی(جاشایەتی) بەردەوامی بەشێک لە ناپاکانی کورد بۆ دوژمنانی میللەتی کورد.

**پێنجەم:** لاوازی گیانی نیشتیمانپەروەریی و نەتەوایەتی کە کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر

بەرخودان.

**شەشەم:** نەبوونی یەکریزیی و یەکگوتاری کورد لە نێوان خۆیاندا بەتایبەتی لە ڕووی سیاسیی و ئایینییەوە، بە جۆرێک کە پەتای ناکۆکیی و ناتەبایی هەتا سەردەمێکی نزیکی لەمەوپێش گەورەترین زیانی بە دۆزی ڕەوای کورد گەیاندووە، خاک و گەلەکەیان بەدرێژایی ئەم مێژووە لە یەکتری دابڕیوە، تەنانەت ئەو پەرتەوازەیی و ناتەبایی خۆخۆرەیە مێژوونووسێکی ئیسلامی وەک ((أبو العباس القلقشندی ـ وەفاتی ٨٢١ک ـ لە زیاتر لە شەش سەد ساڵ لەمەوبەرەوە هێناوەتە گوفتار و لە بەشێک لە کتێبەکەی خۆیدا کە دەربارەی بارەی کورد و ئەمیرەکانیانییەوە نوسیویەتی دەڵێت:((ئەوانە خەڵکێکن کەس زەفەریان پێ نابات، ئەگەر خەنجەری ئاژاوە و ناکۆکی لە نێوانیاندا نەبایە زاڵ دەبوون بەسەر هەموو ئەوانەی بەرەو ڕوویان دەوەستنەوە، بە ناڵە و هاواری هەڵمەتیان نوستوانیان بەئاگا دەهێناوە، شکۆمەندییان بەسەر وڵاتاندا دەکشا، سەرەوە و خوارەوەی وڵاتیان دەخستە پاڵ خۆیان، بەڵام بەهۆی پەرتبوونی بیروڕاکانیان وەک خۆڵی بەر ڕەشەبا پرژوبڵاوبوونەوە، جیاوازی گوتارییان، هەتا ئێستاش شمشێری تیژیان بۆ یەکتری لە کێلاندایە، خوێنی ڕژاوی نێوانیان جۆگەی بەستووە، خامۆشی فەرمانڕەواییان پڕ سوێیە، پێڵوی چاوانی گریاویان بە خوێن تەڕە..))( ).

**حەوتەم:** فەقیریی ولاوازی بەردەوامی باری ئابووری تاکەکان و ناوچە کوردییەکان بە گشتی.

**هەشتەم:** نەخوێندەواریی و لاوازی ئاستی ڕۆشنبیری، بەتایبەت ئەم سیانەی ئەخیر (تەفرەقە و فەقیری و جەهالەت) گورزی کوشندەی داوە لە دۆخی ڕەوای میللەتی کورد، و سێ نەخۆشی سەرەکین لە گیانی میللەتی کورددا وە سێ دوژمنی سەرسەختن وەک بەدیعوززەمان مەلا سەعیدی کوردی نوورسی ئاماژەی بۆ کردوون.

نۆیەم: لە مێژووی حوکمڕانی کوردستانی باشووردا لەلایەن سیاسەتمەدارنی کوردەوە لە پاش ڕاپەڕین و تائێستاش زۆر خاڵی لاواز و بەهێز، تاریک و پرشنگدار، خۆش و ناخۆش، باش خراپ، بەدی دەکرێت، بەڵام نابەرجەستە بوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و شەڕی خۆکوژی و بوونی گەندەڵی ئیداریی و دارایی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی بەرفراوان و ناپاکی و نۆکەرایەتی دوژمنان ئەمانە بوونە هۆی نامتمانەیی میللەت بە سیاسەتمەداران و لاوازبوونی گیانی نەتەوایەتی، دەرەنجام گورزی کوشندەیان وەشاند لە جەستەی خەونی سەد ساڵەی میللەتی کورد کە لە سەربەخۆییدا خۆی دەبینێتەوە.

مێژوونووس (محمد رشید الکیکی)، دوو هۆکاری تر باس دەکات کە بونەتە ڕێگری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی خوارووادا دەڵێت:

١ـ زانا کۆمەڵناس و مێژوونووسان دەیگێڕنەوە زۆریی و هەمەجۆری تیرە و هۆزەکان کە هەر کۆمەڵگایەک لە هۆز و تیرەی زۆر و جیاوازە پێکهاتبێت دامەزراندنی دەوڵەتێکی بە هێز و سەقامگیر تیایدا قورس و گران بووە، پاساوی بیردۆزەکەیشی بەم گوتەیە دەهێنێتەوە: کە پەیکەری هۆزەکان لایەنێکە لەلایەنە لاوازەکانی کۆمەڵگای کوردی تایبەت بە پێکهێنانی دەسەڵاتێکی ناوەندی بەهێز، بەومانایەی کە هۆزەکان دووبەرەکی لە نێوانیادا پەیدا دەبێت و بەردەوام پەنا بۆ دەرەوەی خۆیان دەبەن بەمەبەستی هێرشکردنە سەر هۆزەکانی تر بە تەماعی ئەوەی بیانخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئاژاوە و بەردەوامی حاڵەتی جەنگ و دووبەرەکی لە نێوانیاندا لەئاکامدا ئەمەش دەبێتە ڕێگری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی خوارووودا.

٢ـ بوونی سامانە سروشتییەکان لەوانە نەوت و پێکهاتەکانی لە کوردستاندا بووە بەمایەی

پارچەپارچە کردنی کوردستان بەدەستی زلهێزە ئیمپریالییەکان بۆئەوەی بە ئاسانی بتوانن دەست بگرن بەسەر وڵاتیاندا و سامانە سروشتیەکانی بەکاربهێنن و بەتاڵان بیبەن.

بەڵام ئەوەی ئێمە دەیبینین: ئەو دوو هۆکارە مەرج نییە هۆکاری ڕاستەوخۆ بن، چونکە زۆرێک لە دەوڵەتە عەرەبییەکان بەنمونە دەوڵەتی خۆیان دامەزراند و ئەو دوو هۆکارەشیان هەبوو، بوونی هۆزەکان و سامانەکانیان نەبووە ڕێگیری دامەزراندنی چەندین دەوڵەتی سەربەخۆ، بگرە بوونە ئامرازی دامەزراندنیان.

## لێرەدا ڕایەکی تریش هەیە کە دەڵێت:

خاچپەرستانی جیهانی لە تۆڵەی هەستانی سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی بە گەڕاندنەوەی قودسی پیرۆز ڕووگەی یەکەمی موسڵمانان و ڕزگارکردنی لەژێر دەستی خاچپەرستاندا، ئەوانیش لە بەرامبەر ئەمەدا هەستان بە دابەشکردنی خاکی کوردستان. ئەم ڕاو بۆ چوونەش بە چەند بەڵگەیەکی زانستی دوورە لە ڕاستیەوە، لەبەرئەوەی پشت بە هیچ بەڵگەنامەیەکی زانستی نابەستێت تەنها گومان و خەیاڵ و بۆچونێکە، ئەمەش ناکرێت لە توێژینەوە زانستیدا پشتی پێ ببەسرێت، پاش ئەوەش گەلانی تر هەبوون جەنگیان لەگەڵ خاچپەرستەکاندا کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەیە، وەک بەدرێژی لە کتێبی (إعلان استقلال کوردستان)دا ئاماژەمان بۆ کردووە.

## دەرەنجام و پێشنیارەکان

لە پاش ئەم باسەی کە کردمان دەتوانین هەندێک لە دەرئەنجامەکان تۆمار بکەین:

١- مافی سەربەخۆیی و دروستکردنی قەواری سیاسی مافێکی ئاسایی یاسایی نەتەوایەتی هەموو میللەتێکە بەتایبەت میللەتی کورد لەسەر جوگرافیای کوردستانی خۆی کە مەحرووم بووە لەو مافە مێژووییە بەتایبەت پاش جەنگەکانی جیهانی یەکەم و دووەم.

٢- هیچ بەربەستێکی شەرعی نییە لە ئاینی ئیسلامدا کە ئەو مافە لە گەلی کورد قەدەغە بکات، بەپێچەوانەوە دەیان بەڵگەی شەرعی هەیە لەسەر پیادەکردنی مافی سەربەخۆیی.

٣- هۆکاری نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە پێناسەی یاسا نێودەوڵەتیەکان دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێت هۆکاری بابەتیی و کۆمەڵێک هۆکاری خودی کە بە تێکڕا لە هەشت هۆکاری سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە، گرنگترینیان: تەفرەقە و ناتەبایی خودی پارتەکانی میللەتی کوردە. پاشان ناپاکی و نۆکەرایەتی بێگانە، پاشان ساویلکەیی و لاوازی دیپلۆماتکاریی و دانوستکارانی کورد لە بەرانبەر نەیارانی، پاشان هەژاریی و نارۆشنبیریی و ئەنجا هۆکارەکانی تر.

## لە گرنگترین پێشنیارەکانیش:

١- پێویستی بەرجەستە بوونی تەبایی و یەکرێزی و ئاشتەوایی نیشتیمانی لە نێوان هەموو تاک و پارت و ناوچەکانی کوردستان.

٢- چاکسازی لە جومگەکانی دەسەڵاتی کوردی، هەروەها بەخۆداچونەوەی گشت پارتە ڕامیارییەکان، چونکە هەموویان بەرپرسن بەرانبەر خودا و خەڵک و مێژوو، وەک لە فەرمودەی پێغەمبەردا (د.خ) هاتووە: « کلکم راع وکلکم مسؤول عن رعیته»(١٨).

٢- نەڕوخان و درێژەدان بە بەرخودان بە پەندوەرگرتن لە مێژوو، هەروەها خوێندنەوەی ڕووداو و بارودۆخەکان بەشێوازێکی زانستیی و عەقڵانی بە پشتبەستن بە خودای باڵادەست، پاشان بە هێزی گەورەی هەڵقولاوی ناخی تاکە دڵسۆزەکانی گەل و نیشتیمانی کوردستان، لە پێناو ئاسۆیەکی ڕوون و سەرفرازی یەکجارەکی بە ئومێدی خودا.

# سەرچاوە و پەراوێزەکان


١. بڕوانه: الموسوعة العربية العالمية، مصطلح: معاهدة سيفر Treaty of Sevres.،

٢. بڕوانه: زاراوةى: الأكراد (kurdes) (جغرافية كوردستان) http: //www.khabat.org/a. geography.htm.

٣ (سورة الكهف: ٨٤، ٨٥).

٤ بڕوانه: الأشباه والنظائر للحافظ جلال الدين السيوطي (ص: ٦٠).

٥ (سورة النحل: ٩٠).

٦ (سورة المائدة: ٨) ، بڕوانه: تفسير الطبري (جامع البيان بتحقيق: شاكر (١٠/ ٩٦).

٧ ڕواه الطبراني في الكبير، و ڕجاله ڕجال الصحيح مجمع الزوائد ومنبع الفوائد (٣/ ١٣٢) برقم(٤٧٢٩).

٨ مسند ابن الجعد الجَوْهَري البغدادي (المتوفى: ٢٣٠هـ)، بتحقيق: عامر أحمد حيدر (ص: ٢٦) عن عبد الله بن سلمة (رضي الله عنه) برقم( ٦٤).

٩ (سورة البقرة: ١٤٣)

١٠ كة خؤشةويست فةرمويةتى:» يجيء نوح وأمته، فيقول الله تعالى، هل بلغت؟ فيقول نعم أي ڕب، فيقول لأمته: هل بلغكم؟ فيقولون: لا ما جاءنا من نبي، فيقول لنوح: من يشهد لک؟ فيقول: محمد صلى الله عليه وسلم وأمته، فنشهد أنه قد بلغ، وهو قوله جل ذكره: وكذلک جعلناكم أمة وسطا لتكونوا شهداء على الناس والوسط العدل «. صحيح البخاري (٤/ ١٣٤) برقم(٣٣٣٩).

١١ (سورة الحجرات: ١٣)

١٢ بڕوانه: قواعد الفقه للمجددي البركيتي: ص٨٨ تحت ڕقمي(١٦٨-١٦٩). وشرح القواعد الفقهية للشيخ أحمد الزرقا: ص٢٠٧

١٣ بڕوانه: الإحكام في أصول الأحكام لأبي الحسن الآمدي، بتحقيق: د. سيد الجميلي: ٣ / ٣٠٠.

١٤ صبح الأعشى في صناعة الإنشا للقلقشندي: ٧/ ٣٠٦.

١٥ بڕوانه: السيرة الذاتية بديع الزمان سعيد النورسي (٩ / ١١٦)

١٦ بڕوانه: ومضات **كُردستانية**، محمد ڕشيد الكيكي ص ٣٣٢-٣٣٥.

١٧ بڕوانه: إعلان استقلال كوردستان **وحقُوق** الأمة الكوردية في نظر الشريعة الإسلامية - دراسة شرعية تاريخية تحليلية ، د.حسن خالد مصطفى محمود المفتي، ص ١٣١- ١٣٥.

١٨ صحيح البخاري، بتحقيق: د. مصطفى ديب البغا: ٣/٤١٤ برقم (٨٤٤).

# هۆکارەکانی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی

پێشەکی:

لەگەڵ ئەوەی کورد وەك نەتەوەیەك، کە زۆربەی، یان دەتوانین بڵێین هەموو بنەماکانی بوونی نەتەوەی هەیە و لەسەر خاکی باب و باپیرانی ژیاوە و تێکۆشاوە لەپێناو بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەیی خۆی، لە زەمەنی ئەو تێکۆشانە بەردەوامەشیدا چەندین میرنشین و دەوڵەتۆکە و دەوڵەتی پێکهێناوە، بەڵام تائێستا ئەو خەونە مێژووییەی نەهاتۆتەدی.

باشە دەگونجێ نەتەوەیەك، ئەگەر نەڵێین هەموو، ئەوا زۆربەی بنەماکانی نەتەوەی هەبێت و لە ڕووی مێژووییشەوە زۆربەی مێژوونووسان، (کوردستان = خاکی کوردان) بە لانکەی دووەمی مرۆڤایەتی دادەنێن و بە پشت و باپیری نەتەوەکانی تری ناوچەکەی حساب دەکەن، لە کۆن و تەنانەت تا هەنووکەش، خەباتی بەردەوام بێت و لەو خەباتەشدا قوربانی زۆری دابێت و بەدەیان جۆگەی خوێنی ڕشتبێت، لە مێژووشدا چەندین دەوڵەت و میرنشینی پێکهێنابێت، کە هەندێك لەو میرنشینانە قەڵەمڕەو و دەسەڵاتیان گەیشتۆتە ئاستی بەرزی ئیداریی و سەربازیی، کەچی تاکو ئێستا دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەبێت؟!




**هەژار حاتەم**

لەدایکبووی ١٩٧٩، سلێمانی. ماستەر لە سۆشیال میدیا خاوەنی کتێبێکی چاپکراو و ژمارەیەکی زۆر توێژنەوەی بڵاوکراوەیە.

دەبێت هۆکارەکانی نەبوونی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ چی بن؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە مێژوونووسان و لێکۆڵەرەوان بیرورا و بۆچوونی جیاوازیان هەیە و هەریەکەیان پەنجە لەسەر خاڵێک دادەنێن و بە هۆکاری سەرەکی نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دەزانن، تەنانەت لە دابەشکردن و ڕیزبەندکردنی هۆکارەکانیشدا ڕاوبۆچوونیان جیاوازە، هەندێکیان بۆ هۆکاری ناوخۆیی (داخلی)و هۆکاری دەرەکی (خارجی)، هەندێکی تریان بۆ هۆکاری خودی (زاتی)و هۆکاری بابەتی دایاندەڕێژن، لەناو ئەو ڕیزبەندی و دابەشکردنەشدا، هەندێک مێژوونووس و شارەزا، تەنها هۆکاری دەرەکی بە تاوانبار دەزانن لە ئاست نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، لە بەرامبەر ئەوانیشدا کۆمەڵێکی تر تەنها جەخت لە سەر هۆکاری ناوخۆیی دەکەنەوە لە ئاست وەها دۆزێکدا.

بەڵام زۆر گرنگە ئێمە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی ڕاست و دروست، گشت هۆکارەکان بەهەند وەربگرین، چ هۆکارە ناوخۆییەکان و چ هۆکارە دەرەکییەکان.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش گەیشتنە بە ڕاستییەک، کە وەڵامێکیش بێت بۆ پرسیاری «بۆچی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ»مان نییە؟

## یەکەم: هۆکارە ناوخۆییەکان:

### ١ـ هۆکاری جوگرافی:

جوگرافیای کوردستان هەمیشە ڕێگر بووە لە بەیەکگەیشتنی ناوچە و هەرێمە جیاجیاکانی کوردستان، ئەویش بەهۆی سەختیی و بەرزیی لوتکە شاخاوییەکانی، ڕاستە ئەم سنوورە شاخاوییانە زۆربەی کات وەک قەڵا و پشتیوانێک بۆ شۆڕشە کوردییەکان بەکارهاتووە و هەرکەس و کۆمەڵە و گرووپێک، کە لە دەسەڵاتدارانی ڕۆژگاری خۆیان ڕاپەڕیون، ئەو شاخانەیان وەک شوێنی خۆحەشاردان و پەناگە بەکارهێناوە، بەڵام ناکرێ لایەنە نێگەتیفییەکەی لە بیر بکرێت و حسابی بۆ نەکرێت.

کەواتە سنووری شاخاویی، یان بەگشتی بڵێین سنووری جوگرافیای کوردستان بۆتە هۆی گۆشەگیری، ئەم گۆشەگیرییەش بۆتە هۆی دواکەوتنی خەڵک و پاشانیش شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی، هەروەها گۆشەگیریی لەلایەکی تریشەوە، بۆتە هۆی پەرتەوازەیی لە تەک دواکەوتنەکەدا.

هەروەها لە ڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە، کوردستان بووەتە (سەرەڕێ)، ئەمەش وایکردووە لە ئاوەدانیی و بیناکردنەوەوە زۆر دوور بێت، چونکە ئەو (سەرەڕێ)یەی کوردستان سوودی لێبینراوە لەلایەن دەوڵەت و ئیمپراتۆرەکانی وەک ڕۆمانیی و بیزەنتیی و عوسمانیی و سەفەوییەکانەوە بۆ لەشکرکێشییان و هێنان و بردنی سوپاکانیان، هەروەها جەنگ و شەڕو شۆڕە بەردەوامەکانیان. لەمبارەیەوە (فازیل قەرەداغی) دەڵێت:» کاتێک ماڵەکەت ببێتە سەرەڕێ نە سەربەخۆیت دەستدەکەوێت و نە بایەخ بە بیناکردنی ماڵەکەت دەدەیت»(١).

هەر لەبارەی (سەرەڕێ)ی کوردستانەوە (فازیل قەرەداغی) لە شوێنێکی تردا دەڵێت:» بە تەماشاکردنێکی سەرپێیی نەخشەی جوگرافی کوردستان و دەوروبەری، بۆمان دەردەکەوێت کەوا کوردستان یەکێکە لە سنوورە کەمەکانی بەیەکگەیشتنی ڕۆژهەڵات (ئێران ـ هندستان ـ چین) و ڕۆژئاوا، هەر هێرشێکی ڕۆژئاواش بۆ ڕۆژهەڵات و بەپێچەوانەوە پێویستە بە چەند شوێنێکی کەمدا تێپەڕبێت کە ـ کوردستان ـ یەکێکیانە»(٢).

هەر لەبارەی هەولکەوتەی جوگرافی کوردستان، عەتا قەرەداغی دەڵێت: «هەڵکەوتی شوێنی ناوچەکە (مەبەست کوردستانە، توێژەر)، بۆتە مەیدانی چەندین شەڕی گەورە»(٣).

کەواتە: هۆکاری جوگرافی یەکێکە لە هۆکانی ڕێگر لە بەردەم دروستنەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، تەنانەت لای زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان هۆکارێکی سەرەکیشە، نەک هۆکارێکی لاوەکی بێت.

نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت، کە هەر هۆکاری جوگرافیا بووەتە ڕێگر لە بەردەم کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان، لە ناوچەیەکدا، کە دواتر شاری لێ دروست ببێت، چونکە لە حاڵەتی دروستبوونی شاردا، هۆشیاریش گەشە دەکات، کە دواجار عەقڵانیەت تەحەکوم دەکات بەسەر ڕووداو و دیاردە و لایەنە ژیانیی و ژیارییەکاندا، کە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانیش بەشێکن لە دیاردە و ڕووداوەکانی دەرهاویشتەی کۆمەڵگا.

سروشت شاخاویی و تۆپۆگرافیا (بەرزی و نزمی) کوردستان، یان بەگشتی جوگرافیای کوردستان، کاریگەریی لەسەر پێشکەوتن و هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگەی (ژیاریی و مەدەنییەت)یشەوە هەبووە و هەیە. لەو بارەیەوە د.جەلیلی جەلیل دەڵێت: «سروشتی شاخاوی وڵاتەکە-(کوردستان)- شوێن پەنجەی بە ئاشکرا بەسەر جۆری پێشکەوتنی گەلی کوردەوە بەجێهێشتووە»(٤).

(هاوڕێ باخەوان)یش دەڵێت: «هەڵکەوتەی کوردستان بووەتە هۆیەکی نێگەتیڤانە بۆ دروستبوونی کیانێکی کوردی، چونکە لە پاش لەدەستدانی کیانی کوردەوە، کوردستان بووە گۆڕەپانی جەنگی هێزەکانی ناوچەکە»(٥).

**٢- هۆکاری پەرتەوازەیی و دووبەرەکی:**

لە پێشەوە و لە هۆکاری جوگرافیدا، وتمان پەرتەوازەیی لە هۆکارە جوگرافیی و جیۆپۆلەتیکییەکەوە دروستبووە و سەختی ناوچەکە و بەرز نزمی (تۆپۆگرافیا) دەوری سەرەکییان گێڕاوە لە پێکهێنان و هێنانەبوونی پەرتەوازەیی، پاشان کە میرنشین و دەوڵەتەکان لە سەردەم و شوێنی جیاواز دروستبوون و هەر میرنشینێک ویستوویەتی دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ و لەم هەنگاوەشیاندا، یارمەتی و کۆمەکییان لە دەوڵەتانی زلهێزی ڕۆژگاری خۆیان وەرگرتووە، ئەوانیش هەم بۆ فراوانکردنی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆیان و هەمیش بۆ ئاژاوەنانەوە و لەناوبردنی میللەتی کورد، هەموو کات، ئامادەبوون بەو کارە هەستن، لێرەوە پەرتەوازەیی و دووبەرەکییەکە گەورەتر و قووڵتر بۆتەوە.

**پەرتەوازەیی و دووبەرەکی لایەنی خراپی و زیانی زۆرە، لەوانە:**

١- هیچ کات داهاتی ئەمارەتێک ناگاتە داهاتی دەوڵەتێکی یەکگرتوو، داهاتیش زۆربێت لەشکری وڵاتەکە گەورەتر دەبێت و پرۆژەی حوکمی زۆر دەبن.

٢- بەشبوون و پارچە پارچەبوونی وڵات بەسەر چەند میرنشینێک، واتای جەنگی حەتمی دەگەیەنێ لە نێوان میرنشینەکان و نەزیفی ئیمکانیاتیان.

٣- لەناوبردن و قووتدانی یەک لەدوای یەکی میرنشینەکان لە حاڵەتی پەرتەوازەییدا ئاسانترە و دەشتوانرێت بکرێن بەگژیەکتردا، ئەمە ئەگەر دووبەرەکییەکە بوونی نەبێت، ئەو کارەی ئاماژەی پێکرا هەروا ئاسان نابێت(٦).

هەر لەمبارەیەوە عەتا قەرەداغی دەڵێت: «لە مێژووی دووروودرێژی کورددا، لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ماد جارێکی تر یەکگرتن و یەکبوون و یەکێتیی و هاریکاریی و یەکتر قەبووڵکردنێکی ئەوتۆ لە نێوان خێڵە کوردەکاندا دروست نەبووە، کە ببێتە بنەما و زەمینەخۆشکەری دروستنەبوونی دامەزراوێکی باڵای کۆمەڵایەتی، کە ئەویش لە (دەوڵەت)دا خۆی دەبینێتەوە»(٧).

پەرتەوازەیی و دووبەرەکی بەدرێژایی مێژوو لەگەڵ گیانی شۆڕش و ڕاپەڕینە کوردییەکاندا

ئامادەگی هەبووە، ئەگەر سەیرێکی لاپەڕەکانی مێژوو بکەین تا هەنووکەش و لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆماڵیمان، واتە: لەم سەردەمی حکومەتی هەرێمەشدا لە کوردستانی باشووردا دووبەرەکی سیمایەکی دیارە و چەندین جەولەی شەڕی ناوخۆ بەرەنجامی ئەو دووبەرەکییە بووە. د. نەبەز مەجید لەمبارەیەوە دەڵێت: «هەر کۆمەڵە و شێوازێکی پێ باشترە، ناکۆکیش هەبووە و هەیە، تەنانەت گەشتۆتە شەڕی ناوخۆش»(٨).

هەروەها عەبدولکەریم کەرکووکیش دەڵێت: «هەر بۆ بەدبەختی کورد لە پچڕپچڕیی و پارچە پارچەبوون و یەکنەگرتندایە، کە ئەمەش فاکتەرێکی سلبی بووە لەسەر ئەوەی، کە سوود لەو هەڵە زێڕینە وەرنەگیرا، کە کورد بۆی ڕەخساوە»(٩).

دووبەرەکیی و کوشت و بڕین و پەرتەوازەیی و شەڕی هەمیشە هەبووی نێوان میرنشینەکان، واتە: کوردکوژیی و کوردقڕان، وای لە شاعیر و ئەدیبانیش کردووە بەشێکی زۆری شیعر و هۆنراوە و ئەدەبیاتیان بۆ باسکردنی ئەو نەخۆشییە تەرخان بکەن، واتە: ئاماژەیان بەو دووبەرەکیی و پەرتەوازەییە داوە، نەک هەر ئاماژە، بەڵکو ڕێگاچارەشیان بۆ وەها دۆخێک دەستنیشان کردووە.

**- فایەق بێکەس دەڵێت:**

کورد ئەبەد ناگاتە مەقصەد نۆکەری بێگانەیە
دوودڵن پیسن لەگەڵ یەک بۆیە بۆ وا بێ لانەیە

**- حاجی قادری کۆییش دەڵێت:**

کوردی ئێمە نەزان و پاشکەوتن
پێکەوە پووش و ئاگر و نەوتن

لەم بەیتەی دواییدا کە بەدوای ئەو بەیتەی سەرەوەدا دێت ڕێگەچارەکە دەستنیشان دەکات و دەڵێت:

بێ ئەگەر دەستی یەکتر بگرن
وەک ئەسکەندەر جیهان هەموو دەگرن

**حاجی لە جێگایەکی تردا دەڵێت:**

تا ڕێک نەکەون قەبیلی ئەکراد
هەروا دەبنە خەرابە ئاباد(١٠)

**٣. هۆکاری ئایینی:**

لە باسکردنی هۆکاری ئایینی، مشتومڕێکی زۆر هەیە لە نێوان شارەزایانی مێژوو و لێکۆڵەرەواندا، لەو ڕووەوە بیروڕایان جیاوازە، لەبارەی ئەوەی ئایا ئایین ڕۆڵی ئیجابی بووە، یان سلبی لە دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردییدا؟

هەر نوسەر و ڕۆشنبیر و مێژوونووس و شارەزایەک بە پێی ئایدیا و سەردەم و بیروڕای خۆیی و تێگەیشتنی تایبەتی خۆی قسە و تێبینی و سەرنجی خۆیان دەستنیشان دەکەن، هەندێکیان لەبەر دەمارگیریی نەتەوەیی، هۆکاری سەرەکی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی بە (ئایین) و ئەو ڕۆڵە سلبییەی دەزانن، کە ئایین و ئایینپەروەران (شوێنکەوتووانی ئایین) گێڕاویانە، هەرچی ڕۆشنبیرانی خاوەن ئایدیایەکی ئایینی یان بڵێین هەڵگرانی بەرنامەی ئیسلام هەیە، ئەوە هۆکارەکانی تر بە سەرەکی دەزانن و بەرپەرچی ئەو ڕاو قسە و بیر و بۆچوونانە دەدەنەوە، کە ئایین بە هۆکاری سەرەکی بینیوە لە دروستبوونی چەندین دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتی گەورە و زلهێز، هەروەک عەتا قەرەداغی دەڵێت: «ئایین چ لە ڕابردووی دوور و چ لە ڕابردووی نزیکیشدا، بۆتە بنەمای پێکهێنانی چەندین دەوڵەت و ئیمپراتۆریەت، یەکێک لە پایەکانی دروستبوونی ئیمپراتۆریەتی چینی و هیندیی، ئایین بووە، ئایین لە دروستبوونی دەوڵەتی سۆمەریی و بابلیی و ئاشووریشدا ڕۆڵی کاریگەری بینیوە، ئاینی ئیسلام بوو بە بەرنامەی دروستکردنی دەوڵەتێکی کەونیی لە مێژووی عەرەبدا»(١١).

لە شوێنێکی تردا دەڵێت: «پەیامی ئیسلام بووە بە بنەمای یەکێتیی و یەکبوون لە دنیای ئیسلامدا بۆ دروستکردنی ئیمپراتۆریەتێکی گەورە...»(١١). هەروەها د. فوئاد مەعصوم دەڵێت: «من پێموایە، ئەگەر کورد ئیسلام نەبوایە، لەوانەیە بفەوتایە، ئیسلام نەهاتووە بۆ دژی کورد، یان هیچ نەتەوەیەکی تر...»(١٣). د.نەبەز مەجیدیش

دەڵێت: «کورد نەیتوانیوە سوود لە ئایینی یسلام وەربگرێت، خەڵەکەش دەگەڕێتەوە سەر یەکەم خۆمان و دووەم خەلافەتی ئەمەوییەوە، جیاوازییەکە لە تەعالیمەکە نییە، لە پراکتیکە»(١٤).

پاشان د. محەمەد ئەحمەد دەڵێت: «ئیسلام نەهاتووە بۆ دژایەتی هیچ نەتەوەیەک، ئەوانەی رەخنە لە ئیسلام دەگرن، لە ئیسلامیان باشتر نەهێناوە»(١٥). هەروەها عەتا قەرەداغی دەڵێت: «راستە ئیسلام سلبیاتی هەبووە لە کێشەی کورد، بەڵام ئێمە هەڵەکان لە خۆمانەوەیە، بۆچی فارس توانی دەوڵەت دروست بکات و ئێستاش هەر بەناوی دەوڵەتێکی ئیسلامییەوە ناسراون»(١٦).

عەبدولکەریم کەرکووکیش دەڵێت: «کورد نەیتوانیوە شانبەشانی هەستی نەتەوەیی هەستی ئایینی بەکاربهێنێ، کە دوو فاکتەری سەرەکیی و تەواوکەری یەکن»(١٧).

تەنانەت ئایین هۆکارێکی سەرەکی بووە لە دامەزراندنی چەندین دەوڵەت و ئیمپراتۆریەت لە مێژووی کۆن و نوێدا، هەروەک هاوڕێ باخەوان دەڵێت: «لە بەرچاومانە و دەبینین، کە چۆن هەستی ئاینی فەلە بووەتە ئایدۆلۆژیا و دامەزرێنەری دەوڵەتی (ڤاتیکان).... ئاینی جوولەکەش بووە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلی»(١٨).

**٤- هۆکاری لاوازیی هۆشیاریی سیاسیی، یان نەبوونی عەقڵیەتێکی دیپلۆماسی:**

شۆڕش و راپەڕین و هەڵچوونەکانی مێژووی رزگاریخوازی گەلی کورد، هیچ کات خاڵی نەبووە لە عەقڵیەتی میلیتاریی و میلیشیایی، هەمیشەش خاڵیی بووە لە عەقڵیەتی سیاسیی و دیپلۆماسیی، کە بەرنامە و رەنگرێژییان بۆ بکات، پاشان ستراتیژ و تاکتیک بۆ شۆڕش و هەڵچوونەکان دیاری بکات و لە هەڵچوونی عەفەویی و دەروونیی و کاتیی دووریان بخاتەوە، هەروەها پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتەکانی رۆژگاری خۆیان بۆ دەستخستنی ماف و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد، ببەستن.

مەبەستم نییە نکوڵی لە پەیوەندیی هەندێک لە میرنشینەکان و دەوڵەتانی ناوچەیی بکەم، بەشێوەیەکی رەها، بەڵکو مەبەستمە ئاماژە بەوە بدەم لە هەر رۆژگار و کات و شوێنێکدا، میرنشینێک پەیوەندییەکی سیاسییانە و تاڕادەیەک دیپلۆماسییانەی بە هەر دەوڵەت و لایەن و ئیمپراتۆریەتێکەوە هەبووبێت، لایەن و هێزە کوردییەکە هەمیشە خۆی بە بچووک زانیوە، بەرامبەریشی بە گەورە، بە دەسەڵات، وا خۆی بینیوە کە موحتاجە و بەرامبەرەکەیشی وا سەیرکردووە دابینی ئەو ئیحتیاجەی بۆ دەکات، ئەمە ئەگەر توێژینەوەیەکی سایکۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی بۆ ئەم حاڵەتە بکەین، لەلایەکەوە، لاوازیی ئیرادەی کەسێتی کورد و لەلایەکی تریشەوە، ئامادەنەبوونی هۆشیاریی سیاسییە لای تاکی کورد، کە سەرکردەکانیش هەریەکێکیان تاکێکن بۆ خۆیان، لێرەشەوە کۆمەڵگا لەو تاکانە پێکدێت و هۆشیاریی و عەقڵیەتی سیاسیش بوونی نابێت لە وەها کۆمەڵگایەکدا.

دیوێکی تری گرفتەکە لەوێوە دەستپێدەکات، کە عەقڵیەتی میلیتاریی و شەڕەنگێزیی بەسەر بیرکردنەوە و بریاردانی سیاسیی و گشت لایەنەکانی تری ژیانماندا زاڵە، بە جۆرێک کە لە نێوان میرنشینێکی کوردیی و یەکێکی تری هاوزمان و هاوخەباتی خۆیدا، ناکۆکبوون و پەیوەندییان یان لە حاڵەتی لاوازییدا بووە، یان لە حاڵەتی بنبەستدا بووە، واتە: بە کەمی دوو میرنشین دەبینین، کە پەیوەندییان لە حاڵەتێکی بەرز و باشدا بووبێت.

هەر لاوازیی ئەم لایەنەش بووە لە سەرکردە و شۆڕشەکانیاندا، کە دوژمنانی توانیویانە پیلانی دوژمنکارانەیان بۆ تواندنەوەی شۆڕش و راپەرینەکانی گەلی کورد دابرێژن،

بەپێچەوانەوەشەوە، زاڵبوونی عەقڵیەتە میلیتاریی و شەڕەنگێزییەکە بەسەریاندا، بەشێوەیەک کە کۆنترۆڵی عەقڵیانی کردووە، بۆتە هۆی ئەوەی زۆر شۆڕش و ڕاپەڕین و میرنشینی کوردی، کە ڕووخان و نەماون، یان نەیانتوانیوە لە بەرانبەر پیلانی دوژمنەکانیاندا ڕاوەستاو بن، هۆکاری ناوبراو بوو، کە ئاماژەمان پێکرد.

هەروەک (عبدالرقیب یوسف) لە هۆیەکانی ڕووخانی دەوڵەتی (دۆستەکی)دا، دەستنیشانی ئەم هۆیە دەکات و دەڵێت: «کاڵ و کرچی سیاسیی (ناصر الدوله) و لاوازیی توانا سیاسییەکانی بۆ حوکمکردنی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان، یەکێک بووە لە هۆیەکانی ڕووخانی دەوڵەتی دۆستەکی»(١٩).

هەروەها لەلایەنە لاوازەکانی (پاشاکۆرە ـ میر محەمەد)، کە مێژوونووسان دەستنیشانی دەکەن، نەشارەزایی و لاوازیی لایەنی هۆشیاریی سیاسیی و عەقڵیەتی سیاسییە، لەوبارەیەوە حوسێن مەدەنی دەڵێت: «میر محەمەد ئەوەندەی لە ئیدارەکردنی کوردستان کارامە بوو، لە سیاسەتی نێودەوڵەتان ناشارەزا بوو، لەڕاستییدا ڕێگای سیاسەتێکی سووتاوی گرتبووەبەر، دەیویست لە ناکۆکی نێوان ئێران و تورکیا کەڵک وەربگرێ»(٢٠).

دیپلۆماسیەتی کوردی بە درێژایی مێژوو، لەگەڵ سەرجەم شۆڕش و ڕاپەڕیندا هەر بە لاوازیی و کەموکورتییەوە ئامادەگی هەبووە. لەمبارەیەوە (عبدالرزاق عبدالرحمان) دەڵێت: «دیپلۆماسیەتی کورد هەر لە کۆنەوە تا ئێستا لاواز بووە، کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی گەشەکردنی عەقڵی کورد خۆی، کە کەمتر دەرکی بەو بوارە کردووە، زیاتر لەناو بیر و کاری چەکداریی و سنوورەکانیدا ژیاوە»(٢١).

بۆیە دەتوانین بڵێین: کاتێک مێژووی کورد بە مێژووی کۆن و هاوچەرخ و نوێوە، دەخوێنینەوە، شەرمەزاریی و تەریقبوونەوە دامان دەگرێت، چونکە ئەوەندە بە شەڕ و شۆڕ و جەنگ و خۆئامادەکردن بۆ (جەنگ)ەوە خەریک بوون، کەمتر بە بوارەکانی ترەوە خەریک بوون.

تەنانەت لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆماڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئێستاشماندا، ئەوەندەی حیزبە کوردییەکان بیریان لە دروستکردنی میلیشیا کردووەتەوە، زۆر لەوە کەمتر خەم و هەمیان لە بابەت و شتی تر کردووەتەوە. د.کوردۆ عەلی دەڵێت: «من (شەرەفنامە)م(٢٢) ناوناوە (شەرمنامە)، چونکە کە دەیخوێنمەوە شەرم دەکەم، کە هەر باسی کوردکوژیی و کوردقڕان و براکوژییە»(٢٣).

### ٥. هۆکاری ئابووری:

لایەنی ئابووری، یان بە واتایەکی تر پارە و سەروەت و سامان، یاخود لایەنی ماددی، یاخود هەر زاراوە و چەمکێکی تر، کە هەمان مانا ببەخشێت، بۆ سەرجەم جوڵە و هەڵسوکەوت و چالاکیی و کاروبارێک، زۆر گرنگە و ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە دەستنیشانکردنی تەنانەت ڕەوت و ئاراستەی شۆڕش و ڕاپەڕین و بزاڤ و بزووتنەوەکان، بەشێوەیەک ئەگەر (پارت، ڕێکخراو، حیزب) یان هەر لایەن و وڵاتێک، کە سەربەخۆ نەبوو، یان نەبێت لە سەرچاوە و لایەنی دارایی و ئابووری، یاخود بە زاراوەی سیاسی ئەمڕۆ (سەربەخۆیی ئابووری) نەبێت، ناتوانێت خاوەنی بڕیاری خۆی بێت، ئەو کاتە ئەو بزاڤ یان شۆڕش یاخود وڵاتە، ناتوانێت ئامانجە باڵاکانی وڵات و هاونیشتمانیان بهێنێتە دی.

ئەوەی مەبەستمە ئاماژەی پێبدەم، ئابووری کوردستان و شێوەژیان و بەرهەمهێنان و بەکارهێنانە لە کوردستان، بە هۆی هۆکارە جوگرافیی و جیۆپۆلەتیکییەکەوە، دانیشتوانێکی کەم ناوچەیەکی ڕووبەر فراوانیان داگیرکردووە و بەشێوەیەکی نازانستییانە کێڵگە و لەوەڕگاکانیان بەکارهێناوە و سامانی ئاژەڵیش بەهۆی خراپی

## پەرتەوازەیی و دووبەرەکی بەدرێژایی مێژوو لەگەڵ گیانی شۆڕش و ڕاپەڕینە کوردییەکاندا ئامادەگی هەبووە

جۆری ئاژەڵەکان و بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی و کەمیی لەوەڕگا و ئالف (ئالیک) بە هەمان ئاقار و ڕێڕەودا ڕۆیشتووە، لێرەشەوە کشتوکاڵ و سامانی کشتوکاڵ، لە ڕووی چۆنیتی و چەندێتییەوە، زۆر کەم و لە ئاستی پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆدا نەبووە.

هەموو ئەوانەی باسمانکردن بوونەتە هۆی ئەوەی سامان و داهات بە بڕی گەورە نە لای میرنشین و نە لای سەرۆک خێڵ و هۆز و تاک تاکەی کۆمەڵگای کوردەواری کۆنەبێتەوە. بێگومان کە سەروەت و سامانیش بە ڕێژەی زۆری لە کۆمەڵگادا بوونی نەبێت، پڕۆژە و کاری خزمەتگوزاری لە ئاستێکی زۆر نزمدا دەبێت.

پێشکەوتن و پەرەپێدانی بواری خزمەتگوزاریش دواجار کاردەکاتەوە سەر زۆربوونی دامودەزگای خزمەتگوزاری وەک: دامودەزگای تەندروستیی و خوێندن و ..... هتد، هەموو ئەو لایەنانەش دواجار نەوەیەک پەروەردە و فێر دەبێت، کە ئەگەر بەشدار بێت لە هەر چالاکییەکی کۆمەڵایەتیی و سیاسی جیاواز دەبێت لە تاکێک، یان لە کەسێک، کە نموونەی زۆرە و زۆر بووە لە کۆمەڵگا و چالاکییەکانی کۆمەڵگای ئێمەدا، کە شۆڕش و هەوڵدانیش بۆ گەیشتن بە دەوڵەت بەشێکن لەو چالاکیانە، ئەمانە هەمووی لەلایەک، لە لایەکی تریشەوە، داگیرکارانی کوردستان بە درێژایی مێژوو لەگەڵ داگیرکارییان هەوڵیان ئەوەبوو، کە خێروبێری کوردستان بۆ مەبەست و بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن، یان لە شێوەی تاڵان و بڕۆدا، بەرەو وڵاتانی خۆیان بردوویانەتەوە، یاخود بڵێین دزیویانە.

کوردستانیش لەبەرئەوەی بەسەر چوار وڵاتدا دابەش بووە و پێش ئەوەش و لە دوای چاڵدێران (١٥١٤ز)ەوە، کوردستان بە سەر دوو ئیمپراتۆریەتی گەورەی عوسمانی و سەفەویدا، دابەش ببوو، لێرەوە و لە هەموو کات و سەردەمێکدا ئابووری کوردستان بەرەو خەزێنە و ناوەندی ئابووری ئەو وڵاتانە چووە، کە کوردستانیان بە سەردا دابەشبووە و هەر ئەم هۆیەش بۆتە هۆی دروستنەبوونی ناوەندی ئابووری کوردستان.

عەتا قەرەداغی لەمبارەیەوە دەڵێت:»لە مێژووی نوێدا دابەشکردنی کوردستان بەسەر چەند دەوڵەتێکدا، نەک هەموو ئەگەرێکی دروستبوونی ناوەندی ئابووری لە کوردستاندا هەڵوەشاندووەتەوە، بەڵکو میکانیزمی ئاڕاستە جوڵەی ئابووری کوردستانیشی بە چەندین ئاڕاستەی دژبەیەک و پشت لە ناوەندی کوردستان و ڕوو لە ناوەندە ئابوورییەکانی ئەو دەوڵەتانەی بوون بە فەرمانڕەوا بەسەر کوردستانەوە»(٢٤) لێکەوتۆتەوە.

دروستنەبوونی ناوەندی ئابووری کوردستان، وایکردووە لەلایەک ئابووری لە کوردستان کۆنەبێتەوە و لەلایەکی تریشەوە، زەمینەی نەبووە بۆ ئەوەی ئابووری وەک ژێرخانی کۆمەڵایەتی دروست بێت، لێرەشەوە زەمینە نەڕەخساوە بۆ دامەزراندنی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بە

دەوڵەتیشەوە. لەمبارەیەوە عەتا قەرەداغی لە شوێنێکی تردا دەڵێت: «لە مێژووی کۆندا بە ڕوانینی (مەسعود محەمەد) ئابووری کوردستان دووچاری لەبەر ڕۆیشتن هاتووە، واتە: ئابووری کوردستان لەلای دەوڵەت کۆنەبۆتەوە، هەر بەوپێیەش ئابووری وەک ژێرخانی کۆمەڵایەتی نەیتوانیوە زەمینە بۆ دروستبوونی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان برەخسێنێت بە دەوڵەتیشەوە»(٢٥).

لەبەرڕۆیشتنی ئابووری کوردستان، بەرەو وڵاتانی دەرەوە و وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، بە زاراوەی ئابووریی ڕامیاریی ئەمڕۆ ناودەبرێت بە «خوێنبەربوونی ئابووری ـ النزیف الاقتصادی»، (هاوڕێ باخەوان)یش لە کتێبی («ئاڵای کوردستان»دا ئاماژەی بەم حاڵەتە کردووە.

**٦ ـ هۆکاری بوونی نەوت و کانزاکانی تر:**

کوردستان دەوڵەمەندە بە چەندین کانزا و سامانی سروشتیی و بوونی چەندین ڕووبار و زێ و سەرچاوەی ئاوی سروشتی تێدایە، بەپێی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیای، تیشکی ڕۆژ (خۆر) بەڕێژەیەکی زۆر دەکەوێتە سەر ناوچەی کوردستان، هەر لەبەرئەوە دەتوانرێت لە داهاتوودا سوودی زۆری لێ ببینرێت بۆ پەیداکردن و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا.

لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە و پاشانیش دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت لە شاری کەرکوک لە ساڵی ١٩٢٧ و لە دوای ٢٠٠٣یشەوە، کاتێک ڕژێمی بەعس ڕووخا، هەولێر و بەغدا، چاویان لەسەر نەوتی کوردستان، بە تایبەت بیرە نەوتەکانی شاری کەرکوک و دەوروبەری بوو، چونکە یەدەگی نەوت تیایاندا بە زیاد لە (١٣) ملیار بەرمیل دەخەمڵێنرێت، واتا بە ڕێژەی لە (١٢٪)ی کۆی هەمووی نەوتی یەدەگی عێراق(٢٦)، هەروەها نەوت و گازی سروشتی لە چەندین ناوچەی دیکەی هەرێمی کوردستان دۆزرایەوە، ئەوەش هانی کۆمپانیا زەبەلاحەکانیدا، کە بێنە کوردستان و وەبەرهێنان لەو بوارەدا بکەن، لە ٢٠٠٩/٧/١یشدا، هەرێم بۆیەکەمجار و بە فەرمیی نەوتی هەناردەی دەرەوە کرد(٢٧).

بۆیە بایەخی کوردستان لە ئێستا و ڕابردووشدا، لای وڵاتانی ڕۆژئاوا تادەهات زیاتر دەبوو، ئەوەش دیارە بۆ دەستگرتن بەسەر دەرهێنان و بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی نەوت و سامانە سروشتییەکانی دیکەی، بۆ دابینکردنی کەرەستەی خاو بۆ پیشەسازییەکانی خۆیان، چونکە نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت بەهۆی شۆڕشی پیشەسازییەوە، کە لە ئەورووپادا لە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەدا سەریهەڵدا و بووە هۆی زۆربوونی بەرهەم و پێویستی پەیداکردنی کەرەسەی خاو، بە کەمترین نرخ و هەروەها هەوڵدان بۆ پەیداکردنی دەستی کار(کرێکار)ی هەرزان و پەیداکردنی بازاڕ بۆ ساخکردنەوەی شمەک و کەلوپەلی کارگە و کۆمپانیاکانی وڵاتە ئەورووپییەکان، هەموو ئەمانە هۆکاربوون بۆ پەلاماردان و داگیرکردنی وڵاتە دەوڵەمەندەکان لە ڕووی سەرچاوەی سروشتیی و نەوت و کانزاکانی تر، بێگومان ـ کوردستان ـ یەکێکە لەو وڵات و ناوچە دەوڵەمەندانەی، کە هەموو کات و سەردەمێک موعەڕەز بووە بۆ داگیرکردن.... گومانیشی تێدا نییە لە کات و ساتی داگیرکاریدا، هەموو پرۆژە و نەخشە و ڕەنگرێژییەک، بۆ هەر مەبەست و ئامانجێک بێت، بە دامەزراندنی دەوڵەتیشەوە، لەکار دەکەوێت و ناتوانرێت بهێنرێتەدی، چونکە هاوڵاتیان لەو کاتەدا ئەرکی شۆڕش و ڕزگاریخوازییان دەکەوێتە سەرشان، ئەستەمیشە بتوانرێت پرۆژەی دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ، گەڵاڵە بکرێت.

گووتمان کوردستان سروشتەکەی وا هەڵکەوتووە، کە خاوەنی نەوت و جۆرەها کانزای تریشە، ئەمەش هۆیەکە بۆ ڕاکێشانی وڵاتانی داگیرکەر بۆ داگیرکردنی کوردستان. لەمبارەیەوە د.نەبەز مەجید دەڵێت: «بوونی نەوت هۆکارێک بووە بۆ ڕاکێشانی ئینگلیز بەرەو کوردستان».(٢٨)

هەربۆیە دەبینین ئینگلیزەکان(بەریتانیا) دوای پێزانین و هەستکردن بەبوونی بڕێکی زۆری نەوت لە (بابا گوڕگوڕ) زیاتر جەختی لە سەر ئینتیدابی کوردستان کردەوە، دواتریش لەسەر داگیرکردنی ئەوەی زیاتر بایەخی دەستبەسەرداگرتنی ناوچە نەوتییەکان لای وڵاتانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی زیاتر دەکات، ئەوەیە کە (نەوت)ی ناوچە کوردییەکان بەتایبەتی (باباگوڕ گوڕ) خاسیەت و سیفاتی زۆر باش و چاکی هەیە و لە ڕووی ئابوورییەوە بەنرخە. لەمبارەیەوە (عبدالرزاق عبدالرحمان) ئاماژە بە چەند خاسیەتێکی باشیی و بەنرخی نەوتی کوردستان دەکات، لەوانە: نرخی دەرهێنان و گواستنەوەی نەوتەکەی هەرزانە، خەسڵەتی جیۆلۆجی لە پاڵ خەسڵەتە جوگرافییەکەی، بۆتە هۆی ئەوەی بەرهەمهێنانی یەک بەرمیل لەم چاڵە نەوتییانە دابەزێت بۆ نزمترین ڕادەی جیهانی(٢٩).

### ٧- هۆکاری کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆجی یان کۆمەڵناسی):

هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان زۆر گرنگن بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی هۆکار و دەرەنجامەکانی هەر شۆڕش و ڕاپەڕین و ڕووداو و چالاکی و نشووستییەک کە دواتر لەو شۆڕش، یان ڕاپەڕین و بزاوتانە کەوتۆتەوە، بەڵام دیسانەوە بەهۆی نەبوونی هۆشیاریی لای میللەتی کورد، گرنگی نەدراوە بەم هۆکارانە و لایەنە سلبیەکەیشی کە هەیبووە.

خاسیەتێکی بەرچاو و زەق و ئاشکرا لەهەمانکاتدا، کە بۆتە تایبەتمەندییەکیش بۆ سستەمی کۆمەڵایەتی میللەتی کورد، مانەوەی دەسەڵات و عەقڵیەتی خێڵە بەسەر ئەو سستەمەدا، نەک هەر مانەوەشی، بەڵکو زۆر زاڵە بەسەر عەقڵیەت و بیرکردنەوەی سەرکردەکانمان، لێرەشەوە حیزب و پارتەکان هیچ نین و لە هیچ ناچن، جگە لە دامەزراوەیەکی خێڵەکی لە شێوەی هۆز و تیرە و بنەماڵە و عەشرەت و... تاد.

لەمبارەیەوە (عبدالرزاق) دەڵێت: «بەرچاوترین تایبەتمەندییەک، کە لە سستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کورد بەدی دەکرێت، مانەوەی پەیوەندی خێڵەکییە، چونکە زاڵە بەسەر پەیوەندییەکانی تردا، لەناو هەندێک خێڵ لەپێشەوەی هەستی ئایینی و نەتەوەییەوەیە، ئەم سروشتە ڕەگی بە قوڵی لە ژیانی کۆمەڵایەتیی و سیاسی کورددا داکوتاوە»(٣٠).

عەقڵیەت و کەلتووری خێڵ وایکردووە لە زۆربەی کات و ساتی ژیانمان و چالاکییەکانمان بەرژەوەندی تاک زاڵبێت بەسەر بەرژەوەندی کۆمەڵدا، بەرژەوەندی سەرۆک هۆزێک، یان بنەماڵەیەک چۆن بووبێت، پێویست بووە بەرژەوەندیی و ویستی کۆمەڵیش وابێت، ئامانج و مەبەستی پیرۆز کراوەتە قوربانی بەرژەوەندیی و ئامانجی تایبەتی (بنەماڵە، حزب، خێڵ، هۆز،)یک.

## دووەم: هۆکارە دەرەکییەکان:

هەروەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، هۆکارەکان دوو جۆرن، یەکەم هۆکارە خودییەکان، یان هۆکارە ناوخۆییەکان، دووەمیش هۆکاری بابەتی (موضوعی)، یاخود هۆکارە دەرەکییەکان.

ناکرێت تاوانەکان هەموو بخرێنە سەر هۆکارە ناوخۆییەکان و هۆکارە دەرەکییەکان و کاریگەرییان و ئەو دەورە نێگەتیفییەی، کە هۆکارە دەرەکییەکان هەیبووە لەبیر بکرێن، بەڵام هۆکاری دەرەوەش نەیتوانیوە کاریگەر بێت، ئەگەر چەند هۆکارێکی ناوخۆ یارمەتیدەری نەبووبێت، هەروەک لە بوونی (نەوت و کانزاکان) وەک هۆکارێکی ناوخۆ دەوری هەبووە لە ڕاکێشانی هۆکارە دەرەکییەکە، بەهۆی لاوازیی عەقڵییەت و توانای سیاسییەکان و نەبوونی هۆشیاریی دیپلۆماسی، کورد هەمیشە و هەر ڕۆژەی پیاوی حکومەت و دەوڵەتێک بووە و هەر کە یەکێکی تازە هاتووە بۆتە پیاو ئەو، ئەمەش لێکدانی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد نییە لە

(سفر) و واش نییە، کە بوترێت کورد بە ئاسانی خۆی داوە بەدەستەوە، بەڵکو مەبەستم زیاتر لەم ساڵانەی دواییە، بەتایبەتی لە پێش و دوای جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی.

هۆکارە دەرەکییەکان بەم شێوازە دابەش دەکەین و لێیان دەدوێین:

**١- هێرش و پەلامارە خوێناوییەکان بۆ سەر کوردستان لە مێژووی کۆن و نوێدا:**

لە مێژووی کۆندا کوردستان، یان ڕاستتر بڵێین ئەو ناوچانەی، کە کوردی تێدا ژیاوە، وەک وڵاتی میزۆپۆتامیا (وادی الرافدین) کەوتوونەتە بەر چەندین هێرش و پەلاماری خوێناویی و داگیرکاری، کە دەوڵەت و ئیمپراتۆرەکانی ئەوکات، بەدەرلەوەی کە بە سوپای گەورەوە هاتوون و ناوچەکەیان تووشی داگیرکردن و وێرانیی و تاڵان و بڕۆ کردووە، زۆرجاریش مەیدانی شەڕ و شۆڕەکانیشیان واتە: شەڕگەکانیان لە ناوچە و هەرێمە کوردییەکان بووە.

لەمبارەوە فازیل قەرەداغی دەڵێت: «لە مێژووی کۆندا نموونە زۆرە، لەوانە هێرشی ئاشوورییەکان، کە لە سەدەی سیانزەیەمینی (پێش زاین)ەوە، دەستپێدەکات تا یانزەی پێش زاینی خایاندووە، کوشتنی دانیشتوان و سووتاندنی گوند و شارەکان و ئازاردانی دیلەکان تا مردن، کارێکی بەردەوامی پادشاکانی ئاشوور بوو، شانازییان پێوە دەکرد»(٣١).

قەرەداغی، لە شوێنێکی تردا دەڵێت: «هەروەها هێرشی هیرقلی بیزەنتی بۆ شارەزوور، کە لەمیانەی جەنگەکەی دژی ئێران چی لە بەردەمدا بوو وێرانی کرد، و هێرشی (جلال الدینی خوارزمی) ساڵی (١٢٢٢) بەدواوە، کە لە ڕۆژهەڵاتەوە هات و وێرانکارییەکی کەموێنەی ئەنجامدا»(٣٢). پاشان هێرشی تەتار و مەغۆل و ئەو کوشت و کوشتار و وێرانکارییەی ئەنجامیاندا، سەرجەمیان بە خاک و ئەرزی کوردستان و هەرێمە کوردییەکاندا تێپەڕیون و قوربانی یەکەم دانیشتوانی ئەو هەرێمە کوردییانە بوون.

لە مێژووی نوێشدا دەیان نموونە هەیە، ئەگەر تەنیا ئاماژە بدەین بە کوشت و کوشتار و وێرانکاریی و تاڵانی و داگیرکردنی کوردستان، لە لایەن ڕژێمە دەسەڵات بەدەست و خەفەکەرەکانی هەستی ئازادیی و سەربەخۆیی گەلانی ژێردەسەڵاتیان، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت چ ئاسەوار و کاریگەرییەکیان لەسەر چالاکییە جۆربەجۆرەکان، بە هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردیشەوە، لەسەرمان بەجێهێشتووە.

ڕژێمی عەلمانیی کەمالیستی تورک، لەگەڵ هاتنە سەر حکومی، یەکەمین بزووتنەوەی کوردی بە سەرۆکایەتی شێخ سەعیدی پیران(١٩٢٥) هەڵوەشاندەوە و شێخ خۆشی لەسێدارەدرا.

کارو کردەوەی دوور لە هەموو یاساکانی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقیش، ئەوەندە ناشیرین و بەدن، باسکردنیان مرۆڤ دەلەرزێنێت، ئەگەر تەنیا کوشت و کوشتار و وێرانکاریی ڕژێمی بەعسیش بەنموونە وەربگرین، ئەوە کاتێکی زۆرمان دەوێت. هەر ئەوەندە هەیە دەتوانین بڵێین: ڕژێمی بەعس زیاتر لە (٥) هەزار گوندی وێرانکرد، زیاتر لە (٢٠٠) هەزار ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتەی بێسەرو شوێن کرد، دەیان شوێن و ناوچەی تەعریب کرد، جۆرەها چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی تاگەیشتە کیمیاباران و پرۆسەی بەناو ئەنفال و دەیەها کارو کردەوەی تری، دوور لە هەموو بنەمایەکی شەرعی و یاسایی، لەسەرمان جێبەجێ کرد. ئێرانیش دەیەها شۆڕش و ڕاپەڕینی بەجۆرەها شێواز خەفە کردووە و دەیان هێرشی بۆ سەر هەرێم و ناوچە کوردییەکان کردووە.

تا هەنووکەش تورکیا لە هەندێک ناوچە و شارە کوردییەکان حوکمی عورفی و حاڵەتی نائاسایی ڕاگەیاندووە و پەیڕەوی لێ دەکات، ئەوە سوریا شایانی هەر باس نییە.

**٢. پیلانی هەمەلایەنە و ڕێکەوتنی دەوڵەتی زلهێزەکان بۆ دەستخستنی بەرژەوەندی خۆیان:**

ئەگەرچی، دەوڵەتە زلهێزەکان لە نێوان خۆیاندا ناکۆک بوون و شەڕ و جەنگی درێژخایەن لە نێوانیاندا ڕوویداوە، کە ئەمەش هەر بۆ دەستخستن و چەسپاندنی زیاتری بەرژەوەندییەکانی خۆیان بووە، بەڵام دژی خواستی ڕزگاریخوازیی و ئازادیخوازیی میللەتان، هەمیشە هاوپەیمانی و گەلەکۆمەکێ و پیلانی هاوبەشیان بۆ ئەو مەبەستە دارِشتووە.

گەلی کورد دۆست و هاوپەیمانی زۆری هەبووە لە سات و کاتی جیاوازدا، گوایە بەڵێن و پەیمانیان پێداوە، کە پارێزگاریی لە بوون و ماف و شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی بکەن، بەڵام ئەو پەیمان و بەڵێنانە، هەرئەوەندە درێژەی کێشاوە، کە تەریب بووبێت لەگەڵ خواست و بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێز، بەپێچەوانەوە هەرکاتێک، بەرژەوەندییان وای پێویست بووبێت، کە بەردەوام نەبن لە سەر پەیمان و بەڵێنەکانیان، ئەوا نەک هەر پێشێلکاری پەیمان و بەڵێنەکانی خۆیان بوون، بەڵکو بوونەتە دوژمنی سەرسەختی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان و هاوکاریی و کۆمەکی دوژمنانی کوردییان کردووە.

نزیکترین نموونە لێمانەوە، پشتکردنە گەلی کورد و ڕووکردنە شیعە بوو، کە لە (١٦ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ -٢٠١٧-)دا، لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیانەوە بینیمان. تەنانەت وڵاتە نەیارەکانی وەک ئێران و ئەمریکاش دژ بە کورد لەیەک بەرەدان، هەروەها هاوپەیمانی نێوان (عێراق، ئێران، تورکیا) و ڕێکەوتنیان و هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ، هەموو ئەوانە بەرژەوەندیی سیاسیی و ئابووریی کۆیان دەکاتەوە.

ڕووسیاش، لە سەرەتادا بەڵێنی بە قازی محەمەددا، کە پارێزگاری لێ بکات و کۆمەکی بکات، بەڵام ئەو بەڵێنەی ساڵێکی تەواو درێژەی نەکێشا و پشتی لە گەلی کورد و شۆڕشەکەی قازی محەمەد کرد، دواجاریش بەکۆتایی هاتنی کۆمای مەهاباد و لە سێدارەدانی قازی و هاورێکانی لە مەیدانی چوارچرا کۆتاییهات.

کەسیشمان ستەمی وڵاتە زلهێزە ڕۆژئاواییەکانمان لە یاد نەچووە، کە لەژێر ناوی ڕێکەوتننامەی «سایکس ـ بیکۆ»، لە (١٩ی ئازاری ١٩١٦)دا مۆرکرا، بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیە وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دۆڕاو لە جەنگی یەکەمی جیهانی، دابەشکرا بە سەر (بەریتانیا و فەرەنسا و ڕوسیای قەیسەری)، کە کوردستانیش یەکێک بوو لەو هەرێم و وڵاتانە.

هەروەها سەپاندنی ڕژێمی «ئینتیداب» بەسەر وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی هەڵوەشاوەی دوای جەنگی یەکەمی جیهان، جۆرێکی تر بوو لەو ڕێکەوتنە هاوبەشیانەی وڵاتانی زلهێز و داگیرکەری ڕۆژئاوایی، کە بەناوی چاودێریکردن و سەرپەرشتیکردنی وڵاتانی دروست بوو لە ئەنجامی پارچە پارچەبوونی دەوڵەتی عوسمانی.

هەروەک ئەمانەش هەردوو پەیمانی «سیڤەر» و «لۆزان» تەواوکەرێکی تری پەیمان و ڕێکەوتنە جیهانییەکان بوون بۆ داگیرکردنی خاکی وڵاتان. بەپێی پەیمانی سیڤەر (١٠ی ئابی ١٩٢٠)، بڕیاردرا کورد سەربەخۆ بێت، بەڵام بەپێی پەیمانی (لۆزان)، کە لە ٢٤ی تەموزی ١٩٢٣ کوردستانی گەورە دابەشکرا بە سەر دەوڵەتاندا، ئەوەش بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەر.

کەواببوو بۆمان دەرکەوت، کە چۆن پیلان و ڕێکەوتننامە جیهانییەکان بوونەتە شێواز و جۆرێکی تری داگیرکاری، لەم حاڵەتەدا داگیرکەر بە چەک و سەرباز، داگیرکاریی ئەنجام نادات، بەڵکو لە ڕێگەی ئەو پەیمان و ڕێکەوتنامانەوە ئەنجامی دەدات، کە هەر جارە و بەناو و بیانووی جۆراوجۆرەوە دەری دەکەن و وڵاتانی ژێردەستە و لاواز و کەمدەرامەتی ئابووریی و دواکەوتوو لە ڕووی تەکنەلۆژییەوە، هیچ ڕێگەچارەیەکیان نییە،

جگە لە جێبەجێکردنی دەقاودەقی ئەو پەیمان و ڕێکەوتننامانە.

(عبدالرزاق عبدالرحمان) لەمبارەیەوە دەڵێت: «بەمشێوەیە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەمڕۆ، دەرهاویشتەی ئەو تەرتیباتە سیاسییەیە کە لە ڕێکەوتنی سایکس بیکۆوە دەستیپێکرد و بە سیڤەر و لۆزاندا ڕەت بوو، ئامانجەکەشی بەرژەوەندی ڕۆژئاوا بوو»(٣٣).

**٣. دەرەنجامەکانی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی:**

جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی، لە پاش تەواوبوون و کۆتایی پێهاتنیان، گەلێک دەرەنجام و کاریگەریی خراپیان بە دواوە بوو، بەتایبەتی جەنگی یەکەمی جیهانی، هەر بەکۆتایی هاتنی ولاتە براوەکان لە جەنگدا، چاویان بریە سەروەت و سامان و خاکی ولاتە دۆڕاو و شکاوەکان لە جەنگدا، بەتایبەتی دەوڵەتی عوسمانی، کە ولات و خاک و هەرێم و ناوچەیەکی زۆر و بەربڵاوی لەژێر دەستدا بوو، پەیمان و ڕێکەوتننامە جیهانییەکانیش، هەر لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگەکەوە، بەسەر ئەو ولاتە دۆڕاوانەدا سەپێنرا.

لە جەنگی دووەمی جیهانیشدا، کورد بە نائامادەیی خۆیی و هەروەها بە پیلانی دەرەوەش، نەیتوانی هیچ شتێک بۆ خۆی (مەبەست لە دەوڵەتە) بپچڕێنێت، هەرچەندە لەو کاتەدا، چەند شێوازێکی خەباتیش بەرجەستە بوو و سوودی لێبینرا بۆ داواکردنی مافی ڕەوای نەتەوەی کورد، وەک: نووسینی یادداشت و هاندنی خەڵکی لەلایەن شاعیرانەوە بە هۆنراوەی حەماسی، بەتایبەتی هۆنراوەکانی بێکەسی شاعیر... هتد، بەڵام سەرجەمیان هیچیان بۆ نەتەوەی کورد پێنەکرا، چونکە داواکاریی و خەباتی گەلی کورد لەوکاتەدا هاوتەریب نەبوو لەگەڵ فراوانخوازیی بەرژەوەندیی ولاتانی داگیرکەردا.

عەتا قەرەداغی لەمبارەیەوە دەڵێت: «لە ئەنجامی جەنگی جیهانی دووەمدا دیسان کورد توانی لە بەشێکی سنوور تەسکی کوردستاندا بانگەوازی دروستکردنی کۆماری مەهاباد بکات و بەفیعلیش ئەو کۆمارەی دروستکرد، بەڵام بەرژەوەندی سۆڤیەت لەئاکامدا لەگەڵ دەوڵەتی ئێرانی نزیکبووەوە و لە ئەنجامی ئەوەشدا سۆڤیەت دەستبەرداری پشتگیریکردنی ئەو کۆمارە تازە دروستبووە بوو، بەوەش دەوڵەتی ئێرانی توانی ئەو کۆمارە لەناوبەرێت «(٣٤).

کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و ڕزگاربوون لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، هەلێکی لەباربوو کورد دەوڵەتێکی سەربەخۆ ڕابگەیەنێت، بەڵام کورد هەمیشە و لە هەموو کاروبارێکی وا چاوەڕێ بووە فەرمووی لێ بکەن، ئەنجا ئەویش بچێتە پێشەوە، هەرچەندە بەلای زۆرێکەوە پێدەچێت ئەوەی من دەیڵێم حکومێکی کتوپڕ بێت، بەڵام ئەگەر بە وردی دیراسەیەک بکەین زۆر هەلمان بۆ هەڵکەوتووە، کەچی چاوەڕوانی کەسی دووەم، یان سێیەم بووین پێمان ببەخشێت، ئەوەش پێچەوانەی سونەتی خەبات و بەدەستهێنانی ئازادیی و سەربەخۆییە، هەروەک قسەیەکی باو هەیە لەناو زۆرێک لە میللەتان و (برایم ئەحمەد)یش کردوویەتی بە شیعر، قسەکە ئەوەیە کە دەڵێت: «ئازادی دەسێنرێت، نادرێت».

لەوبارەیەشەوە عەتا قەرەداغی دەڵێت:»دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی بارودۆخێکی نوێ پێکهات و دەوڵەتی عوسمانی ئەو دەسەڵاتەی نەما، بۆیە کاتێکی لەباربوو بۆ کورد»(٣٥).

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١- فازیل قەرەداغی، «گەڕان بە دوای هۆکارەکانی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردستان لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ»، گۆڤاری ڕابەر، ژ(٣٧).

٢- ه.س.پ.

٣- تەلەفزیۆنی یەکگرتوو/ سلێمانی، بەرنامەی «ئەلبومی یادەوەرییەکان» شەوی ٨/٧ ـ ١ـ ٢٠٠٢. ئەم بەرنامەیە بە چوار ئەڵقە پێشکەشکرا لە [ ٧ـ ٢٠٠٢/١/١٠].

٤- دکتۆر جەلیلی جەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠، و.د. کاوس قەفتان، بەغداد، ساڵی ١٩٨٧، ل١٧.

٥- هاوڕێ باخەوان، ئاڵای کورد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، زنجیرە ١١٧، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١١١.

٦- فازیل قەرەداغی، س.پ.

٧- عەتا قەرەداغی، س.پ. ل٩٧ .

٨- تەلەفزیۆنی یەکگرتوو: س.پ.

٩- عەبدولکەریم کەرکووکی: سەدەیەک خەبات و چارەنووسێکی نادیار، بەشی ڕووناکبیریی و ڕاگەیاندنی مەکتەبی ڕێکخستنی کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان/ عێراق، چ١، ٢٠٠٢.

١٠- سەرجەمی ئەو بەیتە شیعریانەم لە کتێبەکەی (عبدالرزاق عبدالرحمان) وەرگرتووە.

١١- عەتا قەرەداغی: س.پ، ل٩٦.

١٢- هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

١٣- تەلەفیزیۆنی یەکگرتوو/ سلێمانی، بەرنامەی «ئەلبومی یادەوەرییەکان»، ئەڵقەی شەوی ٢٠٠٢/١/٩ .

١٤- س.پ.

١٥- س.پ.

١٦- س.پ.

١٧- عەبدولکەریم کەرکووکی، س.پ.

١٨- هاوڕێ باخەوان، ئاڵای کورد، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١ ، ل١٣.

١٩- عبدالرقیب یوسف، دەوڵەتی دۆستەکی لە کوردستانی ناوەڕاستدا، وەرگێڕانی ئەبوبەکر عەلی، سلێمانی ١٩٩٨.

٢٠- حوسێنی مەدەنی، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، ب١، ل١٢٩.

٢١- عەبدولڕەزاق عەبدولڕەحمان محەمەد، تێڕوانینێک بۆ دۆزی کورد، چ١، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٥٠.

٢٢- شەرەفنامە، مەبەستی کتێبە مێژووییە بەناوبانگەکەی (شەرەفخانی بەدلیسی)یە بەناوی «شەرەفنامە».

٢٣- د. کوردۆ عەلی، کوردستانی نوێ، ژمارە(١٩٨٢) ـ ١٩٩٩.

٢٤- عەتا قەرەداغی، چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگای کوردیدا، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٦٥.

٢٥- عەتا قەرەداغی، کورد و پرسی دەوڵەت...، ل١٠٢.

٢٦- معركة كركوك النفطية، موقع نون بؤست، فريق التحرير، ١٦ أكتوبر ٢٠١٧/.https://www.noonpost org/content/٢٠٣٠٠

٢٧- مراسيم البدأ بتصدير النفط من حقول اقليم كوردستان العراق، موقع حكومة اقليم كوردستان، MON, ١JUN .http://www.gov.krd/a/d٢٠٠٩ a?aspx=٢٩٧٩٩&l=١٤&r=٨١&s =١٠٠٠.

٢٨- تەلەفیزیۆنی یەکگرتوو، بەرنامەی «ئەلبومی یادەوەرییەکان» شەوی ٩ ـ ١ـ ٢٠٠٢.

٢٩- عەبدولڕەزاق عەبدولڕەحمان محەمەد: س.پ، ل٥٧.

٣٠- ه.س.پ، ل١٠٦.

٣١- فازیل قەرەداغی: س.پ.

٣٢- ه.س.

٣٣- عەبدولڕەزاق عەبدولڕەحمان محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨.

٣٤- عەتا قەرەداغی، «کورد و پرسی دەوڵەت...، ل ١٠٨.

٣٥- ه.س.پ، ل ١٠٦.

# کشتی



# ناوەندی (ڕاند) بۆ لێکۆڵینەوە

## مێژوو، شێوازی کارکردن، ئامانج

**پێشەکی:**

بابەتی لێکۆڵینەوەی ناوەندەکانی ئەوروپا یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگی پێدراوەکان، دەیان ناوەندی گەورەیان بۆ دامەزراندووە، ساڵانە ملیارەها دۆلار بۆ لێکۆلینەوە و بەدواداچوون خەرج دەکەن، چەندین لێکۆڵینەوە لە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن، هەموو ئەو کارانەش دەچێتە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتناسی، بەوپێیەی بابەتی ڕۆژهەڵاتناسی یەکێکە لەو بابەتانەی وڵاتانی ڕۆژئاوا زۆر گرنگیان پێداوە، سەدان ساڵە ئەوان کار لە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن، پێچەوانەی ڕۆژهەڵاتییەکان گرنگی زۆر بە چاودێریکردنی نەیارەکانیان دەدەن، بۆ ئەمەش چەندین دەزگای گەورەیان دروستکردووە، چەندین پسپۆڕ سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن لەو ناوەندانە، دواتریش لە شێوەی ڕاپۆرت دەدرێت بە وڵاتەکانیان، لە کاتی ماڵەکردن لەگەڵ ئەو وڵاتانە سوودی لێوەردەگرن.

ڕۆژهەڵاتناسی مێژوویەکی دورودرێژی هەیە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٩٩٩ز لە ڕێگای کەنیسەکانی ئەوروپا قوتابیان دەنارد بۆ قوتابخانەکانی ئەندەلوس بە مەبەستی فێربوونی زانستە ئیسلامییەکان و گەڕانەوەیان بۆ وڵاتانی خۆیان و دەستکردن بە وەرگێرانی ڕۆشنبیری ئیسلامی[١]،



**ئیسماعیل تەها**

بەکالۆریۆس لە زانستە ئیسلامییەکان.
چەندین بەرهەمی وەرگێردراوی هەیە.
چەندین وتاری بڵاوکراوەی هەیە.

لەم ساڵانەی دواتردا رۆژهەڵاتناسی شێوازێکی تازەی وەرگرت، ئەویش خرایە چوارچێوەی ناوەندی تایبەت بەشێوازی وردتر بەدواداچوون بۆ پرسەکان دەکەن، ئەگەر بەراوردێک بکرێت لە نێوان کاری رۆژهەڵاتناسی پێشوو کاری ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ئێستا دەردەکەوێت کە دوو میتۆدی زۆرجیاوازن لە کارکردن لە سەر پرسەکانی رۆژهەڵات. لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە رێگای دامەزراوە سەربازییەکانییەوە شێوازێکی تر هاتە پێشەوە لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون، ئەویش لە رێگای دروستکردنی ناوەندێکی نوێ بوو، بەناوی ناوەندی (راند)، کە یەکێکە لە ناوەندە دیارەکانی ئەم سەردەمە، هەروەها بەیەکێک لە ناوەندە کاریگەرەکان دادەندرێت، بەشێک لە ئەرکی ئەم ناوەندە چاودێریکردنی گرووپ و پارت و ناوەندە ئیسلامییەکانە، ساڵانە چەندین راپۆرت ئامادە دەکات و دەیدات بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەمریکا، ئەوانیش دەیخەنە بەرنامەی جێبەجێکردن و کاری لەسەر دەکەن.

## ناوەندی راند چیە؟

لە پێناسەکەیدا هاتووە: ناوەندی راند ناوەندێکە تایبەتە بە بواری لێکۆڵینەوە، ناوەندێکی قازانج نەویستە، گرنگی بە بواری لێکۆلینەوە دەدات بە هاوکاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی تر، هەروەها لەگەڵ ناوەند و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ناوەندە بازرگانییەکان کار دەکات لەسەر پرسە گرنگەکانی رۆژگار(٢)، راند کار دەکات لە سەر لایەنەکانی پەروەردە، سەربازی، ئابووری، تەندروستی و لایەنەکانی تر، چوارچێوەی کارکردنی فراوانە، سنورێکی دریاریکراوی نیە(٣).

## مێژووی دامەزراندنی(راند):

ناوەندی راند مێژوویەکی درێژی هەیە، ئەو کەسانەی رۆڵیان هەبوو لە دامەزراندنی ئەو دەزگایە، کەسانی سەربازی بوون، جەنگی دووەمی جیهانی دەریخست لە سەرکەوتن لە مەیدانی جەنگ لێکۆڵینەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاریگەری خۆی هەیە، هەروەها زانایان و مامۆستایانی زانکۆ دەتوانن داهێنانی نوێ لە چەک و پێداویستییەکانی جەنگ بکەن.

بەتایبەتیش کاتێک جەنگ کۆتایی نەهاتبێت، پێویستە ناوەندێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوە دروستبکەین لە بواری سەربازی سودی لێوەربگرین بۆ دانانی پلانی تۆکمە لە رێگای لێکۆڵینەوە، تابتوانن بەزووترین کات سەرکەوتن بەدەست بێنن، بۆیە هاب ئەرنۆڵد سەرکردەی هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا نامەیەکی بۆ وەزیری جەنگ نووسی و داوای جێبەجێکردنی پرۆژەی راندی لێ کرد، کە دروستکردنی ناوەندێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوەیە لەلایەن کەسانی شارەزا، ئەو داوایەش بە بریارێکی تایبەت بەپێی گرێبەستی کۆمپانیانی(دۆگلاس) بۆ فرۆکەوانی ئەنجامدرا لە مانگی دیسبەمبەری ١٩٤٥، یەکەم راپۆرتی خۆی لە ساڵی ١٩٤٦ بەرزکردەوە بەناوی (تصميم مبدئي لسفينة فضاء تجربية لدوران حول العالم)(٤).

دوای دروستکردنی ناوەندی راند کەوتنە سەر رێچکەی خۆی، ئەو ناوەندە پەرەی پێدرا لە ناوەندێکی سەر بە وەزارەتی بەگرییەوە بۆ ناوەندێکی سەربەخۆی قازانج نەویست، بە رەسمی دەستکرا بە کۆکردنەوەی پسپۆران و شارەزایان بۆ ئەو ناوەندە، ئەگەر بەوردی سەیر بکەین ئەو ناوەندە چەندین قۆناغی یەک لە دوای یەکی بریوە، لە هەموو قۆناغەکان لێکۆڵەرە دیارەکانی ئەمریکا کاریان لەو ناوەندە کردووە، هەر ئەو کەسانەی لێکۆڵەربوون لەو ناوەندە، دواتر خۆیان راستەوخۆ لە ناوەندەکانی بریار کاربەدەستی باڵابوون.

## هەندێك لە لێکۆڵەرەکان:

لەگەڵ یەکەم هەنگاوی ناوەندی راند چەندین لێکۆڵەری دیار دەستیان بەکارکردن کرد تیایدا، لێکۆلەرەکان پسپۆرییەکانیان جیاواز بووە، چەندین بواری جوارجۆر

بووین، کە ئەمانە چەند نمونەیەکی کەمن لەو کەسانە:

١ـ صموئیل کوهین یەکێکە لەو گەورە لێکۆڵەرانەی ناوەندی ڕاند، لە ساڵی ١٩٥٠ پەیوەندی بەو ناوەندەوە کردووە، داهێنەری بۆبمی نیوترۆنیە لە ساڵی ١٩٥٨(٥).

٢ـ براین مایکل جنگیز: یەکێک بوو لە دیارترین لێکۆڵەران، جنگیز لە ساڵی ١٩٦٠ هاتوتە ناوەندی ڕاند، بە عەمیدی لێکۆڵەرانی بواری تیرۆر ناسراوە، زۆرترین لێکۆڵینەوەی لە ناوەندی ڕاند ئەنجامداوە، ماوەی چەند ساڵێک ئەو ناوەندەی بەجێهێشت و پاشان گەڕایەوە، لە دوای ساڵی ١٩٩٠ پێشنیازەکانی پێشکەش بە ئەنجومەنی پیران و نوێنەران کردووە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا(٦).

٣ـ گراهام فولر: نووسەر و چاودێری دیاری بواری سیاسەت، لە ساڵی ١٩٨٨ لە ناوەندی ڕاند دەستی بەکاکردن کردووە، پێشتریش لە چەندین ناوەندی ئەکادیمی لە ئەمریکا کاری کردووە، بەیەکێک لە ئەندازیارانی لێکۆلەر لە یەکەم جەنگی ئەمریکا لە ئەفغانستان دوای دەرچوونی یەکێتی سۆڤیەت لەو وڵاتە دادەنرێت، خاوەنی بیرۆکەی کودەتای سەربازییە لە پاکستان، هەروەها خاوەنی بیرۆکەی جەنگی دژ بە عێراقە، هەروەها پرۆژەی بەدیموکراسی کردنی جیهانی ئیسلامی.

٤ـ فرانسس فۆکۆیاما دیارترین و بەناوبانگترین بیرمەندی سیاسی هاوچەرخە، نووسەری کتێبی کۆتایی مێژووە، لە ئێستادا ئەندامی ئەنجومەنی ئەمینداریتی ناوەندی ڕاندە(٧).

بەشێکی زۆری کەسایەتییە دیارەکانی ئیدارەی ئەمریکا، لێکۆڵەرن لەو ناوەندە، لەوانە، کۆندالیزا ڕایس، دۆناڵد ڕامسفێلد، هێنری کیسنجەر.

## دەستەی ئێستای بەڕێوبردنی ناوەندی ڕاند:

- مایکل دی ڕیتش بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانکۆی کالیفۆرنیا بەدەستهێناوە، دکتۆرای لە یاسا لە زانکۆی کالیفۆرنیا (لۆس ئەنجلۆس) بەدەستهێناوە، ئێستا سەرۆک و بەڕیوبەری جێبەجێکارە، ڕیتش نزیکەی چل ساڵ دەبێت هاوکاری ڕاندە، ئەوەش لەپێناوی ئەوەبووە، کە ڕاند ببێتە پێشەنگی ئەزموون و شیکاری بیروبۆچوونەکان، بەپشت بەستن بە بەڵگەی دڵنیاکەر، لەپێناو دروستکردنی بڕیار، کاری ڕیتش لەو ناوەندە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٧٥، کە وەک ڕاهێنەر کاریکردووە، پاشان وەک لێکۆڵەر دەستی بەکارکردووە، زیاتر تیشکی خستۆتە سەر ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە سیاسەتی ئەمریکا(٨).

ڕیتش ساڵی ٢٠١١ بۆتە سەرۆک و بەڕێوبەری جێبەجێکار، بەردەوام کار لە سەر فراوانکردنی ئەو ناوەندە دەکات لەپێناو داهێنانی زیاتر ڕاند کاریگەری هەبێت، جگە لەوەش ئەندامی چەند ئەنجومەنێکی ئیداری ڕێکخراوەکانی سیاسەت و خزمەتگوزاریی و لیژنەی ڕاوێژکارییە، لە ئەنجومەنی هاوکارییەکانی فێکردن لە دەزگای نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی.

- پێدرو هوین جێگری یەکەمی سەرۆکە لە لێکۆڵینەوە و شیکاری، بەرپرسی سەرجەم لێکۆڵینەوە و شیکاریەکانە، سەرپەرشتی ٩٥٠ فەرمانبەر دەکات کە لە ناوەندی ڕاند کار دەکەن لە بواری لێکۆڵینەوە، پێشتریش یارمەتیدەری وەزیری بەرگری بوو لە کاروباری ستراتیژی، پاشان بەرپرسی گەشەپێدان و جبەجێکردنی ستراتیژیەتی بەرگری ئەمریکا بوو لە کاروباری پلاندانان و هەڵسەنگاندنی هێزەکان و پلانی سیاسەتی ستراتیژی، دامەزراندنی فەرمانبەر و مەشق پێکردنیان(٩).

- تشارلز ریز جێگری سەرۆکی نێودەوڵەتییە لە ناوەندی ڕاند، سەرپەرشتی نوسینگەکانی ڕاند دەکات لە وڵاتان و ئامادەیی زیاتریان، جگەلەوەش لە لێکۆڵینەوەکانی زیاتر تیشک دەخاتە سەر گەشەی ئابووری، نزیکەی سێ دەیە کاری دبلۆماسی کردووە، وەک ڕێکخەری گۆڕانکاری ئابووری لە عێراق کاری لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا کردووە لە ساڵانی ٢٠٠٧ ـ ٢٠٠٨، پاشان بەرپرسیاریتی ڕێکخستن و

دەسپێشخەری سیاسەتی ئابووری وەرگرتووە، جگە لەو پۆستانەش چەند پۆستێکی جیاوازی لە ئیدارەکانی ئەمریکا وەرگرتووە لە سالانی پێشوو(١٠).

- سوزان إل ماركيز: جێگری سەرۆکی ناوەندی راندە بۆ لێکۆڵینەوەی شێوازی سیاسەتی گەشەپێدان، مارکیز گرنگی بە رۆشنبیری رێکخستن و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە دەدات لەو بوارە لە دەزگا حکومییەکان و چارەسەری کێشەکانی رۆژانە لە گرفتی سیاسەتی گشتی، نووسەری کتێبی (الحرب غير التقليدية: إعادة بناء قوات العمليات الخاصة الأمريكية (١٩٩٧))، جگە لە ناوەندی راند لە چەند دەزگایەکی تریش کار دەکات، وەک سەرۆکی ئەنجومەنی راوێژکاری قۆتابخانەی(وودرو ویلسون)ی زانکۆی برینستون، مامۆستای میوان لە زانکۆی کامبرج و زانکۆی پەنسلڤانیا و چەندین پۆستی تر(١١).

## شێوازی کارکردنی لە سەر کۆمەڵگا ئیسلامییەکان:

رۆژهەڵات و رۆژئاوا سالانیکی زۆرە سەرقاڵی ململانێن، ململانێکەش بەشێکی زۆری پاڵنەری ئاینییە، بۆیە وڵاتانی ئەوروپا لە رێگای لاوازکردنی هەستی ئایینی کار لەسەر دەستبەسەرداگرتنی رۆژهەڵات دەکەن، ئەوەش بەهۆی ئەوەی ئاینی ئیسلام ئایینێکی زیندووە، کاریگەری زۆری لەسەر ژیانی خەڵک هەیە، هەمیشە هانی مسوڵمانان دەدات، کە ژێر دەستەیی قبوڵ نەکەن، بۆیە ئەگەر سەیری بەرنامەی ناوەندی (راند) بکەی بە شێوازێکی زۆر ورد کار لە سەر کۆمەڵگا ئیسلامییەکان دەکات، ئەویش لە رێگای دابەشکردنیی و دیارکردنی رەوتە ئاینییەکانەوە، بەگوێرەی ئەو رەوتانە مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگاکان دەکات، لە چ شونێک چ رەوتێک بەهێزە، خەڵک گرنگی بە کام رەوتی ئیسلامی دەدەن، رەوتێکی سۆفیگەرییە، رەوتێکی سەلەفیە، رەوتێکی ئیخوانییە، بۆیە ئەوان هاتوون سەرەتا جۆرەکانی گرووپ و رەوتە ئیسلامییەکانیان دیاریکردووە، بۆ چەند جۆرێک، کە دیارترین جۆریان ئەمانەن:

١ـ ئیسلامی توندرەوە

٢ـ سوننەتی، یاخود تراديشنالستەکان.

٣ـ نوێگەرەکان.

٤ـ عەلمانییەکان.

ئەو چوار جۆرە دیاترین دابەشکارییە بۆ رەوت و گرووپە فکرییەکانی ئیسلامیان کردبێت، هەندێک دابەشکاری تری لاوەکی هەیە، کە لەژێر ئەوانەدا خۆی دەبینێتەوە.

بەگوێرەی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە کراون، هەریەک لە توندرەوکان و تراديشنالستەکان پەسند نەکراون، چونکە بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکانی (راند) بۆچوونیان وایە: کە تراديشنالستەکان هەرچی پەیوەندی بە رۆژئاوا و مۆدێرنەوە هەبێت بەگومانەوە سەیری دەکەن(١٢)، ئەوەش جۆرێکە لە رەتکردنەوەی هەموو ئەو شتانەی رۆژئاوا بە فریادرەسی دەزانێت بۆ رۆژهەڵات، دەیەوێت لەجێی چەمکە ئاینییەکان چەمکی تازە بچەسپێنێت، کە ئەوەش پێچەوانەی دیدی تراديشنالستەکانە.

بۆئەوەی بتوانن کاریگەری ئەو رەوتانە کەم بکەنەوە کە دژی هەموو شتەکانی رۆژئاوان، هەوڵدەدەن تووشی ململانێی نێوخۆی توونديان بکەن، بۆئەوەی بەشێکی زۆری توانای خۆیان لەو ململانێیەدا سەرف بکەن. دواتر ئەو پرسانە دیاری دەکەن کە بەناوی بە مەدەنیکردنی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان کاری لەسەر دەکەن، لە رێگای رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی خۆیانەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوە لۆکاڵییەکانی ئەو وڵاتانەی، کە ئەمریکا کاریان لەسەر دەکات، یەکێک لەو پرسانەی کە راند زۆر گرنگی پێدەدات و دەیکات بە بەرنامەی کاکردن لەسەری پرسی ئافرەتە. زیاتریش هەوڵدەدات پرسی ئیسلام و گرووپە توندرەوەکان پێکەوە ببەستێتەوە، بۆیە کاتێک باسی گرووپە توندرەوەکان دەکات دەیبەستێتەوە بە جێبەجێکردنی شەریعەت، کە

ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی دۆخی ئافرەت بەرەو خراپتر بچێت، بە هەموو شێوەیەک وا دەردەخات، کە خودی جێبەجێکردنی شەریعەت مەترسییە بۆ سەر مافەکانی ئافرەت، ئیسلام بۆتە هۆی دواخستنی دۆخی ئافرەتان لە کۆمەڵگا، راند هەوڵدەدات ئافرەتی مسوڵمان بەرامبەر شەریعەت بووەستنەوە، چونکە ئەو کۆتانەی لەسەر ئافرەت هەیە لە جیهانی ئیسلامی بەهۆی شەریعەتی ئیسلامهوەیە(١٣)، خەڵکی توندڕەون، هەمیشە باسی مسوڵمانی میانڕەو دەکات، پێوەرەکانی مسوڵمانی میانڕەوی بەم جۆرە دیاریکردووە، راپۆرتی (توصیات بدعم التیارات المعتدلە) دیارترین راپۆرتی ناوەندی راندە بۆ دیاریکردی مامەڵەی ئەمریکا لەگەڵ گرووپە ئیسلامییەکان ئەو گرووپانەی کە بە میانڕەو ناوی بردوون، لەو راپۆرتەدا هیچ گرووپێک وەک میانڕەو دەستنیشان نەکراوە، بەڵکو تەنها ئەو وەسفانەی لەسەرەوە دراوە، دەبێتە پێوەر بۆ هەموو گرووپێک، گرنگ نیە ئەو گرووپە چ ناوێکی هەیە گرنگ ئەوەیە گرووپانە چۆن دەڕوانە، ئەو چوارخاڵە:

١ـ دیموکراسی.

٢ـ قبوڵکردنی سەرچاوەی یاسایی نا تائیفی.

٣ـ رێزگرتنی مافەکانی ئافرەت و مافی کەمایەتییە ئاینییەکان.

٤ـ دژایەتیکردنی تیرۆر بە هەموو جۆرەکانی توندوتیژی ناشەرعی(١٤).

دواتر بە وردی شیکاری ئەو چوار وەسفە دەکات، کە مەبەست لە دیموکراسی چییە، کە ئاماژەیە بۆ تێگەیشتنی رۆژئاوا بە لیبراڵی، کە میانڕەوەکان لەو بڕوایەدابن بەهاکانی دیموکراسی بەهای بەرزن، کە تایبەت نیە بە ناوچەیەکی رۆشنبیری، یان ئاینی دیاریکرو، ئەوە دیدی مرۆڤگەراکانی رۆژئاوایە ئەوانەشی شوێن رۆژئاوا کەوتوون، یاخود دان بە شەرعیەتی نمونەیی دیموکراسی رۆژئاوایی دەنێن، بە پاڵپشتی هەندێک دەقی ئاینی، راپۆرتەکە بەلایەوە ئاساییە، کە ئەو رەوتەی دیموکراسی قبوڵ دەکات، وەک فەلسەفەیەکی رۆژئاوایی قبوڵی دەکات، یاخود دەیخاتە چوارچێوەیەکی ئاینی بەهێز و دەیکات بە بەڵگەی قورئانی، گرنگ ئەوەیە دیموکراسی قبوڵە، بۆئەوەی دەرکەوێت دیموکراسی قبوڵە دەبێت پاڵپشتی فرەیی و مافی مرۆڤ بکات، کە لە ناوەندی نێودەوڵەتی بە راشکاوی و روونی دانی پێهێندراوە(١٥).

لە بەشێکی تردا شیکاری راپۆتەکە هاتووە، کە مەبەست لە «قبوڵکردنی سەرچاوەی یاسایی نا تائیفی چیە»، لەبارەی ئەو خاڵە دەڵێت: جیاوازی نێوان کەسانی توندڕەو و میانڕەو بەوە دەکرێت، کە سنووری یەکلاکەرەوە لە نێوان میانڕەو و توندڕە و ئەوەیە ئەو وڵاتانەی کە یاسایی رۆژئاوایی تیادا جێبەجێ بکرێت لەگەڵ ئەو وڵاتەی کە شەریعەتی ئیسلامی بە پێویست بزانێت، پاشان راپۆرتەکە قسەی (عبداللە عبدالمنعم) نوسەری لیبرالی بە رەگەز سودانی دەهێنێتەوە، کە دەڵێت: بەگوێرەی شەریعەت ئافرەت و پیاو، بڕوادار و بێ بڕوا جیاواز نین، ئەوەش دەبێتە هۆی دروستکردنی رای جیاواز بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلامی(١٦).

خاڵی سێیەم، دەڵێت» رێزگرتنی مافەکانی ئافرەت و مافی کەمایەتییە ئاینییەکان» میانڕەوەکان پێشوازی لە یەکسانی پیاو و ئافرەت دەکەن، قبوڵی فرە ئاینیی و گفتوگۆی نێوان ئاینەکان و بیروباوەڕەکان دەکەن، بۆ نمونە چاوگێرانەوە بەو تەفسیرەی بۆ قورئان و فەرمودە هەیە، کە پەیوەستە بە نیوە میراتی ئافرەت، میانڕەکان پارێزگاری لە مافی خوێندن و خزمەتگوزاری تەندروستیی و بەشداری سیاسی تەواوی ئافرەت دەکەن(١٧).

خاڵی چوارەم: کە دەڵێت: «دژایەتیکردنی تیرۆر بە هەموو جۆرەکانی توندوتیژی ناشەرعی» لە راپۆرتەکەدا هاتووە، کە مسوڵمانی میانڕەو دژی هەموو جەنگێکە، لە دژی پەیڕەوانی ئاینەکانی تر، ئەوان بڕوایان بە جەنگی رەوا هەیە(١٨).

## یانزەی سێپتەمبەر، وێسگەیەك بۆ كارە تازەكانی ئەمریكا:

دوای یازدەی سیپتیمبەری ساڵی ٢٠٠١ جیهانی ئیسلامی پێی نایە قۆناغێکی تازەوە، ئەمریکا ئەوەی کردە بیانویەک بۆئەوەی بە هەموو جۆرێک دەستوەربداتە کاروباری وڵاتانی ئیسلامی، لێرەوە دەستیکرد بەگۆڕینی میتۆدی خوێندن بەگشتی و خوێندنی ئایینی بەتایبەتی، لەوکاتەوە بەردەوام هەوڵدەدات بە هەموو شێوەیەک کۆتایی بە نەوەی پێشووی خوێندەواری ئایینی بهێنێت لە ڕێگای کردنەوەی خولی جۆراوجۆر و هێنانە پێشەوەی نەوەیەکی تازە بەناوی نەوەی ڕۆشنبیری ئایینی، لەوپێناوەشدا بەردەوام هەوڵدەدات ئەولەویەت بدات بە:

١ـ بیرمەندانی ئیسلامی لیبرالیی و عەلمانی.
٢ـ زانای ئاینی گەنج.
٣ـ چالاکوانانی کۆمەڵگای مەدەنی.
٤ـ گرووپی ئافرەتان، کە هەڵگری بیری یەکسانی بن لە نێوان هەردوو ڕەگەز.
٥ـ نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی میانڕە(و١٥).

ئەگەر سەیری ئەو خاڵانەی پێشوو بکەین زۆر بە ڕوونی دیارە، کە ئێستا لە کۆمەڵگاکانی وڵاتانی ئیسلامی ئەو جۆرە فکرە برەوی پێ دەدرێت، بەناوی نوێگەری ئیسلامی، کە پرۆسەیەکی بە عەلمانیکردنی ئیسلامە. هیچ کاتێک بە ئەندازەی ئێستا خەڵک پاشناوی زانای لەخ ۆ نەناوە، بە ئەندازەیەکە هەر کەسێک دوو ڕۆژ دەخوێنێت، بەبێ قوڵبوونەوە لە زانستە ئیسلامییەکان نازناوی زانای پێ دەدەن، بە ویستی خۆی فتوا دەدات، حەڵاڵ حەرام دەکات، حەرام حەڵاڵ دەکات، زۆرجار هەندێک لەو جۆرە زانایانە بەشێوازێک کار دەکەن دەبێتە سوکایەتی کردن بۆ کەسایەتی خۆیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەناوی زانایەکی ئایینی دەیکات. بوونی چالاکوانی کۆمەڵگای مەدەنی، لە هەموو ئەو وڵاتانەی ئێستا ئەمریکا دەستی بەسەرداگرتووە زۆرترین چالاکوانی مەدەنییە، زۆربەی خەڵک دەستی بەو کارەکردووە، بۆ هەندێک کەسیش بۆتە سەرچاوەی بەدەستهێنانی داهات. هەموو ئەو کارانەی، دەکرێت، ئامانج لێی دەستبەسەرداگرتنەوەی جیهانی ئیسلامییە، دروستکردنی خەڵکێکە کە بەلایەوە گرنگ نەبێت کێ وڵات بەڕێوە دەبات، کە بەشێکی دەچێتە چوارچێوەی داگیرکاری فکری، چونکە هەرکاتێک مرۆڤ بیری داگیرکرا، ئەوکات زۆر بە ئاسانی خاکی داگیر دەکرێت.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١ـ الإستشراق والمستشرقون مالهم وماعليهم د.مصطفی السباعی، دارالسلام، ل١٧.
٢ـ مؤسسة راند http://www.iicss.iq/?id=347.
٣ـ بڕوانە: پێگەی (راند): https://www.rand.org/ar/publications.html پێگەی ڕەسمی ناوەندی ڕاندە، ئەو ڕاپۆرتانەی ئامادەیان کردووە، لەو پێگەیە بڵاوکراوەتەوە.
٤ـ **مؤسَسةُ البَحثِ والتَّطوير (راند) وموقِفُها من الدَّعوة الإسلاميَّة د. عبد الله بن محمد المديفر، مركز التأصيل للدراسات والبحوث، ل٧٦.**
٥ـ الإسلام الذي يريده الغرب، دراسة تحليلية لتقرير مؤسسة راند ( إسلام حضاري ديموقراطي – شركاء وموارد واستراتيجيات ) الناشر: مركز الفكر المعاصر- الرياض سنة الطبع: ط ١ – ١٤٣٢هـ ، لاپەرە: ٥٨
٦ـ **مؤسَسةُ البَحثِ والتَّطوير (راند) لا ١١٢**
٧ـ الإسلام الذي يريده الغرب ٥٨
٨ـ بڕوانە: پێگەی (راند)
٩ـ سەرچاوەی پێشوو.
١٠ـ سەرچاوەی پێشوو.
١١ـ سەرچاوەی پێشوو.
١٢ـ الإسلام الذي يريده الغرب، ص١٦١.
١٣ـ المرأة، وذرائع الإسترقاق في السياسات الغربية تحليل خطاب الإستشراق الجديد في تقارير مؤسسة (راند) الأمريكية. د.عبدالله بن محمد المديفر، ل١٧.
١٤ـ براوانە ڕاپۆرتی ڕاند بەناوی: توصيات بدعم التيارات المعتدلة في المجتمعات والجاليات المسلمة، ل٤.
١٥ـ بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، ل٥.
١٦ـ سەرچاوەی پێشوو، ل٥.
١٧ـ سەرچاوەی پێشوو لاپەرە ٦.
١٨ـ سەرچاوەی پێشوو لاپەرە ٦.
١٩ـ سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.

# دادوەری ئایینی لە کوردستان، لەژێر ڕۆشنایی بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا






**بژار عوسمان ئەحمەد**

لەدایکبووی ١٩٨٩. ماستەر لە (مێژووی سستەمی ئیداریی و شارستانییەتی عوسمانی). خاوەنی سێ بەرهەمی مێژوویی چاپکراو و ژمارەیەک لێکۆڵینەوەی بڵاوکراوەیە لە جۆرناڵەکان بە زمانەکانی کوردیی و تورکی.

**دەستپێك:**

لێکۆڵینەوەکردن لە هەر بوارێکدا و باسکردنی هەرسەردەمێک سەرەڕای هەبوونی سەرچاوەی پێویست بۆ لێکۆڵینەوەکان، ئەگەر دەستنوس و بەڵگەنامەی تایبەت بەو سەردەمەمان لە بەردەستدا بێت لێکۆڵینەوەکانمان بایەخدارتر و بەهێزتر دەکات. یەکێک لەو مامۆستایانەی لە قۆناغی ژیانمدا هەمیشە هاندەری من بوو بۆئەوەی بەردەوام بم لە نوسین و لێکۆڵینەوە (د.عوسمان عەلی) بوو، کە هەمیشە دەیگوت «هەوڵبدە سوود لە ئەرشیفی وڵاتان وەربگری بۆ لێکۆڵینەوەکانت و هەوڵبدە زۆرترین زمانی بیانی فێر ببی، تاکو بتوانی باشترین لێکۆڵینەوە پێشکەش بکەیت».

لەناو ئەمانەشدا بەهۆی ئەوەی ماستەرم لە مێژووی سستەمی ئیداریی و شارستانییەتی عوسمانی دەخوێند، مامۆستای ناوبراو هەمیشە هانی دەدام خۆم فێری زمانی عوسمانی بکەم و هەوڵبدەم بەدوای بەڵگەنامەکاندا بگەڕێم تاکو بتوانم بە ووردی بچمە ناو مێژووی عوسمانییەوە. هەمیشە لەکاتی خوێندنەوەی بەڵگەنامەکاندا ئەگەر لە خوێندنەوە و مانای وشەیەک یاخود ڕستەیەک کێشەم هەبوایە، ئەوا بەبێ دوو دڵی پرسیارم لەم مامۆستا گەورەیە دەکرد و ئەویش بەوپەڕی دڵسۆزیی و ڕوویەکی خۆشەوە پرسیارەکانمی شی دەکردەوە و دواتریش چەند جارێک پێی دەخوێندمەوە، بۆئەوەی لە دواتردا هەڵە نەکەم و بەردەوام بم لە لێکۆڵینەوە و کارکردن. هەر ئەم هەوڵ و هاندانەی ئەو بووە هەوێنی کارکردنمان لە چەند لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا.

یەکێک لەو بابەتانەی کە لە کوردستاندا زۆر جار گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، نادادپەروەریی و گەندەڵی دەوڵەتی عوسمانییە لە ناوچەکەدا، لەم گفتوگۆیانەدا نوسەران زۆربەی کات تەنها پشتیان بەستووە بە گێڕانەوەی چەند بابەت و بەسەرهاتێکی پێشوو، هەروەها پشتیان بەستووە بە چەند سەرچاوەیەکی کۆنی نووسەرە کوردەکان کە ڕەنگە بەشێکیان هەڵگری فکری مارکسییەت یان هەڵگری بیری نەتەوایەتییەکی توند، یاخود بەگشتی ئەنتی ئیسلامی بووبن. ئەوەش خزمەت بە دەرخستنی ڕاستییە مێژووییەکانی گەلەکەمان ناکات، بەڵکو پێویستە هەندێ کات خوێنەری سەرچاوەکانی دۆست و نەیاری مێژووی گەلەکەمانیش بین و بزانین ئەم دۆکیۆمێنتانەی ئەو ڕۆژگارە چی لەبارەی میلەتەکەمانەوە دەڵێن؟ بۆئەوەی لەوە تێبگەین کە کورد چۆن لەو قۆناغانەدا ژیانی هەمە لایەنەی خۆی گوزەراندووە؟(١).

لە کوردستاندا زۆرجار دادپەروەری لە نێوان ئایینەکان کراوە، بەتایبەتی کاتێک کێشەیەک لە نێوان خەڵکەکە ڕوویداوە و دادگای باڵای ئیسلامی مافی هەموو ئایین و ئاینزاکانی داوە و تاوانبارانی سزا داوە ئەگەرچی مسوڵمانیش بووبێت. هەروەکو دەبینین سەرەڕای هەبوونی دادگای تایبەت بە ئایینە جیاوازەکانی وەک (مەسیحیی و جولەکە)، ئەوا دادگای باڵای دەوڵەتی (عوسمانی/ ئیسلامی) بوونی هەبووە و زۆرجاران غەیرە مسوڵمانەکانیش لە دادگای مسوڵمانانەوە داوایان پێشکەش کردووە و داوای مافەکانی خۆیان کردووە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دادگا جیاوازی نەکردووە لە نێوان مسوڵمانێک و مەسیحییەک و جولەکەیەک و یەزیدییەک. بۆ نموونە: لە سنووری قەزای کۆیەدا لە کێشەی نێوان کەسێکی مەسیحیی و مسوڵمانێکدا ئەو ڕاستییە بەدیدەکەین کە دادگای دەوڵەتی عوسمانی هەستاوە بە وەرگرتنەوەی مافی کابرای مەسیحی لە مسوڵمانە ستەمکارەکە و سزای داوە.

هەروەک دەبینین لە گوندی شەقڵاوەی سەر بە قەزای کۆیە مسوڵمانێکی ناوچەی خۆشناوەتی هەستاوە بە هێرشکردنە سەر موڵک و ماڵی مەسیحییەک و دەستی بەسەر خانوو و ژن و منداڵی مەسیحییەکەدا گرتووە و تەنانەت کچەکەی بە سەبایە بردووە و داویەتی بە کوڕەکەی(٢).

بۆ ئەمەش كابرای مەسیحی لە دادگای دەوڵەتی عوسمانی سكاڵا لە دژی ئەم داگیركەرە تۆمار كردووە و دەوڵەتیش سەرجەم مافەكانی بۆ گێڕاوەتەوە و سزای كابرای خۆشناویشی داوە(٣).

ئەمەش دەرخەری ئەم ڕاستییەیە كە لە یاسا و سیستەمی ئیسلامیدا لە دادپەروەریدا جیاوازی نێوان ئایینەكان كاریگەری لەسەر بڕیاری دادپەروەرانە نابێت و سەرجەم مافی دابین دەكرێت، تەنانەت داواكار سەرجەم مافەكانی و كچەكەشی بۆ دەگەڕێننەوە(٤). هەر بەم بۆنەیەوە پیاوە ئاینییە مەسیحییەكانی ناوچەكە بە ناوەكانی:(ساعور بابا، شەمعون قس یوحەننا، قەشە یەعقوبی، قەشە یوسف) هەڵدەستن بە ناردنی نامەیەكی سوپاسگوزاری بۆ سوڵتان»(٥). بە مەبەستی دەربڕینی سوپاسگوزارییان بۆ ئەم كارە.

تەنانەت دادپەروەری بەرامبەر جولەكەكانیش جێبەجێ كراوە و هیچ جیاوازییەك لە نێوانیاندا ڕەچاو نەكراوە، بە نمونە لە یەكێك لە ڕۆژەكانی ساڵی ١٢٧٩ك لە ڕێگای نێوان كۆیە و بالیساندا لە ئەنجامی دروستبوونی كێشەیەك لە نێوان موسوڵمانێك بەناوی( فەقێ محەمەد) و جولەكەیەك بەناوی (میكائیل) كە دەبێتە هۆی گیان لەدەستدانی كابرای جولەكەكە، دەوڵەتی عوسمانی سزای موسوڵمانەكە دەدات بە زیندانیكردنی بۆ ماوەی حەفتا و حەوت ساڵ، چونكە ئەم ڕووداوە نەكەوتۆتە چوارچێوەی كوشتنی بە ئەنقەست «عەمدی»(٦).

پێویستە ئاماژە بەوە بكرێت، كە دادپەروەریی و یەكسانی تەنها لە بواری (قەزا)دا نەبووە، بەرامبەر ئاینەكان، بەڵكو بەڵگەنامە عوسمانییەكان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن لە بواری زانستیشدا هەڵگرانی ئایینەكانی تر گرنگیان پێدراوە و خزمەتیان كراوە، بەنمونە قوتابخانەیەكی «ئێزیدییەكان/ یەزیدییەكان(٧)» لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی موسڵەوە نوێكراوەتەوە و ڕێكخراوە، هەتاوەكو وەك موسوڵمانانی ناو ئەم دەوڵەت، یەزیدییەكانیش سودمەند ببن لە خوێندن، بەڵام دواتر گەورەی ئەوكاتی یەزیدییەكان لەبەر چەند هۆكارێك داوا دەكات ئەم قوتابخانەیە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بەڕێوە ببردرێت وسەرپەرشتی بكرێت(٨).

## دەقی بەڵگەنامەكان:

**یەكەم:**

هەروەك لە پێشتردا قەشە مەتران ئاماژەی پێكرد، موسوڵمانەكان لە پێشودا ئێمەیان دەكرِیی و دەفرۆشت و زوڵمیان لێ دەكردین و كچەكانی ئێمەیان بۆ كورەكانی خۆیان دەبرد و پارەیان لێ دەسەندین، سوپاس بۆ خودا سوڵتانی عوسمانی دەربارەی ئێمە فەرمانێكی پاشایی دەركرد و لێرە بەدوا لە نێوان موسوڵمانان و مەسیحییەكاندا نادادپەروەری نەما. خودا تەمەنی پاشا درێژ بكات، چونكە ئێمەی لەو جۆرە بارودۆخە ناخۆشانە ڕزگاركرد. تەنانەت پاشا پێمانی گوتووە «هەركەسێك زوڵمتان لێبكات، ئەوا خۆم سزای ئەو كەسە دەدەم».

*****



**دووەم:**

**+(٩)**

**دەوڵەتی عالی عوسمانی**

**ژمارە: ٥٠٨**

لە داخیلی ئەیالەتی شارەزووردا، لە مەملەکەتی کۆیسەنجاقدا، لە هەوڵدانەکانی باوکی جولەکە کوژراوەکە (یاسف) لەگەڵ بکوژی جولەکەکە (فەقێ محەمەد)دا، کە سەرجەم ئیفادەکانی وەرگیراوە... کە لە ئەیالەتی شارەزووردا بەرواری وارید (هاتوو)ی ١٠- ربیع الاخر-١٢٧٩کۆچی/ ٢٢-ئەیلول-١٢٧٨ کە بەشێکی مەزبەتە و مەلفوفی ئیعلامی شەرعی بەیەکەوە نێردراوە بۆ ویلایەت و دووبارە چاوپێخشاندنەوەی پێویستە، ئەو ئەوراقە هەژمارکراوانەی لە خانەی فتوای سەرەتاییدا، لە دوای ئەوەی بکوژ (فەقێ محەمەد) خۆی باسی کوشتنەکەی کردووە، وارسی کوژراوەکە بە چاوی خۆی ڕووداوەکەی نەبینی بوو، لەگەڵ ئەمەشدا لێخۆشبوونی شەرعی ئەم بکوژە ناگرێتەوە لەکاتێکدا کابرای کوژراو(میکائیل) لە قەزای کۆیەوە بۆ گەڕەکی (نام) بۆ بالیسان هەندێک شت دەبات و بەمەش بەکرێ (اجره) لەگەڵ ئەم فەقێ محەمەدە دەڕوات. لە ڕێگادا کوژراو (میکائیل) جنێو و سوکایەتی بە (محەمەد) دەدات و ئەویش بڕیار دەدات لێیبدات و لە لێدانیدا گیان لەدەست دەدات، بەڵام بەهۆی بەدواداچون بۆ ئەم بابەتە و وەرگرتنی هەواڵەکانی ئەم باسە و تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی ئەم بابەتە دەرکەوت کە کوشتنی ئەم جولەکە بە دەستئەنقەست (عەمدی) نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی شەڕی نێوانیان بووە، بەمەش بەپێی یاسای سزاکەی کوشتنی بەبێ ئەنقەست(غیر متعمد)ی ژمارە سەد و حەفتا/ ماددەی چوارەم، لەگەڵ ڕەچاوکردنی مەرحەمەتی حەزرەتی شەهریار ئەوا دەبێ ناوبراو (فەقێ محەمەد) بۆماوەی حەفتا و حەوت ساڵ زیندانی بکرێت، بڕیارەکەش لە یازدەمین ڕۆژی شەوالی ١٢٧٩ک بەدواوە بۆی ئەژمار دەکرێت. فەرمانیش هەر لە خاوەن فەرمانەوەیە.

**لە ٤-شەوال-١٢٧٩ی کۆچی**

**/ ١٠-٠٠-١٢٧٨ی ڕۆمی.**

عیرفان بەگ، عەبدوللەتیف سوبحی، موختاربەگ: فاخراج، فەیز حەق: محمد شد معم ، محمود جەلالەدین، یوسف کابل

**********




**سێیەم:**

**دەوڵەتی عالی عوسمانی**

**وەزارەتی پۆستە و تەلەگراف**

**شوێنی دەرچوون: موسڵ**

**ژمارەی سندووق: ٤٦٩**

**بەرواری دەرچوون: ٣١/تەمموز/١٣٢٥**

**کاتژمێری ناردن: ١٠س**

**بۆ وەزارەتی ناوەخۆی پایەدار**

لەگەڵ هەبوونی ژیانی جیاوازیی و سەربەستی مەزهەبەکاندا، بەگشتی لەگەڵ بەڵێننامە و نوسینی عوسمانییەکاندا، لە قانونی ئەساسی پشتگیریکراودا، کە دوو مەزهەبی سەرەکی یەزیدییەکان هەیە، بۆ

ئەمەش قوتابخانەی شێخ عەدی شەریفە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی موسڵ (دائیرەی مەعاریف) ڕێکخستنەوە و نوێکردنەوەی تەواوکراوە. لەگەڵ هەبوونی کەعبەی ڕووی زەمینی یەک ملیۆن یەزیدییەکان هەیە، سەرباری نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەی ناوبراو، بەڵام پەرتەوازەیی و جیاوازی لە نێوان یەزیدییەکاندا دروستکردووە، لەگەڵ یاسای سەرەکی و حوکمە جیاوازەکاندا، ئەوا عوسمانییەکان هەریەکەیان پابەندن بە کارکردن لە ئەرکەکەیان و داوا دەکەین بە پاراستنی مافەکانی ئێمە.

سەرۆکی گشتی میللەتی یەزیدییەکان
ئەمیر شێخان عوبێدی

************




MF.MKT.01138.00054.002

## پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان:

(١) مەبەست لەم قسەیەمان بەرگرییەکی بێمانایانە نییە لە دەوڵەتی عوسمانی و بڵێین لەم دەوڵەتەدا لە هەموو بوارێکدا دادپەروەری هەبووە، چونکە دەبێ بزانین گەندەڵیی و نادادپەروەری لە هەر شارستانییەتێکدا سەرەتای کۆتاییەکەیەتی، چارەنوسی پیاوە نەخۆشەکە ئەم ڕاستییەی دەرخست.

BOA. A}MKT.UM. 367. 81. 1. 1 (2)

BOA. A}MKT.UM. 367. 81. 1. 3 (3)

BOA. A}MKT.UM. 367. 81. 1. 2 (4)

BOA. A}MKT.UM. 367. 81. 1. 3 (5)

I_MVL_00478_021645_008_001 (6)

(٧) بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ناوی (ئێزیدی / یەزیدی) بڕوانە: نەجم ئەڵوەنی، ئاینی ئێزیدا لە نێوان چەند جەمسەریی و بڕوای یەکتاپەرستی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٩، ل١١-١٣.

– سەرەڕای ئەمەش لە بەڵگەنامە عوسمانییەکاندا و لە نامەی گەورەی یەزیدییەکانی ئەوکاتدا خۆیان بە (یەزیدی) ناوبردووە و هیچ وشەیەکی (ئێزیدی) لە ئارادا نەبووە، هەربۆیە ئێمەش وشەی یەزیدی بەکاردەهێنین. بڕوانە: دەقی بەڵگەنامەکان: (سێیەم).

(٨) BOA. A}MF.MKT. ٠١١٣٨. ٠٠٠٥٤. ٠٠٢

(٩) زۆرجار لەکاتی خوێندنەوەی بەڵگەنامەکان بەگشتی و فەرمانە پاشاییەکاندا، هێمایەکم دەبینین وەک نیمچە (+) خۆی پیشان دەدات کە بەشەکەی خوارەوەی نەنوسرابێت و لەکاتی نوسینیدا دەست هەڵنەگیرابێت، خودی ئەم نوسینە وەک کۆد وایە، بەمانای (بیهی) دێت، کە ئەویش مانای (بسم الله) دەگەیەنێت. توێژەر.

# هونەری سەرکردایەتیکردن

نووسینی: سلیمان بن عوض قیمان

## وەرگێڕانی: تۆفیق کەریم




ئەم کتێبە هەموان دەتوانن لێی سوودمەند بن، پیاو، ئافرەت، بەڕێوەبەر، وەزیر، بازرگان، بانگخواز، زانا، ڕاگەیاندکار، وانەبێژ وتاربێژ گەنج، منداڵ، پیاوی پیری بەساڵاچوو، واتە هەموو مرۆڤێکی زیندوو.

# ئیسلام دەوڵەتی کوردی

نووسینی: سەرنووسەر

زۆرجار لە ناوی بەرگریکردن و جوان نیشاندان و گونجاوێتی ئاین، بەبێ مەبەست پێچەوانەکەیان ئەنجام دەدرێت و پرسیار لەسەر خودی ئاین دروست دەکرێن! بۆ نموونە کە دەوترێت ئیسلام هەموو شتێکی لەخۆگرتووە و ئایینێکی تێروتەسەل و سەرتاپاگیرە، ئەم مەبەستەیە خۆی حەقیقەتە و ئەهلی ئیسلام لەسەری کۆکن، بەڵام هەڵەکە لەوەدا هەڵدەتوقێ ڕستەکە وردکەینەوە و بمانەوێت هەموو شتێک لە ئایەتێکی قورئانی یان فەرموودەیەکدا هاتبێت، زانا و کەسایەتی گەورە محەمەد مەحمود صەواف زۆر بە شانازییەوە باس لە زانایەکی موسڵ دەکات، کاتێک لەگەڵ میستەر کوکی ئینگلیزی داگیرکار موناقەشە دەکات لەسەر ئەوەی قورئان هەموو شتێکی تێدایە، مستەر کوک دەڵێت: ئادەی بزانم ناوی منیشی لەخۆگرتووە، زاناکە دەڵێت: بەڵێ، ئەوەتا قورئان دەڵێت: (وترکوک قائما)، ئیدی کابرای ئینگلیز بە سەرسوڕمانەوە بێدەنگ دەبێت.

ئەم گێڕانەوەی شێخ صەواف چەندین کەسایەتیی و زانای دیکە لە نموونەی دەگێڕنەوە و شانازیشی پێوە دەکەن، کە ئەمە نیشانەی فراوانیی و سەرتاپاگیری ئیسلامە، بەڵگەش زۆر دەهێننەوە بۆ قسەکانیان. ئەم جۆرە دەربڕینانە ئەگەر مەبەست پێی ئامانجی ئیسلام بێت لە خزمەتکردن بە خەڵک و ڕێکخستنی ژیانیان لە دنیا و دوارۆژدا، یان وەک کابرای شارەزووری وتی: ئیسلام یەژێ چاکە بکە و خراوە مەکە، ئەوە بۆچوون و دەربڕینێکی تەواوە، بەڵام ناکرێت بۆ هەموو مەسەلەیەک، دەقێک داتاشین وەک ئەوەی مستەر کوک.

ئەم پێشەکییە بۆ مەسەلەی دەوڵەت و مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسین و ... هەموو مەسەلەکانی دیکە تەواوە. قورئانی پیرۆز کتێبێکی قانونی، زانستی، ئەدەبی، مێژوویی، .... نییە، بەڵکو ڕێنمایی خودایە بۆ سەرجەم مرۆڤەکان، هەرچی لە بەرژەوەندی ئەوانە وەک بنەما بۆی دابەزاندوون.

بۆیە لەبری ئەوەی ئایەت و فەرمووده بەو شێوە ڕاڤە بکەین کە لەگەڵ سیاسەت و ڕۆژدا بگونجێن و وەها تەسک مانایان بکەین ئەگەر ڕۆژگار گۆڕا نەزانین چۆن لەو ڕاڤەکردنانە پەشیمان ببینەوە، وەها باشە باس لەو بنەمایانە بکەین کە ئاینی ئیسلام جەختیان لێدەکاتەوە، وەک: یەکسانبوونی مرۆڤەکان، دادگەریی، حەرامکردنی ستەم و چەوساندنەوە، ئازادی مرۆڤەکان و ڕاوێژکردن لە وڵات بەڕێوەبردندا....

سەرنجی ئەم ئایەتانە بدەن لەوبارانەوە:

**﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ (الحجرات : ١٣).**

**﴿إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالإِحْسَانِ﴾ (النحل: ٩٠).**

**﴿وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الظَّالِمِينَ﴾ (آل عمران: ٥٧).**

**﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ﴾ (الشورى: ٣٨).**

دەبینین ئەم ئایەتە پیرۆزانە و چەندین دەقی دیکەی هاوشێوەیان، بۆ ئەوە دەشێن خزمەتی گەورە بە مرۆڤایەتی بکەن و چارسەر بن بۆ کێشەکانیان.

بەڵام هەڵەکە لەوێدا پەیدا دەبێت دەقێک لەمانە یان لە وێنەی ئەم ئایەتە پیرۆزانە بکرێتە بەڵگە بۆ حوکمی: ڕیفراندۆم، سەربەخۆیی، دەوڵەتی کوردی، چونکە هەریەک لەو دەستەواژانە بەرژەوەندی خەڵک و هەلومەرج بوون و نەبوونی پێویست دەکات، هەر بە نموونەی ئەوەی دوێنێ ڕیفراندۆمی لە ڕووی شەرعیەوە بە واجب دادەنا و ئایەت و فەرموودەی بە بەڵگە بۆ دەهێنایەوە، دەبێت ئەمڕۆ قسەیەکی دیکە بکات.

کەواتە وەک چۆن ئایین حەرام و حەڵاڵی دیاریکردووە، هەربەوشێوەش پانتاییەکی فراوانی بۆ کاروباری دنیایی بۆ تەکبیر و ڕای خۆمان جێهێشتووە، بە دانانی کۆمەڵێک بنەمای گشتی بڕاندوویەتییەوە، گرنگە شوێنکەوتوانیشی هەر لەسەر ئەو بنەمایانە ببزوێن و فەتوا بدەن.

مەسەلەی دەوڵەت و سەربەخۆیی بەڕێوەبردنی کاروباری ژیانە، ئەوەی لە ئاییندا جێگیرە: ستەمنەکردن و نەبوونی جیاوازیی و بەرپاکردنی دادگەریی و ئازادییە، ئید ئەو هەلومەرجە پێویست دەکات خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ بیت یان نا؟! لە ئایینی ئیسلامدا ناکرێت دەقەکان شۆڕ بکرێنەوە بۆ ناو وردەکاری کێشە و بابەتەکان. زانایانی پێشین جوانیان فەرمووە کە وتوویانە: بەرژەوەندی خەڵک لە کوێ بوو، شەرعی خوداش لەوێیە.

دەکرێت لەبری ئەوە بۆچوون و ڕای ئەهلی ئیسلام یان هەڵوێستیان وەربگیرێت لەو مەسەلانەدا، وەک: قسە و هەڵوێستی ئیسلامییەکان لەسەر بوونی دەوڵەتی کوردی بخرێتە ڕوو، تێگەیشتنی ئەوان لە ڕێنمایی ئایین لەوبارەوە دەرببڕێت، هەروەها زانایانی ئیسلامی کورد بەرپەرچی ئەوانە بدەنەوە بەناوی ئایینەوە دژایەتی دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی دەدەنەوە، یان پاساوی شەرعی دادەتاشن بۆ چەوساندنەوەی کورد لەلایەن نەیارانییەوە.

ئەمانە بۆ ئەوە دەڵێین تا ئایینی ئیسلام بە مەزنیی و بێگەردییەکەی خۆی بهێڵرێتەوە و تێکەڵ بە ململانێکان نەکرێت، نەبێتە داردەستی تاقمێک و نەیاری تاقمێکی دی، ئەوەی ئێستا لە فەتوای هەندێک زانایانی نزیک دەسەڵات لە وڵاتانی ئیسلامیدا دەبینین بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ قسەکانمان، کە دوێنێ بابەتێکیان حەرام دەکرد، کەچی ئەمڕۆ حەڵاڵی دەکەن و بەپێچەوانەشەوە.